زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی
٣٥

# محمد

## وەک لە کتێبی جولەکە و دیانەکاندا هاتووە

نووسینی
پرۆفیسۆر عبدالاحد داود
قەشەی پێشووی ئیرمیا لە ئێران

د. ابراهيم أحمد شوانى
کردویەتیە کوردی

1427 هەولێر 2006

# كورتەیەك لە ژیانی دانەر
# مامۆستای لاهوت پرۆفیسۆر : عبدول ئەحەد داود

(عبدالأحد داود) گەورەی قەشەكانە (داڤید بنجامین كلدانی) و مامۆستای لاهوته[1] (B.D) و قەشەی رۆمی كاسۆلیكی تایەفەی كلدانە، لە نزیك ورمێ لە ئێران لە ساڵی ١٨٦٧ لە دایكبووە و لە منداڵییەوە لەوێ فێری خوێندن بووە.

لە ساڵی ١٨٨٦ تا ١٨٨٩ لە ڕشتەی[2] فێركردن كاری كردووە و، یەكێك بووە لە نێردراوەكانی سەرۆكی ئوسقوفی (كانتربوری)، كە ڕێنماییی دیانە ئاشورییە نەستوریەكانی لە ناوچەی ورمێ دەكرد. ئینجا لە ساڵی ١٨٩٢ كاردینال ڤوجان (voughan) ناردیە ڕۆما و لەوێ لە كۆلێژی (Propaganda Fide) فێری فەلسەفە و لاهوت بوو، لە ساڵی ١٨٩٥ بە قەشە دامەزرێنرا.

لەو ماوەیەدا لە گۆڤاری (The Tablet) زنجیرە وتارێكی لە بارەی (ئاشووری و رۆما و كانتربوری) نووسی، هەروەها لە گۆڤاری (Record shi the Ir)ی ئێرلەندی لە بارەی بابەتی راستیی پێنج كتێبەكانی تەوراتی نووسی (Pentateuch) بە زمانی جیاواز چەند وەرگێڕانێكی چیرۆكی سەلامی مەریەم(Ave Maria)ی هەیە لە گۆڤاری (الأرساليات الكاثوليكية المصورة) و، هەركە لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ئەستەنبوڵ وەستا، دەستی هەبوو لە بڵاوكردنەوەی زنجیرە ووتارێك بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە ڕۆژنامەی پێشڕەوی ڕۆژهەڵات (Herald) The Levant)، لە بارەی بابەتی كەنیسەكانی ڕۆژهەڵاتەوە، هەر كە لە ساڵی ١٨٩٥ گەیشتە ورمێ چووە ڕێزی

---

[1] اللاهوت: زانستێكە لەو بیروباوەڕانە دەكۆڵێتەوە، كە پەیوەستە بە خوای گەورەوە. (اللاهوتی)یش: ئەو كەسەیە، كەزانایە بەو بیروباوەڕانەی پەیوەستە بەخوای گەورە. المنجد في اللغة والأعلام، ل٧٣٥

[2] ڕشتە : دەسگا ، جهاز .

نێردراوی (لازاریست Lazarist)ی فەرەنسی لە ورمێ و بۆ یەكەم جار لە مێژوویدا چەند بڵاوكراوەیەكی خولاوی(دوری) بە زمانی سریانی بڵاوكردەوە بە ناوی دەنگی ڕاستی (صوت الحق)، لە ساڵی ١٨٩٧ لە لایەن گەورەی پێشەوایانی تایەفەی كلدان لە ورمێ و سەلماس، كرایە نوێنەری كاسۆلێكی ڕۆژهەڵاتیەكان لە كۆنگرەی قوربانی پیرۆز (القربان المقدس) كە لە شاری (پاری لومونیال Pary-Le- Monial)ی فەرەنسی بەسترا بە سەرۆكایەتی كاردینال پیرۆ (Perraud) .

ئەو لێكۆڵینەوەیەی كە بنجامینی باوك پێشكەشی كۆنگرەی كرد بوو لەو بڵاوكراوە وەرزیە بڵاوكرایەوە، كە كۆنگرەی قوربانی پیرۆز لە ژێر ناوی Le (pelerin) بڵاوی دەكردەوە و، لەم لێكۆڵینەوەیەدا گەورەی قەشەكانی كلدانی (ئەمە نازناوە رەسمیە نوێیەكەی بوو) ڕەخنەی لە یاسای فێركردنی كاسۆلێكی نێوان نەستوریەكان گرت و پێی وابوو لەو نزیكانە قەشەكانی ڕوس لە ورمێ بە دیار دەكەون.

لە ساڵی ١٨٩٨ بنجامینی باوك گەڕایەوە ئێران و لە گوندی (دیجالا)ی زیدگاكەی خۆی نیشتەجێ بوو، كە میلێك لە شارەوە دوور بوو، قوتابخانەیەكی بە خۆڕاییی لێكردەوە، دوای ساڵێك دەسەڵاتی كەنیسە ناردیە (سەلماس) بۆ ئەوەی ببێتە بەرپرسی پێشەوا مەسیحیەكانی (اسقفیە)ی ئەوێ، چونكە ململانێیەكی توند هەبوو لە نێوان سەرۆكی پێشەواكان (خودا باش) و باوكە لازارییەكان، كە مەترسیی دووبەرەكی و ریسوایی لێوە رەچاو دەكرا. لە یەكەم ڕۆژی ساڵی ١٩٠٠ بنجامینی باوك دوا شێرەته[1] یادوەرییەكەی خۆی داو نوێژی بە خەڵكێكی زۆر كرد، لەوانەش هەندێ لە ئەرمەنە ناكاسۆلیكەكان كە لە كاتدرائیەی (سان جۆرج، خورو فاباد) كۆببوونەوە لە سەلماس و بابەتی

[1] شێرەت : ئامۆژكاری .

شیرەتەكە (سەدەیەكی نوێ و پیاوانی نوێ)بو و تێیدا باسی ئەوەی كرد، كە نێردراوە نەستوریەكانی پێش ئیسلام، ئینجیلیان لە هەر چوار پەڕی ئاسیا بڵاو كردەوە و چەند دامەزراوێكی لە هیند هەبوو (بە تایبەتی لە كەناری مالابار) و وڵاتی تەتەر و چین و مەنگۆلیا و، هەروەها ئینجیلیان بۆ زمانی ئیگۆری توركی و زمانانی دی وەرگێڕاوە، بەڵام لە سەردەمی ئەو نێردراوە كاسۆلیكیە ئەمریكی و ئینگلیزییەكان هاتن، هەرچەندە لە بواری فێر كردنی سەرەتایی، یارمەتیی ڕۆڵەكانی نەتەوەی ئاشووریی كلدانییان دا، بەڵام بوونە هۆی لەتبوونی ئەم نەتەوە كەم ژمارەیە لە هەر چوار پەڕی ئێران و كوردستان و عیراق و، بوونە چەند تایفەیەكی ناكۆك و لە ئەنجامدا بە تەواوی هەرەسیان هێنا، لەبەر ئەوە بنجامینی باوك ئامۆژگاریی خەڵكەكەی كرد، كە بەرگەی ئەو هەموو قوربانیدانە بگرن بە ڕێگەی متمانە كردنە سەر نەفسی خۆیان وەكو پیاو، لە جیاتی ئەوەی متمانە بكەنە سەر نێردراوە بێگانەكان.

لە لایەنی بیروباوەڕەوە بنجامینی باوك بە تەواوی لەسەر هەق بوو، بەڵام بۆچوونەكانی لە بەرژەوەندی نێردراوەكانی كردنە دیان (التنصرية) نەبوو، بۆیە نێردراوی پاپایی مۆنسیۆر (لیزنیە Lesne) بە خێرایی بەرەو سەلماس هات بۆ چاوپێكەوتنی هەردووكیان گەڕانەوە ورمێ، ئەو شارەی كە لە ١٨٩٩ نێردراوێكی ڕوسیی نوێی لێ دامەزرا و نەستوریەكان بە گەرمییەوە پێشوازیان لە ئاینی قەیسەری گشتی ڕوسیا كرد و باوەڕیان پێ هێنا.

لەو شوێنە پێنج نێردراوی گەورەی بێگانە كاریان دەكرد، كە ئەمانەن:

ئەمریكی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ڕوسی، ئەمانەش پشتیوانیان لە قوتابخانە و ڕۆژنامە و كۆمەڵە ئاینیە زەنگینەكان و قونسول و باڵیۆزەكانی ئەو وڵاتانە وەردەگرت و هەموو ئەو نێردراوانە هەوڵیان دەدا نزیكەی سەد هەزار كلدانیی ئاشووری لە بیدعەی نەستووری وەربگێڕنە سەر یەكێ لەو پێنج بیدعانەی دی.

نێردراوە ڕوسیەكە لە هەموو نێردراوەكـانی دی چـاپوكتر بـوو لـەوەی كـە نەتەوەی ئاشووریی كلدانی بۆ لای خۆیان كـێش بكـەن، بـەڵام ئـەو نێـردراوە ڕوسییە لە ١٩١٥ هانی ئاشوری و ئەو خێڵە شاخاوییە كوردستانیانەی كە بـۆ دەشــتاییەكانی ســەلماس و ورمــێ كۆچـیان كردبــوو _ دەدا كـە چـەك دژی دەوڵەتەكانیان هەڵگرن، لە ئەنجامدا نیوەی ئەوانە لە جەنگدا بە هیلاك چـوون و، ئەوانی تریش لە خاك و سامانیان دوور خرانەوە.

ئەم پرسیارە گەورەیە هەمیشە بۆ ماوەیەكی زۆر لـە مێـشكی بنجـامینی باوك دەهات و دەچوو، تا لە كۆتاییدا گەیشتە لووتكەی، ئایا مەسیحیەت بەو هەموو گروپ و بیدعە زۆرانە و كتێبـە چـەوت و هەڵگێڕاوانـە دەبـێ ئـاینی ڕاستەقینەی خوا بێت؟

لە هاوینی سـاڵی ١٩٠٠ گـەورەی قەشـەكان لـە ماڵـە بـچووكەكەی لـە ناوەڕاستی ڕەزی و نزیك كانیی (شالیبۆلاغی)ی _ بە ناوبانگ لە (دیگالا) لە خەڵك دابڕا و، مانگێكی تەواو خەریكی نوێژ كردن و ووردبوونەوە بوو و، یەك لە دوای یەك كتێبە پیرۆزەكانی دەخوێندەوەو، لـە كۆتاییـدا دەسـت لـە كـار كێشانەوەی پێشكەش سەرۆكی ئوسقوفی ورمێ مۆنسنیۆر (تۆما عـاودو) كـرد و، بێ پێچ و پەنا هۆیەكانی دەست لە كاركێشانەوەی دیاری كـرد، دەسـەڵاتی كەنیسەكان زۆر جاران هەوڵیاندا، كە پەشیمانی بكەنەوە، بەڵام بێ هوودە بوو، چونكە هیچ ناكۆكیەكی كەسـی لـە نێـوان بنجـامینی بـاوك و سـەرۆكەكانی نەبوو، بەڵكو كارەكە پەیوەندی بە ویژدان و قەناعەتی كەسی هەبوو.

دوای ئەمە بۆ ماوەی چەند مانگێ (عبدالاحـد داود) _ ئێـستا بـەم نـاوە بانگ دەكرێ _ بووە پشكێنەری پۆسـتە و گـومرگی ئێرانـی لـە تـەورێز لـە چوارچێوەی پسپۆرە بەلجیكیەكان، دوای ئەمە لە خزمەتی شازادە (محمـد علـی میرزا) بووە مامۆستا و وەرگێڕ. لە ساڵی ١٩٠٣ چووە بەریتانیا و پەیوەنـدی بە كۆمەڵی (الموحدین) كرد، ئەمیش لە ساڵی ١٩٠٤ ناردییە ئێران بۆ ئـەوەی

كاری فێركردن و هۆشداریی هاونیشتمانیەكانی ئەنجام بدات.

لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ئەستەنبۆڵ هەڵوەستەیەكی كرد و چەند گفتوگۆ و چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ شێخی ئیسلام (جمال الدین افندی) و هەندێ لە زانایانی موسڵمان كرد، لە ئەنجامدا باوەڕی بە ئیسلام هێنا.

## چەند زانیاریەك لە بارەی كتێبی جوولەكە و دیانەكانەوە

پێناسە: لەزمانی عەرەبیدا ناوی (كتێبی پیرۆز لای جولەكە و دیانەكان)، یان بە كورتی كتێبی پیرۆز، كە وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و فەڕەنسی (Bible)ە، دابەش دەبێتە سەر دوو بەشی سەرەكی :

أ_ بەشی یەكەم : پێی دەگوترێ پەیمانی كۆن (العهد القدیم Old Testament)، كە تایبەتە بە جولەكە و دیانەكانیش وەكو بەشێكی كتێبە پیرۆزەكەی خۆیان وەریان گرتووە و، لە سی و نۆ (٣٩) كتێب پێكدێت:

١. كتێبی ئەفراندن (التكوین)
٢. كتێبی دەرچوون (الخروج)
٣. كتێبی لاوین
٤. كتێبی ژمارە (العدد)
٥. كتێبی دوانە (التثنیة)
٦. یەشوع
٧. كتێبی دادوەران (القضاة)
٨. كتێبی راعوس
٩. كتێبی سموئیلی یەكەم
١٠. كتێبی سموئیلی دووەم
١١. كتێبی یەكەم پاشاكان(الملوك الاول)

١٢. كتێبی دووەم پاشاكان(الملوك الثاني)
١٣. كتێبی رۆژانی یەكەم (الأیام الأول)
١٤. كتێبی رۆژانی دووەم (الأیام الثاني)
١٥. كتێبی عەزرا
١٦. كتێبی نەحمیا
١٧. كتێبی ئەستێر
١٨. كتێبی ئەیوب
١٩. كتێبی زوڕناكان (المزامیر)
٢٠. كتێبی نموونەكان (الأمثال)
٢١. كتێبی كۆمەڵگا (الجامعة)
٢٢. سرودی سرود بێژین (نشید الانشاد)
٢٣. كتێبی ئەشعیا
٢٤. كتێبی ئیرمیا
٢٥. كتێبی لاواندنەوەكان (المراثي)
٢٦. كتێبی حذقیال
٢٧. كتێبی دانیال
٢٨. كتێبی هوشەع
٢٩. كتێبی یۆئیل
٣٠. كتێبی عاموس
٣١. كتێبی عوبدیا
٣٢. كتێبی یۆنان
٣٣. كتێبی میخا
٣٤. كتێبی ناحوم
٣٥. كتێبی حەبقوق

٣٦. كتێبی سفنیا
٣٧. كتێبی حەجی
٣٨. كتێبی زەكەریا
٣٩. كتێبی مەلاخی

پێنج كتێبە سەرەتایەكە پێیان دەگوترێ (Pentateuch) بە كورتی واتا: پێنج كتێبەكە، بە شێوەی خوازە(مجاز) ئەم پێنج كتێبە پێیان دەگوترێ تەورات، هەرچەندە پەیوەندییان بە تەوراتی ڕەسەنەوە نییە، جگە لە چەند تێكست(نص) و دەستەواژەیەكی پەرت و بڵاو، ئەوەی ڕاستی بێ كتێبەكانی پەیمانی كۆن(العهد القديم) بە سەدان ساڵ دوای موسا (سەلامی خوای لێبێ) نووسراونەتەوە و زۆربەیان بریتین لە مێژوی نەتەوایەتیی گەلی جولەكە، مەرج نیە دانەرەكانیشیان پێغەمبەران بن، هەروەك وای بۆ دەچن، ئەم بۆچونە لە خەملاندن و خۆزی(تمني) بەدەر نییە ، پەیمانی كۆن لەسەردەمی سێیەمی پێش عیسا لە شاری ئەسكەندەرییە لە سەردەمی ئەسكەندەری گەورە و دوای ئەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی و ناوی لێنراوە (السبعينية Septuagint)، ئەم وەرگێڕانە لە دواییدا باڵی بەسەر دانەرەكانی پەیمانی نوێ دا كێشا، هەروەك لە مەودوا دەبینین.

ب _ بەشی دووەم: پێی دەگوترێ پەیمانی نوێ (العهد الجديد New Testamant) ئەمە تەنیا تایبەتە بە دیانەكان و، جولەكەكان دانی پێدانانێن و، لە بیست و حەفت (٢٧) كتێب پێكهاتووە.

كتێبی مەتا
١. كتێبی مەرقەس
٢. لۆقا
٣. یۆحەننا
٤. كردەوەكانی پێغەمبەران

٥. نامەی بۆلس بۆ رۆمیە
٦. نامەی بۆلسی یەكەم بۆ (كۆرنشیە)
٧. نامەی بۆلسی دووەم بۆ (كۆرنشیە)
٨. نامەی بۆلس بۆ غەلاتیە
٩. نامەی بۆلس بۆ ئەفسووس
١٠. نامەی بۆلس بۆ فیلیبی
١١. نامەی بۆلس بۆ كۆلۆسی
١٢. نامەی بۆلسی یەكەم بۆ تیسالونیكی
١٣. نامەی بۆلسی دووەم بۆ تیسالونیكی
١٤. نامەی بۆلسی یەكەم بۆ تیمۆثاوس
١٥. نامەی بۆلسی دووەم بۆ تیمۆثاوس
١٦. نامەی بۆلس بۆ تیطس
١٧. نامەی بۆلس بۆ فیلیمون
١٨. نامەی بولس بۆ عیبرانیەكان
١٩. نامەی جیمس
٢٠. نامەی بوترسی یەكەم
٢١. نامەی بوترسی دووەم
٢٢. نامەی یوحننای یەكەم
٢٣. نامەی یوحننای دووەم
٢٤. نامەی یوحننای سێیەم
٢٥. نامەی یەهوزا
٢٦. خەونی یۆحەننا

ناوی ئینجیل(Gospels) بە شێوەی خوازە بە چوار كتێبە یەكەمەكانی پەیمانی نوێ(العهد الجدید) دەگوترێ، كە بریتین لە كتێبەكانی مەتتا و

مەرقۆس و لۆقا و یۆحننا، ئەوەی لە ناوەكانیانەوە دیارە دەبێ ئەو كتێبانە لە لایەن حەوارییەكانی عیسا (سەلامی خوای لێ بێ) نووسرا بن ، ئەمانە لە نێوان دەیەها كتێبی ترن، كە لە یەكەم سەردەمی مەسیحیەت بەناوبانگ بوون و ئینجا كۆڕ(مجمع)ی مەسكونیی یەكەم، كە لە نیقیەی (ئیزنیقی ئێستا) ئاسیای بچووك بەسترا لە ساڵی ٣٢٥ی زایینی، لە ژێر چاودێریی ئیمپڕاتۆری بێزەنتی (قوستەنتینی گەورە) بڕیار درا، كە تەنیا ئەم چوار كتێبە جێی متمانەن و، ئەوانی تر بسووتێنرێن، بۆیە پێیان دەگوترێ ئینجیلە یاساییەكان، یاخود متمانە پێكراوەكان "Canonical Gopels" .

ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە ئەو ئینجیلەی، كە قورئان ئاماژەی پێكردووە ئەم ئینجیلە یاساییە باوەڕ پێكراوانە نییە و، مەبەست لێی ئەو ئینجیلەیە كە بە سروش (وحي) بۆ عیسا هاتووە و لەسەردەمی خۆی بە ناوی یۆنانی (ایفانجیلیون) ئاماژەی پێكراوە، واتا: موژدەی خۆش و بە زمانی عەرەبی ناوی ئینجیلی لێ وەرگیراوە، لەگینە[1] ئەو ئینجیلانە هەندێ بابەت و ڕێنماییان لەو ئینجیلە وەرگرتبێ، ئەو ڕێنماییانەی، كە دراونەتە پاڵ عیسا (سەلامی خوای لێ بێ).

## چاپەكانی كتێبی پیرۆز

چاپەكانی كتێبی پیرۆز هەموو وەكو یەك نین و، بە پێی سەردەمی چاپ كردنیان و بە پێی ئەو تایەفە مەسیحیەی، كە چاپی كردووە لێك جودان، چاپی ڕۆمی كاسۆلیك Roman catholic Version كە ئەمە هێمایەتی Rcv حەفت كتێبی زیادی تێدایە، كە پڕۆستانتەكان باوەڕی پێ ناهێنن و بە ئەفسانە Aprocrypha ناوی دەبەن، چاپی ڕۆمی كاسۆلیك بریتیە لە حەفتا و

---

[1] لەگینە : ڕەنگە ، لەوانەیە .

سێ كتێب (سفر) ، بەڵام چاپی پڕۆتستانت بریتیە لە شەست و شـەش كتێـب، ئەوەی جێی سەرنجە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەمەوە بڕیار درا، كـە هـەردوو پەیمانی كۆن و نوێ(العهد القدیم والجدید) لە یەك بەرگدا چاپ بكرێ بـە هـۆی كاری بزووتنەوەی چاكسازی ئـایینی، كـە پڕۆتـستانتەكان ئـەنجامیان دا لـە ئەورووپا، ئەوانە لـەو بـاوەڕەن كـە كتێبـەكانی جولەكـە بەشـێكن لـە كتێبـە پیرۆزەكانیان.

## پەرەسەندنی مێژوویی چاپەكانی كتێبی پیرۆز:

ئەوەی ئاشكرایە عیسا (سەلامی خـوای لێ بـێ) لـەو كاتـەی، كـە بـە پێغەمبەر نێردرا بە هەردوو زمانی ئارامی و عیبری قسەی دەكرد، كە ئـەو كاتە ئەو دوو زمانە لە فەڵەستین قسەیان پێ دەكـرا، ئـەوەی ڕوونیـشە كـە عیـبری یەكێكـە لـە دیالێكتـەكانی[1] زمـانی ئـارامی ، بـەڵام كـۆنترین دەستنووسی ئەو كتێبانەی لەبەر دەستمانە بە یۆنـانی نووسـراون، نـەك بـە عیبری یا ئارامی، كە عیسا و حەوارییەكان قسەیان پێ دەكـرد، بـەم جـۆرە ئەوانەی پێیان دەگوترێ ئینجیل، یان كتێب كە دەدرێنە پاڵ حەوارییەكان بە زمانی یۆنانی نووسراون كۆنترین مێژوویان بـۆ سـاڵی ١٧٥-٢٠٠ دوای لـە دایك بوون دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەو دانە ئارامیەی كە پێی دەگوترێ (البشیتا Peshitta) و ئـەمڕۆ لەبـەر دەسـتمانە و بـە دیـالێكتی سـریانی نووسـراوە ئـەوە لـە ئەسـڵی یۆنانیەكەوە وەرگێڕدراوە، هەروەها دانـە لاتینیەكـەش كـە پێـی دەگـوترێ (ڤالجیت Valgate) لە یۆنانیەوە وەرگێڕدراوە.

---

[1] دیالێكت : شێوەزمان ، لهجة .

لە بارەی وەرگێڕانی بۆ زمانی عـەرەبی، شـدیاقی بـاوك دەڵـێ: یەكـەم تێكستی[1] مەسـیحیی، كـە وەرگێڕدرابێتـە سـەر زمـانی عـەرەبی دەسـت نووسێك بووە لە كتێبخانەی قدیس بوتروس ساڵی ١٠٦٠ز (كتـاب الظـاهرة القرآنية، مالك بن نبـي).

یەكەم وەرگێڕان لە لاتینیەوە بۆ ئینگلیزی لـە سـاڵی ١٥٣٦ز بـوو، كـە لەلایەن كەسێكەوە وەرگێڕدرا، كە نـاوی ولیـام تاینـدل) بـو، لـە كەنیـسە نارەزایی و ڕەخنەی زۆری هاتە سەر و رەد كرایەوە و دوایی بەنـد كـرا و بـە ئاگر سووتێنرا بە تاوانی ئەوەی، كە واتاكانی كتێبی پیرۆزی تێـك داوە، لـە راستیدا كەنیسە كتێبی پیرۆزی تاپۆی سەر پیاوانی ئاین كردبـوو و خـەڵكی رەمەكی نەدەبوایە لێكی بدەنەوە، لەگـەڵ ئەمـەش وەرگێڕانەكـەی تایندەل بووە بنچینەی گەلێ وەرگێڕانی تر، كە لە دواییدا پەیدا بوون.

لە دواییـدا كەنیـسەی ڕۆمـی كاسـۆلیكی لـە سـاڵی ١٥٨٢ لـە ریمـس Rheims هەڵسا بە بڵاوكردنەوەی وەرگێڕانە تایبەتیەكـەی خـۆی و پاشـان دوبارە لە دوی Douay لەسـاڵی ١٦٠٩ بڵاوكرایـەوە، كـە ئەمـە كـۆنترین وەرگێڕانی ڕەسمییە لە دەقە لاتینیەكە، كە ناوی لێنراوە ڤالجیت، دوایـی لـە ساڵی ١٦١١ لـە كەنیـسەی ئینگلتـەرا چـاپی شـا جـیمس King James Version بڵاو كرایەوە، كە ئەمـە _KJV_ هێماكەیـەتی و هـەروەها پێـی گوتراوە چاپی متمانە پێكراو Authorized Verion یا بە كورتی _AV_ ، لە ساڵی ١٨٨١ دەستكاری كـراو، لـە بـریتی ئـەودا، چـاپە راسـتكراوەكە Revised Version یا خود RV بڵاوكرایـەوە، ئینجـا دووبـارە لـە سـاڵی ١٩٥٢ ڕاستكرایەوە و چـاپە ڕاسـتكراوە یاسـاییەكە Revised Standard

[1] شێرەت : ئامۆژكاری .

Version یا خود Rsv دەرچوو، هەمیسان لە ساڵی ١٩٧١ دووبارە راستكرایەوە و هەمان ناوی RSV بۆ خۆی پاراست و لە پێشەكیی دوا چاپیدا هاتووە، كە (ئەم چاپە ئەنجامی ماندوو بوونی سی و دوو زانای مەزنە و لیژنەیەكی ڕاوێژكاری پشتیوانیان دەكا، كە نوێنەری پەنجا تایفەی هاوكارە لەگەڵ یەكتری) لە پێشەكیدا لە بارەی چاپی باوەڕ پێكراوی شا جێمسدا دەڵێن: (چاپی شا جێمس گەلێ كەم و كوڕیی تێدا بوو و زۆر مەترسی دار بوو، بۆیە پێویستی بە راستكردنەوە كرد...تاد).

ئەوەی شایانی باسە ئەم دوا چاپە راستكراوە یاساییە، ئەو تاكە ئاماژەی قرتاند، كە لە بارەی سێلانەوە (التثلیث) هەبوو قرتاند لە پەیمانی نوێدا، ئەو ئاماژەی كە لە برگەی (٧)ی بەشی پێنجەمی یەكەم نامەی یۆحەننادا هەبوو (بڕوانە پێشەكیی چاپە راستكراوە یاساییەكە RSV).

لە دواییدا لە ساڵی ١٩٩٣ چاپێكی نوێی چوار كتێبە متمانە پێكراوەكە دەرچوو، سەرەرای كتێبی تۆماس، كە پێی دەگوترا چاپی زانایەكان Scholars Version،(SV ) ، زیاتر لە دوو سەد زانای گەورە و دكتۆری لاهووت لە ئەمەریكا بەشداریان لە ساغ كردنەوەی كرد و، بەو كۆبوونەوەیە گوترا سیمینار(ندوة)ی عیسا The Jesus Seminar (بڕوانە كتێبی پێنج سفرەكە Mcmillan Publishing Co. The Five Gospels) لە بارەی چوار ئینجیلە باوەڕ پێكراوەكەوە لەو چاپەدا گووتوویانە:

(هەموو ئینجیلەكان لە سەرەتادا بە كاردەهێنران و ناوی دانەریان لە سەر نەبوو، تا یەكەم كەنیسە بڕیاری دا كە ناوی نووسەرەكەی دەست نیشان بكرێ ، لە زۆربەی حاڵەكانیش دەست نیشانكردنەكە لە ئەنجامی خەملاندن، یا خۆزییەكی نیاز پاكانەوە دەهات).

ساغ كەرەوەكانی ئەم چاپە بڕیاریان دا، كە لە ٨٢٪ ئەو قسانەی لەو

ئینجیلانە دراونەتە پاڵ عیسا ڕاست نین و لە دەمی عیساوە دەرنەچووە، هەرچەندە نووسینەوەی ئینجیلەكان لە دوای ساڵی (٧٠) ی عیسایی دەستی پێكرد، بەڵام كۆنترین دەست نووسەكانی ئینجیل، كە ئەمڕۆ لەبەر دەستمان بن، مێژووەكەیان بۆ (١٧٥) ساڵ دوای وەفاتی مەسیح دەگەڕێتەوە و، جیاوازیان لەگەڵ یەكتری هەیە و دوانیان پێك ناچن، ئەوەی ڕوونە دانەرەكانیان پاش گراوند(خلفیة)ێكی كولتور(ثقافة)ی یۆنانی(الهیلینیستیة)یان هەبوو، بۆیە كتێبەكانیان سروشتی وەرگێڕانی حەفتایی پەیمانی كۆنی پێوە دیار بوو و، كاریگەریی لەسەر نووسینەكانیان ئاشكرا بوو.

بەم جۆرە بۆلس، كە دامەزرێنەری مەسیحیەتی ئێستایە و بەشێكی زۆری پەیمانی نوێ دەخرێتە پاڵی و، هەرگیز چاوی بە مەسیح نەكەوتووە، لای وایە مەسیح تەنیا هێمایەكی بیروباوەڕی هێلینیتیی نادیار(غامض)ە، مەسیح بە نیسبەت ئەو پەیامێكی بێ واتایە، لەگەڵ ئەمەش لایەنگرانی مەسیح هەندێ گوتە دەدەنە پاڵ مەسیح، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر بیروباوەڕەكانیان بكاتەوە، سەرەڕای ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان بۆچوونەكانی مەسیح و دیدی مەسیحی، ئەمەش لێكدانەوەی ئەو بۆچوونەیە، كە بە مەسیحیەتی ئێستا دەگوترێ: (مەسیحیەتی بۆلس (Pauline Chritianity).

كۆنترین ئاماژە بە ئینجیلی سەرزاری(شفهي)، كە لە سەر زاران بووە، بۆلس لە یەكەم پەیامی بۆ كۆرنثۆس (١٥/٣-٥) باسی كردووە، ئەم ئینجیلە سەرزارییە لەو كاتەی، كە مەرقۆس ئینجیلەكەی نووسیوە لە سەر زاران بووە و باسی پێشبینی ئەو ئازارانەی كردووە، كە دراونەتە پاڵ مەسیح و لە كتێبی مەرقۆس (٨/٣١) و (٩/٣١) و (١٠/٣٣) باسكراوە و،

مەرقۆس لەسەر زاری خەڵكێكی وەرگرتووە و بە شێوازێكی (مەسیحیانە) تۆماری كردووە و بەڕوونی دیارە، كە دوای رووداوەكان، نووسراوەكان نووسراوەتەوە و دوایی خراوەتە سەر زاری عیسا، لە لایەكی ترەوە دانەرانی ئینجیل ئەو گوتە و هزرانەی، كە ویستوویانە برەوی پێ بدەن، بە ناوی عیسا نووسیانە و لەو باوەڕەن، كە پێویستە بگوترێ .

(بڕوانە كتێبی پێنج سفرەكە The Five Gospels Mcmillan Publishing Co Newyork)

## زاراوەكان

لەم كتێبەدا هەر كە ئاماژە بە دەقەكانی كتێبی پیرۆز دەكرێ، ژمارەی یەكەم ئاماژەیە بە ژمارەی بەشەكە، ژمارە یا ژمارەكانی تری دوای هێمای دابەشكردن، ئاماژەیە بە ژمارەی دەستەواژە، یان ژمارەی دەستەواژەكان ، بۆ نموونە : لۆقا (١١/٥_٧) واتا: دەستەواژەكانی ژمارە (٥) تا (٧) لە بەشی ژمارە (١١) لە كتێبی لۆقا، هەروەها مەرقۆس (٨/٣١) واتا دەستەواژەی ژمارە (٣١) لە بەشی (٨) لە كتێبی مەرقۆس...هتد.

**(محمد فاروق الزین)**

# دەستپێك

## پێغەمبەری دوورگەی عەرەبی وەك لە كتێبی پیرۆزی جولەكە و دیانەكانەوە هاتووە ( سروشێ لە لای ولاتی عەرەبەوە ) (كتێبی ئەشعیا١٣/٢١ )

ئەم كتێبە چەند لێكۆڵینەوەیەكی نایابی تێدایە بە خامەی پرۆفیسۆری باوك (عبدالاحد داود)، لێكۆلینەوەكان هێندە ڕەسەن و قوولن، گەلێك لە خوێنەران لەوانەش پیاوە ڕەبەنەكانی كەنیسەی مەسیحی، زەحمەتە تێیان بگەن.

ئەوەی سەرسوڕ هێنەرە، ئەم زانایە لێكۆڵینەوەكانی لە دەقە ئارامی و عیبری و لاتینی و یۆنانی یەكان وەرگرتووە، بەشێوەیەكی وا ژمارەیەكی كەمی پیاوانی كەنیسە(كهنوت) گەر بتوانن لە وەرگێڕانە لاتینیەكەی كتێبی پیرۆز( The Vulgate) بگەن، كە لای كەنیسەی كاسۆلیكی متمانە پێكراوە، هەروەها كەمێكیشیان لە دەقە رەسەنە یۆنانیەكەی كتێبەكانی پەیمانی كۆن(العهد القدیم) دەگەن.

هەڵسەنگاندنی ئەم لێكۆلینەوانە لە دیدگای دوژمنەكانیەوە هەرچۆنێ بێ، بێگومان زۆربەیان چێژی لێ وەرناگرن، سەرەڕای ئەمە ئەو لێلییەی، كە هاودەمی پێشبینیەكانی كتێبی پیرۆزە، وای لێدەكا بە شێوەیەكی گونجاو سووك و سانا بێ و هەموو بابەتێ داپۆشێ.

لێرەدا كێشەیەكی مەزن بەرەنگاری لێكۆڵەر دەبێ، چۆن مرۆڤ دەتوانێ متمانە بكاتە سەر بەڵگەنامە، یا گەواهیی كتێبێ -كە بە دان پێدانانی هەموان- كە بە فۆلكلۆر ئاخنرابێ و گومان لە ڕەسەنایەتیی هەبێت! دەتوانرێ متمانە بكرێتە سەر هەندێ بەشی كتێبی پیرۆز لە گفتوگۆ كردندا، كە ڕێگەی

دەمە تەقێی زمانەوانی نادات، بۆ نموونە : بـا ئـەو وشـانە لـە پـەیمانی كـۆن بخوێنینەوە، كە ئاراستەی حەزرەتی موسا كـراوە (سـەلامی خـوای لێ بێـت) (سـفر التثنیـة ١٨/١٨) هـەروەك لـە دەقـی دانـەری ڕاسـتكراوە متمانـە پێكراوەكەدا _RSv _ هاتووە، كە كۆمەڵەی كتـێبی پـیرۆزی بریتـانی بـلاوی كردۆتەوە:

(لە ناو براكانیان وەكو تۆ پێغەمبەرێكیان بۆ دادەنێم و، گوتەكانی خـۆمی دەخەمە سەر زار) سفر التثنیة ١٨/١٨.

ئەگەر ئەم پێشبینیە لە (محمد) نەهاتبێتـە دی، ئـەوا تـاكو ئێـستا بـەدی نەهاتووە . عیسای مەسیح هیچ كاتێ نەیگوتووە، كە خۆی ئەو پێغەمبەرەیـە و حەوارییەكان دوای ئـەو بـە تـەمای دووبـارە گەڕانـەوەی بـوون بـۆ ئـەوەی پێـشبینیەكە بێتـە دی[1] ئـەوەی ئاشـكرایە دووبـارە گەڕانـەوەی مەسـیح پێشبینیەكە ناهێنێتە دی، مەسیح هەروەك كەنیسە بـاوەڕی پێـی هەیـە، لـە دوارۆژدا وەكو دادوەرێ(قاضـي) بەدەردەكەوێ، نەك وەك یاسا دانـەرێ، بـەلام پێغەمبەری بەڵێندراو، كە دێـت (شـەریعەتی ڕوونـاكی بـە دەسـتی ڕاسـتەی هەڵگرتووە) سفر التثنیة ٢/٣٣.

بـۆ جـەخت كردنـە سـەر كەسـێتی پێغەمبـەری بەڵێنـدراو پـشت بـە پێشبینیەكەی تر دەگرین، كە دراوەتە پاڵ موسا و باسی (ئەو نورە تیـشكدارە دەكا، كە لە فارانەوە دێت) واتا : چیاكانی مەككـە. بـا دەقەكـەی لـە (سـفر التثنیة ٢/٣٣) بخوێنینەوە، كە دەڵێت: (نوری خوا لە سیناوە هات و لە ساعیر لێیان هەلات و لە چیاكانی فـاران تیـشكی درەوشـایەوە و دە هـەزار قدیـسی لەگەڵ هات و شەریعەتی تیشكداری لە دەستی ڕاستەی بـوو) . لـەم وشـانەدا

[1] موسا گوتی (خوا لە نێوان برایەكانی خۆتان پێغەمبەرێكتان وەكو من بۆ دەنێری، هەر چـیتان پـێ دەڵێ گوێ ڕایەڵی بگرن، ئەوەی گوێ لەو پێغەمبەرە نەگرێ لـە خـەڵكی دادەبـڕێ) مـذكرات الرسـل (٢٢/٣_٢٣)

نوری خوا بە نوری ڕۆژ چوێنراوە (لە سیناوە دێ و لە ساعیر تیشك دەداتەوە)، بەڵام بەسەر بەرزی لە فاران دەدرەوشێتەوە و لەگەڵ دە هەزار قدیسی بە دیـار دەكـەوێ و شـەریعەت بـە دەسـتی راسـتەی دەگرێـت ، هـیچ كامـێ لـە ئیسرائیلیەكان لەوانەش مەسیح پەیوەندییان بە (فاران)ەوە نیە، تەنها هاجـەر و ئیسماعیلی كوڕی لـە قوڵاییـەكانی سـینا، لـە چـاڵاوی (الـسبع) گـەڕان و لەچۆڵگەی (فاران) نیشتە جێبوون.

ئیسماعیل ژنێكی میـسریی هێنـا، (سـفر التكـوین ٢١/٢١) لـە كـوڕی یەكەمی (قیدار) نەوەكانی عـەرەب پەیـدا بـوون، كـە لـە چـۆڵگەی (فـاران) نیشتەجێ بوون و لەوانەش (محمد) بوو، كە لەگەڵ دە هـەزار بـڕوادار (قـدیس) چووە شاری مەككە و تیشكی شەریعەتی بۆ گەلەكەی هێنا، بە تـەواوی ئـەو پێش بینیەی لە (محمد) هاتـە دی.. دەبـا سـەیری پێـشبینیەكەی حـەبقووقی پێغەمبەر بكەین (سـفر حبقـوق٣/٣) كـە بـەم جۆرەیـە (قدیـسی لـە چـیای فارانەوە، شكۆمەندیی ئاسمانەكانی پۆشی و زەوی پڕ بوو لە ستایشی). وشـەی (حمد) لێرەدا واتایەكی گرنگی هەیە و ناوی (محمد) پڕ بە پێستی (محمـود) ەو، سەرەڕای ئەمەش عەرەبەكان دانیشتووی چۆڵگەی (فاران)، بـەڵێنی دابـەزینی سروشیان پێدرابوو (با شار و دەشت دەنگیان بەرز كەنەوە، ئەو شوێنەی قەیدار لێی نیشتەجێ بووە، دانیشتووی شاخەكان، با لە بەرزاییەكانەوە دەنگ هەڵبڕن و پیاوە گەورەكە بە شكۆداری ڕابگرن و لە دوورگەكانەوە سوپاسی ڕابگەیەنن، پیاوە گەورەكە دەبێتە زەبر بە دەست و وەكو جەنگاوەرێ جـوامێری بنوێنـێ و هـاوار بكـا و دەنـگ بداتـەوە و بەسـەر دوژمنەكانیـدا زاڵ بێـت) (اشـعیا ٤٢/١١_١٣).

هەروەها لێرەدا دوو پێشبینی تر هەن، یەكەم لە كتـێبی ئەشـعیا (اشـعیا ٦٠/١_٢، ٦_٧) هاتووە: (هەستە ڕوناكیت هات، سـەروەری خـوا لەسـەرت درەوشایەوە، ها ئەوە تا تاریكی زەوی و میللەتان دادەپۆشێ، بەڵام لەسەرە تۆ

ڕوناكی خوا هەڵدێ و سەروەری خۆی لەسەرت دەبیینێ و میللەتان لە ڕوناكی تۆو پاشاكان لە تیشكی پەڕ تەوت دەڕۆن، ژمارەی زۆری حوشترەكان دات دەپۆشن، حوشترەكانی مەدیەن و عیفە، هەموویان لە (شیبا) وە دێن و زێڕ و بخورد هەڵ دەگرن، هەموو پەزی (قیدار) ت بۆ كۆبێتەوە و بەرانەكانی (نبایوت) خزمەتت دەكەن، لەسەر كوشتارگەی من وەر دەگیرێن و لەمەودوا ماڵی سەروەریم بە شكۆمەندی ڕا دەگرم).

هەروەها پێشبینی دووەم (اشعیا ٢١/١٣_١٧) دەڵێت:

(سروشێ لە وڵاتی عەرەبەوە، لە هەڵەت و پەڵەتی وڵاتی عەرەبەوە دێ ئەی كاروانە نزیكەكان، ئەی دانیشتوانی خاكی (تیماء) ئاو بە پیر تینووەكانەوە بێنن، مافی ئەوە بدەن، كە لە پێناو نانی سكی هەڵدێت، چونكە ئەوانە لە بەرزە بری شمشێر و كەوانی گرێدراو و نەهامەتیی جەنگ هەڵاتوون، بەم جۆرە خوا فەرموویەتی، لە ماوەی ساڵێ، هەموو سەروەریی (قیدار) هەرەس دێنێ و هەموو كەوانی پاڵەوانەكانی (قیدار) لەناو دەچێت).

با سەرنج لەو پەیوەندییە سەیرەی نێوان هەردوو پێشبینیەكە و نێوان ئەوەی، كە لە كتێبی (التثنیة) هاتووە (ئەو ڕوناكیە تیشك دارەی، كە لە فارانەوە دێ) بدەین.

ئیسماعیل لە چۆڵگەی فاران نیشتەجێ بووە و نۆبەرەكەی (قیدار) بووە، كە بابە گەورەی عەرەبە و لەسەر نەوەی (قیدار) نووسراوە، كە لە خواوە سروشیان بۆ دێ و بۆ سەروەری ماڵی خوا قوربانی پێشكەش بكەن، چونكە ماوەیەكی زۆر بوو تاریكی زەویی داپۆشیبوو، هەروەها لەسەر نەوەكانی (قیدار) و تیر ئەنداز و پاڵەوانەكانیان نووسراوە، كە لە دوای كۆچ كردن بە ساڵێ هەرەس بێنن بەرامبەر شمشێرێ هەڵكێشراو و كەوانی گرێدراو، ئایا ئەم گوتانە پەیوەندی بە كێوە هەیە لە فاران، جگە لە (محمد) ؟ (محمد) لە نەوەی ئیسماعیل و قەیدارە و (محمد) ئەو تاكە پێغەمبەرەیە، كە عەرەب سروشی

خواییی لێ وەرگرت لەو كاتەی كە نوتەك[1] زەویی داگرتبوو و ڕوناكی خوایی لە فاران تیشكی دایەوە. مەككە تاكە شوێن بوو كە ریزی ماڵی خوای تێدا دەگیرا و لەوێ قوربانیی تێدا پێشكەش دەكرا، دوای ئەوەی (محمد) لە لایەن نەتەوەكەیەوە چەوسێنرایەوە بە ناچاری لە مەككە كۆچیكرد و، لە كاتی هەڵاتنی لە شمشێری هەڵكێشراو و كەوانی بەستراو تووشی تینوێتی بوو، دوای ساڵێ لە كۆچ كردنی نەوەكانی (قیدار) لە مەككە لە ناوچەی (بدر) بەرامبەری وەستان و نەوەكانی (قیدار) شكان و بەزین (ئەوانەی كەوانیان هەڵگرتبوو) ، ئینجا هەموو سەروەرییەكانیان بەرەو كزی ڕۆیشت، ئەگەر قبووڵی ئەوە نەكرێ، كە (محمد) ئەو پێغەمبەرەیە كە پێشبینیانە هێشتا نەهاتوونەتە دی، هەروەها (ماڵی خوا كە ناوی خوای بە سەروەری لێدێ) و لە كتێبی ئەشعیا (٧/٦٠) ئاماژەی پێكراوە، ئەوا ئەو ماڵەیە كە لە مەككەیە و، كەنیسەی مەسیح نییە بە پێی بۆچوونی لێكدەرەوە مەسیحیەكان، قوربانییەكانی (قیدار) كە لە كتێبی ئەشعیا (٧/٦٠) باسكراوە لە كوشتار خانەی كەنیسەی مەسیح پێشكەش نەكراوە، هەروەها نەوەكانی (قیدار) تاكە كەسن كە كاریگەریی ڕێنماییەكانی كەنیسەی مەسیحیان لەسەر نییە و چیرۆكی دە هەزار قدیس كە لە كتێبی (التثنیة ٢/٣٣) باس كراوە واتایەكی گرنگ بەخشە، چونكە ڕوداوی فەتحی مەككە تاكە ڕوداوێكە لە مێژووی فاران، كە ئەم چیرۆكەی هێناوەتە دی، (محمد) بە سەرۆكایەتیی دە هەزار باوەڕدار لە لایەنگرانی چووە مەككە و گەڕایەوە (ماڵی خوا) و دوا شەریعەتی خوای لە دەستی ڕاستی بوو.

ڕێ نیشادەر (الهادی) یاخود گیانی حەق(روح الحق)، كە مەسیح مـوژدەی پێداوە، هەر دەبێ (محمد) بێ و نابێ گیانی پیرۆز بێ، هەروەك تیۆریە

[1] نوتەك : تاریكی .

لاهوتیەكان بۆی دەچن، مەسیح دەفەرموێ: (بۆتان وا باشترە، كە لێتان دوور بكەومەوە ، چونكە ئەگەر دوور نەكەومەوە، ئەوا ڕێنیشاندەر نایەتە لاتان، بەڵام كە ئۆغرم[1] كرد بۆتانی دەنێرم) (انجیل یوحنا ١٦_٧) ، بێ پێچ و پەنا ئەوە دەگەیەنێ، كە ڕێنیشاندەر دەبێ لە دوای مەسیحەوە بێت و لەگەڵ مەسیح نەبووە ، ئایا دەبێ وا گریمان بكەین، كە مەسیح گیانی پیرۆزی لەگەڵ نەبووە، ئەگەر هاتنی گیانی پیرۆز مەرجدار بێ بە ڕۆیشتنی مەسیح؟

سەرەڕای ئەمەش ئەو شێوەیەی كە مەسیح وەسفی كردووە وا دەگەیەنێ، كە ڕێنیشاندەر لە چینی مرۆڤە و گیان نیە (ئەو لە خۆیەوە قسە ناكات، بەڵكو لەمەودوا بە پێی بیستنی سروش دەدوێ) (یوحنا١٦/٣).

گوتەی مەسیح بە ئاشكرا ئاماژە بە نێردراوێ لە خواوە دەكا و، ناوی لێدەنێ (گیانی حەق)، قورئانیش بە تەواوی بەم جۆرە باسی (محمد) دەكات ((بَلْ جَاءَ بِالْحَقِّ وَصَدَّقَ الْمُرْسَلِينَ: بەڵكو هەرچی ئەو هاوردی، هەموی ڕاستەو بڕواشی كرد بە پێغەمبەرانی خودا.)) (الصافات:٣٧)

---

[1] ئۆغر : ڕۆیشتن .

# ( پێشەكیی دانەر )

لە ڕێگەی ئەم پێشەكیە و بەشەكانی دوای ئەو روونی دەكەمەوە، كە بیر و باوەڕی ئیسلامیی بیروباوەڕێكی ڕاست و تەواوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندارە بە خودی خوایی و دوا پێغەمبەری خواوە، لەم روەوە لەگەڵ ڕێنماییەكانی كتێبی پیرۆز یەك دەگرێتەوە.

ئەم پێشەكیە تەرخان دەكەم بۆ گفتۆگۆ كردن لە سەر خاڵی یەكەم و، لە بەشەكانی داهاتووشدا ڕوونی دەكەمەوە، كە (محمد) مەبەستی ڕاستەقینەی پەیمان(العهد)ە و پێشبینیەكانی هەردوو پەیمانی كۆن و نوێ پڕ بە پێستیان لە (محمد) هاتوونەتە دی، نەك لە كەسی دی.

حەز دەكەم ئەوە ڕوون بكەمەوە، كە ئەو بیروبۆچوونانەی دەرم خستوون لەم باسەدا، ڕاو بۆچوونی خودی خۆمن و تەنیا خۆم لێیان بەرپرسم، هەروەها لێپرساویی ئەو باسانەشم هەڵدەگرم، كە لە كتێبە عیبرییە پیرۆزەكان كردوومن، لە هەمان كاتیشدا داوای ئەوە ناكەم، كە من بەڵگەم لە لێكدانەوەی ڕێنماییە ئیسلامیەكاندا.

هەروەها نامەوێ هەستی برادەرە دیانەكانم بریندار بكەم، من مەسیح و موسا و ئیبراهیمم خۆش دەوێ، هەروەها (محمد) و هەموو پێغەمبەرانی تریشم خۆش دەوێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ((قُلْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ

مُسْلِمُونَ: بێژە بڕوامان هێناوە بە خواو بەوەی كە لەوڕا بۆمان هاتوەو بەو شتانەش كە لەلای پەروەردگارەوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب هاتبو، بۆ نەتەوەكەش هەروەتر، بەو شتانەش كە بۆ عیسا و موسا و گشت پێغەمبەرانی دی هات. ئێمە بەرانبەر بە كەسیان فەرق و جوداییمان نیە و خۆمان بەخودا دەسپێرین.)) ال عمران:٨٤.

مەبەستم لەم نووسینە وروژاندنی دەمەتەقێیەكی نەزۆك و تاڵ و بێهودە نییە لەگەڵ كەنیسەكان، بەڵكو بانگی كەنیسەكان دەكات بۆ گفتوكۆیەكی

چونكە بڕیاری چەند كەسێتیەكی خـوایی دەدات، كـە هـەموویان خـودان و كەسێتیی دیار یكراون و وەكو ئەندامانی یەك خانەوادە وێك دەچن، هەروەك لە ئەفسانە بت پەرستیەكاندا هەیە، خودا باوكی كوڕ نیـە، هـەروەك كـوڕی باوكیش نیە و دایكیشی نییە، خودا هەمیشەییە و سەرەتا و بنـەتای نیـە، باوەڕ هێنان بە خوای باوك و خوای كـوڕ و خـوای گیـانی پـیرۆز، كفرێكـی ئاشكرایە بە یەكتایی پەرستیی خـوا و بڕیـارێكی بـەرزە فڕانەیـە بـە سـێ بوونەوەری نا تەواو كە ناتوانن خوایەكی ڕاستەقینە پێك بێنن، جـا جـودابن یا یەكگرتوو بن لەگەڵ یەكتری.

ئێمە لە بیركارییەوە، دەزانین، كە یەكـە(وحدة) لـە یـەكێ كـەمتر، یـان زیاتر نییە و یەك یەكسان نییە بە (یەك + یەك + یەك) ، بە شێوەیەكی تـر یەك بەسیان یەكسان نییـە، چـونكە یـەك سـێیەكی سیانە، بـە پێـی ئـەم پێوانەیە یەك یەكسان نییە بە سێ، سێ یەكسان نییـە بـە یـەك، هـەروەها سێیەك نا بێ یەكسان بێ بە یەك، یەك بنچینەی یاسای ژمارەییە و هـەموو ژمارەكان ئەنجامی كۆی یەكە.

ئەوانەی داوای یەكتاییی خوا لە سێلانەیەكی كەسایەتی دەكەن دەبێـژن، كە هەریەكێ لەوانە (خوایەكی بە توانا و هەبوو و هەتا هەتایی و هەمیـشە و تەواوە، بەڵام سێ خوای بە توانا و هەبوو و هـەتا هـەتایی و هەمیـشە و تـەواو بوونیـان نییـە و بـەڵكو تاكـە خوایـەكی بـە توانـا و ....) هەڵـە و شێواندنی ڕاستەقینەكان لـەم بۆچـوونەدا ڕوون و ئاشـكرایە، ئـەو لـوغزەی كەنیسەكان پێشكەشی دەكەن لەم هاوكێشەیەدا كورت دەكرێتەوە.

خوایەكی تەنیا = خوایەكی تەنیا + خوایەكی تەنیا + خوایەكی تەنیا

كەواتە: خوایەكی تەنیا = سێ خوا.

یەكەم: نابێ تاكە خوایەك بە سێ خوا یەكسان بێت، بەڵكو یەكـسانە بـە یەك خوا.

دووەم: هەركە دان بەوەدا دەنێین، كە خوایەكی تـەواوی خـاوەن كەسـێتی وەكو هاوڕێیەكەیەتی، ئەوا ئـەنجامی ١+١+١=١ نـەك هـەر جۆرێكـە لـە پڕوپووچـی بـەڵكو فیـز و هەوایـەكی لـەرادە بـەدەرە، یـا خـود ئەوپـەڕی ترسنۆكییە، هەر هەوڵدانێ بۆ سەلماندنی شیكارێكی هەڵە بـۆ كێـشەیێ لـە كێشەكان، جۆرێكە لە خۆ بە زل زانین ، لە لایەكی تر دان نان و باوەڕیت بـە سێ خوا، كەمبوونی ئازایەتییە.

سەرەڕای ئەمەش ئێمە هەموویان _ موسڵمان و دیانەكان _ باوەڕ بـەوە دێنن كە خوا هەمیشە ئامادەیە و هەیە و ئاگاداری هـەموو شـتێكە، ئایـا ئەمە لەسەر هەر سێ لەوانە جێبەجێ دەبێت، یا تەنیا یەكێكـە لەوانـە لـە كاتێكـدا ئاگـاداری گەردوونـە؟ خوایـەتی (الوهیـة _ نـاوی كۆپلـەی نـاوو سیفەتەكانی خوا_ سیفەتی تاكە خوایەكە، كە توانای زۆربوونی نییە.

ئینجا دەگوترێ كە هەریەكێ لەو سێلانەیە چەند سیفەتێكی هەیـە، كـە لە دوانەكەی تر نایەتە دی، لێرەدا جۆرە ریز بەندییەك هەیە، هـەردەم بـاوك لە پلەی یەكەم دێ، ئینجاكوڕ، گیانی پیرۆزیش لە پلەی سێیەم دێ و پلـەی لەوانە كەمترە، كە لێیان پەیدا بووە. ئایا لای دیانەكان بـە تـاوان و گـومڕا بوون دانانرێ، گەر ڕیز بەندییەكە پێچەوانە بكرێتەوە و بـەم جـۆرە بـێ: بـە ناوی گیانی پیرۆز و كوڕ و باوك؟ جا ئەگەر هەموویان یەكسانی تـەواو بـن، ئەم ریز بەندییەتیە بۆ چیە؟ لەگەڵ ئەوەش ئەنجوومەنی كەنیسە و پاپایـەكان بەرپەرچی بیروباوەڕی سـابیلییان (Sabelian) دایـەوە، كـە سـوورە لەسـەر ئەوەی، خوا تاكە، یەكە و بەڵام لـە شـێوەی بـاوك و كـوڕ و گیـانی پـیرۆز دەردەكـەوێ و، خۆشـی تاكـە كەسـێكە، بێگومـان ئـاینی ئیـسلام لەگـەڵ بیروباوەڕەكانی سابیلییەكان نییە.

لە ڕاستیدا كەسانی سێلانە لایان یەكـسانییەكی ڕەهایـان نییـە، ئەگـەر باوك پڕ بە پێستی ووشە یەكسان بێ بە كوڕ، یا بە گیانی پیرۆز وەك ئـەوەی

ژمارەیەك یەكسان بێت بە ژمارەیەك، ئەوا تەنیا تاكە خوایەكی لێ دەكەوێتەوە نەك سیان" چونكە یەك نابێ بە كەرت، یا چەندانی خودی خۆی بێ، ئەو جیاوازییانەی كە لە نێوان كەسانی سێلانەدا هەیە، هیچ گومانێ بە جێ ناهێڵێ كە یەكسان نین، باوك نەوەی دەبێ و خۆی نەبووە، كوڕ بووە و باوك نییە، گیانی پیرۆز لە هەردووكیان هەڵقوڵاوە، وەسفی یەكەم بە خولقێنەر و لەناو بەر دەكەن و دووەم بە رزگار كەر و قوربانیدەر و سێیەم بە ژیاندەر ، لە ئەنجامدا هیچ كامێ لەو سێیانە بە تەنیا خولقێنەر نییە، ئینجا دەڵێن دووەم ووشەی یەكەمە و دووەم دەبێتە مرۆڤ و بۆ رەزامەندیی دادپەروەریی باوكی خۆی لەسەر خاچ دەكاتە قوربانی و بەرجەستە بوون و بە پابوونەوەی لە ڕێگەی كەسی سێیەمەوە دەبێ.

لە كۆتاییدا دیانەكان ئاگادار دەكەمەوە، ئەگەر باوەڕ بە یەكتاییی رەهای خوانە هێنن و دوور نەكەونەوە لە باوەڕ هێنان بە سێ كەسان، ئەوا كوفر بە خوای ڕاستەقینە دەكەن، لە راستیدا ئەوانیش وەكو بت پەرستەكان هاوبەشی بۆ خوا پەیدا دەكەن لەگەڵ تاكە جیاوازیەك ، ئەویش ئەو خوایەی بت پەرست دەیپەرستێ خەیاڵە، بەڵام ئەو سێ خوایەی كەنیسەكان دەیپەرستن سروشتێكی تایبەتییان هەیە، باوك خوای ڕاستەقینەی تەنیایە بەڵام كوڕ بەندە و پێغەمبەری خوایە، بەڵام گیانی پیرۆز یەكێكە لەو ملیۆنە گیانانەی، كە ناژمێردرێن و لەخزمەت خوادان.

پەیمانی كۆن(العهد القدیم) بە شێوەی خوازە(مجاز) وشەی باوكی بەكار هێناوە، وەكو نازناو(لقب)ێ لە نازناوەكانی خوا، بە واتای ئەوەی كە بەدیهێنەر و بەخشندەی بە بەزەییە، بەڵام كەنیسەكان بە ناشایستەوە بەكاریان هێناوە، بۆیە قورئان بە كاری هێناوە.

پەیمانی كۆن و قورئان دژی بیردۆزیی سێلانە(نظریة تثلیث)ن، بەڵام پەیمانی نوێ نە بە ئاشكرا لایەنگیری دەكانە بەرگریشی لێ دەكا، خۆ ئەگەر

پەیمانی نوێی نەبینیوە و نەی نووسیوە ئەوە و قسەی پێ نەركردووە، پەیمانی نوێ، تا دووبەڵام پەیمانی نوێ نە بە ئاشكرا لایەنگیری دەكا، نە بەرگریشی لێ دەكا، خۆ ئەگەر ئاماژەیەكیشی لەبارەی سێلانەوە تێدا بێ،ئەوا بەڵگە نیە چونكە مەسیح پەیمانی نوێی نەبینیوە و نەی نووسیوە ئەوە و قسەی پێ نەركردووە، پەیمانی نوێ تا دوو بەڵام پەیمانی نوێ نە بە ئاشكرا لایەنگیری دەكانە بەرگریشی لێ دەكا، خۆ ئەگەر پەیمانی نوێی نەبینیوە و نەی نووسیوە ئەوە و قسەی پێ نەركردووە، پەیمانی نوێ تا دوو[1] سەدە دوای مەسیح بوونی نەبوو. ئەوەی شایانی باسە كەنیسە یەكگرتووەكانی ڕۆژهەڵات دژی بنەمای سێلانە بوون و بەرگرییان كرد، ئینجا پەیڕەوی پێغەمبەری مەزنی خوایان كرد هەركە كاولكاریە گەورەكەی (دڕوندەی چوارەم) یان بینی ، ئەو شەیتانەی كە لە ڕێگەی دەمی مارەوە قسەی لەگەڵ حەوا كرد، لە ڕێگەی دەمی قۆچە بچووكەكەی، كە لە گەڵ دەقۆچەكانی تر لەسەری دڕوندەی چوارەم شین بوو بوو، چەند دەستەواژەیەكی كوفری بەدەمدا هات (سفر دانیال الفصل الثامن) ، ئەم شەیتانەش هەر قوستەنتینی گەورە بوو، كە بیروباوەڕی (المجمع المسكوني)ی لە نیقیە لە ساڵی ٣٢٥ز بە ڕەسمی و توند و تیژییەكی نرسناك ڕاگەیاند، بەڵام (محمد) هەتا هەتایە ئیبلیسی لە خاكی بەڵێندراو ورد و خاش كرد و، ئاینی خوای بەرپاكرد كە ئیسلامە.

**عبدالاحد داود**

---

[1] لە پەیمانی نوێ تاكە ئاماژەیێ بە سێلانە(تثلیث) هەیە لە نامەی یەكەمی (یوحنا) پەرەگرافی حەفت لە بەشی پێنجەم، ئەو پەرە گرافە لە چاپە دەست بژێر(منقح)ە متمانە پێكراوەكە نەماوە Revised Standard Version .

# ( بەشـــی یەكـــەم )

# محمد ( ﷺ )
# وەك لە پەیمانی كۆن دا هاتووە

## ( پاری یەكەم )[1]
## لە ئایندەدا ( احمد ) بۆ هەموو میللەتـان دێت ( سفر حجی ۲/۷ )

ولاٌتی ئیسرائیل كە پایتەختەكەی شكیم (نابلسی ئێستا) بوو لـە سـالٌی ۷۲۱ پ.ز بـــە دەســـتی ئاشـــوریەكان ڕووخـــا و، پاشمـــاوەی دە هـــۆزە ئیسرائیلیەكان بۆ ولاٌتی ئاشوریەكان دوور خرانـەوە، دوای ئـەوە كـەمتر لـە سەدە و نیوێ (٥٨٦ پ.ز) ولاٌتی یەهوداش، كە پایتەختەكـەی قـودس بـوو بەسەركردایەتیی (نبوخذ نصر) بە دەستی كلدانیـەكان ڕووخـا و پەرسـتگای (سلیمان) بە تەواوی ڕمێنرا و لە نەوەی هەردوو هـۆزی یـەهودا و بنیـامین، كە دەولٌەتی یەهودایان پێك دەهێنا كوشتارێكی زۆر كرا، جا ئەوەی ڕزگاری بوو بۆ ولاٌتی بابل دوور خرانەوە و لە وێ مانەوە، تا كۆرشی پاشـای فـارس لە سالٌی ٥٣٨ پ.ز دەستی بەسەر بابل داگرت و ڕێگـای جولەكـەكانی دا، كــە بگەڕێنــەوە فەلٌەســتین، هــەروەها ماوەیــان دانــێ، كــە دووبــارە ساختمان(بنایية)ی قودس و پەیكەرەكە نوێ بكەنەوە.

[1] پار: بەند، بەش، فصل.

هەر كە بناغەی پەرستگا نوێیەكە دانرا، جولەكەكان هاواری شادییان لێ هەڵسا، بەڵام پیرەكان ئەوانەی پێشتر پەرستگای (سلیمان)یان پێش تێك دانی بینیبوو دایانە پڕ مەی گریان . لەم بۆنەیەدا خوای مەزن بۆ سەرە خۆشی كردنیان (حجی) پێغەمبەری بۆ ناردن، تا ئەم پەیامەیان پێ ڕابگەیەنێ: (لەمەودوا هەموو میللەتان دەهەژێنم و (حمدە) بۆ هەموو میللەتان دێ و ئەم ماڵە پڕ شكۆ و سەروەریی دەكەم، خوای گشت بەم جۆرە فەرمووی، زێڕ و زیو هی منە، خوای گشت بەم جۆرە فەرمووی، شكۆ و سەروەریی ئەو ماڵەی دوایی لە سەروەری یەكەم گەورەتر دەبێ، خوای گشت بەم جۆرە فەرمووی ، لەم شوێنەدا (شالوم) دەبەخشم، خوای گشت بەم جۆرە فەرمووی) (سفر حجی ٩/٧_٩).

ئەم پەرەگرافەم لەم تاكە دانەیەی كتێبی پیرۆز وەرگێڕا، كە بە زمانی ناوچەیی بوو و، لە كچە ئامۆزایە ئاشووریەكەمم خواست ، لە بەراورد كردنی وەرگێڕانەكە بە دیار دەكەوێ، كە هەردوو وشەی عیبریی (حِمدە) و (شالوم)، بە (ئاوات) و (ئاشتی) هاتوون.

ڕاڤەكارە جولەكە و مەسیحیەكان زۆر گرنگی بەم بەڵێنە تێكەڵە دەدەن، كە لە پێشبینیەكەی پێشوو دا هاتووە و هەردوكیان لە وشەی (حمدە) هەست بە پێشبینیەكی مەسیحانی Messianicدەكەن، ئەگەر ئەو پێشبینیەی، كە لە وشەی (حمدە) و (شالوم) دا هەیە بە (ئاوات) و (ئاشتی) لێك بدرێتەوە، ئەوا پێشبینیەكە بێ نرخ و واتا دەردەچێت، بەڵام گەر بەم جۆرە لە وشەی (حمدە) گەیشتین، كە كەسێتیەكی ڕاستەقینەیە و لە وشەی (شالوم)، كە ئاینێكی ئاسمانیە و هێزێكی كاریگەرە ، ئەو كاتە پێشبینیەكە دەبێتە ڕاستی و لە كەسێتی (احمد) و ئاینی ئیسلام دێتە دی.

چونكە هەردوو وشەی (حمدە) و (شالوم) بە ووردی واتای (احمد) و

(ئیسلام) دەبەخشن.

واچاكە پێش سەلماندنی ئەم پێشبینیە لە (أحمد) و (ئیسلام) بنچینەی ئەم دوو وشەیە ڕوون بكەینەوە:

١- با وشەی (حِمْدَة) وەربگرین: دەقەكە بە زمانی عیبریی ڕەسەن بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە (ڤی یا فو حِمْدَة كول هاجو ییم) بە تەواوی واتا: (لەمەودوا _ حیمدە _ بۆ هەموو میللەتەكان دێت) ، وشەكە لەزمانی عیبری كۆن یا ئارامی وەرگیراوە، كە ڕەگەزەكەی (حِمْد) و بێ زەننە (سكون) گۆ دەكرێ، لە عیبریدا بە واتای (ئاواتی مەزن) یا (حەز و ئارەزوو) دێت، یا خود ئەوەی مرۆڤ حەزی لێدەكا. لە زمانی عەرەبی (حَمِدَ) لە ڕەگی وشەكە خۆی (ح م د) بە واتای سوپاس و ستایش دێت.

كێ لێرەدا زیاتر شایانی ستایشی هەیە و ئارەزووی پێگەیشتنیان پێی هەیە؟ هەرچەند واتا لە ڕەگی ئەو وشەیە وەربگیرێ، ئەوا ڕاستیەكی سەلمێنراو خۆی دەنوێنێ و دەمە تەقێی تێدا نیە، ئەویش وشەی (احمد) شێوازە دارێژراوە عەرەبیەكەیە لە وشەی (حِمْدە).

لە فەرموودەی خوای گەورە لە سوورەتی (الصف/٦) (وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَابَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ.... كە عیسای كوڕی مەریەمیش گوتی: ئەی بەرەی ئیسڕائیل! ئەمن پێغەمبەری خودام بۆلای ئێوە، ئەو تەوڕاتە دەسەلمێنم كە لە پێش مندا هاتوە، مژدەو لێ بێ پێغەمبەرێك لە پاش من دێت وە ناوی ئەحمدە وەختێ بەچەند نیشانەی دیاری دەرەوە هاتە لایان، گوتیان: ئەمە هەر بە ئاشكرا جادوە. ). لە ئینجیلی (یوحنا)، كە بە یۆنانی نوسراوە ناوی (پاراكلیتۆسParcletos) هاتووە، كە داڕشتنێكی نەزانراوە لە ئەدەبی

ئیغریقیدا، بەڵام وشەی (پێریكلیتۆسPeriqlytos) بە تەواوی لەگەڵ ناوی (احمد) دەگونجێت لە ڕووی چەمك و واتاوە، و هەر دەبێ ئەمە وەرگێڕانە یۆنانییە ڕەسەنەكەی وشەی (حِمدە)ی ئارامی بێت وەك چۆن (عیسی)ی مەسیح گۆی كردووە.

٢_ بەڵام بنچینەی وشەی (شالوم) و (شلاما)ی عیبری و (سلام) و (اسلام)ی عەرەبی ، نامەوێ خوێنەر بە درێژدارییە زمانیەكان وەڕس بكەم، چونكە هەر پسپۆڕێ لە زمانە سامیەكان دەزانێ، كە وشەی (شالوم) و (سلام) لەیەك بنچینەوە هاتوون و، هەردووكیان بە واتای ئاشتی و ملكەچی و خۆبەدەستەوە دان دێن.

ئێستاش نموونەی پێشبینیەكەی تری كتێبی (ملاخی) دێنین، كە دوا كتێبی پەیمانی پیرۆزە: (لەمەودوا پەیامبەری خۆم دەنێرم و ڕێگام بۆ خۆش دەكات، لە ناكاو ئەو بەرێزەی دەتانەوێ دێتە پەیكەرەكەی ، پەیامبەری پەیمان، كە دڵتان پێی شاد دەبێ، لەمەودوا دێ، بەم جۆرە خوای گشت فەرموویەتی) (سفر ملاخی٣/١).

با بەراوردێ بكەین لە نێوان ئەم سروش(وحی)یە لێڵە و لە نێوان فەرموودەی خوا لە یەكەم ئایەتی سوڕەتی ئیسرا: (سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِن الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّه هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ... پاكی و بێ عەیبی بۆ كەسێ لە شەوێكداشەوڕۆیی بە عەبدی خۆی كرد، لە "مسجدالحرام" ەوە تا " مسجدالأقصی" (مزگەوتەكەی ئەولاتر)، ئەو مزگەوتەی ئێمە پیت و پیرۆزیمان داوەبە دەوروبەرەكەی، بەو نیازەی، كە هێندێك بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی بیسەر و بینایە.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كە ئەو كەسەی لە ناكاو دێتە پەیكەرەكە بە پێی

كتێبی _ حجی و ملاخی _ (محمد)ە نەك مەسیح ، ئەمەش بەڵگەكانە:

١_ پەیوەندی و لێكچوون لە نێوان وشەی (حِمده) و (أحمد) و لە نێوان ڕەگی وشەكە (ح م د) كە هەردوو وشەكەی لێ وەرگیراوە هیچ گومانێ ناهێڵێتەوە، كە بكەری دەستەواژەی ( وسوف يأتي حمده لكل الأمم) ئەوا (احمد) یا (محمد)ە ، چونكە هیچ پەیوندییەك ڕەگەزی سامیی وشەی (حمد) و ناوەكانی (عیسی) و نازناوەكانی وەكو (عیسی و یسوع و المسیح و المخلّص) دا نییە و بە ڕادەیێ لە نێوان پیتێ لە پیتەكانیشدا نییە.

٢_ خۆ ئەگەر هەندێكیشیان بڵێن ڕەگی عیبری (ح م د ه ) بە (حِمده) دەخوێنرێتەوە ئەوە ناوێكی ئیعتبارییە و بە واتای : ئاوات، یا حەز یا ستایش دێت و پاڵپشتی گوتەكەمان دەكات، چونكە داڕشتنە عیبرییەكە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ داڕشتنە عەرەبیەكە یەكە و، هەر واتایێ بۆ وشەی (ح م د ه) هەڵدەبژێری، ئەوا بە تەواوی پەیوەندیی بە (احمد)ەوە هەیە و پەیوەندیی بە (عیسی)وە نییە.

ئەگەر قدیس (جیروم) و بەر لەئەو وەرگێڕانی دانەی (السبعینیه) پارێزگاریی داڕشتنە عیبرییەكەی وشەی (ح م د ه) یان بكردایە لە بریتیی بەكارهێنانی وشەی لاتینی Cupiditas، یا خود وشەی گریكیی (الأغریقیة) Euthymia لەوانە بوو وەرگێڕانی پاشا جێمسی یەكەم پارێزگارییان بكردایە، هەر كە وەرگێڕانە مۆڵەت دراوەكەیان (Authorised Version) بە ئەنجام گەیاند و هەروەها كۆمەڵەی ئینجیلیشی پارێزگارییان دەكرد لە كاتی وەرگێڕانەكانیان بۆ زمانە ئیسلامیەكان.

٣_ هیرۆدۆسی گەورە دووبارە پەرستگای (زوروبابل)ی نۆژەن كردەوە و، لە پەیكەری سلێمان بەسەروەری تر بوو، چونكە (ملاخی) پێشبینی كرد كە پێغەمبەری مەزن واتا: پێغەمبەری پەیمان واتا: گەورە (السید) واتا:

گەورەی پێغەمبەران لە ناكاو سەردانی دەكات، ئەو سەردانەش ڕوویدا هەر كە (محمد) لە گەشتە ئاسمانیەكەی، كە لە سوڕەتی (إسراء) باسكراوە سەردانی كرد.

هەروەها (عیسی) چەندەها جار سەردانی ئەو پەرستگایەی كردووە، بەڵام ئەو ئینجیلانەی كە سەردان و ئامۆژگاریەكانی مەسیحیان تۆمار كردووە لەو پەرستگایە باسی ئەوەیان نەكردووە، كە یەكێ لە گوێگرەكانی باوەڕیان پێی هێنابێ، بەڵكو هەموو جارێ سەردانەكەی بە گفتوگۆو دەمەتەقێیەكی تاڵ لەگەڵ كاهین و فەریسیەكان كۆتایی هاتووە.

ئەگەر پێشبینەكەی حەجی (وفي هذا المكان أعطي الشالوم) ئاماژە بە ئاشتی دەكا پێویستە باسی ئەوە بكەین كە (عیسی) ئاشتیی بۆ جیهان نەهێنا و خۆی بە ئاشكرا ئەمەی دەربڕیوە (انجیل متی ١٠/٣٤...) هەروەها پێشبینی كاولبوونی پەرستگاكەی كرد (متی٢٤/٢ و مرقس ١٣/٢ و لوقا ٢١/٦)، ئەم كاولبوونەش نزیكەی دوای چل ساڵ بە دەستی ڕۆمانیەكان ئەنجام درا، هەر كە بە تەواوی جولەكەكان دەربەدەركران.

٤_ (محمد) _ داڕشتنێكی تری ناوی (احمد)ە و لە هەمان چاوگ و ڕەگە _ كە لە مەككەوە بۆ (بیت المقدس) شەو ڕۆی پێكرا، سەردانی شوێنی مزگەوتە پیرۆزەكەی كرد هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ، لەوێ بە ئامادە بوونی هەموو پێغەمبەران نوێژی كرد و، خوا رەحمەتی خۆی بەسەر دەوروبەری مزگەوتەكەدا باراند و نیشانە و بەڵگەكانی خۆی بە دوا پێغەمبەری خۆی ڕاگەیاند، هەروەك لە سورەتی (ئیسرا) دا هاتووە.

ئەگەر (موسی والیاس) بۆیان لوا، كە بە لەشەوە لەسەر (جبل التجلی) دەركەون، ئەوا ئەوان و هەزارەها لە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێ بۆیان لوا كە لە دەوری پەیكەر لە قودس ئامادە بن لە (ئامادەبوونێكی لە

ناكاو)ی (محمد) بۆ مزگەوتەكەی (سفر ملاخی١/٣) هەر كە خوای مەزن بە سەروەری گەورەی كرد (سفر حجی٢/٧_٩).

ئامینەی كچی وەهەبی بێوەژنەكەی (عبداللە بن عبدالمطلب)، بۆ یەكەم جار ناوی (حمد) یا (احمد) ی بۆ كورە بێ باوكەكەی هەڵبژارد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و، بە بۆچوونی من گەورەترین پەرجوو (معجزە) یە بۆ بەرژەوەندی ئیسلام.

خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب) مزگەوتە گەورەكەی بنیات نایەوە و هێشتا لە قودس ماوە و، تا كۆتایی جیهان هەر دەمێنێت وەكو بەڵگەیەك لەسەر ڕاستیی ئەو پەیمانەی، كە خوای گەورە لەگەڵ (ابراهیم و اسماعیل)ی بەست. (سفر التكوین١٥/١٦_١٧).

## ( پاری دووەم )

## ( پەیمان و مافی نۆبەرایەتی

دووبەرەكیەكی ئاینیی زۆر كۆن لە نێوان نەوەی ئیسماعیل و نەوەی ئیسرائیل هەیە لە بارەی پەیمان و مافی كوڕی نۆبەرە لە گرتنەوەی شوێنی باوكی. ئەوانەی كتێبی پیرۆز و قورئانی پیرۆزیان خوێندۆتەوە بە چاكی ژیاننامەی پێغەمبەری مەزن ئیبراهیم و هەردوو كوڕەكەی ئیسماعیل و ئیسحاق و نەوەكەی، تا مردنی یوسفی نەوەی لە میسر دەزانن . (سفر التكوین الفصل ١١_٤٩).

بە پێی بۆچوونی كتێبی (تكوین)، ئیبراهیم بیستەمین بنەماڵەیە لە دوای ئادەم و لەگەڵ نەمرود كە بورجی بە ناوبانگی بابلی دروستكردووە،

هاوچەرخی بووە.

سەرەتای بوونی ئیبراهیم بە پێغەمبەر لە (أوركلدان) بوو، مێژوونووسی بە ناوبانگی جولەكە (یوسف فلافیوس) باسی ژیاننامەی كردووە لە كتێبی (العصور القدیمة Antiquities)، هەروەها چیرۆكەكەی لە قورئان هاتووە. ئازەری باوكی ئیبراهیم بتی دەپەرست، بەڵام ئیبراهیم خواپەرست بوو و چووە ناو پەرستگاكە و بتەكانی وردو خاش كرد، بەم جۆرە یەكەم نموونەی (محمد)ی نەوەكەیەتی ، نەمرود تۆڵەی لێ سەندەوە و خستیە ناو ئاگرەوە، بەڵام بە پەرجو(معجزة)ێكی خوایی لە ئاگرەكە ڕزگاری بوو.

دوای ئەوە نیشتمانەكەی بەجێهێشت و لەگەڵ باوكی و(لوط) ی برازای چووە (حران) ، كە تەمەنی گەیشتە (٧٥)، ساڵ باوكی لە (حران) مرد، دوای ئەمە ئیبراهیم گەشتێكی درێژی بۆ خاكی كەنعان و میسر و نیمچە دوورگەی عەرەبی دەست پێكرد بۆ وەڵامدانەوەی داوایەكی خوایی.

(سارە)ی خێزانی نەزۆك بوو بەڵام خوا موژدەی پێدا، كە لە داهاتوودا دەبێتە باوكی گەلێ نەتەوە و، نەوەكانی دەبنە میراتگری ئەو وڵاتانەی، كە پێیاندا ڕەت دەبێ و پیرۆزیش دەبێت (سفر التكوین١٢/٢_٣). شەوێك سەیری ئاسمانی دەكرد سرۆشی بۆ هات، كە نەوەكەی لە دوا ڕۆژدا وەكو ژمارەی ئەستێرە و دەنكە قومی كەنار دەریاكانی لێدێت، ئیبراهیم ئەم پەیمانە خواییە مەزنەی قەبوڵ كرد بە باوەڕێكی چەسپاوەوە، كە لە مێژووی ئاینەكاندا تاك بووە و لەگەڵ ئەمەش، تا ئەو كاتە نەوەی نەبووە.

(هاجر) كچێكی میسری و خزمەتكاری (سارە) بوو، (سارە) لە ئیبراهیمی مارە كرد، كە لەو كاتەدا ئیبراهیم تەمەنی (٨٦)ساڵ بوو بۆ ئەوەی نەوەیەكی لێ بكەوێتەوە، ئەوە بوو ئیسماعیلی لێ بوو، هەر كە ئیسماعیل تەمەنی گەیشتە (١٣) ساڵ، ئیبراهیم بەردەوام سروشی بۆ

دەهات و بەڵێنی ئەوە بەخشین دووبارە دەبوویەوە و بڕیاری نەریتی سوننەتكردن درا، ئیبراهیم لە تەمەنی (٩٩)ساڵیدا بوو، هەر كە ئیسماعیل و هەموو خزمەتچییە نێرینەكانیماڵی سوننەتكران. هەر وەك بڵێی ئەمە جۆرە پەیمانێك بوو لە نێوان خودا و ئیبراهیم ، ئیبراهیم بڕواداریكی لەخۆ بووردە بوو ، خوای گەورە بەڵێنی دایێ، كە ئیسماعیل و نەوەكەی بپارێزێ، كە لە مەودوا دەبێتە میراتگری خاكی بەڵێندراو (الأرض الموعودة) . هەر كە ئیبراهیم تەمەنی گەیشتە (١٠٠) ساڵ و (سارە)ی خێزانی بووە (٩٠) ساڵ كوڕێكیان بوو، ناویان نا (اسحاق) بۆ ئەوەی فەرمان و بەڵێنی خوا بێتە دی.

كتێبی (التكوین) _ كە بە زنجیرەی كاتی ڕووداوەكان پابەند نەبووە _ دەڵێت: ئیبراهیم بە ویستی (سارە) زۆر بە توند و تیژی ئیسماعیل و (هاجر)ی دەركرد[1] (التكوین٢١/١٠)، ئینجا ئیسماعیل و دایكی لەو بیابانە ونبوون و هێندەی نەمابوو لە تینویتیان بمرن، گەر ئەو كانیە نەتەقیباوە، كەیان لێی خواردەوە و ڕزگاریان بوون.دوای ئەمە كتێبی (التكوین) چیتر باسی ئیسماعیل ناكا، تەنیا دەڵێ: ژنێكی میسریی هێنا و لەگەڵ ئیسحاق ئامادەی مردن و ناشتنی باوكی بوو. ئینجا كتێبی (التكوین) باسی ژیانی ئیسحاق و یەعقوبی كوڕی و چوونی بۆ خاكی میسر دەكات و، بە مردنی یوسفی كوڕی یەعقوب كۆتایی پێ دێنێ.

ڕوداوێكی تری گرنگ لە ژیانی ئیبراهیم لە كتێبی (التكوین) دا

---

[1] لای موسڵمانەكان هاجەر و ئیسماعیل بە پێی ئەو سروشەی، كە بۆ ئیبراهیم هاتبوو بەرەو مەككە چوون و پەیوەندیی بە ویستی (سارە)وە نییە، چونكە پلانی خوایی وای خواست، كە پێغەمبەرایەتی بەرەو بنەماڵەی ئیسماعیل بگوازرێتەوە، دوای جولەكە دوا پێغەمبەریان رەد كردەوە، كە (عیسی) بوو سەلامی خوای لێ بێ (محمد فاروق الزین).

(بەندی٢٢) هاتووە و بریتیە لە تاقیكردنەوەی ئیبراهیم بە قوربانی دانی تاكە كوڕەكەی (اسماعیل) و، چۆن خودا بە بەرانێكی گەورە سەری ئیسماعیلی كڕیوەتەوە و هەر ئەم ڕوداوەشە، كە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (الصافات) لە ئایەتەكانی (١٠٢_١٠٧) باسكراوە (فلمّا بلغ معه السعىَ قال يبُنىَّ إنّى أرى في المنام أنّى أذبَحُكَ فانظر ماذا ترى قال يأبَتِ افعل ما تؤْمرُ ستجدني إن شاءالله مِنَ الصّبرينَ(١٠٢) فلمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ(١٠٣)وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَاإِبْرَاهِيمُ(١٠٤) قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ(١٠٥)إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلاَءُ الْمُبِينُ(١٠٦)وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ... كاتێك گەیشتە تەمەنێك كە وێڕای ئەو خەبات بكا، گوتی: ئەی كوڕێژگەی خۆم! من لە خەونمدا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم، خۆت چۆنی لێك دەدەیتەوە؟ گوتی: بابۆ! هەر شتێ پێت سپێراوە بەجێی بێنە، خوا حەز بكا، بەم زوانە تێدەگەی كە منیش لە خۆڕاگرانم. وەختێ هەردو بڕیاری خوایان سەلماندو لەسەر ئەرزا درێژی كرد، بانگمان لێكرد: ئەی ئبیراهیم! ئەوە خەونەكەت وەدی هات ئێمە ئاوا پاداشتی كارچاكان دەدەین. دیارە ئەمە تاقی كردنەوەیەكی ئاشكرا بوو ئێمە ئەومان بە قوربانیەكی هەرە گەورە كڕیەوە) ئیبراهیم بەمە سەلماندی، كە خۆشەویستیەكەی بۆ خوا بەسەر هەموو سۆزێكی مرۆڤایەتیدا زاڵە.

ئەمە كورتەیەكی ژیانی ئیبراهیم بوو، وەكو پێشەكیەك بۆ لێكۆڵینەوە لەوەی، كە كوڕی نۆبەرە زیاتر مافی میراتگریی پەیمانی باوكی هەیە، لێرەدا تێبینی سێ ڕاستی(حقیقة) دەكەین، كە دەبێ هەموو بڕواداڕێ وەریان بگرێ:

یەكەم: ئیسماعیل كوڕە گەورەكەی شەرعیی ئیبراهیمە، بۆیە مافی نۆبەرایەتیی شەرعی دادپەروەرانەیە.

دووەم: پەیمان لە نێوان خوا و لە نێوان ئیبراهیم و ئیسماعیل بوو پێش لە دایك بوونی ئیسحاق ، ئەمەش بە چەند شێوەیەك دووبارە بۆتەوە:

(من خلال ذريتك سوف تتبارك كل الامم على وجه الأرض) واتا: لە لایەن نەوەی تۆوە هەموو میللەتانی سەر زەوی دەكەونە خێر و بەرەكەتەوە.

(ذلك الذي سوف يخرج من أحشائك سوف يرثك) (سفر التكوين ٤/١٥) واتا: ئەوەی لەمەودوا لە تۆ دەبێ دەبێتە میراتگرت.

ئەم بەڵێنەش بە لە دایكبوونی ئیسماعیل جێ بە جێ بوو. (سفر التكوين١٦) هەروەها وەكو دڵدانەوەیەكیش بوو بۆ ئیبراهیم، چونكە (اليعازر)ی گەورەی خزمەتكارەكانی میراتگری نەبوو، گەر ئەمە نەبوایە پەیمان و دەستووری سوننەتكردن بێ نرخ و واتا دەبوون. بۆیە دەبێ دان بەوە دابنێین، كە ئیسماعیل میراتگری ڕاستەقینە و شەرعیی باوكی بوو لە بەر پلە و پایە ڕۆحیەكەی باوكی، ئەم میراتەی كە بۆ ئیسماعیل و نەوەكەی بە جێما لەبەر ئەوە بوو، كە نۆبەرەی باوكی بوو، میراتەكە ڕەشماڵ ومەڕ و ماڵاتی باوكی نەبوو، بەڵكو ژێردەست كردنی هەموو ئەو خاكەیە، كە لە (نیل)ەوە درێژ دەبێتەوە، تا فورات بە دانیشتوانیەوە بۆ هەتاییی(سفر التكوين ١٥/١٨، ١٧/٢٠) لە ڕاستیدا ئەو ولاتە هەرگیز نەكەوتە ژێر دەسەلاتی نەوەی ئیسحاق، بەڵكو كەوتە ژێر دەسەڵاتی نەوەی ئیسماعیل، ئەمەش بە هاتنە دیی یەكێ لە خاڵەكانی پەیمان حسێب دەكرێ.

سێیەم: ئیسحاقیش بە پەرجوو (معجزه) لە دایك بووە، لە لایەن خواوە پیرۆز بووە و خاكی كەنعان بەڵێن پێدراو بووە بۆ پەیرەوانی، بەسەركردایەتیی (يوشع) ئەو خاكەیان گرتووە. موسڵمانەكانیش باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیی ئیسحاق و یەعقوب هەبووە، هەروەك باوەڕیان بە

پێغەمبەرایەتی ئیسماعیل و هەموو پێغەمبەرانی تر هەبووە، كە لە قورئاندا ناویان هاتووە.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی، پێویست ناكات ناكۆكیەكی گەوهەری هەبێ لە نێوان نەوەی ئیسماعیل (موسڵمانەكان) و نەوەی ئیسحاق و یەعقوب (جولەكە) ، ئەگەر مافی نۆبەرایەتی و نەوەی ئیسحاق و یەعقوب (جولەكە)، ئەگەر (مافی نۆبەرایەتی) و (پیرۆز باییكردنی خوا) تەنیا پەیوەست بن بە میراتی دەسەڵات و زەوی و زار، ئەوا دەتوانرێ ئەو ناكۆكیە چارەسەر بكرێ، لە ڕاستیشدا بە شمشێر چارەسەر كراوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە نیشتەجێبوونی موسڵمانەكانە لەسەر هەموو خاكی بەڵێن پێدراو، بەڵام خاڵێكی ناكۆكی لە نێوان جولەكە و نەوەی ئیسماعیل هەیە كە پەیوەندیی بە بیروباوەڕەوە هەیە و نزیكەی چوار هەزار ساڵە بەردەوامە، ئەویش مەسەلەی (مسیح) و (محمد)ە، جوولەكە باوەڕیان بە پێشبینیە مەسیحانیەكان نییە لە بارەی هاتنی رزگار كەر، تەنیا باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیی (عیسی و محمد)یش نیە، جولەكە بەردەوام غیرەیان لە ئیسماعیل هەبووە، چونكە چاك دەزانن كە ئەو (پەیمان) بەرجەستە دەكا و بە سوننەت كردنی، پەیمانی مۆر كرد (تەواوكرد) و بە پاڵنەری غیرە و رق و قین، نووسەر و زاناكانیان گەلێ دەقی كتێبە پیرۆزەكانیان هەڵگێڕایەوە و دەسكاریان كرد و ناوی ئیسماعیل لە پەرەگرافی: دووەم و شەشەم و حەفتەمی پار(فصل) ی بیست و دوو لە كتێبی (تكوین) قرتاند و ناوی ئیسماعیلیان (تاكە كوڕ) هێشتەوە، كە ئەمە رەتكردنەوەی بوونی ئیسماعیل دەگەیەنێ و شكاندنی ئەو پەیمانەیە، كە خوا بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیلی بڕیبوویەوە، كە ئەمە دەقەكەیەتیك (لەبەر ئەوەی تۆ قەبوڵت كرد، كە تاكە كوڕەكەت لە پێناو من بكەیتە قوربانی ، بۆیە نەوەی تۆ

لەمــەودوا زۆر دەکــەم، تــا ژمارەیــان بگاتــە ژمــارەی ئەســتێرە و دەنکــە قومەکانی کەنار دەریا) هەروەها ووشەی (زیاد دەکەم) لە گفتوگۆی فریشتە لەگەڵ (هاجر) هاتووە کە لە چۆڵگە بــووە و بــەم شــێوەیە بــووە: (خــوا لــە مەودوا نەوەت زیاد دەکا، کە لە ژمارە نەیەن و ئیسماعیل نەوەیــەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە) (سفر التکوین١٢/١٦) دوای ئەمە دیانەکان وشەی عیبریی (خصیب الذریة) یان وەرگێڕا، کە لە کار(فعل) ی (برا)یــە و بەرامبەرەکــەی لە عەرەبی وشەی (وفــرة)ە یە بۆ (کەری کێوی)، توخــوا کــارێکی کرێــت[1] و بەد نیە، کە ئیــسماعیل بــە کــەری کێــوی وەســف بکرێــت، لــە حاڵێکــدا ئیسماعیل خوا ڕێزی لێناوە موژدەی بە دایك و باوکی داوە، کە نــەوەی زۆر دەبێت؟

زۆر گرنگە تێبینی ئەوە بکرێ کە (عیسی)ی مەسیح خۆی گــەفی[2] لــەو جولەکانە کردووە، کە گوتویانە ئەو پێغەمبەرە گــەورەی، کــە پێــی دەڵــێن (ڕزگار کەر) لە بنەماڵەی شا داود دەبێــت (انجیــل برنابــا)، هــەروەها بــۆی روونکردنەوە، کە نابێ (ڕزگار کەر) کوڕی داود بێ، چونکە داود خــۆی ئــەم پێغەمبەرە بە گەورەی خۆی دادەنێ (مــتی/٢٢/٤٤) و (مــرقس١٢/٣٦) و (لوقا٢٠/٤٤)، هەروەها روونیکردۆتەوە بۆیان، کە چــۆن بــاب و باپیرانیــان کتێبە پیرۆزەکانیان گۆڕیوە و پەیمان لەگەڵ ئیسحاق نەبەستراوە، هــەروەك وا گومان دەبەن، بەڵکو لەگەڵ کوڕە گەورەکەی ئیسماعیل بەستراوە، کە باوکی بۆ خوا کردیە قوربانی و دەربڕینی تاکە کوڕەکەت (ولدك الوحیــد)، کــە لــە پەیمانی کۆندا هاتووە مەبەست لێی ئیسماعیلە نەك ئیسحاق.

بەڵام قدیس بــۆلس کــە لای وایــە یەکێکــە لــە حەواریــەکانی (عیــسی)

---

[1] کرێت: کاری پیس و خراپ، بێ بەش لەجوانی.

[2] گەف: هەڕەشە.

سەلامی خـوای لێ بـێ، کۆمـەڵێ وشـەی ناهـەمواری بەرامبـەر (هـاجر و اسماعیل) بەکارهێناوە و (سفر غلاطیـة٦/٢١_٣١) بـە ئاشکراپێـچەوانەی گەورەی خۆی (مەسیح) بـووە و، هـەوڵێکی یـەکجار زۆری داوە بـۆ گـومڕا کردنی دیانەکان دوای ئەوەی پێش بـوونی بـە مەسـیحی دەیـچەوساندنەوە، ئەمەش لە نووسینەکانیدا ڕوون و ئاشکرایە، کە پڕن لە کۆمەڵێ بیروباوەڕی دژ بە کتێبی پیرۆز و ڕێنماییەکانی عیـسای مەسـیح ، بـۆلس ئاوقـاتێکی[1] جولەکەی تانە لێدەری فەریسی بوو، وا پێدەچێ دوای بوونی بـە گـاور تانـە لێدانەکەی زیاتر بووبێ و، بە هۆی قینی لە _ اسماعیل _ (چـونکە پـەیمان، زیاتر مـافی ئـەو بـوو) هێنـانی راسـپاردەکانی موسـا کـە تایبـەتبوون بـە حەرامبوونی

مارەکردنی خوشك لە ژێر باری زەبر و زەنگدا لە بیر کرد، یـا چـاوی لێیـان پۆشی ، ئەگەر بۆلس وەك خۆی دەڵێـت سروشـی لـە خـواوە بـۆ دێ، ئـەوا کتێبی (سفر التكوین) ی بە راست نەدەزانێ، چونکە پڕی زانیاریی پوچـەڵە، یەکێ لەوانە: گوایە ئیبراهیم مێردی خوشکی بووە (٢٠/١٢)، بۆلس گـوێی نەداوەتـە ئـەوەی، کـە (هـاجر)ی بـە چـیای سینای رەق و تـەق (نـەزۆك) چواندووە و لە بارەی (سارە) وە دەڵێت : ئۆرشەلیمی مەزنە کـە ئازادەکـانی دەبێت (سفر غلاطیة٤/٢٥_٢٦)، ئایا قدیس بۆلس لە ژیانیـدا سـزای ئـەم نەفرەت لێکراوانەی خوێندۆتەوە: (نەفرەت لێکراوە ئەو کەسەی، کە لە گـەڵ خوشکی _ کچی باوکی یا کچی دایکـی سـەرجێ بکـات، خـەڵك هـەموو دەڵێن ئامین) (سفر تثنیة الاشتراع٢٧/٢٢).

ئایا یاسایەکی مرۆڤی یا ئاسمانی هەیە، کە یەکێ باوکی خاڵی بێ و دایکـی

[1] ئاوقات: پارێزەر، محامی

میمكی[1] بێ، لە هەمان كاتدا بە شەرعیتری دابنێ لە لەدایكبوونی یەكێك، كە باوكی كلدانی بێ و دایكی میسری بێ ؟؟

ئایا هیچ بڕواداری دەتوانێ تانە لە پاكی و لە خواترسانی هاجەر بدات، كە خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەر و دایكی ئیسماعیل پێغەمبەرە؟؟

ئەو خوایەی كە پەیمانی دایە (اسماعیل)، ئەم یاسای میراتەی خوارەوەی دابەزاندووە: (ئەگەر پیاوێ دوو ژنی هەبوو، یەكێكیان لەویتر خۆشەویستتر بوو، هەریەكەیان كوڕێكی هەبوو و، كوڕی ژنە ناخۆشەویستەكە نۆبەرە بوو (كوڕی گەورە بوو) ، ئەوا كوڕە گەورەكە مافی نۆبەرایەتیی هەیە، نەك كوڕی ژنە خۆشەویستەكە، بەم جۆرە كوڕە نۆبەرەكە دوو هەندی برایەكەی میرات وەردەگرێ) (سفر تثنية الاشتراع٢١/١٥_١٧) ئایا ئەم یاسایە لە ڕونیدا بەس نییە بۆ دەم كوت كردنی ئەوانەی، كە دەمە تەقێ دەكەن لەسەر مافی نۆبەرایەتی ئیسماعیل؟

ئێستا بە كورتی باسی كێشەی ماف داریی ئیسماعیل دەكەین لە پەیمانەكە، پێغەمبەری خوا ئیبراهیم گەورەی خێڵێكی كۆچەر بوو و، لە شوێنێ بۆ شوێنێ دەڕۆیشت و لە خێمەیێ دەژیا و چەند مێگەلێ مەڕ و ماڵاتی هەبوو، ئەوەی زانراوە لە كۆچەران كە میراتگریی خاك و پاوان ناكەن، بەڵام میر(أمیر)ەكەیان بۆ هەر كوڕێكی تیرەیەكی دەست نیشان دەكرد، كە گوێڕایەڵیی بكەن. بە پێی دەستووری پەیڕەو كراو خێمەی باوك دەبێتە میراتی كوڕی بچوك و، كوڕی گەورە لە دوای باوكی فەرمانڕەوایی دەكا، تەنیا ئەگەر شایانی ئەوەی نەبێ.

ئەم باروزروفە لەسەر هەردوو كوڕەكەی ئیبراهیم جێبەجێ كرا، ئیسحاق كە

[1] میمك: پور ـ خوشكی دایك، خوشكی باوك ـ پلك.

بچووكەكەیان بوو خێمەی باوكی بۆ مایەوە، كە وەكو باوكی كۆچەر بوو و لە شوێنێ دەچووە شوێنێكی تر، بەڵام ئیسماعیل نێردرایە حیجاز بۆ ئەوەی پاسەوانیی ماڵی خوا بكا، كە لە لەگەڵ باوكی بنیاتی نابوو، هەروەك لە قورئاندا دەفەرموێ: (وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِن الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ... لەو دەمەشدا كە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەی ماڵەكەی خوایان بڵند كرد) البقرة١٢٧ ئیسماعیل لەوێ نیشتەجێ بوو بووە پێغەمبەر و ئەو هۆزە عەرەبیانەی باوەڕیان پێی هێنا شوێنی كەوتن، لە مەككە یا خود (بكە) كەعبە بووە ڕوگەی حاجیەكان و ئیسماعیل ئاینی خوای بڵاوكردەوە و، سوننەتكردنی كردە شتێكی ڕەوا و نەوەكەی بە قەد ئەستێرەكانی ئاسمان بوون، لە دوای ئەو عەرەب لە دوورگەی عەربی بوونە گەورەی وڵاتی خۆیان و هەردوو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و فارس نەیان توانی ژێر دەستەیان بكەن، هەرچەندە لە دواییدا بت پەرستی لە نێوانیان بڵاو بوویەوە، بەڵام هەر یادی ناوی خوا و ئیبراهیم و ئیسماعیل و ناوی پێغەمبەرانی تریان دەكردەوە.

هەروەها وەكو كوڕەكانی ئیبراهیم (عیص)ی كوڕە گەورەی ئیسحاق، ماڵی باوكی بۆ برا بچوكەكەی (یعقوب) بەجێهێشت و لە ئیدوم (خواروی دەریای مردوو لە فەڵەستین) نیشتەجێبوو و، بووە سەرۆكی گەلەكەی و لەگەڵ هۆزە عەرەبیەكانی ئیسماعیل تێكەڵ بوو، بەڵام كە دەڵێن (عیص) مافی نۆبەرایەتیەكەی خۆی فرۆشتۆتە یەعقوب بە قاپە شۆربایێ، ئەمە لە هەوڵدانێكی پیس و فێڵاوی زێتر نیە بۆ پاسا و دانەوەی دزینی مافی نۆبەرایەتی لە ئیسماعیل.

ئەوان وایان گومان دەبرد، كە (خوا ڕقی لە _ عیص _ بۆتەوە و _ یعقوب _ ی خۆشویستووە، كە هێشتا هەردوكیان جمك بوون و لە زگی دایكیان بوون، پێویستە كوڕی گەورە خزمەتی برا بچوكەكەی بكات (سفر

التكوین٢٥،سفر رومیە١٢/٩_١٣)، سەیر ئەوەیە چیرۆكێكی تر لـە (سـفر التكوین)دا هاتووە، كە (یعقوب) خزمەتی (عیص)ی دەكرد و حەفت جـاران لە بەرامبەری دەچەمایەوە و دەیگوت (گەورەم)، یا خود (بەندەتم گەورەم).

هەروەها باسی ئەوە كراوە، كـە ئیـبراهیم گـەلێ كـوڕی لـە (قیتـورا) و كەنیزەكانی هەبووە و دیاریی پیێـداون و بـەرەو ڕۆژهـەڵات نـاردونی و، لـە نەوەی ئەوانە كۆمەڵێ هۆزی گـەورە و بـەهێزی عـەرەبی پێكهـات و نـاوی دوازدە كوڕی ئیسماعیل باسـكراوە، كـە هـەموویان بونەتـە مـیری شـار و سەربازگەكانی (سفر التكوین/٢٥)، هەروەها ناوی كوڕەكـانی ئیـبراهیم لـە (قیتورا) و كەنیزەكانی هاتووە.

ئێمەكاتێ سەرنجی خانەوادەی (یعقوب) دەدەین، هەر كـە چـوونە میـسر بۆ بینینی كوڕەكەی (یوسف) ژمارەیان لە حەفتا كەس ڕەت نـەدەبوو، هـەر كە (عیص) چاوی بە (یوسف) كەوت تەنیا (٤٠٠) سواری لەگەڵ بوو، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەو هەموو هۆزە عەرەبیە زۆرانە سـتریان بـۆ دوازدە مـیری نەوەی ئیسماعیل دانەواند، ئینجـا كـە (محمـد_ﷺ) دوای ئـەوەی هـۆزە عەرەبیەكانی لە ژێر پەرچەمی ئیسلام یەكخست، بەرەو وڵاتە بەڵێن دراوەكە (اللاد الموعودة) هات و فەتحی كرد، كە بـیر لەمـە دەكەینـەوە، راسـتیەكی رۆشنمان بۆ دەردەكەوێ و ناتوانین چـاوی لێ بپۆشـین ئـەویش ئەوەیـە، كـە پەیمان درایە ئیسماعیل و بە تەواوی لەسەر دەستی نەوەكـەی (محمـد) هاتـە دی.

لە كۆتاییدا سەرنجی لێكۆڵەر و پـسپۆرەكانی خوێنـدنی بـاڵا لـە رەخنـە لێگـرتنی كتـێبی پـیرۆز بـۆ ڕاسـتییەكی گـرنگ رادەكێـشم، كـە ئـەو پێـشبینیانەی لـە بـارەی هـاتنی مەسـیحی (رزگاركـەر)چـاوەروانكراو لـە بنەماڵـەی داود، بەشـێك بـوو لـە بانگەشـەیەكی تـازە بـۆ بەرژەوەنـدیی

خانەوادەی داود، دوای دابەشبوونی وڵاتـی (سـلیمان) بـۆ دووبـەش، بـەڵام هەردوو پێغەمبەر (الیاس) و (الیسع)، كـە لـە سـەردەمی وڵاتـی سـامیرە (اسرائیل) ناوبانگیان دەركرد بـوو، باسـی داود یـان سـلێمانیان نـەكردبوو، هەروەها دوای دابەشبوونی وڵاتی سلێمان، قودس وەك سـەنتەرێكی ئـایینی دوازدە هۆزەكانی نەمایەوە، بەڵكو تەنیا بۆ هەردوو هۆزی یەهوزا و بنیامین مایەوە، بۆیە داواكاریەكانی بنەماڵەی داود ئەرزشـێكی نـەما، كـە بـریتی بوون لە فەرمانڕەواییكردنی هەمیشەیی شاری قودس.

بەڵام پێغەمبەرانی وەكو (اشعیا) و ئەوانیتر، كـە پەیوەسـتدار بـوون بـە پەرستگای قودس و ماڵی داود، كە پێشبینی هاتنی پێغەمبەرێكی مـەزنی خاوەن دەسـەڵاتێكی گـەورەی دوا پێغەمبـەریان كردبـوو، كـە لـە مـەودوا نیشانەكانی بەدەر دەكەوێ و لە پار(فصل) ەكانی داهاتوودا دەیانخوێنین.

## ( پاری سێیەم )

## " نهێنی بەردی (المصفا)* "

دەمەوێ لەم پار(فصل)ەدا پیرۆزیی بـەرد لای عیبرییـە دێرینـەكان لێـك بدەمەوە، ئەمەش كارێكە ئیبراهیم و ئیسماعیل لە مەككە بنچینەیان دانا، هەروەها لە خاكی كـەنعان ئیـسحاق و یـەعقوب دایـان نـا، لـە(مـؤاب) و شوێنەكانی تریش هەندێكی تر لە بنەماڵەی ئیبراهیم بنچینەیان دانا.

ئەوەی ڕوونە بە پیرۆز گرتنی بەرد پەرستنی نییە، چونكە پەرسـتنی بـت

* لەناوچەی دەشتی هەولێر پێ ی دەڵێن بەردی غەر، كە دیوارێكە بە بەرد كرابێ لە دەوری گۆڕستان بە تایبەتیش سەید و شێخەكان. هەروەها (غەڕە، غەڕ، غەڵ)ی پێ دەگوترێ (وەرگێڕی كوردی).

پەرستیە، بەڵكو مەبەست لێی پەرستنی خوایە لای بەردێكی دیاریكراو، كە تایبەتكراوە بەم مەبەستە، لە ژیانی كۆچەریدا هۆز، یا خێزان شوێنێكی تایبەتیی نەبووە بۆ پەرستنی خوا، بۆیە بەردێكی تایبەتییان دا دەنا و سەردانیان دەركرد و، حەفت جار بە دەوریدا دەسووڕانەوە لە هەر شوێنێك بیان خستبایە، وشەی (حج) لە بنچینە و واتادا لە زمانە سامیەكاندا تەواو وەكو یەكە، وشەی (حجاج)ی عیبری Hagag، هەمان وشەی (حجاج)ی عەرەبیە Hajaj، تاكە جیاوازی لە نێوانیان گۆكردنی، دەنگی سێیەمە لە ئەبجەدیی سامی، كە جیمە و عەرەب هەموو گۆی دەكەن. شەریعەتی (موسی) هەمان وشە بەكاردێنێ، كە Hagag یان (حغاغ)ە[1]، كە بە واتای گورگە لۆقە(هرولة) دێ لە دەورێ پەیكەرێ، یا بەردێ بە شێوەیەكی رێك و پێك لە ئاهەنگ گێڕانی جەژنێكی ئاینیدا. هێشتا لای مەسیحیەكانی رۆژهەلات لە كاتی جەژن و بووك گواستنەوەیان Higag ئەنجام دەدەن. بەم پێیە ووشەی (حجە) بە واتای حەج پەیوەندیی بە وشەی (Pelerinage یا خود Pilgrimage)ەوە نییە كە لە وشەی ئیتاڵیی (Pellegrino) وەرگیراوە و ئەمیش لە وشەی لاتینی(Peregrinus) ەوە كە بە واتای بێگانە دێت.

ئیبراهیم لە كاتی كۆچكردنی و نیشتەجێ بوونی كاتیی لە شوێنێك دا جێگایەكی بۆ قوربانیكردن تەرخان دەكرد لە هەندێ بوونەی دیاریكراودا.

هەروەها گوتراوە، كە (یعقوب) لە رێگایدا بۆ (چاران) هەر، كە خەونی ئاشتیی سەیری بینی، بەردێكی لەوێ چەقاند و زەیتی پێدا كرد و ناوی لێنا، (Bethel) واتا: ماڵی خوا. دوای بیست ساڵ سەری لەوبەردە داوەتەوە

[1] لە عیبری و ئارامی (ج) وەكو عەرەبی گوناكرێ، بەڵكو وەكو (g)ی لاتینی گۆدەكرێ، یا لە هەندێ كات بە (غ) گۆدەكرێت

و زەیت و مەیی بەسەردا كردووە هەروەك لە (سفر التكوین٢٨/١٠_٢٢) (٣٥) دا هاتووە. هەروەها (یعقوب) لەگەڵ خەزوورەكەی بەردێكیان لەسەر كۆمەڵە بەردێ چەقاندووە و ناویان لێناوە (مصفا) (سفر التكوین٣١/٤٥_٥٥).

ئەم بەردی(مصفا) یە لە دواییدا بووە شوێنی خواپەرستی و سەنتەری كۆڕە نەتەوەییەكان لە مێژووی گەلی ئیسرائیلدا، لای ئەو (مصفا) یە (نفتاح)ی پاڵەوانی جولەكە نەزرێكی كرد بەرامبەر خوا، دەگێڕنەوە هەر كە عەمونیەكان ژێر كەوتوون، تاكە كچەكەی پێشكەش كردووە، كە وەكو قوربانی بسووتێنرێ (سفر القضاة١١). لای ئەو(مصفا) یە چوارسەد هەزار جەنگاوەری یازدە هۆزەكەی ئیسرائیل كۆبوونەوە و سوێندیان خوارد كە هۆزی بنیامینی دوازدەمین لە ناو ببەن، بە هۆی ئەو تاوانە گەورەیەی، كە لە (جبعه) كردی (سفر القضاة٢٠_٢١)، لای ئەو(مصفا) یە (صەمۆئیلی) پێغەمبەر داوای لە خەڵكی كرد، كە لەبەر دەم خوا سوێند بخۆن، كە هەموو بتەكانیان ورد و خاش بكەن، دوای ئەمە لە دەست فەلەستینیەكان ڕزگاریان بوو (سفر صموئیل الاول٧).

لای ئەو(مصفا) یە میللەت كۆبوونەوە و طالوت (شاؤول)یان كردە پاشای عیبرانیەكان (سفر صموئیل الاول١٠)، بە كورتی هەموو كێشە و كارێكی گرنگ لای ئەو (مصفا) یە (ماڵی خوا) ئەنجام دەدران.

وا پێدەچێ ئەوانە ئەم (مصفا) یانەیان لە شوێنە بەرزەكان بنیات دەنا و، بە شوێنە بەرزەكانیان دەگوت (راموث) واتا: شوێنی بەرز، دوایی بتەكانیشیان خستە سەر، هەروەك لە مەككەی پیرۆزدا هەبووە و، تا دوای بنیاتنانی پەرستگای سلێمان لە قودس ڕێزیان دەگرت، دوای روخاندنی قودس و پەرستگایەكە بە دەستی كلدانیەكان ئەو (مصفا) یانە پیرۆزیی

خۆیان هەر پاراستبوو، تا سەردەمی (مەكابیەكان) لە كاتی فەرمانڕەوایی شا (انطویوخوس) دا.

واتای وشەی (مصفا) كە بە گشتی بە (بورجی چاودێری) وەردەگێڕدرێ، هەروەها ئەم وشەیە بریتیە لەو ساختمانە[1] بەردینیەی، كە ناوەكەی لە (صفاة)ەوە وەرگیراوە، كە وشەیەكی دێرینە و بە واتای بەرد دێ ، هەرچەندە ئەو ووشە عیبرییە ئاساییەی، كە بە واتای بەرد دێ لە عیبری (ایبنْ) و لە عەرەبی (حجر)ە و لە سریانی (كیپا)یە، بەڵام وشەی (صفاة) لە نێوان زمانە سامیەكاندا هاوبەشە، بەم جۆرە واتای ڕاستەقینەی (مصفا) ئەو شوێنەیە، كە بەردی لێ دەچەقێنرێ، هەرچەندە سەرەتا كە ناوی (مصفا) لەو بەردە نرا، كە لەسەر كۆمەڵە بەردێكە، بەردەكەش بە تەنیا بوو و هیچ كۆشكی بەرزی لێ نەبوو.

بۆ لێكۆڵینەوە لە چەمكی (الصفاة) پێویستە متمانە بكرێتە سەر ئارامی ئەو خوێنەرانەی، كە عیبری نازانن ، زمانە سامیەكان بە عەرەبی و عیبریەوە دەنگی (P) لە ئەلف بێیەكەیاندا نییە.

بەڵام لە زمانی ئینگلیزی، هەموو دەنگێكی (F) لە وشەی سامی، یا یۆنانیەكان بە شێوەی (PH) لە جیا (F) دەنووسرێ، وەكو وشەی (Philosophy_ Mustapha) .

هەر كە مەسیح نازناوی یەكەم قوتابیی سەمعان (شمعون Simon) كردە (صخر) یا (Petros) واتا: (بطرس) هەر دەبێ بیری لە ووشەی كۆنی (صفا) كردبێتەوە. بە داخەوە ئێمە ناتوانین بە تەواوی دەست نیشانی ئەو وشەیە بكەین، كە بە زمانی خۆی بەكاری هێناوە، چونكە وشەی (بطرس) یا

(١) ساختمان: بناية

(Peteos) بە شێوەی نێر، یا خـود Petra بـە شـێوەی مـێ ئاسـایی نـین و یۆنانی نین بە شێوەیەكی وا، كە مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنـێ كـە لـە لایـەن كەنیسەكانەوە بكار دێن، بەڵام وەرگێڕانی كتێبی پیرۆز كە (Peshitta)ی پێ دەگوترێ وشەی (كیفاKepha) یا خـود (كیپـا Kepa) ی بـەكارهێناوە بـۆ ئەوەی واتای مەبەسـتدار بگەیـەنێ، دەقـە یۆنانیەكـەش نـاوە ئەسـڵیەكەی (كیفاس Kephas) پاراستووە (كە لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەكاندا بە شـێوەی Cephas نووسراوە)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، كە مەسیح بە زمانی ئارامی قسەی كردووە و نازناوی (كیفا Kepha )ی داوەتە یەكەم لە قوتابی خۆی.

لە وەرگێڕانە عەرەبیە كۆنەكانی پەیمانی نوێ نـاوی قـدیس (بطـرس) بـە شێوەی (سمعان _ شمعون _ الصفاة) هـاتووە ، واتـا: سـەمعانی تـاوێر[1] یـا بەرد، وشەكانی مەسیح (أنت بطرس) لە وەرگێڕانە عەرەبیەكە كراوەتە (أنت الصفاة) (انجیل متي ١٨/١٦ و انجیل یوحنا ٤٢/١.. هتد).

لە مانەی پێشوو ئەوە بە دیار دەكەوێ، كـە ئەگـەر سـەمعان (شمعـون) بەرد بێ، ئەو كەنیسەیەی كە لەسەر بـەرد بنیـات بنـرێ (مـصفا)، لەبـەر ئەوەی مەسیح سەمعانی بە بەرد چواندوە و، كەنیسەش دەبێتـە (مـصفا) ، ئەمە كارێكی ڕوون و سەرنج ڕاكێشەرە، هـەر كـە هـەوڵی كردنـەوەی ئـەو مەتەڵە دەدەم و لە لێكچوواندن و حیكمەتەكەی ناواخنی ورد دەبمـەوە، ئـەم راستییە مەزنە خۆی دەسەپێنێ، كە (محمد) پڕ بە پێـستی شـایانی نازنـاوی (مصطفی)یە، كە بۆیان هەڵبژاردووە.

بـۆ رونكردنـەوەی ئەمـەی سـەرەوە، لەوانەیـە هەنـدێ ئـەم پرسـیارانە بوروژێنن:

---

[1] تاوێر: گاشە بەرد، تاش، بەردی گەورە و ڕەق، گاشە، گابەرد، صخرة.

أ_ بۆچی موسڵمانان و یەكتاپەرستەكانی بنەماڵەی ئیبراهیم بەردیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمە ئاینیەكانیانی لەسەر جێ بەجێ بكەن؟

ب_ بۆچی ئەم بەردە ناوی لێنراوە (صفاة)؟

ج_ مەبەستی نووسەر لەم هەموو شتە چیە؟

بەرد شیاوترینی مادەیە، كە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی گەشتیار ڕێوڕەسمە ئاینیەكانی لای جێبەجێ بكا و پێویستە بۆ ئەوەی نەزرەكانی بە نەمری بمێننەوە، لەبەر ئەم مەبەستە هیچ مادەیێ وەكو بەرد پتەوو بەردەوام و سادە و كەم نرخ نیە، چونكە گەر لە زێڕ و زیوو كانزا بوایە دەدزرا، شەریعەتی (موسی) قەدەغەی كردبوو، كە بەردی قوربانی، تاشین و نەخشی لەسەر بكرێ، نەخۆ نەزانەكان بیپەرستن، هەر تەنیا (صفا) لای ئەو خەڵكە پیرۆز نەبوو، بەڵكو دەوروبەرەكەشی هەر پیرۆز بوو، هەر لەبەر ئەمە (قرامطة)كان هەر، كە بەردی ڕەشیان لە كەعبە برد و بیست ساڵ لای خۆیان هێشتیانەوە، بە ناچاری گەڕاندیانەوە، چونكە نەیانتوانی حاجیەكان قەدەغە بكەن لەوەی، كە نەچنە كەعبە بۆ حەج، خۆ ئەگەر بەردە ڕەشەكە لە زێڕ، یان لە هەر كانزایەكی گران بەها بوایە، ئەوا پێنج هەزار ساڵ نەدەمایەوە، هەروەها ئەگەر وێنە و نەخشی لەسەر بوایە ئەوا (محمد _ ﷺ) خۆی لای دەبرد.

دەگەڕێینەوە سەر بیرۆكەی بورجی چاودێری (المصفا) ئەو كەسەی لە بورجەكەوە چاودێریی دەكرد پێی دەگوترا (صوفی Sophi)، لە بنچینەدا (مصفا) تەنیا زیارەتگایێ بوو لە شوێنێكی تەریك(منغزل) و بەرز لەو شوێنەی، كە چاودێرە صۆفیەكە لەگەڵ خانەوادەكەی تێیدا دەژیا (سفر الملوك الثاني١٧/٩ هیتر). ئەوەش پیاوی ئاینە و پێی دەگوترێ (روی Roi یا خود جوزی Hozi) بە واتا: ناو لەپ خوێنەوە یا چاودێریكەر (سفر

صموئیل الاول٩/٩)، ئەوەی ڕاستی بێ زاناكانی زمانی عیبری زۆر چاك وشەی (مصفی) دەزانن، كە بەرامبەر (المصفيِّ) یە لە زمانی عەرەبیدا، كە بریتیە لەو كەسەی چاك و خراپ (لە ڕو قەلەو) لە یەكتری جودا دەكاتەوە، پێشتر كاری چاودێر (الصوفی) لە بورجی چاودێریەوە (المصفا) چاودێریی حاجیەكانی دەكرد بۆ ئەوەی لە بیابان جیایان بكاتەوە، یا بۆ ئەوەی لە مەترسی بپارێزرێن، یا خود بۆ
دەست نیشانكردنی كەسێتیەكی تایبەتی لەو حاجیانەی كە دێن، لە دوای دامەزراندنی ئیسرائیل لە خاكی كەنعان، ژمارەی بورجە چاودێریەكان زۆرتر بوو، هێندەی پێ نەچوو بوونە چەند سەنتەر(مركز)ێكی گرنگی ئاینی و، دوایی پەرەیان سەندو بوونە چەند سەنتەرێكی گرنگی ئاینی و، پەیمانگای فێركردن و كۆمەڵەی ئاینی ، تا وای لێهات لە هەندێ ڕووەوە بە گروپە سۆفی(صوفی) یە ئیسلامیەكان دەچوون وەكو : ڕێبازی مەولەوی و بەكداشی و نەقشبەندی و... هیدی، هەریەكێ لەوانە شێخ و ڕابەری خۆی هەیە، هەروەها هەندێ قوتابخانەش بەوانەوە لكاون (مصفا)و شەریعەت و ئاین و ئەدەبی عیبری و كۆمەڵێ زانستی تری تێدا دەخوێندرێ.

بەڵام سەرەرای ئەم پرۆسەی فێركردنە (صوفی)ی سەرۆكی (المصفا)، ڕێنماییە تایبەتیەكانی ئاینی فێری قوتابیەكانی دەكرد، كە ئێستا ئەوانە بە سۆفی ناسراون، ئەوانەی كە ئێستا ئێمە بە سۆفی دەیان ناسین پێشتر لای ئەوان پێیان دەگوترا (نبییم) بە شێوەی خوازە(مجاز) واتا: پێغەمبەران، بە بەڵگەی ئەوەی هەر كە طالوت (شاؤول) بە زەیت چەور كرا و، تاجی پاشایەتیی لەسەر نرا چووە ڕیزی سۆفیەكانەوە و لە هەموو شوێنێ ڕاگەیانرا (سەیری شائوول بكەن لە نێوان پێغەمبەراندا) (سفر صموئیل الاول١٠/٩_١٣).

سۆفیەتی(الصوفیة) لە ناو عیبرانیەكان وەكو چەند كۆمەڵەیەكی ئاینی تایبەت لە ژێر سەر پەرشتیكردنی پێغەمبەرە ناوبراوەكان بەردەوام بوو، تا مردنی پاشا سلێمان و دابەشبوونی وڵاتەكەی بۆ دوو بەش (وڵاتی ئیسرائیل و وڵاتی یەهوزا) ئەمەش بووە هۆی دوو بەرەكیەكی مەزن لە نێوان سۆفیەكاندا.

باروزروفی سۆفیە عیبرانیەكان دوای ئەو تێكچوون و دووبەرەكیە ئاینی و نەتەوەییە گەورەیە هەر چۆنی بووبێ، بێگومان زانستی و ناسینی راستەقینەیی بەخوا و زانستە ئاینیە تایبەتیەكان، هەر تایبەت بوو بەوان و لایان پارێزراو بوو، تا (عیسی) سەلامی خوای لێ بێ دەركەوت و ئەو زانستانەی بۆ چەند قوتابیەكی خۆی گواستەوە، بە تایبەتی (سمعان الصفا)، ئینجا سۆفی و چاودێرەكان بەردەوامییان بەم زانینە دا لە بورجی چاودێریی مەسیحی و، بەرە لە دوای بەرە بۆ قوتابیەكانیان گواستەوە، تا پێغەمبەری هەڵبژێردراو (محمد المصطفی) _ (مصطفي بەزمانی عەرەبی) پەیدا بوو.

پەیمانی كۆن(العهد القدیم) چەند پێغەمبەرێكی یەك لە دوای یەكی بە (المصفاة) ناوبردووە و، بە زۆری كتێبە عیبرییەكان وشەی (أنبیاء)یان بە شێوەیەكی نادیار و، یان خوازە بەكار هێناوە، بۆیە دەبێ بە ڕوونی ئەم ڕاگەیاندنەی قورئان تێ بگەین: (الله أعلم حیث یجعل رسالته... خودا خۆی باشتر دەزانێ چكەسێ بۆ پێغەمبەری هەڵبژێرێ) الانعام/١٢٤، خوای گەورە پێغەمبەرایەتی ناداتە كەسێ بە هۆی پلە و پایەی كۆمەڵایەتیی، یا سامان زۆریی یا تا ڕادەی لە خوا ترسانیش، بەڵكو بە پێی ویستی خۆی دەیبەخشێ، چونكە ئیمان و لە خوا ترسان و وورد بوونەوەی ڕۆحی و نوێژ و ڕۆژوو و زانیاریی ئاینی، پلەی مرۆڤی چاك بەرز دەكەنەوە و دەبێتە رابەرێكی گیانی، یا دەگاتە پلە و پایەی (دۆستی خوا)، بەڵام نەك

پێغەمبەرایەتی، چونكە پێغەمبەرایەتی بە هەوڵ و كۆششی مرۆڤ وەدەست نایێت، بەڵكو دیارییەكە لە خواوە. هەتا پێغەمبەرانیش كەمیان نێردراوو خاوەن كتێب بوون، كە تایبەت بەوان بێ، ئەوەی شایانی باسە زۆربەی كتێبە پیرۆزەكانی جولەكەكان لەبەر هەمی سۆفیە چاودێرەكان (المصفایات) بوونە، پێش بە دیل گرتنی بابلی دوایی بە چەند دەستێكی نەزانرا و هەموار(تعدیل) كران و شێوەی ئێستایان وەرگرت.

بە سوود بەخشی دەزانین، ئەگەر ئێستا بە كورتی بەراوردی سۆفیزمی ئیسلامی لەگەڵ وشەی یۆنانی Sophia بە واتای: دانایی(الحكمة) بكەین، فەلسەفە بە واتا فراوانەكەی گرنگی بە لێكۆڵینەوەی بنەما سەرەتاییەكانی بوون دەدا و، لە یاساكانی فیزیا و سروشت ڕەت دەبێ و، هەوڵێكی زۆردەدا بۆ گەیشتنە ڕاستیی بنچینەیی، بەڵام سۆفیزم(تصوف)ی ئیسلامی بریتیە لە رامان و ووردبوونەوە لە خوا و نەفس و، وەرزشی گیانی دەكاتە هۆكارێ بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ خوا، بە ئاشكرا باڵا دەستیی سۆفیزمی ئیسلامی بەسەر فەلسەفەی یۆنانی لەو بابەتەی، كە كاری بۆ دەكات ڕوونە و لە ڕووی لێبووردەییی لە بیرو باوەڕەكانی تر لە رەبەنایەتیی دیانەكان باڵاترە، سۆفیی موسڵمان زۆر ڕێزی ئاینەكانی تر دەگرێ و گاڵتە بە هزری (هرطقة) دەكا و قینی لە چەوسانەوە و رق لێبوونەوەیە ، لەو كاتەی كە زۆربەی قدیسە گاورەكان چەوسێنەری (هرقطة) كان بوونە یا خود لە لایەن (هرقطة)كانەوە چەوسێنراوەن، لە هەموو بارێك بە هۆی دەمار گیریی زۆریان و نەبوونی لێبووردەییان ناوبانگیان دەركردبوو.سۆفیزم یا (حكمة) كە بە واتای ناسینی راستەقینەی خوا و زانستی راست دێت لە بارەی ئاین و ئاكارەوە، هەر وەها بە واتای هەڵبژاردنی دوا پەیامبەران دێ لە نێوان هەموو پێغەمبەرانی خوا لە لایەن خواوە، هەموو ئەمانە لە دامەزراوی (المصفا)ی جولەكە

هەڵقولاون، تا بە (مصفا)ی گاور گۆڕا، لە ڕاستیدا جێی سەرسوڕمانە كە ڕاستیی ئەم لێكچوونە دەبینین و چۆن تەگبیری خواییی كاروباری خەڵك بەم ڕێك و پێكی و وردە كارییەوە ئەنجام دەدات. لە ڕێگەی (المصفا)وە خەڵكی پاك دەكرانەوە و لە بێژەنگ دەدران لە لایەن پاك كەرەوەوە، هەروەك بڵێی بە هۆی پاڵاوتەی خواردنەوە كارەكە دەكرا، (چونكە ئەمە واتای وشەكەیە) ، بەم ڕێگەیەوە ڕاست و چەوت و قەڵەوو لاواز لە یەكتری جودا دەكرێنەوە، سەدەكان یەك لە دوای یەك دێن و ژمارەیەكی زۆر لە پێغەمبەران دێن، بەڵام هێشتا (مصطفی) دەرناكەوێ ، ئینجا (عیسی مسیح) سەلامی خوای لێ بێ دێت و لە لایەن جولەكەكانەوە ڕەفز دەكرێتەوە و دەچەوسێنرێتەوە، چونكە هەر لە زووەوە ئەو پاڵاوتە رەسمیە (المصفاة) لە ناو جولەكەكان لە ناو برا، كە دەیتوانی ئەو(المصفاة) ە وەكو پێغەمبەرێكی ڕاستەقینە دان بە (عیسی)دا بنێ و ئەویش گەواهیی بۆ (مصطفی) دەدا، كە دوا پێغەمبەرە و لە دوای ئەوەوە دێت.

كۆمەڵە گەورەكەی كەنیسەكە كە، (عزیر و نحمیا) دایان مەزراند و دوا ئەندامی (سمعان العادل) بوو (لە ٣١٠ پ ز مرد) ئەو كۆمەڵەیە لەناوچوو و دادگای بەرزی قودسی هاتە جێگای، كە پێی دەگوترا (ساهدرین) و (عیسی)ی دادگایی كرد و فەرمانی مردنی بەسەر دادا، چونكە كۆمەڵە كەسێتیی (عیسی)یان نەدەناسی و لە سروشتی پەیامە ئاسمانیەكەی نەگەیشتبوون، بەڵام هەندێ لە سۆفی و داناكانی (عیسی) یان ناسیبوو و باوەڕیان بە پەیامەكەی هێنا بوو، هەرچەندە جەماوەر لە سەردەمێكدا وایان گومان برد كە عیسا (مصطفی)یە و بە فریشتە بانگیان دەكرد، بەڵام (عیسی) لەبەر چاوان بزر بوو، چونكە (مصطفی)نەبوو، ئەگەر ئەو (مصطفی) بوایە نەدەبوایە (عیسی) سەمعان بكاتە (الصفا) و كەنیسەكەی

بكاتە (المصفا) ، چونكە ئـەركی (الـصفا) چـاودێریكردن و گـەڕان بـوو بـە شـوێن دوا پێغەمبـەردا، هـەر كـە پەیـدا بـوو ئـەوا جـاڕ بـدرێ كـە ئـەو (مصطفی)یە ئەگەر (عیسی) خۆی (مصطفی) بوایە، ئەوا هەر لە سـەرەتای هاتنیەوە پێویستی بە (المصفا)نەدەما، ئەم بابەتە زۆر قوولّ و دلّخۆش كـەر و پێویستی بە لێكۆلّینەوەیە، چونكە **محەممەدی** هەلّبژێردراو (**محمد** المـصطفی) مەتەلّی (المصفا)یە و گەنجینەی دانایی سۆفیزمە.

## (پاری چوارەم)

## ( محمد ﷺ ) خۆی ( شایلوه )ە

هەر كە یەعقوبی كوڕی ئیسحاقی كوڕی ئیبراهیم _ سەلامی خوایان لێ بێ _ تەمەنی گەیشتە ١٤٧ سالّ و لەسەر جێی مـردن بـوو بـانگی دوازدە كوڕەكەی و خێزانەكانیانی كرد و پیرۆز بابیی لێكردن و پێـشبینی دوا رۆژی هۆزی هەریەكەیانی كرد و چەند شتێكی پـێ ڕاسـپاردن، ئـا ئەمـەش پێـی دەگوترێ (پەیمانی یەعقوب)[١]. ئەم پەیمانە بە شێوازێكی ڕەوان و شیعری بـە زمانی عیبری نووسراوەتەوە، كە بریتیە لە قۆناغـەكانی ژیـانی یـەعقوب ، یەكێ لە بۆچوونەكانی (سفر التكوين) ئەوەیـە : گوایـا (یعقـوب) برسـێتی (عیص)ی برای بە هەل زانیوە و، بە كاسەیێ شـۆربا مـافی نۆبەرایـەتیی لێ كڕیوە، ئینجا باوكە پیرە نابینایەكەی هـەلّ خەلّەتانـدووە و ڕەزامەنـدیی لێ

[١] خوای گەورە دەفەرموێ: (أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ إِلَهًا وَاحِدًا وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ) (البقرة:١٣٣).

وەرگرتووە، چونكە (عیص) خۆی كوڕی گـەورە بـووە و مـافی نۆبەرایـەتیی هەبووە.

ئینجا حەفت ساڵ خزمەتی باوكی (راحیل)ی كردووە، تـا (راحیـل)ی لیٚ مارە بكات، بەڵام بـاوكی (راحیـل)هـەڵی خەڵەتانـدووە و لـە بـریتی ئـەو (لیئە)ی خوشكی گەورەی لیٚ مارە كردووە، بۆیە ناچار بووە حەفت ساڵی تر خزمەتی بكا، تا كچی دووەم بهێنێت! هـەروەها (یعقـوب) زۆر خـەمی بـۆ مردنی ژنە خۆشەویستەكەی (راحیل) خواردووە، هەروەها خەمیشی بۆ بـزر بوونی كوڕە هەرە خۆشەویستەكەی (یوسف) خواردووە و چاوی لە كیس داوە جا هەركە هەواڵی دۆزینەوەی زانیوە لە خۆشییان بینایی بۆ گەڕاوەتـەوە لـە میسر چاوی پێی كەوتووە و بۆی بووەتە كانگای بەختیاری مەزن. (یعقوب) پێغەمبەر بووە و خوانازناوی (ئیسرائیل)ی پێداوە و هـەر دوازدە هوزەكـە و نەوەكانیان ئەم ناوەیان هەڵگرتووە.

چیرۆكی زەوت كردنی مافی كوڕی نۆبەرە لە كتێبی (تكـوین) دا دووبـارە دەبێتەوە و (یعقوب) وا نیشان دەدا كە، نموونەی دەست درێژ كردنە لە سـەر مافی خەڵكانی تر و گوتراوە، كە (یعقـوب) مـافی نۆبەرایـەتیی (منـشی)ی نەوەی داوەتە (افرایم)ی برا بـچووكەكەی، سـەرەڕای نـارەزاییی (یوسـف)ی باوكیان.

(سفر التكوین الفـصل :٤٨) ، هـەروەها (راوبـین) ی كـوڕی لـە مـافی نۆبەرایەتی بیٚ بەش كردووە و و ئەو مافەی داوەتە (یهـوذا)ی چوارەم كوڕی، چونكە (راوبین) لەگەڵ (بلهـە)ی دەزگیرانـی (محظیـة) یعقـوب، كـە دایكـی هـەردوو كـوڕی (دان) و (نفتـالی) بـووە خـەوتووە (كۆبووەتـەوە) ، ئینجـا (یهـوذا) ش بیٚ بەش دەكا، چونكە لە برایەكەی باشتر نەبووە و زینای لەگەڵ (تامار)ی براژنی كردووە و كوڕێكی لیٚ بووە، كە لە دواییدا بووەتە بـاپیرەی

(داود) و (عیسى المسیح) بە پێی بۆچوونی ئەوان (سفر التكوین الفصول ٢٥_٣٨).زۆر سەیرە چۆن جولەكە و مەسیحیەكان باوەڕ دەكەن كە دانەری كتێبی (تكوین) (یا نووسەری كتێبەكە، یا ئەوەی ئامادەی كردووە) لە لایەن گیانی پیرۆز(روح القدس) ەوە ئیلهامی بۆ هاتووە، لەم كتێبەدا گەورەترین تاوان و داوێن پیسی دەدرێتە پاڵ پێغەمبەران و خانەوادەی پێغەمبەران، هەروەها دەگوترێ (یعقوب) لە یەك كاتدا مێردی دوو خوشكان بووە لەگەڵ ئەمەش، كە ئەمە بە شێوەیەكی توند پێچەوانەی شەریعەتە (سفر اللاويين ١٨/١٨)، جگە لە (یوسف) و (بنیامین) كتێبی (تكوین) كوڕەكانی تری (یعقوب) بە شوانی شەڕانی و درۆزن و بكوژ و داوێن پیسی وەسف دەكا، كە ئەم سیفەتانە شایەنی خانەوادەی پێغەمبەر نین، بێگومان موسڵمانەكان بەم جۆرە گوتانە ڕازی نین، كە دەربارەی هەر پێغەمبەرێ كرا بێ و بەو تاوانەش باوەڕ ناكەن، كە دراوەتە پاڵ یەهوزا، چونكە ئەگەر وابێ ئەو پیرۆزیەی، كە (یعقوب) پیرۆزی لە (یهوذا)ی كوڕی بكات، كە بە قسەی ئەوان باوكی (بیرز)ی كوڕی براژنەكەیەتی، چونكە حوكمی زینا كەر لە سێدارە دانە (سفر اللاويين٢٠/١٢)، ئەم هەموو حەكایەتە سەیر و سەمەرانە لە (سفر التكوین بەشی ٢٥_٥٠)دا هاتووە.

بەڵام ئەم پێشبینیە بەناوبانگەی، كە بە كاكڵەی پەیمانی یەعقوب دادەنرێ لە (سفر التكوين٤٩/١٠) بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە: (دارگۆپاڵی پاشایەتی و یاسا دانان لە نێوان پێیەكانی یەهوزا دەرناچێ تا _ شایلۆه _ دێ و میللەتان سەری بۆ دادەنوێنن)، ئەمە وەرگێڕانی دەقا و دەقی دەقە عیبرییەكەیە، بە پێی تێگەیشتنی خۆم، وشەی (شایلوە) لە دەقەكەدا تەنیایە، لە هیچ شوێنێكی تری پەیمانی كۆن(العهد القدیم) دووبارە نابێتەوە. بە پێی زانینی من هەموو وەرگێڕانەكانی پەیمانی كۆن

پارێزگاری وشەی (شایلوە) یان كردووە و وەریان نەگێڕاوە، یـان ڕاڤـەیان بـۆ نەنووسینەوە، جگە لە وەرگێڕانە سریانیەكەی بە ناوی (الپشیتا Peshitta)، كە وشەكە وەرگێڕدراوە بۆ (ئەو كەسەی كە تایبەتیتی) واتـا: ئـەو كەسـەی داری پاشایەتی و یاسا دانان تایبەتە پێی، بە گوێرەی ئەم وەرگێڕانە گرنگـە واتـای پێغەمبەرایـەتی روون و ئاشـكرا دەبـێ وەك لـە مـەودوا دێـت: (سیفەتەكانی دەسەڵات و پێغەمبەرایەتی لە یەهوزا و بنەماڵەكەی دانابڕێ، تا ئەو كەسە دێت كە ئەم سـیفەتانە تایبـەتن بـەو و میللـەتان سـەری بـۆ دادەنوێنن).

لە گینە* وشەی (شایلوە) لە كار(فعـل) ی (شـلەShalah) داڕێـژرابێ و لەم بارەدا بە واتـای : ئاشـتیخواز و هـێمن و بـەقا پێكـراو(موثـوق) دێ ، هەروەها ئەم كارە بە واتـای :هـەناردەی و رای سـپارد دێـت كـە لـە نـاوی چاوگی (شلوەShahah) واتا: نێردراو یان پەیامبەر وەرگێراوە، ئینجا وشەكە واتای (شـیلواحShiluah) وەردەگـرێ و تـەواو دەبێتـە هـاو واتـای (رسـول یـاەApostle Of Fgahg) ئەمـەش هـەمان نازنـاوە، كـە دراوەتـە محەمـەد (پێغەمبـەری خـودا) ، هـەروەها ئـەوەی زانـراوە كـە ووشـەی (شـیلواح) دەربڕینێكـی هونـەریی ووشـەی (الطـلاق)ە، چـونكە ژنـی تەڵاقـدراو دوور دەخرێتەوە، لەم سێ واتایە زیاتر ناتوانم لێكدانەوەیەكی تر بـۆ ئـەم نازنـاوە گرنگە ببینمەوە.

ئەوەی زانراوە لای جولەكە و مەسیحیەكان، كە سەردەمی (یعقوب) دیار ترین پێشبینی مەسیحیەكانیی تێدا ڕوویداوە لە بارەی هاتنی رزگـار كـەری چاوەروانكراو، بێگومـان موسـڵمانەكان باوەڕیـان بەوەیـە، كـە (عیـسی)ی

---

* لەگینە: ڕەنگە، لەوانەیە.

پێغەمبەری دیانەكان، مەسیح خۆیەتی، چونكە قورئان ئەمەی سەلماندووە، هەروەها ئەوەی لە كتێبە پیرۆزەكانی جوولەكە روونە كە نازناوی (مسیح) لە پاشاكانی ئیسرائیل و قەشە گەورەكان دەنرا. ئەوانەی كە بەزەیتی پیرۆزی زەیتوون و بۆنی هەمە جۆر چەور دەكران، هەتا قۆرشی زەرداشییی[1] پاشای فارس بە (مسیح الله) ناودەبرا هەروەك لە كتێبی ئەشعیا دا هاتووە (هكذا قال الله لمسیحه قورش) (اشعیا ٤٥/١_٧)!!

بەڵام سەبارەت عیساوە، هەتا ئەگەر جوولەكە بڕوا بە پێغەمبەرایەتیی بێنن، ئەمەش كە شتێكە و ڕوونادا، ئەوا لایەنە مەسیحانیەكەی وەكو رزگار كەرێكی چاوەڕوانكراو لایان قەبوڵ ناكرێ، چونكە هیچ سیفەتێكی مەسیحی لێ نەهاتۆتە دی كە ئەوان دەیانەوێ، جوولەكە چاوەڕوانی مەسیحێكی جەنگاوەر دەكا، كە دەسەڵاتێكی جیهانیی هەبێ، چاوەڕوانی فەتح كەرێ دەكا، و وڵاتی داود بگێڕێتەوە، مەسیحێ، ئیسرائیلیەكان لە خاكی كەنعان كۆ بكاتەوە و میللەتان بكەونە ژێر دەسەڵاتی.

كەچی بە پێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە دەتوانرێ جەخت لەسەر پێشبینیەكەی (یعقوب) لە (محمد) بكرێت:

١- بە گشتی رای لێكۆڵەران لەسەر ئەوەیە، كە ئەم دوو دەربرینە خوازە(مجاز)ییە دارگۆپاڵ و یاسادانان (صولجان و تشریع) بە واتای : دەسەڵاتی جیهانی و پێغەمبەرایەتی دێن.

٢- وەرگێڕانە سریانیەكەی كتێبی پیرۆز (الپشیتا Peshitta) وشەی

---

[1] مەبەستی لە كۆرشی هەخامە نشییە، كە بەرزترین پاشا و بلیمەتی سەردەمی خۆیبووە و ماد و بابلی گرتووە و هەندێ بە نێردراوی خوای دەزانن و لە ٥٢٨ پێش عیسا لە ئاسیای ناوەڕاست كوژراوە. (وەرگێر) (وەرگێڕی كوردی).

(١) ئەزبەر كردن: لەبەر كردن، حفظ كردن

(شایلوه) ی وەرگێڕاوە بۆ (ئەو كەسەی كە داری پاشایەتی و یاسا دانان تایبەتە پێی) ، هەر ئەو دەسەڵاتە و مافی یاسا دانانی هەیە و، میللەتان سەری بۆ دادەنوێنن.

ئایا ئەم دەسەڵاتدار(سلطان) و یاسا دانەرە مەزنە كێیە؟

هەرگیز ئەمە (موسى) نییە، چونكە (موسى) یەكەم رێكخەری هەر دوازدە هۆزەكەی ئیسرائیلیەكان بووە و، لە پێش ئەویش، هیچ پاشا و پێغەمبەرێ لە نەوەی (یهوذا) نەهاتووە، حەتمەن داودیش نیە، چونكە داود یەكەم پاشا و پێغەمبەر بوو لە نەوەی یەهوزا خۆی، هەروەها (عیسى المسیح)یش نەبوو، چونكە عیسا خۆی رایگەیاند، كە ئەو مەسیحەی ئیسرائیل چاوەڕوانی دەكا لە نەوەی داود نابێت(متى٢٢/٤٤_٤٥،مرقص ١٢/٣٥_٣٧،لوقا٢٠/٤١_٤٤)، سەرەرای ئەمەش (عیسى) شەریعەتێكی نووسراوی بەجێ نەهێشت و بیری لە دەسەڵاتی جیهانی نەكردەوە، بە پێچەوانەی ئەمە ئامۆژگاریی جولەكەكانی كرد، كە بۆ (قیصر) دڵسۆز بن و باجی بدەنێ، لەیەكێ لە بۆنە(مناسبة)كان جەماوەر ویستیان (عیسى) بكەنە پاشای خۆیان، بەڵام ئەو قایل نەبووە و خۆی لەبەر چاو ون كرد، (عیسى) ئینجیلەكەی ئەزبەر[1] بوو و بە زمان مـوژدە خۆشەكەی ئینجیلی ڕاگەیاند نەك بە نووسین ، هیچ شتێ لە پێشبینیەكانی لە بارەی تاوانی ئەسڵی نەهاتووە، كە گوایە بەهۆی كەسێكی لە خاچ دراو، یا فەرمانڕەوایی مرۆڤی خوا (الرجل الاله) لەسەر دڵی مرۆڤەكان لەو تاوانە رزگاریان دەبێ، هەروەها شەریعەتی (موسى)ی پوچەڵ و ڕەد نەكردەوە، بەڵكو بە ئاشكرا رایگەیاند، كە بۆ جێبەجێ كردنی هاتووە، هەروەها دوا پێغەمبەریش نەبووە، چونكە قدیس (بولص) باسی گەلێ لە پێغەمبەرەكانی كەنیسەی كردووە.

بەڵام (**محمد** ﷺ) دەسەڵاتی جیهانی و قورئانی هێنا بۆ ئەوەی شوێنی داری پاشایەتیی جوولەكە و شەریعەتە كۆنە ناكردە و قەشایەتیی گەندەڵ بگرێتەوە، (**محمد**) (صلی الله علیە وسلم) پاكترین ئاین و یەكخوا پەرستیی ڕاگەیاند و چاكترین ڕێسای كردەوەییی بۆ ئاكار و هەڵسوكەوتی مرۆڤ دانا و، بە ئیسلام چەندەها میللەتی كردە یەك، كە هاوبەش بۆ خوا پەیدا ناكەن و گوێڕایەڵیی پێغەمبەر بكەن و خۆشیان بوێ و ڕێزی لێ بگرن، بەڵام نەیپەرستن و زۆر پیرۆزی رانەگرن و نەیكەنە خوا، هەروەها (**محمد** _ صلی الله علیە وسلم) دوا بنكەی جوولەكەی لە (قریظة و خیبر) لەناو برد و كۆتاییی بە دەسەڵاتیان هێنا.

**٣**_ هەروەها واتای دووەمی وشەی (شایلوە) بۆ بەرژەوەندیی (**محمد**) دەگەرێتەوە، كە بە واتای ئارام و ئاشتیخواز و دەست پاك و راسپاردە پارێز دێت، لێرەدا دارشتنێكی ئارامی بۆ ئەم واتایە هەیە، كە (شیلیا)یە لە رەگی (شلا) دا، كە لە زمانی عەرەبیدا نیە، ئەوەی بە چاكی زانراوە لە مێژووی پێغەمبەری وڵاتی عەرەب، كە لە پێش بوونی پێغەمبەر زۆر بە ئارام و ئاشتی خواز و شوێنی متمانەی خەڵكی مەككە بوو، كە پێیان دەگوت (**محمد الأمين**) ، جا هەر كە خەڵكی مەككە ئەم نازناوەیان پێ ڕەوا بینی، هیچ بیرۆكەیەكیان لە بارەی وشەی (شایلوە) نەبووە بەم واتایە، یەكێ لە پەڕجووەكان (اعجاز)ە، كە پەیامی خوایی دابەزێتە سەر عەرەبی بت پەرستی، بێ ئەوەی ڕوو بە ڕووی جولەكە خێرخوازەكان بنەوە، كە گەلێ نووسراوی پیرۆزیان هەیە و بە تەواوی ناوەڕۆكەكەی دەزانن.

٤_ بەڵام واتای سێیەمی ناوی (شایلوە _ Shiloh) سەرنجم داوە لەوانەیە بریتی بێ لە هەڵگێڕاوەی (شلواح Shaluah) و لەو كاتەدا لەگەڵ نازناوی پێغەمبەری عەرەبی، كە لە قورئان زۆر دووبارە دەبێتەوە، كە

(الرسـول)ەیـەك دەگرێتـەوە، وشـەی (شـلواح) بـە واتـای (رسـول) دێ و دەستەواژەی (شلواح الوهیم) بە عیبری بە واتای (رسول الله) دێت، كە ڕۆژێ پێنج جاران لـە هـەموو جیهـان لـە بـانگی نوێـژی مزگەفتـەكان دووبـارە دەبێتەوە، وشەی نێردراو (رسول لە قورئاندا) زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە پەیمانی كۆندا تەنیا جارێ بە دارِشتنی (شایلوە یا شلواح) هاتووە لـە كـاتی باس كردنی سەردەمی (یعقوب) دا.

جا هەرواتایەك بـۆ لێكدانـەوەی پێـشبینیەكەی (یعقـوب) هەڵبـژێرین، لەبەر ئەوەی هەمووی لـە (محمـد) هاتۆتـەدی، ناچـارمان دەكـات، كـە دان بەوەدا بنێین جوولەكە لە بێهوودەییەوە چاوەڕوانی (شایلوە)ێكی تـر دەكـەن جگە لە (محمد) ﷺ، دیانەكانیش سوورن لەسەر هەڵەكەیان، كـە باوەڕیـان وایە مەبەست لە (شایلوە) عیسایە.

لێرەدا چەند خاڵێ لە پێغەمبەرایەتی شایانی بیرلێكردنەوەن:

یەكەم: ئەوەی ڕوونە كە دەسەلات و یاسا دانان دەبێ لـە هـۆزی یـەهوزا بمێنێتەوە، تا (شایلوە) دەردەكەوێ ، جوولەكەش لەو باوەڕەن، كە (شـایلوە) هێشتا دەرنەكەوتووە و دەبوایە دەسـەڵاتی جیهـانی و پێغەمبەرایـەتی لای هۆزی یەهوزا بمابایەوە، بەڵام لە سەدەی حەفتەمی زایینـی(عیـسایی) ەوە، كـە ئیـسلام سـەری هەڵـدا، ئـەم دوو دەسـەڵاتە لای جوولەكـە نـەما و، پێغەمبەرایەتی لە نەوەی ئیسرائیلەوە گوازرایەوە بۆ نەوەی ئیسماعیل.

دووەم: ئەوەی جێی سەرنجە، كە هۆزی یەهوزا لە نـاو چـوو و دەسـەڵاتی جیهانی و پێغەمبەرایەتی لە كـیس چـوو، هۆزەكـە بـوونێكی دیـاریكراوی نەما، كە بە گشتی لـە شـوێنی نیـشتەجێ بـن، جوولەكـە دەتوانـێ خـۆی بناسێنێ و بڵێ : من ئیسرائیلیم، بەڵام ناتوانێ داوای ئەوە بكا، كە سەر بە یەكێ لە دوازدە هۆزەكەی ئیسرائیلە، بۆیە جوولەكە دەبێ یەكێ لـەم دوانـە

هەڵبژێرن: یا دان بەوە دابنێن، كە (شایلوە) پێش ئەوان هاتووە و باپیرانیـان نەیان ناسیوە، یا خود بڕیار بدەن، كە هۆزی (یهوذا) لەو بـاوەڕەن (شـایلوە) ی لێ پەیدا دەبێ بوونی نەماوە.

سێیەم: پێشبینیەكەی (یعقوب) بە ڕوونی ئەوە دەگەیـەنێ (ئەمـەش بـە تەواوی پێچەوانەی بیروباوەڕی مەسیحی و جولەكەیە) ، كە دەبێ (شـایلوە) لە هۆزی (یهوذا) نەبێ، بەڵكو نابێ لە هەر دوازدە هۆزەكـەی ئیـسرائیلیش بێت، پێشبینیەكە بە ئاشكرا دەڵێت: هەر كە (شایلوە) دێت ئەوا دەسـەڵات و یاسا دانان لە بنەماڵەی (یهـوذا) وون دەبێ ،ئەمەش تەنیا بـەوە جـێ بـە جێ دەبێ، كە (شایلوە) لە بنەماڵەی (یهـوذا) نا بەڵەد(غریب) بێت، چونكە ئەگەر (شایلوە) لە یەهوزاوە بكەوێتە، چۆن دەبێ لە دەسەڵات و یاسا دانـان بەریبێ؟ هەروەها ناشبێ (شایلوە) لە هـۆزێكی تـری بنەماڵـەی (یعقـوب) بێت، چونكە داری پاشایەتی و یاسادانان بۆ بەرژەوەندیی هەموو هۆزەكـانی ئیـسرائیل بـوو، نـەك تاكـە هۆزێـك. هـەروەها ئـەم سـەرنجە بۆچـوونی مەسیحیەكانیش ڕەد دەكاتەوە، چونكە (عیـسی) لـە لایـەن دایكیـەوە لـە بنەماڵەی (یهوذا) كەوتۆتەوە، هەروەك دەڵێن.

من سەرم لە هەڵس و كەوتی ئەو جوولەكە گومڕایانە سـوڕماوە، مـادام نەوەی ئیسرائیل و ئیسماعیل لە بنەماڵەی ئیبراهیمن، كەواتە چ جیاوازیەك هەیە ئەگەر (شایلوە) لە یەهوزا یا لە زەبولون لە عیـسا لـە یەسـاكر[1]، لـە

---

[1] بە پێی (سفر التكوین) یەعقوب دوو كچە خاڵی خۆی هێناوە، كە (لیئـە) و (راحیـل)ن. هـەروەها (زلفە)ی كارەكەری (لیئە) و (بلهە)ی كارەكەری (راحیل)ی هێناوە و لەوانـەش دوازدە كـوڕی لێ بـە جێ ماوە، كە پێیان دەگوترێ (الأسـباط) كە ئەمانەن:لە (لیئە): (راوبـین _ شمعـون _ لاوی (بـاپیرە گەورەی مووسا) _ یهوذا (وشەی _ یهود _ لـەو وەرگـیراوە كـە بـاپیرە گـەورەی داود و سـلێمان و مەریەمە) _ یساكر _ زبولون).

_ لە راحیل: یووسف _ بنجامین.

ئیسماعیل یا لە ئیسحاق بێت، مادام لـە ئیبراهیمـی باوكیانـەوە هـاتووە؟ وەرنە ناو ئیسلام و پەیڕەویی شەریعەتی بكەن، تا دەتـوانن لـەو خاكـە بـە ئاشتی بژین، كە باپیرانتان لێی نیشتەجێ بوون.

## ( پاری پێنجەم )
## ( محمد ) و ( قسطنطین )ی گەورە

لەم پارەدا باسی یەكێ لە خەونەكانی دانیال پێغەمبەر دەكەین، كـە لـە بنچینەدا یەكێ بوو لە میرەكـانی بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری جولەكـە و، لـە كاتی دیلی بابلی لەگەڵ سێ میری تری جوولەكە بۆ كۆشكی (نبوخذ نـصر) لە بابـل راپـێچ كـران. لەوێـدا زانـستەكانی كلـدانیی خوێنـد، تـا دەسـت بەسـەراگرتنی فارسـی و ڕووخـانی ئیمپراتۆریـەتی بـابلی لـەوێ ژیـا و لەسەردەمی (نبوخذ نصر) پاشای بـابلی كرایـە پێغەمبـەر. ڕەخنـە گرانـی تەورات لایان وایە، كە ئەو سـفرەی بـە نـاوی دانیالـە خـۆی نەینووسـیوە، ئەوەندەی من دەیزانم هەشت پار(فصل) ی یەكەمی (سـفر)ەكـە بـە كلـدانی نووسراوەتەوە، بەڵام بەشی كۆتایی عیبرییە.

ئـەوەی لـە كتـێبی دانیـال لای ئێمـە گرنگـە سـاغ كردنـەوەی ئـەو پێشبینیەیە، كە لە وەرگێڕانـە حەفتاییەكـەی كتـێبی پـیرۆز هـاتووە، كـە (٣٠٠) ساڵ بەر لە سەردەمی مەسیحی نووسراوەتەوە.

ئەو پێشبینیە لـە پـار(فـصل) ی حەفتـەمی كتـێبی دانیـال هـاتووە و

---

_ لە زلفە : جاد _ اشیر.

_ لە بلهە: دان _ نفتالی.

ڕوونترین پێشبینیە لـە سـەر پێغەمبەرایـەتیی دوا پێغەمبـەران و شـایانی لێكۆلینەوەیەكی وورد و بێلانەیـە، چـونكە بـە شـێوەیەكی ڕەمـزی باسـی هەندێ ڕووداوی گرنگ دەكا لە مێژووی مرۆڤایەتی، كە لـە مـاوەی هـەزار سالّی یەك لە دوای یەك ڕوویـان داوە و بـە ڕەمـزی چـوار دڕونـدەی گـەورە هاتوون. ئەم خەونە باسی چوار بارۆڤـە(عاصفة)، دەكـا كـە لـە ئاسمانـەوە بەرامبەر دەریایەكی گەورە دەنەڕێنن و یەك لـە دوای یـەك چـوار دڕونـدەی مەزنی لێ دێتە دەرەوە: یەكـەمیان لەسـەر شـێوەیەكی شـێرێكی بالّـدارە، دووەمیـان لەسـەر شـێوەی ورچـێكە، كـە سـێ پەراسـووی بـە ددانـەكانی هەلّگرتووە، سێیەمیان لەسـەر شـێوەی پلّنگێكـی چـوار بـالّی چوارسـەرە، ئینجـا دڕوندەیـەكی دە قـۆچ و ددان ئاسـنین پەیـدا دەبـێ، ئینجـا قۆچـی یازدەمینی بۆ پەیدا دەبێ و سێ قۆچ لەبەر دەمی ورد و خاش دەبێ، لەسەر قۆچی یازدەمینی چەند چاوێكی مرۆڤی و دەمێكی مرۆڤیی لێ دەڕسـكێ و گوتەی كوفر و بێخوایی لە دەم دێتە دەرەوە و لە هیكرا شێوەی خوای مەزن لە نێوان نورێكی ئاسمانی و لەسەر عەرشێكی گڕدار و نورانی پەیـدا دەبـێ، ڕووبارێكی نور لە پێشی هەلّدەقوولّێ و ملیۆنەها خولقندەی ئاسمـانی لەبـەر دەسـتانی دەوەسـتن، هـەروەك بلّێـی دادگاییـەكی نائاسـایی دەبەسـترێ و كتێبەكان دەكرێنەوە، دڕوندەی چوارەم بە ئاگر دەسوتێ بەلاّم ئـەو دەمـەی، كە كوفری لێوە دەردەچێ بەزیندوێتی دەمێنێتەوە، تا كـوڕی مـرۆڤ بەسـەر هەورەوە دێنن و لەبەردەم خوای جیهانیانی ڕادەگرن و دەسەلاّت و سـەروەری و مەلەكوتی لێ وەردەگرێ، تا هەتایە گەل و میللەتان سەری بۆ دابنـوێنن. ئینجا دانیال پێغەمبەر لە یەكێ لە فریشتەكان نزیك دەبێتـەوە و تكـای لێ دەكا ئەوەی دەیبینێ بۆی لێك بداتەوە، فریـشتەش وەلاّمـی دەداتـەوە، كـە هەر یەكێ لە چوار دڕوندەكە ئیمپراتۆریەتی دەنـوێنن، ئـەو دڕوندەیـە، كـە

لەسەر شێوەی شێرێكی باڵداری بە باڵی بازە ئیمپراتۆریەتی كلدانی دەنوێنێ، كە هێندێ بازی دوژمن شكێن بەهێز بوو، ورچەكە ئیمپراتۆریەتی فارسی دەنوێنێ، كە فەتحەكانی، تا دەریای ئەدریاتیكی و ئەسیوبیا درێژ ببوویەوە و پەراسوی لەشی هەر سێ كێشوەرەكەی بە ددان هەڵگرتووە.

بەڵام پڵنگە بەسامەكەی چوار باڵ و سەرەكە لە خێرا ڕۆیشتنی ڕەمزە بۆ ئیمپراتۆریەتی ئەسكەندەری گەورە كە بە خێرایی پێكهات و لە دوای مردنی دابەشكرایە سەر چوار وڵات ، فریشتەكە هەر كە دێتە سەر باسی دڕوندەی چوارەم درێژە بە قسەكانی دەدا، چونكە دڕوندە و شەیتانێكی گەورەیە و ڕەمزی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی بە توانایە و دە قۆچەكانی دە (أباطرة)ی ڕۆما دەنوێنن، كە مەسیحیە سەرە تاكانیان دەچەوساندەوە، ئەوەی زانراوە مێژووی كەنیسە لە نێوان سێ سەدەی یەكەمی دوای مەسیح، تا سەردەمی قوستەنتینی گەورە، كە باوەڕی بە مەسیحیەت هێنا بوو، پڕە لە ترس و بیمی ئەو دە (١٠) چەوساندنەوە بەناوبانگانە.

بە كورتی هەر چوار دڕوندەكە هێزی تاریكی، یا وڵاتی شەیتان دەنوێنن، بەم بۆنەیەوە پێویستە ئاگاداریی ڕاستیەكی گرنگی ئیسلام بین، كە (چاكە و خراپە لە خواوەیە) بەڵام فارسە دێرینەكان باوەڕیان بە دوو خوا هەبوو واتا: بنەمای چاكە و ڕووناكی بەرامبەر خراپە و تاریكی و دژایەتیی هەمیشەییی نێوانیان. هەروەها لەو هەموو ئەدەبیاتە لاهوتی و ئاینی مەسیحیەی، كە خوێندمەوە چاوم بە تاكە گوتەیەك نەكەوتووە، كە بەم بنەما ئیسلامیە بچێت، كە خوا سەرچاوە و كانگای ڕاستەقینەی چاكە و خراپەیە، ئەمەش دژایەتیی لەگەڵ مەسیحیەت هەیە و یەكێكە لە سەرچاوەكانی رق لێبوونەوەی ئاینی ئیسلام. هەر چەندە خوای مەزن بە ئاشكرا ئەم بنەمایەی بە (كورش) ڕاگەیاند، كە خوا بە مەسیحی خۆی داناوە و داوای لێدەكا

باوەڕ بـە تـەنیا خوایـێ بێنـێ و دەفـەرموێ: (مـن پەیداكـەری ڕونـاكی و خولقێنەری تاریكی و دروستكەری ئاشتی و خولقێنەری خراپـەم ، مـن ئـەم خوایەم، كە هەموو ئەمانە دروست دەكات) (سفر اشعیا ٤٥/١_٧) ، هـیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان ئەم بنەمایە و لەگەڵ هزری _ خوا چاكەیە، چـونكە باوەڕ نەهێنان بەمە لەگەڵ یەكتاییی ڕەهای خوا ناگونجێت.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر خەونەكەی دانیال و تێبینی ئەوە دەكـەین، كـە ڕەمزی هەر چوار دڕندەكە دوژمنی (گەلی خوای هەڵبژێردراو) بووە، گـەلی دێرینی ئیسرائیل و مەسیحیە سەرەتاكان ئەم ناوەیان لێنرابوو، چونكە هـەر ئەوان بوون، كـە لـە ناسـینی ڕاسـتەقینە و كتـێبی پـیرۆز و سروشـی خـوا دەگەیـشتن، بـە پێـچەوانەی ئـەو چـوار ئیمپڕاتۆرییەتـەی، كـە دەیـان چەوساندنەوە، بەڵام سروشتی ئەو قۆچە بچوكەی، كـە لـە سـەری دڕنـدەی چوارەم دەركەوتبوو جودا بوو لە سروشتی چـوار دڕنـدەكانی تـر، جـا خـوا دابەزییە ئاسمانی جیهان بۆ ئەوەی دڕندەی چوارەم لەناو ببات، ئینجـا خـوا داوای كرد، كـە بەرناشـا (كـوڕی مـرۆڤ) بێتـە بـەر دەمـی و دەسـەڵات و سەروەری و مەلەكوتی پێ بەخشی، بـۆ ئـەوەی هـەموو گـەل و میللـەت و زمانــەكان هــەتا هەتایــە ســەری بــۆ دابنــەوێنن(ســفر دانیــال٧/١٤) و میللەتەكەی میللەتێكی وا دەبێ، كە خوای باڵا و بە توانا بە پیرۆز دەگـرێ (سفر دانیال٧/٢٧).

ئایا ئـەو قۆچـە بـچوكە كێیـە ؟ بێگومـان ئیمپراتۆریـەتی یـازدەمینی ڕۆمانیە، قۆچـە بـچوكەكە دوای دە جـار چەوسـاندنەوە دێـت، كـە لەسـەر دەستی دە ئیمپراتۆرەكانی ڕۆمان ڕوویـداوە، ئـەوەی زانـراوە پـێش ئـەوەی قوستەنتینی گەورە بێتە سەر دەسەڵات، چوار پاڵێوراو ڕكە بە ڕكێیـان بـوو بـۆ فـەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتەكـە و، قوسـتەنتین یـەكێك بـوو لەوانـە و

سێیەكەی تر مردن، یا لە جەنگەكان كوژران و مەیدان بۆ (قسطنطین) چۆڵ بوو، كە فەرمانڕەواییی ئیمپراتۆریەتی رشۆمانی بكات. لێكۆڵەر و ڕەخنە گرە مەسیحیە سەرەتاكان بە بێهودەیی هەوڵ دەدەن، كە ئەم قۆچە بچووكە بە دەجال بچوێنن و بە پاپای ڕۆمای پڕۆتستانت و پێغەمبەری ئیسلامی (پەنا بە خوا) دابنێن. هەروەها ڕەخنە گرە _ دواییینەكانی تەورات سەریان سوڕماوە لە حەلكردنی كێشەی دڕوندەی چوارەم، هەوڵ دەدەن بیكەنە ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و قۆچە بچووكەكەشی بكەنە (انطیوخوس ایفانس)، لە كاتێكدا دڕوندەی چوارەم هەر دەبێ جیهانی رۆمانیی كۆن بێت، جا بۆ سەلماندنی ئەوەی كە قۆچی بچووك هەر دەبێ (قسطنطین)ی مەزن بێت ئەم بەڵگانەی خوارەوە دەخرێنە بەرچاو:

أ_ قوستەنتین بەسەر هەرسێ لەبەر هەڵستەكانی زاڵ بوو و بووە ئیمپراتۆر ، لە كتێبی جیبۆنGibbon (كز بوونی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و ڕوخانی) كە چاكترین مێژووی ئەو سەردەمەیە هاتووە، كە هیچ كەسێ ناتوانێ چوار بەرهەڵستكار دەست نیشان بكات، دوای دە چەوساندنەوەكانی كەنیسە تەنیا (قسطنطین) و سێ بەرهەڵستەكەی نەبێت، كە هەر سێ بەرهەڵستەكە لەبەر دەمی كەوتن، هەروەك چۆن سێ قۆچەكە لەبەر دەم قۆچە بچووكەكە كەوت.

ب_ خەونەكە هێمای بۆ هەر چوار ئیمپراتۆریەتەكە كرد، كە چوار دڕوندەی بێ هۆشن، بەڵام قۆچە بچووكەكە كە دەم و چاوی مرۆڤی هەبوو، دڕوندەیەكی دزێوە و خاوەن لۆجیك و توانایە لە قسە كردن، بیروباوەڕی سێلانەی (التثلیث) راگەیاند و ڕۆمای بۆ پاپا بەجێ هێشت و بیزەنتەی (قسطنطین) كردە پایتەختی ئیمپراتۆریەتەكە و خۆی وا نیشان دا، كە باوەڕی بە مەسیحیەت هێناوە، بەڵام تاكە كەسێك پێش مردنی لە ئاوی

پیرۆز هەڵ نەکێشرا بوو، هەرچەندە ڕای جیاوازیش لەم بارەیەوە هەیە، بەڵام ئەو ئەفسانەیەی، کە دەڵێ : قوستەنتین لە ئاسمان خاچی لە خەون بینی، بۆیە بووە مەسیحی سەلمێنرا کە درۆیە.هەر چوار دڕوندەکە زۆر بە دڕوندایەتی بەرەنگاری ئیمانداران دەبوونەوە، بەڵام قۆچە ژیرانیەکە زۆر شەیتان و پیس بوو، چونکە سور بوو لە سەر تێکدانی ئایین لە ناوەوە، قوستەنتین لە سەر شێوەی ئیمانداری هاتە ناو چوار چێوەی مەسیح، بەڵام لە ناخی خۆیدا ئیماندار نەبوو و بیروباوەڕی ئاینی بۆگەن کرد، هەروەك لەمەودوا دەیبینین.

ج_ قۆچی بچووك (ئیمپراتۆریەتی یازدەمین) چەند وشەیەکی لە دەم هاتە دەرەوە، کە گەیشتە پلەی کفر و چەند خولقێنراوێکی کردە هاوبەشی خوا چەند ناو و سیفەتێکی ناشایستەی لە خوا نا وەکو (باوك) و (لەدایکبوو) و (هەڵقولێنی کەسی دووەم و سێیەم) و (یەکتاپەرستی لە نێو سێلانە) و (بەرجەستە_ التجسد) ، هەموو ئەمانە کۆمەڵە بیروباوەڕێکی بۆگەن و دزێو بوون، پەیمانی کۆن بەڵگەیەکی زیندووە لەسەر پڕوپووچیان و کفرێکە موسڵمان و جولەکەکان قینیان لێیەتی.

هەر لەو ڕۆژەی سروش دابەزیوەتە سەر ئیبراهیم لە ئوری کلدان، تا ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی کۆمەڵگەی (نیقە) لە ساڵی ٣٢٥ ز هیچ دەست درێژییەك نەکراوەتە سەر یەکتاپەرستیی خوا، بەڵام لە دوای کۆبوونەوەی (نیقە) و جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی بە فەرمانی قوستەنتین، کە سێ لەسەر چواری بەشداریکاران دژی وەستان لەسەر ئاستی دەوڵەت بە تایبەتی، لە لایەن قوستەنتین و قەشەکانەوە یەکتا پەرستی مۆرێکی تەڵخی پێوە لکێنرا، خۆ ئەگەر (براهما یا ئۆزیریس یا جۆبتەر یا فیستا) بکرابانە هاوبەشی خوا، ئەوا بە بیروباوەڕێکی بت پەرستیمان لە قەڵەم دەدا، بەڵام

هەر كـە دەبیـنین مەسـیح و (روح القـدیس)، كـە یـەكێكن لـە ملیۆنـەها بەندەكانی خوا بۆ پلەی خوایـەتی بـەرز دەكرێنـەوە، نـازانین بـە چ بێـژەیێ وەسفی ئەو بیروباوەڕە بكەین، مەگەر بەو وشەیەی كە موسوڵمانەكان ناچـار بوون بەرامبەریان بـەكاری بێـنن كـە وشـەی كفـرە. ئەگـەر یـەكێ گـوتی: مەبەست لە قۆچ قوستەنتین نیە، پرسیار: ئەی كێیە؟ ئەم قۆچە بـە تـەواوی هاتووە، دەجال نیە، چونكە لەمەودوا دێت، ئەگەر دان بـەوە دانـەنێین، كـە ئەم قۆچە لەمەوبەر هاتووە چۆن دەتوانین هاتنی هەر چـوار دڕوندەكـە لێـك بدەینەوە، كـە یەكـەمیان بێگومـان ئیمپراتۆریـەتی كلدانیـە و، دووەمیـان ئیمپراتۆریەتی فارسییە و، سێیەمیان ئیمپراتۆریەتی ئەسـكەندەرە، كـە لـە دوای خۆی بووە چـوار دەوڵـەت، ئەگـەر دڕونـدەی چـوارەم ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمانی نەنوێنێ، ئایـا هـیچ دەوڵـەتێ یـا هێـزێ لـە دوای ئیمپراتۆریـەتی ئەسكەندەر هاتووە، جگە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمـانی كـە دە فـەرمان ڕەوای یەك لە دوای یەك فەرمان ڕەواییان كردووە و ئیمانـدارانیان چەوسـاندۆتەوە؟ حەتمەن قۆچی بچوك قوسـتەنتینە و گـرنگ نیـە نووسـەری پـار(فـصل) ی حەفتەم لە سفری دانیال پێغەمبەر بێ یا ڕەبەن بێ یا فاڵگرەوەبـێ ، ئـەوەی جەخت كراوە كە پێشبینی و وەسفی بۆ ڕووداوەكان بـەر لـە بیـست و چـوار سەدە، ووردی و ڕاستیەكەی لە كەسی قوستەنتینی گەورە هاتۆتە دی، ئـەو كەسەی كەنیسەی ڕۆما بۆ پلەی قدیسەكان بەرزی نەكردەوە لە هەمان كاتدا كەنیسەی یۆنانی ئەمەی كرد.

د_ قۆچی بچوك تەنیا بە بوختان و كفـر وازی نـەهێنا، بـەڵكو هێرشـی كردە سەر ئیمانداران و چەوساندنیەوە (سفر دانیـال ٢٢/٧)، هـەروەها ئـەو دیانانەی چەوساندەوە، كە وەكو جولەكە باوەڕیان بە یەكتایی ڕەهای خوا بوو و ڕایان گەیاند، كە سێلانە (التثلیـث) بیرۆكەیەكی چـەوت و هەڵەیـە و بـێ

بنچینەیە ، هەر كە بانگ هێشتی هەزار لە پیاوانی كەنیسە كرا بۆ نیقیە (ئیزنیقی ئێستا) تەنیا (٣١٨) لەوانە ڕەزامەندییان لەسەر بڕیارەكانی كۆڕەكە دەربڕی، ئەمانەش لە سێ گروپی جیاواز بوون و خودان دەربڕینی پۆشراو و بێ خوایی(ملحد) بوون و گوتەكانیان شایانی پێغەمبەرانی ئیسرائیل نییە و تەنیا شایان (بە قۆچی بێژەر).

ئەو مەسیحیانەی كە ئیمپراتۆرە بت پەرستە ڕۆمانیەكان دەیان چەوساندنەوە و سەریان دەبڕین چونكە باوەڕیان بە خوای تاك و عیسای بەندەی هەبوو، ئەوانە لە ژێر فەرمانڕەواییی قوستەنتینی مەسیحی بەختەوەر تر نەبوون و بە پێی نووسراو(مرسوم) ی ئیمپراتۆریی ئازارێكی زۆر دەدران، چونكە عیسای بەندەی خوایان نەدەپەرست لەگەڵ خودادا بە یەكسانیان دانەدەنا و دژی ئەوە بوون، كە لەگەڵ گەوهەری خوایی بووەتە یەك ، بەڵام گەورە پیاوانی ئاینی و قەشەكانی ڕێبازی ئەریۆسی (ئەو یەكتا پەرستانەی، كە جوولەكە ناویان لە دیانە سەرەتاكان دەنا : قاشیشی یان مشمشانی) لە شوێنەكانی خۆیان دوور خرانەوە و كتێبەكانیان لێ زەوت كرا و كەنیسەكانیان درایە كەشیش و قەشە سێلانەكان، قوستەنتین چەند گروپێكی توند و تیژی سوپای خستە ژێر دەسەڵاتیان، تا دوژمنەكانیان پێ بچەوسێنێتەوە و خزمەتێكی گەورەی پێشكەشی ڕێبازەكەیان كرد. بە كورتی قوستەنتین یاسا و فەرمانڕەواییەكی تۆقێنەری دامەزراند دژی یەكتاپەرستەكان و سێ سەدە و نیو بەردەوام بوو، تا موسڵمانەكان كۆڵەگەكانی ئاینی خوایان دامەزراند و دەسەڵات و سەروەری و مەڵەكوتیان لەو خاكانە وەرگرت، كە هەر چوار دڕندەكە دەسەڵاتیان بەسەردا هەبوو.

هـ_ قۆچی بێژەر بەوە تاوانبار دەكرێ، كە شەریعەت و كاتەكانی گۆڕیوە

(واتا: ڕۆژەكانی جەژن و پشووەكان) ، ئەمەش بەم جۆرەی خوارەوە دیار دەكەوێت:

گۆڕینی شەریعەت: نووسراوێكی (قسطنطین) بە شێوەیەكی زەق، دوو ڕاسپاردەی شەریعەتی (موسی)ی گۆڕی، یەكەم لە بارەی یەكتایی خوا ( جگە لە من هیچ خوایەكت نیە) ، ئەمە پێشێل كرا بە ناوی ئەوەی، كەس لە كەسی خوادا هەیە و، خوا لە مەریەم بووە، بەڵام ڕاسپاردەی دووەم، كە دروست كردنی پەیكەر و بتی حەرام كردبوو بۆ مەبەستی پەرستن، ئەمەش پێشێل كرا و نەك هەر پەیكەر و بت دروستكران، بەڵكو خولقێنراویان كردە خوا و پەرستیان ، بۆ زیاتر قووڵ بوونەوە لە كفریان، لە قوربانی پیرۆز ناویان لە نان و مێوژ نا (كە جەستە و خوێنی خوایە).

گۆڕینی كاتەكان: بە نیسبەت هەموو جوولەكەیەكی پابەند بە شەریعەت، بە تایبەتی پێغەمبەرێكی وەكو دانیال، كە هەر لە گەنجییەوە زۆر بە شەریعەتی موسەوی پابەند بوو، دەبێ چ شتێ لەوە ڕەزا قورستر گرانتر بێ، كە جەژنی (فصح)ی جوولەكە Passover ( كە جوولەكە بەرخێكی تێدا دەكاتە قوربانی) بە جەژنی (فصح)ی مەسیحی Easter بگۆڕدرێتەوە، كە لای ئەوان بەرخەكە ( بەرخی خوایە ) كەلە سەر خاچ كرایە قوربانی؟

سەرەرای ئەمەش ڕەد كردنەوەی پشووی شەممە و گۆڕینی بە یەك شەممە، سەرپێچیەكی ئاشكرا و زەقی ڕاسپاردەی چوارەمە لە دە سپاردەكان، ڕاستە ئیسلام لە دوای ئەوە ڕۆژی شەممەی ڕەد كردەوە، بەڵام هۆیەكەی ئەوە بوو، كە جوولەكەكان بە ناشایستەیی بە كاریان دەهێنا و ڕایان گەیاند، كە خوا لە ڕۆژی حەفتەم حەسایەوە، وەك بڵێی خوا وەكو مرۆڤ ماندووبێ.

قوستەنتین بە نووسراوێكی ئیمپراتۆری، ڕۆژی شەممەی ڕەد كردەوە و

یەكشەممەی لە جێگای دانا، چونكە بڕوایان وابوو، كە (عیسی) ڕۆژی یەك شەممە لە گۆڕ ڕاست بۆتەوە، لەگەڵ ئەمەش كە حەزرەتی (عیسی) خۆی زۆر پابەند بوو بە ڕۆژی شەممە و زۆر گلەیی لە جوولەكەكان كرد، چونكە لەو ڕۆژەدا كاری خێریان بە ئەنجام نەگەیاند.

و_ ئەو جەنگەی قۆچی بچووك (ئیمپراتۆری یازدەمین) لەسەر ئیماندارانی ڕاگەیاند و سێ سەدە و نیو بەردەوام بوو، تا پەیدا بوونی ئیسلام ئیماندارانی كز كرد، بەڵام لە ناوی نەبردن. ئەو ئەریسییانەی كە باوەڕیان بە یەكتایی خودا(وحدانیة الله) هەبوو لە پێناو بیروباوەڕیان بەرگرییان دەكرد، هەر هەلێك بهاتبایە پێش، ئەوا خۆیان دەردەخست هەروەك لەسەردەمی (قسطنطینوس)ی كوڕی (قسطنطین)و لەسەردەمی (یولیان) و ئەوانیتر دەردەكەوتن، چونكە ئەمانە لە (قسطنطین) لێبووردەتر بوون.

بەڵام خاڵە گرنگەكەی تری خەونەكەی دانیال، كە بریتیە لە جەخت كردن لەسەر كەسێتیی بەر ناشا (كوڕی مرۆڤ) كە قۆچە ترسناكەكەی لەناو برد، لەپار(فصل) ی داهاتوودا لێی دەكۆڵینەوە.

## ( پاری شەشەم )

## ( محمد ﷺ ) ئەو لە نازناوی كوڕی مرۆڤ مەبەستە

لە پاری ڕابووردوو لە خەونە نایابەكەی دانیال پێغەمبەرمان كۆڵیەوە (سفر دانیال/٧) چۆن هێمای چوار دڕندەی بۆ چوار ئیمپراتۆڕیەتی یەك لە دوای یەكی كلدانی و فارسی و ئەسكەندەری گەورە و ڕۆمانی دانا بوو، ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی، كە جولەكە و مەسیحیە سەرەتاكانی دەچەوساندەوە،

ئینجا لە قۆچی یازدەمینمان كۆڵیەوە، كە چۆن كفری بە دەم دادەهات و باوەڕدارانی دەچەوساندەوە و، شەریعەتی دەخستە ژێر پێ و ڕۆژەكانی پشوو و جەژنەكانی دەشێواند و، چۆن (قسطنطین) ی گەورە لە ساڵی ۳۲۵ ز بە نووسراوێكی ئیمپراتۆری بیروباوەڕی سێلانە و خوایەتیی مەسیحی ڕاگەیاند.

لەم پارەدا لە كەسێتیی (بەرناشا_ كوڕی مرۆڤ) دەكۆڵێتەوە، كە لە لایەن خوای مەزن و بە تواناوە لە سەروی هەورەوە هاتووە و دەسەڵات و سەروەری و مەلەكوتی پێدراوە و داوای لێكراوە، كە قۆچە بە سامەكە ورد و خاش بكات.

پێش ئەوەی جەخت لەسەر كەسێتیی (كوڕی مرۆڤ) بكەین، پێویستە ئاگاداریی ئەم سەرنجانەی خوارەوە بین:

أ_ هەر كە پێغەمبەرێكی جولەكە پێشبینی ئەوە دەكا، كە (هەموو گەل و میللەتەكانی سەر زەوی لەمەودوا سەر بۆ بەرناشا دادەنوێنن) (سفر دانیال۱٤/۷) و مەملەكەت و دەسەڵات لە ژێر هەموو ئاسمان بە گەلانی بڕواداران دەبەخشرێ(سفر دانیال ۲۷/۷) ، ئەوەی ئاشكرایە مەبەست لەو گەلانە ئەوانەیە كە لە (سفر التكوین ۱۸/۱٥_۲۲) ناویان هاتووە (لەو ڕۆژەدا خوا پەیمانی دایە ئیبراهیم: ئەم خاكە لە ڕووباری گەورەی میسرەوە، تا فورات دەدەمە نەوەی تۆ) و بۆ میللەتانی تر نییە.

ب_ مەبەست لە دەستەواژەی (گەلە بڕوادارەكان) یەكەم جولەكەیە لەو كاتەدا، ئینجا ئەو مەسیحیە یەكتا پەرستانەیە، كە بە هۆی باوەڕی ڕاستیان چەوسێنرانەەو و خۆیان گرت، تا دەركەوتنی (بەرناشا _ كوڕی مرۆڤ) كە قۆچەكەی ورد و خاش كرد.

ج_ دوای لە ناو چوونی قۆچەكە پێویست بوو، كە باوەڕدارەكان دەست بەسەر میللەتەكانی كلدان و فارس و یۆنان و ڕۆمان دابگرن، ئەمانەش ئەم

میللەتانەن كە بە چوار دڕندە، كە هێمایان بۆ كرابوو و پێشتر دەسەڵاتیان بەسەر خاكە پیرۆزەكان داگرتبوو، بەڵێ ئەمە هاتە دی و هەر لە دەریای ئەدریاتیكیەوە، تا وولاتی چین هەموو میللەت و گەلانی ئەم شوێنانە كەوتنە ژێر دەسەلاتی موسڵمانەكان، كە هەر ئەوان بە تەنیا خاوەنی باوەڕی ڕاستەقینە بوون.

د_ جوولەكە تا هاتنی (عیسی) سەلامی خوای لێ بێ گەلی هەڵبژاردەی خوا بوون ، بەڵام دوای ئەوە نە جوولەكە و نە گاورەكان بە پێی بۆچوونی (سفر داینال٢٧/٧) شایانی نازناوی (گەلە باوەڕدارەكان) نەبوون، چونكە جوولەكە پەیامی (عیسی) یان ڕەد كردەوە، بەڵام مەسیحیەكان بە هاوبەشی پەیدا كردنیان سوك و ڕیسوایان كرد، سەرەڕای ئەمەش جولەكە و گاور پێكەوە دانیان نەنا بە پەیامی (محمد)ی دوا پێغەمبەری خوا.

لەسەر ئەوە دەتوانین بیسەلمێنین كە (برناشا)ی كوڕی مرۆڤ، كە نێردراوە بۆ وورد و خاش كردنی قۆچەكە و لەناو بردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی جگە لە (محمد) كەسیتر نیە، هەرچەندە هەوڵ دەدەن كەسێتیەكی تر پەیدا بكەن، كە ڕۆڵی (برناشا) ببینێ، بەڵام ئەمە لە كارێكی بێهوودە بەدەر نیە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١. پێویستە ئەمە ڕوون و ئاشكرا بێ، كە جوولەكە و دیانەكان ناوێكی ڕاستیان بۆ ئاینەكەیان هەڵنەگرتووە، ئاینی ڕاستەقینە بە ناوی دووەم دامەزرێنەری ناونانرێ، كە پێغەمبەرەكەیە، چونكە دامەزرێنەری ئاینی راستەقینە خوا(الله) یە، نەك پێغەمبەرەكەی .بۆیە ناوی راستەقینەی ئەو ئاینەی، كە خوا بە سروش(وحی) بۆ پێغەمبەرەكەی ناردووە پێی دەگوترێ (اسلام) بە واتای (بەرپاكردنی ئاشتی) واتا: موسڵمان لەگەڵ خۆی و خەڵكی تر بە ئاشتی بژی، وشەی (محمدیە) نازناوی ڕاستەقینەی ئیسلام نیە، چونكە

(محمد) خۆشی موسڵمان بوو و (محمدی) نەبوو، (یهودیە) واتا: ئاینی نەوەی (یهوذا) خۆی چیبوو؟ خۆی (یهودی) نەبوو و ئەو سیفەتەی بۆ خۆی دانەنابوو، هەروەها مەسیحیش خۆی (مسیحی) نەبوو.(موسی) سەلامی خوای لێ بێ لە ژیانیدا ناوی ئاینی (یهودیە) ی نەبیستبوو، هەروەها (عیسی) سەلامی خوای لێ بێ هەتا لە سەر زەوی بووە ناوی ئاینی (مسیحیە)ی نەبیستبوو، زمانی دانیال لە زمانی قورئان نزیكە و زۆر جار بێژەی (دین/دینونە) دووبارە دەكاتەوە و، بە پێی شەریعەتی ئەم (دین)ە بەرناشا ئاینی شەیتان لەناو دەبات و، بە هیچ جۆرێ ناشێ كە مەبەست لە نازناوی (كوڕی مرۆڤ) هیچ كەسێكی تر بێ، جگە لە (محمد) . هەر ئیسلامیش دەسەڵاتی (ئاشتی) یە كە دادپەروەریی پێ دابین دەكات و، زۆر ستەم لە ناو دەبا و ڕاستی بەسەر دەخا و دژایەتیی بوختان و درۆ دەكات. جێی سەرنجە كە لە زمانی ئینگلیزی بە دادوەری ئاشتبوونەوە دەگوترێ دادەوەری ئاشتیJastice Of Peace ئەمەش چاولێكەریی قازیی موسڵمانە، كە ناكۆكیەكان پێك دێنێ بەوەی، كە سزای تاوانبار دەدا و قەرە بووی بێ تاوانەكە دەكاتەوە و بەم جۆرە ئاشتی پێك دێت، ئەمە لە كوێ ونەصرانیەت و ئینجیلەكان لە كوێ، كە ناهێڵن مرۆڤی دیان پەنا بباتە بەر دادگا، هەرچەندە چەوسێنراو و ستەم لێكراو بێت (متی٥/٢٥_٢٦، ٣٨_٤٨).

٢. بەرناشا (كوڕی مرۆڤ) بێگومان (محمد)ە، چونكە لە دوای (قسطنطین) هاتووە نەك لە پێشی وەكو مەسیح و هەندێ پێغەمبەرانی تر، ئەوانەی باوەڕیان بە سێلانەیە و پەیرەوانی (قۆچی بە سام) قوستەنتینی گەورەن، توانیان یەكخوا پەرستەكان بچەوسێننەوە، هەروەك لە پێشبینیەكەی دانیال هاتووە بۆ ماوەی (كات و چەند كات و نیو كات) (دانیال٧/٢٥) واتا: سێ سەدە و نیو ، لە ئەنجامدا هەموو هێزەكانی بت

پەرستی و ولاتە سەركێشەكان و هاوبەشی پەیدا كردن بۆ خوا لەسەر دەستی بەرناشا لە ڕەگ و ڕیشەوە دەردەهێنرێ (سفر دانیال٢٦/٧)، بۆیە شتێكی بێهودەیە گەر بگوترێ كە (یهودا المكابی) بەرناشەیە و قۆچی بەسام (انطوخیوس ایفانس)ی جێگری ئەسكەندەرە ، چونكە لەو باوەڕەن كە (انطوخیوس)دوای ئەوەی پەرستگای قودسی پیس كردووە، كە تەنیا سێ ساڵ و نیو یا خود سێ رۆژ و نیو ژیاوە.ئێمە دەزانین كە ئەو (انطوخیوس)ەی بووە جێگری ئەسكەندەری گەورە لەسەر مولكی سوریا، نابێ قۆچی یازدەمینی بە سامی چوارەم دڕوندە بێ، چونكە بە پێی خەونەكەی دانیال (انطوخیوس) یەكێك بوو لە چوار سەرەكانی دڕوندەی سێیەم. لە لایەكی ترەوە قۆچی ترسناكی بێژەر ئاماژە بەوە دەكات كە ئەو كەسەی كفری لە دەم دەرچووە و لە ڕۆژی جەژنەكاندا شەریعەتی تێكداوە، بتپەرست نەبووە، بەڵكو خوای ناسیوە و لە گەڵ ئەوەشدا بە ئەنقەست هاوبەشی بۆ خودا پەیدا كردووە و كردوویەتیە بە سێلانە، لەو كاتەی كە (انطوخیوس) بیروباوەڕی جوولەكەی تێك نەداوە بە بانگ هێشتكردنی سێلانە و شەریعەتی مووسا و ڕۆژەكانی جەژنی نەگۆڕیوە. هەروەها كارێكی ناشایستەیە كە هێندە گرنگی بەو ڕووداوە بێ نرخانە بدرێ، كە لە نێوان پاشایەكی بچووكی سوریا (انطوخیوس ایفانس) و سەرۆكێكی بێ نرخی جولەكە (یهودا المكابی) ڕوویداوە، ناكرێ ئەمانە لەگەڵ بەرناشای مەزن و ئەو كارە گرنگەی، كە پێی سپێردراوە بەراورد بكرێن، خەونە پێغەمبەریەكە وا وەسفی بەرناشا دەكات، كە مەزنترین پیاوە و لە هەموویان ماقووڵتر و خانە دانترە. لە پەیمانی كۆندا هیچ جۆرە شكۆمەندی و ڕێز لێنانێك بۆ هیچ مرۆڤێ نەهاتووە كە شایانی ئەوە بێ هەروەك (محمد) سەلامی خوای لێ بێ شایانی بووە.

٣. لێرەدا دوو هۆی سەرەكی هەن، كە دەبنە بەربەست لە ڕێگەی عیسای مەسیح، كە ببێتە خاوەنی ئەو كارە گەورەیە و پلە و پایە بەرزەی، كە دراوەتە (كوڕی مرۆڤ):

أ_ ئەگەر مەسیح تەنها پێغەمبەرێك بێ لە پێغەمبەرەكان و لە ڕووی سەركەوتن و ژێر كەوتنەوە پێغەمبەرێتیەكەیان هەڵسەنگاند، ئەوا بێگومان زۆر لە خوارووی پلە و پایەی (محمد)ە، بەڵام ئەگەر هەندێ لەو باوەڕە بن كە عیسا خوایە و سێیەمی سێیەكانە ئەو كاتە لە ڕیزی مرۆڤ نامێنێ ، ئەمەش كێشەیەكی بێ چارەیە، چونكە لە هەردوو باردا بەرناشا نابێ عیسا بێت.

ب_ گەر عیسا داوای لێكرا بووبێ، كە دڕوندەی چوارەم لە ناو بەرێ، بۆچی ڕەزامەندیی دەربری، كە بایەخ بداتە قەیسەر و (بیلاطیس)ی دادوەری ڕۆمانی نەیدەتوانی جەڵدەی لێ بدات و بە پێچەوانەوە دەبوایە بەسەر ڕۆماندا زاڵ بێ لە فەلەستین و، نەوەی ئیسرائیلیان لە دەست ڕزگار بكات.

٤_ هیچ پێغەمبەرێك لەم جیهانە بە دیار نەكەوت، كە وەكو (محمد) سەر بە بنەماڵەیەك بێ كە (٢٥٠٠) ساڵ سەربەخۆ بێ و سەری بۆ بێگانە شۆڕ نەكردبێ، هەروەها هیچ مرۆڤێ لەسەر زەوی پەیدا نەبووە، كە لە (محمد) زیاتر بنەمای خوورەوشت و ئاكاری پێشكەشی میللەتەكەی و هەموو جیهان كردبێ و، هیچ كەسێكی تر لەو زیاتر شایانی ئەو ڕێز و سەروەرییە نیە، كە لەو خەونە پێغەمبەرییەدا هاتووە، پێغەمبەری مەزن دانیال بە خێرایی و سەرسوڕمانەوە لە ئەندێشەی (محمد)دا بوو، چونكە كرابووە تاجی سەری پێغەمبەران و سەركردەی هەموو مرۆڤایەتی، بۆیە سەیر نیە كە بە نازناوی (سیدی) ناوی دەبرد.(المزمور ١١٠)

٥_ هەر كە (محمد) بەرەو ئاسمان شەو ڕۆی پێكرا بەرزترین پلەی شەرەفی

پێدرا و هێزێكی وای درایێ، كە بت پەرستی لە ناو ببا و كفـر ورد و خـاش بكا لەو ولاتانەی، كە خوا میراتێكی هەمیشەییی پێ بەخشیبوون[1] .

٦_ بە پێی قەناعەتی خۆم لە خەونەكەی دانیال دا، گەشتەكەی بەرناشـا بە سەر هەوردا و ئامادە بـوونی لـە بـەردەم خـوا لەگـەڵ شـەو ڕۆینەكـەی (معراج) _محمد _ بۆ ئاسمان یەك دەگرێتـەوە، لێـرەدا چـەند ئاماژەیـێ لـە گوتەی دانیال پێغەمبەر و فەرموودەی پێغەمبـەری ئیـسلام دا هەنـە، كـە منیان خستە سەر ئەو بیروباوەڕە.

لە قورئـانی پـیرۆز دا هـاتووە كـە لـە وشـەی میعراجـدا خـوای مـەزن بەندەكەی خۆی لە مەككەی پیرۆزەوە بردە مزگەوتی(أقصى) لە قودس، كـە خوا دەوروبەرەكەی بە پیرۆز گێڕا، ئەو مزگەوتەی كە لەو كاتەدا كاولگە بوو (سورەتی الاسراء).

دەگێڕنـەوە كـە پێغەمبـەر لـە مزگـەوتی(أقـصى) پـێش نوێـژیی بـۆ پێغەمبەرەكان كرد و، لە قودسەوە بەرەو ئاسمانی حەفتەم هەڵكـشا و لـەوێ گەلێ لە نیشانە مەزنەكانی خـوای خـۆی بـینی، دانیـال هەنـدێك لەوانـەی ڕوونكردەوە هەر كە باسـی حـوكمی خـوای مـەزنی كـرد دەربـارەی قۆچـە كافرەكە.

ئەو گیانەی كە لە خەونەكـەی دانیـال پێغەمبـەردا هـاتووە بـە گیـانی فریشتە، یان گیانی پێغەمبەرێ لێكدراوەتەوە و لە خەونەكە بە شێوەی نێـر (القدس) ، یان (قدوس) هاتووە (سفر دانیال٨/١٢_١٤)،

گیانی پیرۆزی ئەو پێغەمبەر و شەهیدانە دوای ئـەوەی چەوسـانەوەیەكی تاڵیان لەو چوار دڕندەیە بینی، چەند ئاسـوودە و دڵگـەش بـوون هـەڕ كـە

---

[1] گەل و ئوممەتی (محمد) رەگەز و ڕەنگی جیاوازی نیە، تا ڕەگەزەكانی تر بكاتە كۆیلە ، هەروەك لای جوولەكە و دیانە پێست سپیە توند ڕەوەكان هەیە.

بڕیاری مردنیان بینیكە لەلایەن خواوە دەركرا دژی سێلانەی (قسطنطین) بە ئامادە بوونی دوا پێغەمبەران، كە داوای لێكرا قۆچە كافرەكە لە ناو بەرێت.

ئێمەی موسڵمان بڕیاری ئەوە دەدەین، كە شەو ڕۆ و چوونە ئاسمانەكەی پێغەمبەر بە جەستەو بە گیان بوو، كە لە گەڵ گەواهی دانیال دەگونجێت، ئەم كارەش لە توانای خوای مەزن و باڵا بەدەر نیە.

قدیس (بولس)یش خەونێكی وەكو خەونەكەی دانیالی دیتووە و، كە لە خەونیدا پیاوێك بۆ ئاسمانی سێیەم بەرز كراوەتەوەو دوایی بۆ فیردەوس بەرز كراوەتەوە و لەوێ هەندێ شتی بینیوە و، بیستووە كە ناتوانرێ وەسف بكرێ، كەنیسەكان و هەندێ لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەن، كە ئەو پیاوەی بەرزكراوەتەوە (بولس)ە، چونكە دەقەكە ئەم واتایە دەبەخشێ و لەو باوەڕەن، كە (بولس) لە ڕووی خاكسار(تواضع)ەوە ڕاستە و خۆ ناوی خۆی نەهێناوە. (٢ الكور نثیین٢١/١_٤).

(بۆلس) ناوی ئەو پیاوەی نەهێناوە، كە لە خەونەكەی بینیوێتی و ئەو وشانەی كە پیاوەكە لە فیردەوس بیستوویێتی ناتوانرێ بگوترێتەوە و، ڕێگا نادرێتە هیچ مرۆڤێ، كە بیان دركێنێ. ئەمانە جەخت لەسەر ئەوە دەكەن، كە (بولس) ئەو پیاوە نەبووە ، بۆلس هێندە خۆ بە كەم زان(تواضع) نەبووە بە بەڵگەی ئەوەی نامەكانی Epistles لە تەوەرەی خودی خۆی دەخولانەوە، لاف لێدانیان پێوە دیار بوو، ئێمە ئاگاداری نووسینەكانی بۆلسین، كە بۆ (غالاطیة) و ڕۆمانی ناردبووە سەر هاجەر و ئیسماعیلی كوڕی.

ئەو كەسە مەزنەی كە بۆلس لە خەونەكەی بینیبووی هەر دەبێ ئەو كەسە بێ كە دانیال بینیبووی، ئەویش (محمد) ە، بەڵام زاتی نەكردووە باسی ئەو قسەیە بكا، كە گوێ بیستی بووە چونكە لە لایێ لە جولەكە ترساوە،

لە لایەكی تر لەوە ترساوە نە خۆ بەرپەرچی خۆی بداتەوە، دوای ئـەوەی زۆر خۆی بەشكۆ دار داناوە لەو كاتەی، كە باسی خاچ و لەخاچـدراوی كـردووە، بـــۆلس دانـــی بـــەوە دانـــاوە كـــە شـــەیتان فـــوی لەســـەری كـــردووە (٢الكورنثيين١٢/٧) بۆیە ئەو راستیەی نەدركاندووە، كـە ئـەو كەسـەی لـە خەونەكەی بینیوێتی لەبەرناشا (كوڕی مرۆڤ) _ **محمـد** _ زیـاتر كەسـی تـر نییە و هەر ئەو كەسەیە كە دانیال بە شەش سـەدە پـێش ئـەو بینیـوێتی ، هەرچەندە مرۆڤ لە ڕێنـوێنی و دەسـتوورەكانی بـۆلس ورد دەبێتـەوە زیـاتر گومانی لا كـەم دەبـێ، كـە ئـەو نموونەیـەكی دەقـا و دەقـی قوسـتەنتینی گەورەیە.

لە ئەنجامدا ڕێگا بە خۆم دەدەم، كە توانیومە پەند لـەم خەونـە نایابـەی دانیال پێغەمبەر وەربگرم و، نا موسڵمانەكان ئاگادار بكەمەوە كە پەند لـە چارەنووسی هەر چوار دڕوندەكە وەر بگرن، هەر تەنیا (الله) خـوای هەقـە و هەر تەنیا موسڵمانەكان گەیشتوونەتە باوەڕهێنان بە یەكتایی ڕەهای خوا و، پێغەمبەرێیتی (محمد)، كـە گـەورە و دوایـەمینی پێغەمبەرانـە (سـەلامی خوایان لێ بێ).

## ( پاری حەفتەم )

## داودی پاشا بە (گەورەم) بانگی دەكا

كتێبی پەیمانی كۆن لە سفری (صموئیل) و (المزامیر) گەلێ چیرۆكی داود دەگێڕێتەوە، لەوانەش : داود لە گەنجێتیدا بەردێكی بـچوكی لـە ناوچـەوانی جالوت (Goliath) داوە و كوشتوویەتی و، ئەمەش بووەتە هۆی سەركەوتنی سوپای ئیسرائیل ، تالوت پاشا (شاؤول Saul) لە پاداشتی ئەوە (میشال)ی

كچی لێ مارە كردووە.

هەر كە تالوت وەفاتی كرد، داود فەرمانڕەوایی وەرگرت، (صموئیل) پێغەمبەر پێش ئەوە بەزەیت چەوری كردووە، وەكو سەرەتایەك بۆ فەرمانڕەواییەكەی، فەرمانڕەواییی داود لە خەلیل شەش حەفت سالێ درێژەی كێشا و، ئینجا (قدس)ی لە یەبوسیەكان وەرگرت و كردییە پایتەختی دەوڵەتەكەی و، ناوی لە هەردوو بەرزاییەكەی قودس نا (موریا) و (صیون) ، ئەم وشەیە هەمان واتای (صفا) و (مروە) یان هەیە لە مەككەی پیرۆزدا، ووشەی (مروە) بە واتای (شوێنی بینینی خوا) دێت و وشەی (صفا) بە واتای (تەمۆخ[1] یان بەرد) دێ .

لە ماوەی فەرمانڕەوایی دا، داود چل ساڵ درێژەی كێشا و لەو ماوەیەدا گەلێ جەنگ ڕوویدا و تووشی گەلێ پەژارەی خێزانی بوون، لەم بارەیەوە گەلێ بیر و بۆچوونی دژ یەك لە ئارادایە، كە بۆ دوو سەرچاوەی جیاواز دەگەڕێتەوە.

لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی (ص) باسی هیچ تاوانێ ناكا، كە درابێتە پاڵ داود دەرحەق (اوریا)ی سەربازی و (باتشیبا)ی خێزانی (سفر صموئیل الثاني، الفصل١١) مەزنیی قورئان لەوەدایە، كە هەموو پێغەمبەران لە داوێن پیسی دەپارێزێ ، قورئان وەكو تەوراتی گۆڕاو نییە، كە تاوانی زینا بداتە پاڵ داود و سزای مردنی لەسەر بدرێ بە پێی شەریعەتی (موسى) ، ئەو تاوانەی كە زۆر قورسە بیدەینە پاڵ یەكێكی ئاسایی، نەك پێغەمبەرێكی نێردراو (مرسل).

رازی لە تەفسیرەكەیدا دەڵێ: زۆربەی زانایەكان ئەم تاوانە رەد دەكەنەوە

[1] تەمۆخ: تەڵاشە بەرد، بەهەموو جۆرە بەردێكی ڕزیو و ناسكیش دەڵێن. فەرهەنگی كوردستان(التفسیر).

و، بە بوختانی لە قەڵەم دەدەن و وشەكانی لێبوردن، كە لـە دەقـی هـەردوو ئایەتەكەدا (٢٤_٢٥ص)[١] هاتووە بە واتای تاوانباریی داود نایـێ، چـونكە داوای لێبووردن (استغفار) بە واتای پارێزگاری چاكردنی كاروبـاریش دێـت، داود هەرچـەندە فەرمانڕەوایـەكی مـەزن بـوو، بـەڵام نـەیتوانی بـە تونـدی دەسەڵاتی بەسەر دوژمنەكانیدا هەبێت.

دەوڵەتی داود دوای سلێمانی كوڕی بووە دوو دەوڵەت و بە زۆریی لە گەڵ یەكتر دەجەنگێن، ئەوە (دە) خێڵەی كـە دەوڵـەتی ئیـسرائیلیان (الـسامرە) پێكهێنــابوو دژی بنەماڵــەی داود بــوون، كــە دەوڵــەتی (یهــوذا) یــان پێكهێنابوو، ئەو (دە) خێڵە تەنیا پێـنج سـفرەكەی (Pentateuch) پـەیمانی كۆنیان قەبوڵ بوو چونكە لە دانە(نسخة)ی سـامریی پێـنج سـفری یەكـەمی پەیمانی كۆن وشەیەك بەرچاو ناكەوێ یا پێشبینیەك لە بارەی بنەماڵەی داود بەرچاو ناكەوێ، لەوانەش ئەو قسانەی كە دراونەتە پاڵ پێغەمبـەرانی وەكـو ئیلیاس و یەسەع و هیدی لەوانەی كە لە ئیسرائیل (سـامرە) ناسـراو بـوون لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پاشا سەركێشەكانی ئیسرائیل دا.

بەڵام دوای ڕوخانی دەوڵەتی ئیسرائیل و دوور خستنەوەی دە هۆزەكە بـۆ بابل پێشبینیەكان لە (یهـوذا) دەستی پێكرد و میرێكی بنەماڵـەی داود دێ و میللەت دەكاتەوە یەك و سـەر بـە دوژمنـەكانی دادەنوێنـێ. لێـرەدا زۆر گوتەی پۆشراو لەم بارەیەوە هەیە، كە دراونەتە پاڵ پێغەمبەرە پاشینەكان و خۆشیی خستۆتە دڵ و دەروونی قەشەكانی كەنیسە لەگەڵ ئـەوەی، كـە ئـەم گوتانە پەیوەندییان بە عیسای مەسیحەوە نییە، لەمـەودوا بـە كـورتی دوو نموونەی لەو پێشبینیانەی دەخەمە بەرچاو:

---

[١] "وَظَنَّ دَاوُدُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ(٢٤)فَغَفَرْنَا لَهُ ذَلِكَ وَإِنَّ لَهُ عِنْدَنَا لَزُلْفَى وَحُسْنَ مَآبٍ" (ص٢٤_٢٥).

پێشبینی یەكەم: لە سفری (اشعیا ١٤/٧) لە كچێكی (ألماه_ بە عیبری) دوو گیان، كوڕێك دەبێ ناوی (عمانوئیل) دەبێت و وشەی (ألماه)ی عیبری بە واتای كچێنی نایێ هەروەك دیانە هوتیەكان لێكی دەدەنەوە، بۆ ئەوەی بە هۆیەوە ئاماژە بە مریەمی كچێنی دا بكەن، بەڵام خۆی بە واتای كچێ دێ لە تەمەنی شووكردن و ئەو وشە عیبریەی، كە بە واتای كچێنی دار دێ (بتوله)، بەڵام ناوی (عمانوئیل) بە واتای (خوامان لە گەڵە) دێ و سەدان ناوی عیبری بە بڕگەی (ایل) دەست پێدەكا، یان كۆتاییی دێت. ئەوەی گومانی تێدا نیە نە (اشعیا) یان ئاحاز پاشا (شای یەهوزا لەو كاتەدا) یان هەر جوولەكەیەك بیریان لەوە نەكردۆتەوە، كە ئەو منداڵەی لەمەودوا دەبێ ئەوە خوا خۆی دەبێ ( بە پێی واتا) بەڵكو لەو باوەڕەدا بوون، كە ئەوە ناوێكی پیرۆز دەبێ بۆ منداڵە بووەكە، چونكە ئاحاز خۆی لە مەترسی دابووە و قودس گەمارۆ دراو بوو، ئینجا هێمای ڕزگار بوونی درایێ، كە ئەو كچە لەمەودوا كوڕێكی دەبێ و ناوی (عمانوئیل) دەبێ، بێگومان ئەو كچەش نابێ مریەمی كچێنی دار بێ كە دوای حەفت سەد ساڵ بە دیار دەكەوێ.

ئەو پێشبینیە سادەیەی كە دەڵێ، منداڵێك لە كاتی فەرمانڕەواییی ئاحاز لە دایك دەبێ و ناوی (عمانوئیل) دەبێ، كە نووسەری ئینجیلی مەتتا (متی١/٢٣) بە هەڵە تێگەیشتووە، خۆ جوبرائیلی فریشتە ناوی لە كوڕی مریەم ناوە (عیسی) نەك (عمانوئیل)، بەجۆرە گەر ناوی (عمانوئیل) بكەنە بەڵگەی بیروباوەڕی بەرجەستە بوونی مەسیحی، لە هەڵەیەكی گەورە زیاتر نییە.

نموونەیەكی ترت بۆ باس دەكەم لەو پێشبینیەی كە لە (سفر زكریا ٩/٩)دا هاتووە (ئەی كچی سەهیۆن دڵگەش بەو، ئەی كچی قودس بانگ

رابێرە، پاشایەكەت بۆ لای تۆ دێ، لە خوا ترس و لەسەرە خۆیە و رزگار كەرە و بە سوارییی كەر دێ) لەم دەربڕینە شیعرییەدا نووسەر دەیەوێ بە سادەیی وەسفی ئەو كەرە بكا، كە پاشا سواری دەبێ و دەڵێت: كەرێكی خورت و جاشی ماكەرێ بوو (ابن الاتان).

بەڵام ئینجیلی مەتتا ئەم دەربڕینەی بەم شێوەیەی خوارەوە گێڕاوەتەوە (متى ٢١/٥) : ( بە كچی سەهیۆن بڵێن پاشایەكەت بە سواری ماكەرێكی جاشی ماكەر بە ئاسوودەییەوە بۆت دێت).

گرنگ نیە ئەو كەسەی كە ئەم دەربڕینەی سەرەوەی نووسیوە بە ڕاستی باوەڕی هێناوە یان نەیهێناوە، كە (عیسى) جاشەكەشی لەگەڵ بووە و ئەمەش وەكو پەڕجووێ لە پەڕجووەكان ریزی لێگرتووە، بەڵام سەیر و سەمەرە لەوەدایە زۆربەی باوكە دیانەكان باوەڕیان بەوە هێناوە، هەرچەندە ئەم جۆرە وەسفە زیاتر لە گاڵتە نزیكە، نەك لە كەژاوەیەكی پاشایانەی شكۆدار ، كەچی لۆقا بە ئاگابووە و نەكەوتۆتە هەڵەی مەتتاوە، ئایا دەچێتە عەقڵەوە، كە هەردوو نووسەرەكە ئیلهامیان لە گیانی پیرۆز وەرگرتبێ؟

دوای گەڕانەوەی جوولەكە لە دیلی بابلی زەكەرییا پێشبینی كرد، كە پاشایەكی لەسەرە خۆ و بێ فیز بە سواری كەرەوە دێ و رزگار كەرە و دووبارە ماڵی خوا بنیات دەنێتەوە، زەكەرییا ئەم پێشبینیەی بۆ هات هەر كە جوولەكە لەگەڵ گەلانی دراوسێیان لە دوژمنكاری دابوون، چونكە دەیان ویست پەرستگا و شاری قودسی وێرانكراو بنیات بنێنەوە، بۆ بنیات نانەوەی پەرستگاكەیان چاوەنواڕی فەرمانی داریۆشی پاشای فارس بوون، لەگەڵ ئەوەی كە هیچ پاشایەكی جوولەكە بە واتای وشە لە دوای سەدەی شەشەمی پێش مەسیح بە دیار نەكەوت ( واتا: دوای گەڕانەوەی جوولەكە

لە دیلی بابلی) ، بەڵام جوولەكە لە ژێر سایەی چەند دەوڵەتێكی نیمچە سەربەخۆ دەژیان، كە لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە بوون، ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە مەبەست لە پێشبینیەكەی زەكەریيا ڕزگار بوونێكی مادی و لەناكاوی جوولەكەیە، نەك ڕزگار بوونێكی دواخراو بۆ (٥٢٠) ساڵ، كە چاوە نواڕی عیسای مەسیح بكرێ بە سواری دوو كەرەوە بێ و بچێتە شاری قودس، كە لەو كاتەدا شارێكی گەورە و دەوڵەمەند بوو و پەرستگایەكی نایابی تێدا بوو و، هەر لەوێ جوولەكە بیگرن و بیدەنە دەست دەسەڵاتدارە ڕۆمانیەكان، هەروەك ئینجیلەكانی ئێستا پێمان دەڵێن، ئەمە هیچ جۆرە پرسە و سەرە خۆشیەكی بۆ جوولەكە چەوسێنراوەكان تێدا نەبوو ئەوانەیو كە لە قودسی وێرانكراو بوون و لە هەموو لایەكەوە نەیار گەمارۆی دابوون، بۆیە لەوانەیە لێرەدا مەبەست لە وشەی پاشایەكێ لە گەورە سەركردەكانیان بێ وەكو زیرۆ بابل Zerobabel یان عزرا (عزیز) یان نەحمیا.

مەبەستم لەم دوو نموونەیە ئەوەیە، كە بۆ خوێنەرانی خۆم روون بكەمەوە چۆن مالم (حبر) و ڕەبەنەكان دیانەكانیان چەواشە كردووە بەوەی كە لێكدانەوەی كرچ و كاڵیان پێشكەش بكەن لەبارەی ئەو پێشبینیانەی، كە لە كتێبە پیرۆزەكانی جوولەكەكاندا هەیە.

ئێستاش با بەرەو پێشبینی داود بڕۆین، كە بابەتی ئەم پار(فصل)ەیە و لە پێشبینیەكەدا دەڵێ: (یەهوە Yahwah بە ئەدەۆنی Adon گەورەمی ووت: لە لای ڕاستەم دابنیشە، تا دوژمنەكانت دەخەمە ژێر هەردوو پێتەوە).

پێشبینیەكەی داود لە مەزموری (١١٠) هاتووە و لە مەتتا و (٢٢/٤٤) مەرقەس و (١٢/٣٦) لۆقا (٢٠/٤٢)ی وەرگرتووە و لە هەموو زمانەكان بەم جۆرە نووسراوە: خوا بە خوامی گوت (قال الرب لربي) لە

جیاتی (یەهوە بە گەورەمی گـوت) ، ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێ، كـە ئەگـەر ووشەی یەكەمی (الرب) خوا(الله) بگەیەنێ ئەوا وشەی دووەمی (ربي) هـەر خوا(الله) دەگەیەنێ ، واتا: بگۆ و دوێندراو و هەر خوایە، لەبەر ئەمـە داود دوو خوا دەناسێنێ ! سەرەڕای سەیر و سـەمەرەییی ئـەم لۆجیكـە(منطـق)ە باوكە مەسیحیەكان دەیكەنە بەڵگەیەكی گونجاو بۆ بیروباوەڕیـان، ئایـا كـام لەم دوو خوایە خوای داودە؟ ئەگەر بە ڕاستی داود گوتبی: خوا بـە خـوامی گوت، ئەوا خۆی كردۆتە گاڵتە جار نەك لەبەر ئەوەی، كـە بـاوەڕی بـە دوو خوای یەكەم، كە فەرمانی پێكردووە لای ڕاستەی دابنیشێ، تا دوژمنەكـەی بخاتە ژێر هەردوو پێیەكانی.

ئـەم تێكـەڵ و پێكەڵكردنـە وا لـە مـرۆڤ دەكـا، كـە تەوراتەكـەی یـان ئینجیلەكەی یـان قورئانەكـەی بـە زمـانی ئەسـڵی بخوێنێتـەوە، كـە پێـی نووسراوە بۆ ئەوەی بە ڕاستی لە ئاین بگات.

وشە عیبرییە ئەسڵیەكانم وەكو خۆیان نووسیەوە، وەكو:

(یهـوەYahwah) و (أدونAdon) بـۆ ئـەوەی هـیچ لێڵـی و خـراپ تێگەیشتنێ پەیدا نەكا، پێویست بوو ئەم جۆرە ناوانە لە كتێبـە پیرۆزەكـان وەكو خۆیان بهێڵرابانەوە. ئەگەر وشەی پڕ بە پێستی خۆیان بەرامبـەر نـەبێ لە وەرگێڕاندا، وشەی چوار دەنگیی (ی ھ و ە ) ، كە بە (یهوفا) گۆ دەكرا و ئێستا بە (یهوە) گۆ دەكرێ، ئەمە یەكێ لە نـاوە (نـاودار)ەكـانی خوایـە و جولەكـە بـە پـیرۆزی دەزانـن و بـەڕادەیێ هـەر كـە كتێبـە پیرۆزەكانیـان دەخوێننەوە ، بەڵام ناوەكەی تر (الوهیم) دەری دەبڕن، كەچی نـاوی (یهـوە) دەرنابڕن، هـۆی جیـاوازی خـستنە نێـوان هـەردوو نـاوی خـوا كێـشەیەكی تایبەتیە بە خۆیەوە و، لە چوار چێوەی لێكۆڵینەوەماندا نیـە، بـەڵام دەبـێ بگوترێ، كە ناوی (یهوە) قەت لەگەڵ ڕاناوی لكـاو بـەكار نایـت، لەوانەیـە

ناوێكی عیبریی تایبەت بێ بە خودی، خوایی چونكە خوایێكی میللیی گەلی ئیسرائیلە، كەچی (الوهیم) كۆنترین ناوە، كە لای سامیەكان زانراوە و زۆر جار وشەی چوار دەنگی (یهوه) شان بە شانی (الوهیم) بەكار هاتووە، دارشتنە عەرەبیەكە (الله ربنا) یەكسانە بە دارشتنە عیبریەكە (یهوە الوهیم).

بەلام وشەكەی تر (ادون Adon) بە واتای فەرمانـدەریان گەورە دێت، بۆیە بەشی یەكەمی پێشبینیەكە پێویستە بەم جۆرە بخوێنرێتەوە (خوا بە گەورەمی گوت_قال الله لسیدي).

داود بە پێی ئەوەی، كە پاشا بوو خۆی گەورە و فەرمانـدەر بوو لەسەر هەموو جولەكەیێ و گەورەی هەموو ولات بوو، كەواتە كێ گەورەی ئەوە؟ ناتوانین بۆ ئەوە بچین، كە داود وشەی (سیدی)ی بۆ یەكێ لە پێغەمبەرە مردووەكانی وەكو ئیبراهیم، یان یەعقوب بەكار هێنابێ، چونكە نازناوی باوكی (الاب) بۆیان بەكار دێنا،

هەروەها گونجاو نیە، كە داود وشەی (سیدی) ی بۆ یەكێ لە بنەماڵەكەی خۆی بەكارهێنابێ، چونكە نازناوی گونجاو بۆ ئەم حاڵەتە (كوڕەكەم _ بُنـيّ)یە بۆیە ناشێ یەكێ ببێتە گەورە (سید)ی داود جگە لە خوا، تەنیا ئەو كەسە نەبێ، كە لە هەموو خولقێنراوێ ماقوڵتر و بەڕێز و گەورەترە.

سەلیقە وردی لەوە دایە بیر لەوە بكەینەوە، كە خوای مەزن پیاوێكی هەڵبژاردووە و هەندێ سیفەتی وای هەیە، كە شایانی ئەوەیە ماقووڵترین مرۆڤ بێ و شایانترین كەس بێ بە ستایش و پەیڕەوی كردنی ، بێگومان دانایان و پێغەمبەرەكان لە كۆنەوە ئەم كەسێتیە مەزنەیان ناسیوە و، بە (گەورە _ سیدی) بانگیان كردووە وەكو داود.

مالی جولەكە و لێكدەرەوەكانی پەیمانی كۆن(العهد القدیم) گەیشتنە ئەو

ئەنجامەی، كە مەبەست لەم دەربڕینە مەسیحی چاوەڕوان كراوە كـە دەبوایـە لــە نــەوەی داود بێــت، ئەمــەیان بــە عیــسای مەسـیح گــوت، بــەڵام ئــەو بیروباوەڕیانی ڕاست كردەوە و پێی ڕاگەیاندن، كە ئەو ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو نیە و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەكانیانی دایەوە (ئەگەر داود بە گـەورەم (سیدی) ناوی بێنێ چۆن دەبێتە كـوڕی؟) هـیچ وەڵامیـان بـۆ ئەمـە نـەبوو (متی٢٢/٤٤) و (مرقص١٢/٣٦) و (لوقا٢٠/٤٤) ، نووسـەرانی ئینجیـل لــە ناكــاو بــەردەوامیی ئــەم گفتوگۆیــەیان بــڕی، بــێ ئــەوەی هــیچ ڕون كردنەوەیەك، ئەمەش لەوان و لە مامۆستایان ناوەشێتەوە، چونكە بە ڕاستی مامۆستا (المعلم) ئەو ئاڵۆزیەی چارەسەركرد كە لەو كاتە وروژانـد بوویـان هەر كە بینی نەحەواریەكان و نە ئەوانەی لـەوێ ئامـادەن تـر نـەیان تـوانی بزانن (السید) كێیە؟

هەر كە (عیسی) گوتی (الـسید) یـان (الادون) نابـێ كـوڕی داود بـێ و خۆی هەڵا وێرد(إستثناء)كرد لەو نازنـاوە، ئەمــەش روونكردنەوەیـەكی دەم كوتكەرە، پێویستە دیانەكان وریا بنەوە، تا بە چـاوێكی واقیعیانـە سـەیری مەسیح بكەن، كـە بەنـدە و پێغەمبــەری خوایـە و ئـەو مۆركـە خواییـەی داویانەتە پاڵی ڕەدی بكەنەوە، چونكە خۆی ئەمەی بۆ خۆی نەویستووە.

ناتوانین تێڕوانین بكەین، كە مامۆستایەكی دڵـسۆز ببینـێ قوتابیـەكانی ناتوانن وەڵامی پرسیارەكەی بدەنەوە، ئەویش بە بێدەنگی بمێنێتـەوە، تـەنیا ئەگەر وەكو ئەوان نەزان بێ و توانـای وەڵامدانـەوەی نـەبێ ، بـەڵام عیـسا سەلامی خوای لێ بێ مامۆستایەكی نەزان نەبووە و هـیچ كێـشەیەكی بـێ چارە بە جێ نەهێشتووە ، بەڵام ئینجیلی كەنیسەكان باسی وەڵامی عیـسای نەكردووە بـۆ پرسـیاری (گـەورە (سـید)ی داود كێیـە؟) لـە هـەمان كاتـدا ئینجیلی بەرنابا باسی كردووە و كەنیسەكان ئەم ئینجیلەیان رەد كردۆتـەوە، چونكە زمانەكەی زیاتر لەگەڵ كتێبە دابـەزیوەكان دەگونجـێ و، بـە ڕوونـی

باسی سروشتی پەیامەكەی عیسا دەكات، لەوەش گرنگتر زۆر بە وردی وشەكانی عیسا لە بارەی (محمد)ەوە تۆمار دەكا و، بە ئاسانی دەتوانرێ دانەیێ لەو ئینجیلە بە دەست بهێنرێ، كە پێمان وایە وەلامی عیسای تێدایە و دەڵێ (پەیمانی نێوان خوا و ئیبراهیم بابەتەكەی ئیسماعیل بوو و، ئەوەی لە هەموو كەس سەروەرتر و پڕ ستایشتر دەبێ لە بنەماڵەی ئیسماعیل دەبێ، نەك لە بنەماڵەی ئیسحاق و داود) ، دەڵێن گوایا عیسا زۆر جار لە بارەی (محمد)ەوە دواوە، چونكە لە ئاسمان بە گیانی گەیشتووە، پشت بە خوا لە مەودوا ماوەم دەبێ لەسەر ئەم ئینجیلە بنوسم.

گومانی تێدا نیە، كە خەونەكەی دانیال لە بارەی پێشبینیكردنی بەناشای مەزن (محمد) لەگەڵ پێشبینیەكەی داود و خەونەكەی ئەییوب پێغەمبەر (ایوب١٩/٢٥) یەك دەگرێتەوە، ئەییوب پێغەمبەر پێشبینی ئەوەی كرد، كە رزگار كەرێ پەیدا دەبێ و خەڵك لە دەسەلاتی شەیتان ڕزگار دەكات، ئینجا لەمەودوا دەزانین، كە مەبەست لە گوتەی داود هەر، كە گوتی (سیدی) محەممەدە.

پێغەمبەر (محمد) بە گەورەی نێردراوەكان (سید المرسلین) وەسف دەكرێ، واتا (ادونAdon)ی پێغەمبەران و ئەو بەڵگانەی، كە لە پەیمانی كۆن هاتوون تەواو لەگەڵ ئەوە دەگونجێن، هەر هێندەش دەمێنێتەوە، كە مرۆڤ سەری لە نەزانی و خۆ بە زل زانینی ئەوانە سوڕ بمێنێ، كە نایانەوێ تێبگەن و سەر بۆ حەق دابنەوێنن:

١_ گەورەترین پێغەمبەر و گەورە (ادون) ئەو كەسە نیە، كە فەتح كەرێكی مەزن بێ و راپێچ دەری مرۆڤایەتی بێ و، لە پێناو رزگار كردنی گیانی خۆی لە ئەشكەوت و دێر ژیانی بەسەر بەرێ، بەڵكو ئەو كەسەیە، كە چاكە و خزمەت پێشكەشی مرۆڤ دەكا، ڕێگەی ناسینی خوایان بۆ ڕووناك دەكاتەوە و دەسەلات و دامەزراوەكانی شەیتان لەناو

دەبات، (محمد) سەری ماری پانكردەوە و لەبەر ئەوەیە قورئان نـاوی لـە شەیتان ناوە (ابلیس) واتا : شكاوو ورد و خاشـكراو، كەعبـە و وڵاتـی عەرەبی لە بتەكان پاك كردەوە و فەڵەستین و هەموو ئەو وڵاتانەی، كـە ئیبراهیم سەردانی كردبوون پاك كردەوە لە بـت پەرسـتی و هاوبەشـی و دەسەڵاتی شەیتان و نوری لە هەر چوار پەڕی جیهـان بـڵاو كـردەوە بـە شـێوەیەكی وا، كـە كـردەوە و دەسـكەوتووە مەزنـەكانی لـە مێـژووی مرۆڤایەتی دا هیچ شتێ نەیان گەیشتێ.

٢_ (عیسی)ی مەسیح جەختی لەسەر ئەوە كرد، كە خۆی گەورەی داود نەبووە. هەروەها دەری خـست رزگـار كـەری چـاوەروانكراو لـە بنەماڵـەی داودەوە پەیدا نابێت، بەم جۆرە جگـە لـە (محمـد) هـیچ كەسـێ لـە نێـوان پێغەمبەرەكان گەورەی داود نەبووە، هەر كە بەراوردی ئـەو شۆڕشـە ئاینیـە دەكەین، كە نەوەی ئیـسماعیلی مـەزن لـە جیهانـدا بـەرپای كـرد لەگـەڵ كاروكردەوەی هەزارەها پێغەمبەر بەیەكەوە، دەگەینە ئـەو ئەنجامـەی، كـە هـەر (محمـد)ە شـایانی نازنـاوی (ادون) گـەورەی پێغەمبـەران و خـاوەن پەیامەكان.

٣_ داود چۆن زانیی، كە (یهوه) بە گەورەكەی (ادون) گوتووە:

(لە لای راستەم دابنیشە، تا دوژمنەكەت دەكەمە خاكی نێـوان هـەردوو پێت)؟ كەی داود گـوێی لـەم فەرموودەیـەی خـوا بـووە؟ مەسـیح وەڵـامی ئەمەی داینەوە و گوتی: (گیانی داود ئەوەی نووسی ) چـونكە داود، ئـەدون (محمد)ی بینی هەروەك دانیال بینیبووی (سفر دانیال/٧) و بـۆلس بینیبـووی (٢الكورنتیین/١٢) ، هەروەها هـەروەك گـەلێكی تـریش بینیبوویـان . لـە ڕاستیدا مەتەڵ(الغزل)ی (اجلس عـن یمـینی) لای ڕاسـتەم دابنیـشە بـەلای ئێمەوە روون نیە و لێڵە، لەگەڵ ئەوەش دەتوانین بە دڵنیاییەوە بگەینـە ئـەو ئەنجامەی كە ئەم ڕێز لێنانە تایبەتیەی (محمد) واتا: شـەرەفی دانیـشتنی لـە

لای ڕاستەی عەرشی خوا و بەرز كردنەوەی بۆ ڕێزی گەورەی پێغەمبەران و هەموو خولقێنراوان لە شەوی شەوڕۆیین و چوونە ئاسماندا ڕوویداوە.

٤_ یەكەم نارەزاییی سەرەكی كەنیسە لەسەر نارنی (محمد) و سەركەوتنەكانی، چونكە (محمد) دژی ڕێنماییەكانی سێلانە(تثلیث) بوو، بەڵام پەیمانی كۆن لە (الله)ی تاك هیچ خوایەكی تر ناناسێت، گەورەی داود لە لای ڕاستەی خوایەكی سێلانە دانەنیشت، بەڵكو لە لای ڕاستەی تەنیا خوایەك.

## ( پاری هەشتەم )

## سەید و پێغەمبەری پەیمان

دوا سفری پەیمانی كۆن پێی دەگوترێ (ملاخی) بە واتای (ملاكی) فریشتەم یا خود پێغەمبەرم (رسولی) دێت، وشەی عیبری (ملاخ) وەكو (ملاك)ی عەرەبیە و (انگلیوسAnghelos)ی یۆنانیە، كە ناوی ئینگلیزی (Angel) ی لێ داڕێژراوە، كە بە واتای ئەو نێردراوە دێ، كە پەیامێ یا هەواڵێ رابگەیەنێ.

بەڵام نەزانراوە ئەو (ملاخی)یەی كە لە (سفر)ەكە ئاماژەی پێكراوە كێیە، هەروەها سەردەمی دەركەوتنی و پێشبینیەكەی لە مێژووی جولەكەدا نازانین، چونكە سفری (ملاخی) و هیچ بەشێ لە بەشەكانی پەیمانی كۆن ئەم زانیارییانەمان پێ نابەخشن. سفری (ملاخی) بەم وشانەی خوارەوە دەست پێدەكات (دوای یەهوەی خوای ئیسرائیل لە سەر دەستی مەلاخی) و لە چوار پار(فصل)ی كورت پێكهاتووە.

دواندن(الخطاب)ەكە بۆ جولەكەكانی قودسە، كە بێ نرخترین مەڕ و

مالآتی قوربانییـان پێـشكەش دەكـرد، قوربـانیی كـوێر و گێـڕ، دەیـەكیان پشتگوێ خستبوو، ئەگـەر بـشیان دابایـە لـە خـراپترین جۆرەكـانی دەدرا، قەشەكان كاتی خۆیان تەرخان نەكردبوو بۆ جێبـەجێ كردنـی ئەركـەكانیان، چونكە نەیان دەتوانی پارچە گۆشتی برژاوی مانگا و پارچە گۆشـتی بـرژاوی مەڕی پیری پەككەوتەی قوربانی بخۆن، ئـەو دەیەكـە كەمـەی، كـە وەریـان دەگرت بەشیانی نەدەكرد، بـەڵام (یهـوە) لەگـەڵ ئـەو میللەتـە دەدوا، كـە چاكسازییان زەحمەت بوو، بۆیە هەندێ جار هەڕەشەی لێـدەكردن و، هەنـدێ جاری تر بەڵێنەكانی خۆی نەدەهێنایـە دی، هەنـدێ جـاریش بێـزار دەبـوو، پێدەچێ (ملاخی) پێغەمبەر لەسەرەتاكانی سەدەی چوارەمی پێش مەسـیح ئەم دەقانەی هێنابێ، هەر كە گەلی ئیسرائیل ئۆف ئۆفیان بوو لە (یهـوە) و ئەم قسەیان دەگوتەوە: (سفرەی خوا (یهوە) بێزەوەرە و ئەو جەمە خواردنەی پێشكەش دەكات بێ نرخە) (ملاخی١٢/١) هەروەها دەیانگوت:

(لە دیدگای (یەهوە)ەوە هەرچی خراپە بكات چاكە و یەهوە پێی دڵخۆش دەبێ، یان : كوا خوای دادوەری؟) ملاخی١٧/٢

كتێبی (سفرەی) مەلاخی بۆ دوای ماوەی دیلی بابلی دەگەڕێتـەوە و بـە شێوازێكی عیبری باش نووسراوەتەوە، بەڵام نابێ داوای ئەوە بكرێ، كە ئـەم سفرە بێ گۆڕان گەیشتۆتە دەستمان و، گەلێ ڕستەی شێواوی وای تێدایە بـە زەحمەت واتاكەی دەزانرێ.

بابـەتی لێكۆڵینـەوەمان لـەم پـار(فـصل)ەیـەوە بریتیـە لـە پێـشبینیە بەناوبانگەكەی سفری مەلاخی، كـە دەڵێـت: (ئـەوا مـن پەیامبـەری خـۆم دەنێرم، لە داهاتوودا ڕێگام لە بەردەم خۆشدەكا، ئینجا لـە ناكـاو ئەودێتـە پەیكەر، گەورە (السید)ە كە بە دوایدا دەگەڕێن، پەیامبەری ئـەو پەیمانەیـە كـە ئارەزووتانـە، ئـا ئـەوا دێـتن، بـەم جـۆرە خـوای كۆمـەڵان دەڵێـت)

(ملاخی٣/١).

ئەمە یەكێكە لە پێشبینیە مەسیحیانیە بەناوبانگەكان لە بارەی هاتنی رزگاركەری چاوەڕوانكراو، بەڵام هەموو قدیس و باوك و پاپا و بتریرك و قەشە و رەبەنەكان، تەنانەت منداڵانی قوتابخانەی یەكشەممەش پێمان دەڵێن وشەی (رسولی) ی ناوبراو لە دەقەكەدا ئاماژە بە (یحیی المعمدانی) دەكا و، دەستەواژەی (پەیامبەری پەیمان) كە دانە(نسخة) نیشتمانیەكانیان هەڵیان گێڕاوەتەوە بۆ (فریشتەی پەیمان) ئاماژە بە عیسای مەسیح دەكات.

زانینی واتای ڕاستەقینەی ئەم پێشبینیە زۆر گرنگە، چونكە كەنیسە مەسیحیەكان لەو باوەڕەن، كە مەبەست لێی دوو كەسی جیاوازە، هۆیەكەشی ئەو هەڵە گەورەیەیە، كە قدیس مەتتا كەوتووەتێ، چونكە یەكێ لە سیفەتەكانی ئینجیلەكەی، سوور بوونە لەسەر سەلماندنی هاتنە دیی پێشبینیەكانی پەیمانی كۆن، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستدارن بە ڕووداوەكانی ژیانی عیسای مەسیح ، لەم پێناوەش گوێی نەداوەتە ئەو ناكۆكیانەی، كە تێی كەوتووە و لەو دەقانە وورد نەبۆتەوە، كە لە كتێبە عیبریە پیرۆزەكان وەرگیراوە، ئەوەی ئاشكرایە مەتتا لە ڕێزمانی زمانەكە زۆر شارەزا نەبووە، لە وتاری رابردووم ئاماژەم بە یەكێ لەو هەڵە گرنگانە كرد، كە لە بارەی ئەو كەرە بوو، كە گوایە عیسای مەسیح سواری بووە.

هەموو ئەوە لەو پەڕی مەترسیدایە و گومان دەخاتە سەر ڕاستیی ئینجیلەكان و باوەڕ پێكردنیان ، ئایا دەچێتە عەقڵەوە كە مەتتای حەواری، ڕاستیی پێشبینیەكەی مەلاخی نەزانێت و (٣/١) وامان لێ بكات ئینجیلەكەی بخەینە خانەی پرسیارەوە؟ لە بارەی دانەری ئینجیلی دووەم قدیس مەرقیس چی دەڵێین، كە ئەو دەستەواژەیەی لە مەلاخی دایە دەیداتە پاڵ ئەشعیا؟

(مرقس١/٢)! هەروەها مەتتا (١/١١_١٥) گوتەیەكی داوەتە پاڵ عیسا، كە لۆقاش گێڕاوێتیەوە (لوقا١٨/٧_٢٨) گوتەكەشی ئەمەیە : عیسا لە ناو خەڵكی ڕایگەیاندووە، كە یەحیا لە پێغەمبەری زۆرتر بووە و هەر ئەو بووە، كە بەم جۆرە لەسەری نووسراوە (من فریشتەكەی خۆم دەنێرمە بەر دەمت و ئەو رێگای بەردەمت خۆش دەكات) و ئەو (یەكێكە لەو كەسانەی كە هیچ ژنێ لە یەحیا مەزنتری نەبووە، بەڵام نزمترە لە فریشتەی ئاسمانەكان) . گۆڕینی دەقی مەلاخی ئاشكرا و ئەنقەستە ، دەقە ئەسڵییەكە پێمان دەڵێ، كە (یهوە سبؤث) واتا (خوای هەموان) قسەكەرە و بڕوادارەكان گەلی بشنەون، ئەمەش دیارە لە وشەكانی (ئەوەی لێی دەگەڕێن..ئەوەی ئارەزووتانە) ، بەڵام ئینجیلەكان دەقەكەیان گۆڕی و ڕاناوی بگۆیان كرتاند و ڕاناوی بشنەویان لە بریتی دانا (امامك) و (وجهك) بۆ ئەوەی بۆ جوولەكە ڕوون بكەنەوە، كە خوای مەزن قسەی لەگەڵ عیسای مەسیح دەكرد (ئەوا من فریشتەكەم دەنێرمە بەردەمت، كە ڕێگای بەردەمت خۆش دەكات) (متی١/١٠) مەتتا وا حەز دەكا ئەوە بسەلمێنێ، كە فریشتەكە یان پەیامبەرەكە (یحیی) بووە و لەسەر زاری عیساوە گوتەكەی دەگێڕێتەوە، كە یەحیا لەسەر هەموو پێغەمبەرێكی هەیە و هیچ ژنێ لەو مەزنتری نەبووە و لەگەڵ ئەوەش بچووكترین ئەوەی لە جیهانی فریشتەكانە _ كە مەبەستی ئەوەیە عیسا فریشتەكەی بێ _ لە یەحیا مەزنترە.

من باوەڕ ناكەم بۆ تاكە چركەیەكیش بێ كە (عیسی) یان هەریەكێ لە حەواریەكانی ئەم جۆرە دەستەواژانەی بۆ گۆڕینی فەرموودەكانی خوا بەكارهێنابێ ، بەڵام یەكێ لە ڕەبەنە دەمار گیرەكان، یان یەكێ لە

كەشیش(الأصقف)[1]ە نەزانەكان ئەم دەقەی گۆڕیوە و لەسەر زمانی (عیسی) ئەم وشانەی داناوە، كە ناشێن لەسەر زمانی هیچ پێغەمبەرێكەوە دەرچووبن.

ئەو بیرۆكە كۆنەی، كە دەڵێ ئەو پەیامبەرەی كە داوای لێكرا بوو ڕێگای بەردەمی (السید) و (رسول العهد) خۆش بكا خزمەتكار و شوێنكەوتوویەتی ، لەسەرەنجامدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، كە پێشبینیەكە بۆ دوو كەسی جیاواز بوو، هۆی ئەمانەش گشتی نا بەڵەدییە[2] بە كەسێتیی ئەو پەیامبەرە و گرنگیی پەیامەكەی و قورسی و گرانیی ئەو كارەی، كە دراوەتە پاڵی، كەواتە بابە وردی لەم پێشبینیە و ڕاستیی لێكدانەوەی بكۆڵینەوە:

١_ دەبێ باش تێ بگەین، كە پێغەمبەر مرۆڤە وەكو كەسانی تر و فریشتە نیە و لەسەروی مرۆڤیشەوە نییە، هەروەها نەنێردراوە بۆ ڕێگا خۆش كردن بۆ پێغەمبەرێكی تر كە پێی دەگوترێ (السید) یان (رسول العهد) ، بەڵام داوای لێكراوە ئاینێكی بە هێز و پتەو و شیاو دابمەزرێنێت. هەروەها داوای لێكراوە هەموو كۆسپ و پێناو(وسیط)ێ لە نێوان خوا و خولقندەكانی لابەرێت، ئەوەی جێی باوەڕیشە ئەو پێغەمبەرە مەزنە تەنیا بۆ ئەوە نەهاتووە، كە ڕێگا خۆشكەر و ئاین خۆشكەری كۆمەڵە جولەكەیەك بێ و بەس، بەڵكو بۆ ئەوەی كە ئاینێكی چەسپاو و گشتی بۆ هەموو مرۆڤ دامەزرێنێت، لەگەڵ ئەوەی كە ئاینی جولەكە باوەڕ بە تاكە خوایەكی هەق دێنێ ، بەڵام چەمكی (اللّه) لای جولەكەكان شێواوە و وا گومان دەبەن كە (اللّه) خوایەكی نەتەوەیی گەلی ئیسرائیلە و بەس، بەڵام قەشە و ڕێوڕەسمە

---

[1] الأصقف: لە لای دیانەكان لە قەشە گەورەترە و لە مەطران بچوكترە التفسير.

[2] نابەڵەد: ناشارەزا.

ئاینییەكان كە باوەڕێكی چەسپاویان نیە لە بارەی ڕۆژی بە پابوونەوە(قیامة) و ژیانی دوایی و گەلێ خاڵی كێمسایی(نقص)ی تر هەموو ئەوانە بەڵگەی ئەوەن، كە بیروباوەڕەكانیان بۆ هەموو سەردەم و گەل و ڕەگەزەكان ناگونجێت.

لە ڕێلادانی دیانەكان بە پلەیەكی وایە، كە باوەڕیان بە تاوانی ئەسڵی و بەرجەستە بوونی خوا و سێلانە و حەفت ڕێوڕەسمە ئاینییەكان بێ و واتایەكە هەیە و نەبوونی ئینجیلێكی ڕاستەقینە لەبەردەستمان ، هەموو ئەمانە هیچ سوودیان بە مرۆڤایەتی نەگەیاندووە و بە پێچەوانەی بوونەتەوە هۆی ناكۆكی لە نێوان تایەفەكان و قین و ركەبەری لەنێوان مرۆڤدا.

كەواتە پێغەمبەر (الرسول) داوای لێكرابوو كە ئەم دوو ئاینە ڕاست بكاتەوە و ئاینی ئیبراهیم و ئیسماعیل و پێغەمبەرەكانی تر لەسەر چەند بنچینەیەك و ڕێنماییەكی سادە و ئاسان دەبمەزرێنێ، كە بۆ هەموو مرۆڤایەتی بگونجێت، ئەو ئاینە كورتترین ڕێگایە بۆ گەیشتنە خوا و ئاسانترینیانە بۆ پەرستنی خوا و ڕاسترین بیروباوەڕە، كە بە درێژاییی سەردەمەكان بە پاكی و بێگەردی دەمێنێتەوە و پێویستی بە قەشە و دەستتێوەردانی پێناو و داواكاران نییە.

سەرەڕای ئەمانە دەبوایە پێغەمبەر (الرسول) یەكسەر بێتە مزگەفتەكەی، جا لە قودس بێت یان لە مەككە و پێویست بوو لە سەری ڕیشەی بت پەرستی لە وڵاتە هەڵبكێشێ ، نەك هەر بە ورد و خاشكردنی بتەكان، بەڵكو باوەڕی یەكخوا پەرستی و ئیمان بە خوای هەق فێری ئەوانە بكا، كە هاوبەشی بۆ خوا پەیدا دەكەن.

جێ بەجێ كردنی ئەم كارە مەزنە، وەكو بەدەستهێنانی بۆچوونێكی هزریی نوێ و، دامەزراندنی ئاینێكی سەرتاسەریی جیهانیە، كە داوای رەد

كردنەوەی پێناو دەكا لە نێوان خوا و خوادا، بێ قەشە و بێ قدیس و بێ نهێنیی پیرۆز ، ئەمەش لە سەر دەستی پێغەمبەر (محمد المصطفى_ ﷺ) هاتە دی.

٢_ یەحیا ئەو پێغەمبەرە نەبوو كە مەلاخی پێشبینی كرد بوو لەبەر چەند هۆیەك ، لە لایێ تێبینی ئەوە دەكەین كە ئەو حەكایەتانەی چوار ئینجیلەكان لە بارەی یەحیاوە دەیگێڕنەوە دژ یەكن، بەڵام لەسەر تاكە خاڵێ یەكن ئەویش : یەحیا قەت هیچ رێگەیەكی خۆشنەكردووە، چونكە كتێبی پیرۆزی لە خواوە بۆ نەهاتووە و ئاینێكی نوێی دانەمەزراندووە، ئاینە كۆنەكەشی چاك نەكردۆتەوە، دەگێڕنەوە كەوا (یحیى) لە تەمەنی هەرزەكاریدا، دایك و باوك و ماڵی خۆی بەجێهێشتووە و لە سەر هەنگوین و كوللەی دەر و دەشت ژیاوە، تا تەمەنی گەیشتۆتە سی ساڵ، ئینجا لە دەور و بەری ئوردن بۆ جەماوەر دەركەوتووە و. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە مەتتا لە بارەی پەیوەندیی یەحیا بە عیسا هیچی نەزانیوە، یا خود زانیویێتی بەڵام گرنگیی پێ نەداوە و نەیگێڕاوەتەوە، بەڵام لۆقا لە ئینجیلەكەی باسی ئەو گوێڕایەڵیەكەی كردووە، كە یەحیا پێشكەشی عیسای كردووە، هەر كە هەردووكیان لە ناوزگی دایكیان كۆرپەلە بوون (لوقا ١/٣٩_ ٤٦)، هەروەها باسی كردووە، كە عیسا لە سەر دەستی یەحیا لە ئاوی ئوردون هەڵكێشراوە.

دەگێڕنەوە كە یەحیا گوتوویەتی: (لە دوای من یەكێ دێ، كە لە من بەهێزترە و من شایانی ئەوە نیم، كە بچەمێمەوە و قەیتانی پێڵاوەكەی بكەمەوە) (مرقص١/٧)، لە ئینجیلی چوارەم هاتووە، كە یەحیا لە بارەی عیساوە گوتوێتی: (عیسا بارانی خوایە، كە تاوانەكانی جیهان دەسڕێتەوە) (یوحنا١/٢٩)، گەر ئەمە راست بێ بۆچی یەحیا، كە لە بەندیخانە بوو

نێردراوێکی ناردەلای عیسا بۆ ئەوەی راستیی کەسێتیەکەی بۆ دەرکـەوێ و، پێی گوت: (ئایا تۆ ئەو پێغەمبەرە بەڵێن پێدراوەی کە دەبێ بێت، یـا خـود چاوەنواڕی یەکێکی تر بکەین؟) (متی۱۱/۳)، یەحیا لە بەندیخانـە شـەهید کرا، چونکە هەڕەشەی لە هیرۆدۆسی پاشا کرد لەسەر ئەوەی، کە براژنەکەی مارە کردەوە.

لە بەشی سێیەمی ئینجیلی مەتتا وەسـفی ئامۆژگـاریکردنێکی یـەحیا دەکا، کە تێیدا روونی کردۆتەوە، کە هاتنی پێغەمبەری مەزن نزیك بۆتەوە، ئەو پێغەمبەرەی، کە باوەڕداران (بە ئاگر و بە گیـانی قـودس) دەشـواتەوە نەك بە ئاو.

سەیر لەوەیە کە جوولەکە یەحیایان بە پێغەمبەر وەرنەگرتووە، هـەروەها سـەیر لـەوە دایـە کـە ئینجیلـی بـەرنابا باسـی یـەحیا ناکـات، ئـەو دەستەواژەیەی، کە گوایا یـەحیا لـە بـارەی عیـساوە گوتـوێتی، ئینجیلـی بەرنابا دەیخاتـە پـاڵ عیـسا، کـە لـە بـارەی پێغەمبـەری خـوا (محمـد)ەوە گوتوویەتی ، قورئان باسی پەڕجووی لە دایکبوونی یەحیای کـردووە، بـەڵام ئاماژەی بەو لە ئاو هەڵکێشانە نەکردووە، کە یەحیا کردوویەتی.

ئەگەر ڕاست بـێ یـەحیای مەعمـەدان ئـەو پێغەمبـەرە بـێ، کـە خـوا ناردوویەتی بۆ ڕێگە خۆشکردن لە پێش عیسا و، ئەگەر یەحیا موژدە دەری عیسا بێ و شوێنکەوتووی بێ، ئەوا خۆ خەریك کردنـی یـەحیا بـە لـە ئـاو هەڵکێشانی خەڵکی لە ئاوی ئوردون شـتێکی بـێ واتـا دەردەچـێ، چـونکە پێویست بوو یەحیا هـەر، کـە عیـسای بـینی یەکـسەر شـوێنی بکـەوێ و لەگەڵی بێت، بەڵام ئەمەی نەکرد، بە پێچەوانەوە هەر، کە لە بەندیخانە بـوو هێشتا لە عیسا بە گومان بوو و یەکێکی ناردە لای، کە پێی بڵێ: (ئایا تـۆ ئەو پێغەمبەرە بەڵێن پێدراوەی، کە دەبێ بێی، یا خود چاوەنواڕی یـەکێکی

تر بكەین؟) (متی ١١/٣).

٣_ یەحیای مەعمەدان ئیلیای Elijah پێغەمبەر نەبوو (بە پێچەوانەی ئەو گوتەیەی، كە دراوەتە پاڵ عیسا)، مەلاخی كە باسی (ایلیا) دەكات وای بۆ دەچێ، كە كەمێك پێش ڕۆژی بەپا بوونەوە(قیامة) پەیدا دەبێ نەك پێش پەیدا بوونی پێغەمبەری بەڵێن (ملاخی ٤/٥_٦)، هەتا ئەگەر مەسیحیش گوتبێتی كە یەحیا خۆی ئەوە بوو بێ، كە هەردووكیان لە ژیانی زوهدیان و باوەش كردنەوەیان بۆ خوا و بوێری و ئازایەتییان لە ئامۆژگاریكردن و هەڕەشە لێكردنی پاشا و سەرۆكە دووڕووەكان لێكچوون.

نامەوێ درێژە بە دەمەتەقێی یەك لە دوای یەكەكانی كەنیسە بدەم، كە گوایا یەحیا ئەو پێغەمبەرە بووە، كە ڕێگەی خۆشكەری عیسا بووە، بەڵام پێویستە ئەمەی بخەمە سەر، كە یەحیا هیچ شتێكی _ گەر بچووكیش بێ _ لە شەریعەتی موسا ڕەد نەكردۆتەوە و هیچیشی نەخستۆتە سەری.ئەو مەعمەدانیەی كە پەیڕەویی كردووە هەر (معمودیثا)یە كۆنەكەی جولەكە بووە، یا جۆرە دەست نوێژێك بووە و ناشبێ لە ئاو هەڵكێشانێ، یا دەست نوێژ هەڵگرتنی، یا خود ڕێبازێكی نوێی ڕێوڕەسمی تەعمیدی لێلاوی، كە كەنیسە دایهێنا بوو بە ئاینێكی نوێ دابنرێ.

٤_ لە كۆتاییدا ئەگەر گوتت مەبەست لە پێشبینیەكەی مەلاخی عیسای مەسیح نیە، ئەوا من گفتوگۆیەكی بەڵگە نەویست دەخەمە ڕوو، چونكە كەس دژی قسەكەم ناوەستێ كە كەنیسەكان هەمیشە لەو باوەڕە بوون، كە (پێغەمبەری ڕێگا) یەحیای مەعمەدانە نەك عیسا، كەچی جولەكە هیچیان قەبوڵ ناكەن، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشبینیەكە باسی تەنیا كەسێك دەكا نەك دوان، ئەوا من دەڵێم: عیسا ئەو كەسە نەبووە و ناشبێ ئەو بێ، چونكە گەر عیسا هەروەك دەڵێن خوا بوایە نابێ بەكاری بهێنن بۆ

ڕێگەی خۆش كردن لەبەردەم (یهوە سبئوث) واتا: خـوای هــەموان ! ئەگــەر عیسا هەر خۆی (یهوە سبئوث)بێت ئــەو كاتــە نابــێ عیــسا دامەزرێنــەری كەنیسە سێلانەییەكان بێ، كە ئەویان كردۆتە خــوا. ئەگــەر ســەیری ئــاینی مەسیحی بكەین لە بۆچوونی ئەرسۆزكسی یان كاسۆلیكی، یا پڕۆتستانی یا ڕزگار كەری یان كویكر یا خود هەر یەكێ لەو گروپ و لایەنە زۆرانــە، ئــەوا ناكرێ هیچێكیان ببنە ئەو ڕێگا (الطريق)ە یا خود ئەو ئایینە، كە مــەلاخی ئامــاژەی پێكــردووە، هــەروەها ناشــێ عیــسا ببێتــە ڕێخۆشــكەر یــا خــۆ دامەزرێنەری هیچێكیان. مادام ئەوانە یەكتایی ڕەهای خوا ڕەد دەكەنــەوە، كەواتە گوناهبارن و ناشێ عیسا ببێتە هاوڕێیــان، یــا خــود توانــای هــەبێ یارمەتییان بدات.

٥_ ئەو كەسەی لە پێشبینیەكە ئاماژەی پێكراوە، هەروەك لــە ملاخــی هاتووە(ملاخی٣/١) سێ سیفەتی هەیە و، ئەو پێغەمبەری خوایە و گەورەی فەرماندەرە و نێردراوی پەیمانە) ، هەروەها بە سێ مەرج جیادەكرێتەوە، كــە ئەمانەن : (ئەو كەسە لە ناكاو دێتە مزگەفتەكەی و لە خــەڵكی دەگــەڕێ و بۆی دەچن، هەروەها هاجێی خۆشەویستیەكی زۆری ئەوانە).

كەواتە دەبێ كێ بێ ئەو پێغەمبەرە مەزنەی، كە ئەم هەموو سیفاتانەی لەسەر جێبەجێ دەكرێ، جگە لە پێغەمبــەری ئیــسلام (محمــد) (صــلی اللە علیە وسلم) دەبێ كێ بێت؟ لە ناكاو وشەو ڕۆی پێكرا لە مزگەفتی كەعبــە بۆ مزگەفتی(أقصى) و بۆ جیهان نێردار بە قورئانی پــەڕ جــوو (معجــزە)وە ئاینی ئیسلامی درایێ، كە لە هەموو ئاینەكانی تر ژێر ئامێزتر(عقلانیــة) و سادە تر و سوود بەخــشترە بــۆ مرۆڤایــەتی، ئیــسلام هۆكــارێ بــوو بــۆ ڕێ نیشاندانی ملیۆنەها كەس، كە كەوتبوونە ناو برایەتیەكی جیهــانی و وڵاتــی ڕاستەقینەی خوای لێ پێكهاتبوو لەسەر خــاكی خــۆی بــەو شــێوەیەی، كــە

عیسا و یەحیا بانگەوازی بۆ دەكەن.

## ( پاری نۆیەم )

## پێغەمبەرە راستەقینەكان تەنیا مۆژدەی ئیسلام دەدەن

هیچ گەلێك لە مێژوودا وەكو گەلی ئیسرائیل لە ماوەی كەمتر لە چوار سەد ساڵ دوچاری گەلێك لە داواكەرانی پێغەمبەرایەتی نەبووە، ئەمە و جگە لە ژمارەیەكی زۆری جادوگەر و فاڵچی و ناو لەپ خوێنەوەكان، ئەوانەی داوای پێغەمبەرایەتییان دەكرد دوو جۆر بوون:

جۆری یەكەم: ئەوانەی كە سەر بە شەریعەتی (یهوە) بوون و بە ناوی ئەو، داوای پێغەمبەرایەتییان دەكرد.

جۆری دووەم: ئەوانەی بە ناوی (بعل)، یا هەر بتێكی تر داوای پێغەمبەرایەتیان دەكرد و لە لایەن هەندێ لە پاشا بت پەرستەكانی ئیسرائیلەوە پارێزگاریی دەكران.

هەندێ لە داواكارانی جۆری یەكەم لەسەردەمی پێغەمبەرە ڕاستەقینەكانی وەكو (میخا) و (ارمیا) دەژیان، هەندێ لە جۆری دووەمیش تەنگ و چەڵەمەیان بۆ (ایلیا) پەیدا كردووە و، بوونەتە هۆی كوشتنی پێغەمبەران و باوەڕ داران، هەروەك لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (احاب)ی پاشای ئیسرائیل و (جیزابیل)ی ژنی ڕوویدا (٨٩٦_٨٧٤پ.ز) . چینی یەكەم لە داوا كەرانی پێغەمبەرایەتی مەترسییان لەسەر ئاینی ڕاستەقینە زیاتر بوو، چونكە وا خۆیان نیشان دەدا، كە لە خواوە سروشیان بۆ دێ و ڕێوڕەسم و بۆنە ئاینیەكانیان لە پەرستگا و لەسەر تاتە بەردی قوربانی ئەنجام دەدا، هیچ پێغەمبەرێ هێندەی (ارمیا) لەسەر دەستیان دووچاری

چەوسانەوە و ئازار نەبوو.

هەر كە دەوڵەتی یەهوزا لە لایەن كلدانیەكانەوە هەڕەشەی هێرشی لێ دەكرا، لە چواریەكی كۆتاییی سەدەی شەشەمی پێش عیسا، (ارمیا) لە گەنجێتیدا پەیامی پێغەمبەرایەتیی دەست پێكرد، لەو كاتەدا جولەكە لەگەڵ فیرعەونی میسر هاوپەیمان بوون، بەڵام كلدانیەكان بەسەرۆكایەتیی (نبوخذ نصر) بەسەر فیرعەوندا زاڵ بوون و كەوتنی قودس حەتمی بوو، ئا لەو كاتە تەنگانەدا (ارمیا) هانی جولەكە و سەركردەكانیانی دەدا، كە سەر بۆ (نبوخذ نصر)ی پاشای بابل دابنەوێنن بۆ ڕزگار كردنی قودس لە وێرانبوون و ڕزگار كردنی جولەكە لە دیلی و ژیانی تاراوگە، (ارمیا) ئامۆژگارییە كاریگەرەكانی ئاڕاستەی پاشا و قەشە و گەورەكانی جولەكە دەكرد، بێ ئەوەی گوێی بدەنێ تا قودس لە ساڵی (٥٨٦پ ز) داگیر كرا و لە ئەنجامدا (نبوخذ نصر) پاشا و میر و گەلێ لە جولەكەكانی بۆ بابل دوورخستەوە. هەروەها دەستی بەسەر گەنجینەكانی پەیكەر داگرت، ئینجا یەك لە دوای یەك چەند میرێكی جولەكەی لەسەر قودس دانا و هەموویانی كردە پاشكۆی خۆی، زۆر جاران ئەوانە شۆڕشیان دژی دەكرد و (ارمیا) هانی دەدان، كە هەر سەر بە كلدانیەكان بێننەوە، بەڵام ئەوانەی داوای پێغەمبەرایەتییان دەكرد دوانیان خوتبەیان لە پەیكەر دەدا و دەیانگووت: (بەم جۆرە خوای هەموان دەڵێ: بڕوانن هێزی پاشای بابل لەناوچوو، لە ماوەی دوو ساڵدا گەنجینەكانی ماڵی خوا و هەموو دیلەكان دەگەڕێنەوە قودس).

(ارمیا) لێرەدا نیرێكی داری خستە ملی خۆی و بە خەڵكی ڕاگەیاند، كەخوا نیری پاشای بابل دەخاتە ملی هەموو جوولەكەكان، بەڵام (حنانیا)، كە نەیاری (ارمیا) بوو و یەكێك بوو لەو دووڕوانەی، كە داوای

پێغەمبەرایەتیی بۆ پاشا دەكرد زللەیەكی لێدا و، خستیە ژێر زەمینێك كە مشتیٚ قوڕ و چلْپاو بوو و خواردنی ڕۆژانەی تاكە نانێكی ڕەقی جۆ بوو، هەر كە كلدانیەكان دووبارە گەمارۆی قودسیان دایەوە، قودس توشی گرانی و برسێتی بوو و (حنانیا) مرد، هەروەك (ارمیا) پێشبینی كردبوو (ارمیا٢٨)، هەر كە شارەكە داگیر كراو تالاَن كرا و ئاگری تێ بەردرا و پاشای یاخی (سدقیا) و دەست و پێوەندەكەی بە دیل گیران، كە لەگەڵ خەڵكی دیل كرابوون برانە ولاَتی بابل و تەنیا هەژارەكان لە قودس بەجێهێشتران و (ارمیا) یەكێك بوو لەوانەی، كە لە قودس مایەوە و (نبوخذ نصر) فەرمانڕەوایەكی لەسەر قودس دانا، كە ناوی (جدالیا) بوو، بەلاَم ئەو جوولەكانەی كە لەوێ مابوونەوە دژی (جدالیا) هەستان و كوشتیان و (ارمیا)شیان لەگەڵ خۆیان برد و هەلاَتنە میسر، لە میسریش (ارمیا) دژی هەلاَتووەكان پێشبینی دەكرد و بەم جۆرە ژیانی لە میسر كۆتاییی پێهات.

كتێبی (ارمیا) هەروەك ئێستا دەیزانین زۆر جیاوازە لەوەی، كە لە چاپی حەفتایەمیینی پەیمانی كۆندا هەیە، وا پێدەچیٚ ئەو دانە یۆنانیەی، كە وەرگێڕانەكەی ئەسكەندەری گەورە متمانەیان لەسەری كردووە تەرتیبەكەی جیاواز بیٚ لە هیتر.

ڕەخنە گرانی تەورات وای بۆ دەچن (نووسەریش لە گەڵیانە)، كە (ارمیا) دانەری (یا بە لای كەمی كۆكەرەوەی) كتێبی پێنجەمی پێنج سفرەكەی پەیمانی كۆنە كە پێی دەگوتریٚ كتێبی دوو لانە(التثنیة) Deuteronomy بۆیە ئەم كتێب (سفر)ە گەلیٚ لە ڕێنماییەكانی ئەوی تێدایە، كە لە كتێبەكانی تری پەیمانی كۆندا نیە. بەلاَم من لەم پارەدا باسی یەكیٚ لە ڕێنماییەكانی (ارمیا) دەكەم، كە لەم كتێبەدا هاتووە، لام وایە یەكێكە لە دەقە زۆر گرنگەكانی پەیمانی كۆن.

ئەو بابەتە گرنگەی کە (ارمیا) باسیکردووە: چۆن دەتــوانین پێغەمبــەری ڕاستەقینە لە پێغەمبــەری ســاختە جــودا بکەینــەوە؟ (ارمیــا) وەڵامێکــی تەواوی پێمان داوە لە بارەی نیشانەی پێغەمبــەری ڕاســتەقینە کــە ئەمەیــە (ئەو پێغەمبەرەیە کە موژدەی ئیسلام ڕادەگەیەنێ) (سفر ارمیا٢٨/٩).

هــەروەها کتــێبی دوولانــە (التثنیــة١٣/١_ ١٨،٥/٢٠_ ٢٢) باســی هەندێ ڕێنمایی دەکا لە بارەی ئەوانەی، کە داوای پێغەمبەرایەتی دەکەن بە شێوەیەکی وا، کە گەلێ لەو خەڵکە نــایزانن، لــە کتێبەکــەدا هــاتووە، کــە چــاکترین ڕێگــە بــۆ زانــینی درۆ و دەلەســەی ئەوانــە چــاوەنوارِ کردنــی پێشبینیەکانیانە، کە زانرا درۆیە بکوژرێت.

لەگەڵ ئەوەش نەزانەکان ناتوانن جیاوازی بکــەن لــە نێــوان پێغەمبــەری ڕاستەقینە و، لە نێوان ئەوەی داوای پێغەمبەرایەتی دەکـات، هــەروەك لــەم ڕۆژانەدا ناتوانن بزانن ئایــا قەشــەی کاسـۆلیکی یــاخود قەشــەی (کلفــنی) کامیان لەم دوانە پەیڕەوی ڕاســتەقینەی عیــسای مەســیحن. هەنــدێ جــار ئەوەی بە درۆ داوای پێغەمبەرایەتی دەکات هەنــدێ کــاری نائاســایی و لــە ڕادە بەدەری لێ ڕوودەدا، یا خود هەندێ کار ئەنجام دەدا وەکــو پێغەمبــەری ڕاستەقینە ، ئەو ڕکە بە ڕکێیەی، کــە لــە نێــوان موســا و جــادوو گــەرانی فیرعەون ڕوویدا لــەم شــێوەیەن، لەبــەر ئــەوە (ارمیــا) ڕێگایــەکی نمونــەیی دەگرێتــە بــەر بــۆ تاقیکردنــەوەی هــەر پێغەمبــەرێ، کــە ئــەویش ڕێگــەی ئیــسلامە. تکایــە خوێنــەر بەشــی نۆیــەمی کتــێبی (ارمیــا) هــەمووی بخوێنێتەوە، ئینجا لەم دەقەی دادێ وردبێتەوە:

(ئەو پێغەمبەرەی کە لە بارەی ئیسلامەوە (الــشالوم )پێــشبینی دەکــا، هەر کە گوتەکەی لە دەم هاتە دەرەوە یەکسەر دەزانرێ، کــە خــوا بــە حــەق ناردوویەتی (ارمیا٢٨/٩)، وەرگێڕانەکەش وشە بە وشەیە و ووشەی (یتنبأ)

پڕ بە پێستی بە واتای پێشبینیكردنی ڕووداوی نادیار دێت و، وشەی (نـبي) بە تەواوی بەو كەسە دەگوترێ، كە پێشبینی دوا ڕۆژ دەكا، یان بـە ڕێگـەی سروش هەنـدێ ڕووداوی ڕابـووردوو دەزانـێ، بـەڵام پێناسـەی ڕاسـتەقینەی وشەی (نبی) (ئەو كەسەیە، كە سروش لە خـواوە وەردەگـرێ و دەیگەیەنێتـە مرۆڤ).

ئەوەی ئاشكرایە مەرج نیە كە پەیام(رسـالة) پێشبینی شتی نادیار بكـا، یا خود ڕووداوە رابردوەكانی بزانێ. بـەم جـۆرە فرمـانی (یتنبـأ) بـە واتـای سروش وەرگرتن لە خواوە و گەیاندنی دێت، لەقورئانی پیرۆزدا خوا فـەرمان بە پێغەمبەرەكەی (محمد) دەكات، كە بڵێ: (قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِـثْلُكُمْ يُـوحَى إِلَيَّ) الكهف/١١٠ واتا: (من مرۆڤێكی وەكو ئێوەم و سروشـم بـۆ دێـت) ، بۆیە ناتوانین بڵێین، پێغەمبـەرەكان هـەموو زانیارییـەكی جیهـانی دەزانـن، چونكە وا دەبێ هەندێ هەڵە بكەوێتە ناو ئـەو زانیارییـە جیهانیانییـەوە و، خوا پێغەمبەرانی بۆ ئەوانـە نـەناردووە، كـە فیزیـا یـا بیركـاری یـا خـود زانستەكانیان فێر بكات، بۆیە نابێ سەرزەنشتی هیچ پێغەمبـەرێ بكـەین، ئەگەر كەوتە هەڵەیەكی جیهانییەوە، چونكە مرۆڤە و بەس، بەڵام پێغەمبەر تەنیا لەو كاتە كە سروشەكە ڕادەگەیەنێ تـاقی دەكرێتـەوە لـە بـارەی ئـەو سروشەی، كە لە ئاسمانەوە بۆی دابەزیوە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر گوتەكەی (ارمیا)، كە گوتوویـەتی: پێغەمبـەر ئەو كاتە راستگۆیە ئەگەر موژدەی بە ئاینی ئیـسلام دا. بـۆ ئـەوەی باشـتر تێی بگەین گوتەكەی دەخوێنینەوە، (ارمیا) بە (حنانیا)ی نـەیاری دەڵێـت: (ئەو پێغەمبەرانەی، كە لە كۆنەوە لە پـێش مـن و تـۆ هـاتوون پێـشبینی گەلێ جەنگ و شەڕ و پەتایان كردووە، كە توشی هەنـدێ وڵات و دەوڵـەتی مەزن دەبێت) (ارمیا٨/٢٨) ئینجا دەڵێ: ( ئەو پێغەمبەرەی، كە پێشبینی

ئیسلام(الشالوم) دەكا هەر لە یەكەم گوتەیەوە دەزانرێ، كە بە ڕاستی لە لایەن خواوە ناردراوە) (ارمیا ٩/٢٨).

هەندێ ڕەخنە لە وەرگێڕانی وشەی (الشالوم) دەگرن، كە وەرم گێڕاوە بە (لە ئیسلام) بە ڕەچاو كردنی ئەوەی، كە (ال)ی پێش (شالوم) بە واتای (لە)، یا خود (ئەوەی پەیوەندارە بە) لێكدراوەتەوە.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ وشەی (شالوم) لە عیبری و (شلاما) لە سریانی و (سلام) و (اسلام) لە عەرەبی هەموویان لە هەمان ڕەگی سامین (شَلَمْ) و هەمان واتایان هەیە، ئەمەش لای هەموو زانایانی زمانە سامیەكان زانراوە ، كاری (شلم) بە واتای قەبووڵ كردن، یا خۆدانە دەست و بەدیهێنانی ئاشتی دێ، تا مرۆڤ لەگەڵ خۆی و خەڵكی هێور و لە سەرە خۆ بێت. هیچ یاسایەكی ئاینی لە جیهان نیە ناوێ یا وەسفێكی چاكتر و گشتی تر و شكۆدار تر و باڵا تر لە (ئیسلام)ی هەڵنەگرتووە ، ئاینی ڕاستەقینەی خوا نابێ بە ناوی هیچ بەندە یا وڵاتێ بكرێ، ئەو پیرۆزی و پارێزگاریەی، كە وشەی (ئیسلام) هەیەتی هەر ئەمەیە، كە ترس و سام و هەیبەت دەخاتە دڵی دوژمنەكانی، هەتا ئەگەر موسڵمانكان سەركز و بێهێزیش بن[1]. (ئیسلام) ناوی ئەو ئاینەیە، كە داوای مل كەچی و خۆدانە دەستێكی رەها بۆ خوادەكا بە شێوەیەكی وا كە ئاشتی و هێوریی دەروونی بە موسڵمان دەبەخشێ، جا پشێوی و تەنگ و چەڵەمەی هەرچەند بێ و هەڕەشەی لێ

[1] گرنگە تێبینی ئەوە بكەین، كە چۆن لێكدانەوەكانی دانەر لەگەڵ سەرنجەكانی قەیسەری ڕابوردوی ئەڵمانیا یەك دەگرێتەوە، هەر كە بە بۆنەی حەفتایەمینساڵی لە دایك بوونی لە شاری (دورن) لە هۆڵەندا دوانێكی داو گوتی: ((بزانن ئەگەر موسڵمانەكان وای بۆ چوون كە فەرمانی خوا لەسەر ئەوەیە بەرەو رۆژ ئاوا بێن و بیخەنە ژێر دەستی خۆیان ، ئەوا وەكو شەپۆڵی دەریا دێن و گێژترین بەلشەفی و جەنگاوەرترینیان ناتوانن بەربەستیان بۆ دانێن). رۆژنامەی ئیفننج ستاندارە لە ١٩٢٩/١/٢٦ لەندەن.

بكات، باوەڕهێنان بە یەكتایی و دڵسۆزی داد پەروەریی خوا موسڵمان لە نا موسڵمان جودا دەكاتەوە، بۆیە هەرچەندە مەسیحیەكان هێرش دەكەنە سەر موسڵمان و دەیانەوێ بەسەریدا زاڵ بن بێ سوودە، چونكە موسڵمان بە ڕێنماییەكانی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە پابەندە.

واتای وشەكانی (ارمیا) ئەوە دەگەیەنێ، كە ئەو پێغەمبەرەی ئامۆژگاریی خەڵكی دەكا و ئیسلام بە ئاین و ڕێگەی ژیان دادەنێ یەكسەر بە دیار دەكەوێ، كە لە خواوە ڕەوانە كراوە، بۆ زیاتر لێكدانەوەی ئەوە، با سەرنجی ئەم خاڵانە بدەین:

١_ (ارمیا) تاكە پێغەمبەرێكە پێش مەسیح، كە وشەی (شالوم)ی بە واتای ئاین بەكارهێنابێ ، هەروەها تاكە پێغەمبەرێكە، كە ئەم وشەیەی بۆ سەلماندنی راستیی پێغەمبەرایەتی بەكارهێناوە، بە پێی دەقی قورئانی ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و موسا و عیسا و هەموو پێغەمبەرەكان موسڵمان بوون، هەروەها وشەی ئیسلام و هاو واتاكانی (شالوم و شلاما) لای جولەكە و دیانەكانی دوورگەی عەرەبی زانراو بوو، كە (محمد) پەیدا بوو بۆ تەواو كردن و بڵاو كردنەوەی ئاینی ئیسلام لە نێوان هەموو مرۆڤدا.

ئەگەر مەبەست لە پێشبینی (نبی) بێ، كە پێشبینی ڕودانی ئاشتی (پێچەوانەی جەنگ) دەكات، ئەمە تەنیا مەرجێكی كاتیە و پاڵپشتی ئەوە ناكات، پێغەمبەر (نـبي) كە لە لایەن خواوە بە ڕاستی نێردراوە، لە ڕاستیدا ئەو خاڵە گرنگەی، كە ناكۆكیی ورووژاند لە نێوان (ارمیا و حنانیا) ناتوانرێ بڕیار لەسەر ڕودانی یان ڕونەدانی كارەساتەكە بدرێ، ئەگەر (ارمیا) پێشبینی ئاشتی كردبێ لەگەڵ ئەوەی، كە بەردەوام پێشبینی ڕووداوێكی نەتەوەیی مەزنی دەكرد _ جا چ بە خۆ بە دەستەوەدانی

(سدقیا) پاشا بێ، یان بە بەرەنگار بوونـەوەی فـەرمانڕەوای كلـدانی بـێ ــ ئەمــە دژایەتیــەكی ئاشــكرا دەگەیــەنێ لــە لۆجیكیــدا، چــونكە ئاشــتیە چاوەڕوانكراوەكەی لە هەردوو باردا ئاشتیەكی ڕاسـتەقینە نیـە، بـەڵكو بـە پێچەوانەوە ئەگەر جولەكە بەرەنگاریی سوپای كلـدانیی بكردایـە، ئـەوا بـە تەواوی دەبووە هۆی لە ناو چونیان، ئەگەر خۆشـیان بـە دەسـتەوە بدابایـە، ئەوا دەكەوتنە ژێر بەندایەتیەكی بێ مەرج، ئەوەی ئاشكرایە (ارمیا) وشەی (شالوم)ی بە واتای یاسایەكی واقیعیی ڕاستەقینە بـەكار هێنـاوە، كـە لـە ئیسلامدا بەرجەستە دەبێت.

(ارمیــا) لــە دڵــی خۆیــدا بانگــەوازی خــوا و ئــاینی ئاشــتیی خــوای هــەڵگرتبوو، لەبــەر بەرژەوەنــدی ســەرەكیی ئــاینی ئاشــتی، یــان ئیــسلام، ئامۆژگاریی پاشا و دەستو پێوەندەكانی كرد، كە سەر بۆ كلدان دابنــەوێنن، چونكە هیچ ڕێگایەكی كراوەی دیان لە پێش نەبوو، ئەوانە لە خـوای بـاب و باپیرانیان دوور كەوتبوونەوە و پەیكەرەكەیان پـیس كردبـوو و گاڵتــەیان بـە پێغەمبــەرەكانی دەكــرد و گونــاهو خیانــەتیان ئــەنجام دابــوو (٢ســفر الایام٣٦...و غیره).

بەم جۆرە بارانەدا بە پێی یاسای خوا لە مرۆڤدا دەكەونە ژێـر تۆغیـان و دەسەڵاتی دوژمنەكەیان، هەر ئەمەش بوو كە (ارمیا) لێی دڵنیـا بـوو، بـە نیسبەت پێغەمبەرێكی ڕاستەقینەی دڵسۆزی وەكو (ارمیا)، ئەوا دەبـێ لـە پێناو ئاین قوربانی بە دەوڵەت و نەتـەوە بـدات، نـەك بـە پێـچەوانەوە بـە تایبەتی دوای ئەوەی، كـە دەوڵـەت و نەتـەوە لـە خـوا تـەریكبوون، بـەڵام (حنانیا) بەقسەی لوس و هەوڵی قایلكردنی پاشایەكەی خۆی دەدا هەمیشە ئەو قسانەی بۆ دەكرد، كە پاشا حەزی لێبوو بەردەوام پێشبینی سـەركەوتن و گەڕانەوەی دیلەكان لە بابل و گێڕانەوەی گەنجینەكانی پەیكەری بۆ دەكـرد

لە ماوەی دوو ساڵدا، بێگومان خوێنەر لە دوای بیستنی ئەم گوتانە خۆی دەتوانێ بڕیار بدات كام لەو پێغەمبەرە (ارمیا)، یان (حنانیا) پێغەمبەری ڕاستەقینەیە و بەرژەوەندیی ئاین و نەتەوەی دەوێت؟ بێگومان هەر (ارمیا)یە.

٢_ تەنیا ئاینی ئاشتی (ئیسلام) دەتوانێ دەست نیشانی سیفەتەكانی پێغەمبەرِی راستەقینە بكات، خوا تاك و تەنیایە، ئاینەكەی یەكە، جگە لە ئیسلام هیچ ئاینێكی دی لە جیهان ناتوانێ تەنیا ڕەهای خوا ڕابگەیەنێ ، بۆیە ئەوەی هەموو بەرژەوەندییەكی بە قوربانی كێشەی ئەم ئاینە دەكا هەر ئەو پێغەمبەری تەواوە، خۆ ئەگەر ئاینی ئیسلام ئەو پێوەرە نەبێ كە راستیی پێغەمبەرێكی پێ دەربخرێت ئەوا هیچ پێوەرێكی دی نیە كە بۆ ئەم مەبەستە بشێت.

تەنیا پەڕجوو ناتوانێ كێشەكە بسەلمێنێ ، چونكە فاڵچیەكانیش كاری سەیر و سەمەرە دەكەن، ئەنجامدانی پێشبینی لە ئایندە سەلماندنی تەواو بە دەستەوە نادات، زۆر جاران گیانی پیرۆز (روح القدس) پەردە لەسەر ڕووداوەكانی ئایندە لادەبا بۆ پێغەمبەری ڕاستگۆ، هەروەها گیانە بەدەكانیش ئەم جۆرە كارانە بۆ دەجالەكان ئەنجام دەدەن، لێرەوە بە دیار دەكەوێ (ئەو پێغەمبەرەی، كە پێشبینی ئیسلام دەكا _ وەك ئەوەی كە ناوی بیروباوەڕە و پرۆگرامی ژیانە _ لە دوا ڕۆژدا بە دیار دەكەوێ، كە پێغەمبەرێكی ڕاستەقینەیە هەر، كە پەیامەكەی لە خواوە بۆ هات و ڕایگەیاند)، ئەوە ئەو بەڵگەیە، كە (ارمیا) متمانەی كردە سەری و هەوڵی دا لە ڕێگەی ئەو بەڵگەیەوە قەناعەت بە گوێگرەكانی بێنێ، كە (حنانیا) درۆی كردووە، بەڵام پاشایە بەدەكە و دەست و پێوەندەكەی زیاتر حەزیان لە بیستنی قسە هەنگوینیەكان بووە، كە لایەنگریی گومڕاییانی دەكرد لە

بریتیی ئەوەی، كە گوێ لە ڕاستی بگرن و وەری بگرن.

**٣**_ لە پەرە گرافی رابوردوو تێبینی ئەوەمان كرد، كە پێشبینیكردنی لە ئایندە و ئەنجامدانی كاری سەیر و سەمەرە بەڵگەی بەس نین بۆ سەلماندنی راستگۆیی هەر پێغەمبەرێ و، وشەی (شالوم) بۆ دەربڕینی ئاینی ئاشتی بەكارهێنراوە و، (شالوم) لە ئیسلام زیاتر هیچیدی ناگەیەنێ.

ئێمە داوا لەوانە دەكەین، كە دژی ئەم لێكدانەوەیەن، با وشەیەكی دیی عەرەبی بێنن جگە لە (اسلام و سلام) كە بەرامبەر وشەی (شالوم) بێت. هەروەها وشەیەكی دی لە زمانی عیبری بێنن، جگە لە (شالوم) كە بە واتای ئیسلام هاتبێ، جا لە بەر ئەوەی ئەوە نەكراوە ئێمە ناچارین، كە بیسەلمێنین (شالوم) لە خۆیدا ئاشتیە بە واتای ڕوت و ئیسلام و بیروباوەڕە بە واتای هەستی(ملموس).

٤_ قورئان لە سورەتی بەقەرە بە ئاشكرا ڕوونی دەكاتەوە، كە ئیبراهیم و منداڵ و نەوەكانی، موسڵمان بوون و جولەكە و دیان نەبوون و، موژدەی پەرستنی خوای تاك و تەنیایان داوە، كە خوای هەموو مرۆڤە. بۆیە جولەكە و نەتەوەكانی موژدەی پەرستنی خوای تاك و تەنیایان داوە، كە خوای هەموو مرۆڤە، بۆیە جولەكە و نەتەوەكانی دی كە لە وەچەی ئیبراهیم كەوتوونەتەوە و ئەو خێڵە زۆرانەی، كە باوەڕیان بە ئاینی ئەوان هێناوە هەموویان موسڵمانن، واتا: باوەڕیان بە خوایە و ملكەچن ویستی بوون، لەوانەش گەلی (عیص) و ئەدومیەكان و مدیانیەكان و گەلێ لەوانەی، كە لە وڵاتی عەرەبی ژیاون خوایان ناسیوە و پەرستویانە و پێغەمبەریان هەبووە وەكو : ئەییوب(Jacob) و جیثرۆ(Jethro) (خەزوری موسا پێغەمبەر) و بەلعام و هود و گەلێكی دی، بەلاّم ئەو گەلانە وەكو جولەكە بەرەو بتپەرستی هەڵگەڕانەوە، تا گەورەی پێغەمبەران (محمد ﷺ) هەناردرا.

دوای ئەوەی جولەكە لە سەدەی پێنجەمی پێش عیسا لـە دیلیـی بـابلی گەڕانەوە، كتێبە پیرۆزەكانیان كۆكردەوە لە چوار چێوەی پەیمانی كۆنـدا دوای ئەوەی، كە بریتی بوو لە چەند یادەوەرییەكی فەتحی خـاكی كـەنعان لەسـەر دەستی یوشەع(١١٣٠ پ ز) و چەند یادەوەرییەكی پەیكەری سلێمان (٩٣٥ پ ز) و قودس، كە ماوەیەكی زۆری لەسەر ڕەت بوو بوو، ئەوەی لە نـەوەی ئیسرائیل مایەوە گیانێكی نەتەوەییی ڕەگەز پەرستیان هەبووە و لەو بـاوەڕە بوون، كـە ڕزگـار كـەری مـەزن دێ و عـەرشـی داود دەگێڕێتـەوە ، لەگـەڵ ئەمەش، كە واتای دێرینی (شالوم) یان لە بیركردبوو، كە بـە واتـای ئـاینی ئیبراهیم و ئاینی ئەو گەلانە دێ، كە لە بنەچەی ئەوەوە كەوتوونەتەوە .

بەڵام لە دیدگایەوە وای بۆ دەچم، كە ئـەو بێژەیـەی (ارمیـا) گوتـوێتی، یەكێكە لەو دەقە زێڕینانەی، كە لە پەیمانی كۆندا هەیە.

## (پاری دەیەم )

## ئیسلام دەسەڵاتی خوایە لە زەویەكەی

هەر كە لە خەونە نایابەكەی دانیاڵمان كۆڵیەوە (سـفر دانیـال ، الفـصل السابع) بینیمان چۆن ئەو حەشاماتە ئاسمانیـە بـە گـەڵ پێغەمبـەر (محمـد) كەوتن، كە بەرەو بارەگای پیرۆزی خوایی بەڕێوە بـوو و لـەوێ ڕێزێكـی وای لێگیرا، كە لە هیچ خولقێنراوێ نەگیرا بـێ (رسـالة بـولص الثانیـة الی اهـل كورنثوس، الفصل/١٢) و كرایە تاجی سەری پێغەمبەران و دەسەڵاتی درایێ بۆ ورد و خاشكردنی دڕوندەی چوارەم و قۆچە گەورەكـە، هـەروەها بینیمـان چۆن دەسەڵاتی پێدرا بۆ دامەزراندنی وڵاتی خوا لەسەر زەوی، سەیر نییە لە

نێوان هەموو پێغەمبەران تەنیا (محمد) بەسەریاندا باڵا دەبێت بە هۆی ئەو كارە مەزنەی، كە ئەنجامی داوە، مرۆڤ ئەگەر دان بە یەكتاییی رەهای خوا نەهێنێ ناتوانێ نرخی ئیسلام و گرنگیەكەی بزانێ لە دژایەتیكردنی بتپەرستی و هاوبەش دانان، ئەو خوایەی كە ئادەم و ئیبراهیم و موسا و عیسا ناسییان، ئەو كاتە قەبوڵی ئیسلام دەكات، كە تاكە ئاینێكی ڕاستە و دان بە (محمد) دادەهێنێ، كە گەورەی پێغەمبەرانە.

بۆچوونێكی پوچە گەر جارێ خوا لە وێنەی باوك یان كوڕ، یان گیانی پیرۆز بەدی بكەین، یا خود لە شێوەی سێ كەسدا ببینین و بە ڕاناوی من و تۆ و ئەو لەگەڵ یەكتری بدوێن، ئەمە وا دەكا كە چەمكی راستەقینەی بوونی رەها گوم بكەین، هەروەها ئێمە لە ڕێگەی هەندێ ڕێوڕەسم و نهێنیكارییەوە هیچ پیرۆزییەك ناخەینە سەر ئاین، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئاینی ڕاستەقینە دەشێوێنێ و بە كوفر كۆتاییی دێت.

ئێمە ئەگەر بە چاوی خوا یان كوڕی خوا سەیری (محمد) بكەین پلە و پایەی بەرز ناكەینەوە ، چونكە بەمە پێغەمبەرە ڕاستەقینەكەی مەككە لە كیس دەدەین و دەكەوینە چاڵی هاوبەشییەوە، مەزنیی (محمد) لەوەوە دێ، كە ئاینێكی سادەی ڕاستی بڵاو كردۆتەوە لە ڕێگەی پیادەكردنی بنەما و ڕێنماییەكانی بە شێوەیەكی كردەوەیی، ئەمەش وای لە موسڵمان كردووە، كە بەقا[1] ی بە ئاینەكەی خۆی ببێ و هیچ بیروباوەڕێكی دی وەرنەگرێ، جگە لە بیروباوەڕی (لا إلـه إلا الله محمد رسول الله) ئەمەش بیروباوەڕی هەموو بڕوادارێكی ڕاستەقینەیە، تا ڕۆژی بەپا بوونەوە(قیامة).

ئەو پێغەمبەرە مەزنەی، كە سەدەی یازدەمینی (قوستەنتین و كەنیسەی

---

[1] بەقا: قناعة

سێلانە)ی ڕوخاند كوڕی خوا نەبوو، بەڵكو (محمد المصطفى) كوڕی مرۆڤ بوو و توانی دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی دامەزرێنێ ، ئێمە دەزانین هەر كە گەورەی پێغەمبەران لەبەر دەستی خوای مەزن ئامادە بوو، ئەم بەڵێنە خواییە دەرچوو (دەسەڵات و سوڵتان لە ژێر هەموو ئاسمانەكان لەمەودوا دەدرێتە بەندە و دۆستانی خوا، دەسەڵاتەكە هەتا هەتایی دەبێت و هەموو خزمەت و گوێڕایەڵیی دەكەن) (دانیال٧/٢٢، ٢٧).

ئەم پێشبینیە بە ئاشكرا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، ئاینی ئیسلام كە لە سەر دەستی دوا پێغەمبەری خوا پەیامەكەی چەسپا، ئاینێك نییە لە دەسەڵات جیاواز بێت، بەڵكو ئاین و دەوڵەتە بەیەكەوەیە، چونكە دەسەڵاتی خوایە لەسەر زەویەكەی، با بێین بەراوردی ئەوە بكەین لەگەڵ ئەو سەردەمەی، كە هێشتا بنەماكانی ئیسلام لەسەر دەستی پێغەمبەری خوا (محمد) تەواو نەبوو بوو!

**١_ ئیسلام لە ئەزەلەوە ئاینی راستەقینەی خوا بوو، بەڵام دوای (محمد) بووە دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی:** ئەوانەی لەو باوەڕەن، كە ئاینی ڕاستەقینەی خوا تەنیا ئەو ئاینەیە، كە بۆ ئیبراهیم دابەزیوە و هەر نەوەی ئیسرائیلیەكان لەبەریان كردووە و پاراستوویانە، ئەوانە ئاگایان لە پەیمانی كۆن نییە، چونكە ئەییوب و بەلعام و عاد و هود و لوقمان و گەلێكی دی لە پێغەمبەرەكان جولەكە نەبوون، هەروەها زۆربەی هۆز و گەلەكانی وەكو : ئیسماعیل و موئابییەكان و عەمونیەكان و ئەدومیەكان و ئەوانیدی، كە لە بنەماڵەی ئیبراهیم و لوط بە پاش كەوتوون، خوای مەزنیان ناسیوە هەر چەندە ئەوانیش وەكو جولەكە دوای ئەوە هەڵگەڕانەوە و، بەرەو نەزانی و بت پەرستی چوون، بەڵام ڕوناكیی ئیسلام هەرگیز ناكوژێتەوە و شوێنی بت پەرستی لێ نابێتەوە.

جولەكە و گەلەكانی خۆشیان بت و خواوەندی مالانیان (كە بە عیبری پێی دەگوترێ: ترافیم) پەرستووە (سفر التكوین٣١)، بە بۆچوونی من ئەو ترافیمە لە هەمان سروشتی ئەو بتانەیە، كە دیانە كاسۆلیك و ئەرسۆزكسەكان لە ماڵ و پەرستگاكانیان بە كاری دێنن ، بت لەو سەردەمە جاهیلیەدا وەك جۆرە ناسنامە و پاسەپۆرت وابوو بەرادەیێ كە : لابان (باوكی راحیلی خێزانی یەعقوب) بتی بەكار دەهێنا، هەروەك لە سفری تەكوین باسی دەكات كە : راحیل بتەكانی باوكی دەدزی (التكوین٩/٣١)، لەگەڵ ئەمەش لابان و یەعقووب موسڵمان بوون و غەرە بەردێكیان بۆ خوا پەرستی بنیات بوو.

كۆچكردنی جولەكە لە میسرەوە بۆ فەلەستین پڕێتی لە ڕوداوی سەیر و سەمەرە و لە ڕادە بەدەر، كە بە شەوو ڕۆژ ڕویان دەدا، بە ڕۆژ مۆڵگەكەیان لە ژێر سێبەری هەورێ بوو و، بە شەو بە ئەستونە ئاگرێ ڕووناك دەبوویەوە و لەو گەزۆ و ماوۆیە یان دەخوارد، كە شەو دادەبەزییە سەریان، لەگەڵ ئەمەش هەر كە حەزرەتی موسا چل ڕۆژ لێیان بزر بوو و، بەرەو كێوی(طور) چوو لە سینا گۆلكەكیان لە زێر دروست كرد و پەرستییان، مێژووی ئەم گەلە لاملە لە مردنی یوشەعەوە، تا تاجدار كردنی طالوت (شاؤول) پڕە لە نسكۆی سەر شۆڕی بەرەو بت پەرستی، جولەكە تەنیا دوای تەواو بوونی سروش (وحی) شەریعەتەكەیان لە سەدەی سێیەمی پێش عیسا و دوای ئەمە لە سەر یەكخوا پەرستی مانەوە، بەڵام شایانی ئەوە نەبوون، كە سیفەتی موسڵمانیان پێ ببرێ، چونكە زۆر بە كەللە ڕەقی پێغومبەرێتی عیساو محمد (سەلامی خوایان لێ بێ) ڕەتكردەوە، مرۆڤیش ناتوانێ ببێتە موسڵمان، تا خۆی نەداتە دەست خوا و باوەڕ بە هەموو پێغەمبەرەكانی نەهێنێ ، چونكە باوەڕ لەگەڵ تاوان وەكو باوەڕی شەیتانە كە بڕوایان بە

بوونی خوا هەیە و بەڵام ڕاڕان لە باوەڕەكەیان.

لە كۆنەوە گەلی ئیسرائیل و گەلە عەرەبییە كۆنەكان باوەڕیان بە ئیسلام هەبوو، هەندێ جار ئەو باوەڕە كز دەبوو و هەندێ جار دەگەشایەوە وەكو فتیلەیەكی لەرزۆك، یا تروسكە ئاگرێكی كز كە لە ژورێكی تاریك تیشك بداتەوە، دوای ئەوەی هەندێ لەو گەلانە باوەڕیان پێی هێنا، كەچی لێی هەڵگەڕانەوە و بەرەو بت پەرستی چوون، بەڵام لە هەموو كات و شوێنێكدا چەند كەس و چەند كۆمەڵێ مابوونەوە، كە باوەڕی ڕاستەقینەیان بە خوا هەبووە و، بە شێوەیەكی دروست دەیان پەرست.

ئەوەی ڕوون و ئاشكرایە جولەكە وەكو موسڵمانەكان بۆچوونێكی ڕاستەقینەیان لە بارەی خوا و ئاینەوە نەبوو، ئەوان دانیان بە (یهوه) دەنا و لە كاتی خۆی دەیانپەرست، بەڵام ڕۆژانی تەنگانە پشتیان تێدەكرد و خوای نەتەوەیەكی بەهێزتر و پێشكەوتوو تر و بتەكانیان دەپەرست، لە لێكۆڵینەوەی كتێبە ئاینیەكانی عیبری بە دیار دەكەوێ، كە بەهێزترە و هەندێ جاریش پێی وایە خوای ئەو لە خوای نەتەوەكانی دی بەهێزترە و هەندێ جاریش كز و لاوازترە. هەڵگەڕانەوە یەك لە دوای یەكەكەی جولەكە بەرەو بت پەرستی ئەوە دەگەیەنێ، كە بۆچونیان لە بارەی خوا (إلالە)، یا (یهوه) وەكو بۆچونی ئاشوریەكانە لە بارەی (آشور)ی خوایان و بابلیەكانە لە بارەی (مردوخ)ی خوایان و فینیقیەكانە لە بارەی (بعل)ی خواوەندیان و، جگە لە پێغەمبەر و صۆفییەكانیان نەبێ موسڵمانەكانی تەورات _ جولەكەی شەریعەتی موسایی _ نەگەیشتنە ئاستی ئیسلام و بە چاكی تێی نەگەیشتن و، باوەڕێكی ڕاست و ڕەوان بە خوا و بە ڕۆژی بە پابوونەوە لە دەروونیان نەچەسپا. كەواتە جیاوازییەكی چەند گەورە هەیە لە نێوان

موسڵمانەكانی قورئان، كە باوەڕیان بە شەریعەتی محەممەدی* هەیە و لە نێوان موسڵمانەكانی تەورات، كە باوەڕیان بە شەریعەتی موسا هەیە، ئاین هێشتا لە ئەقڵیەتی جولەكە تەواو و پێگەیشتوو نییە، هەرچەندە لەسەردەمی خزمەتكارە ڕاستەقینەكانی (یهوە) گەشایەوە، تێبینی ئەوە دەكەین، كە لە سەردەمی هەندێ قازیی ئایندار و هەندێ پاشای لە خواترسی نەوەی ئیسرائیلیەكان، دەوڵەت و ئاین لە ژێر حوكمی شەریعەت گەشەی دەكرد، بەڵام ئاینی خوا تەنیا لە ژێر سایەی یاسای قورئانی شێوەی دەسەڵاتی خوای وەرگرت لەسەر زەوی، قەدەر و حیكمەتی ڕەهای خوای مەزن وای خواست، كە هەرچوار دەوڵەتە مەزنە تاریكەكە، دەبێ یەك لە دوای یەك سزا بدرێت پێش دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خوا، چەند ئیمپراتۆرییەت و چەند ژیارێكی مەزن دامەزراو گەشەی سەند بە ناوی ئاشور و كلدان و فورس و یۆنان و ڕۆمان، سەروەریی ئەوانە لەسەر پەرستنی شەیتان بنیات نرا بوو و بڕوا دارانیان دەچەوساندەوە و بەدكاری و تاوانیان بڵاو دەكردەوە، كە لە داهێنانەكانی شەیتان بوون، پێش ئەوەی دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی بێتە دی.

### ٢_ عیسا و قوتابیەكانی موژدەی دەسەڵاتی خوایان دا:

بێگومان عیسا و قوتابیەكانی لەو پێشڕەوانە بوون، كە موژدەی دەسەڵاتی خوایان دا لەسەر زەوی، كورتەی ئینجیلی عیسا لەو دەربڕینە بەناوبانگەی ناو نوێژدا چڕبۆتەوە (لیأت ملكوتك) واتا: خوایە با دەسەڵاتت بێت، بیست سەدەیە هێشتا دیانەكان بە هەموو گروپەكانیانەوە نوێژ دەكەن و، ئەم بانگەوازە دووبارە دەكەنەوە (لیأت ملكوتك) ، هەر خوا دەزانێ

* وشەی (محمدیە) كە لێرە بەكار هێنراوە بۆ ئەوەی لە شەریعەتی موسا جودا بێتەوە، ئەگینا هەردوكیان لە لایەن خواوەوەن (دانەر).

تاكەی لەسەر ئەم بانگەوازە بەردەوام دەبن و بە بێهودەیی چاوەڕوانی هاتنی دەسـەڵات (ملكـوت) دەكـەن، هیـوا خـوازیی مەسـیحیەكان لـە هـاتنی دەسەڵاتی خوا، كە هات و هەستیان پێی نەكرد، یا خود دانیان پێیـدا نـەنا وەكو هیوا خوازیی جولەكەكانە لە دەركەوتنی مەسیح، كـە هـات و نـەیان ناسی، سەیریش لەوە دایە بەم هیوایـە نەزۆكـە پابەنـد بـوون، ئەگـەر لـەم بارەیەوە پرسیار لە قەشەیەكی دیان بكەی، دەبینی گەلێ وشەی بـێ واتـای بۆ ڕێك دەخا و جەخت دەكات، كە لە مەودوا دەسـەڵاتی خـوا دێتـە دی و، كەنیسە بەسەر هەموو كەنیسە بێ خوایەكاندا زاڵ دەبێت.

قەشەیەكی دی باسی هەزارەی بەختیاریت بۆ دەكـات واتـا: ئـەو هـەزار ساڵە نمونەییەی، كە گوایا لە دوای گەڕانەوەی مەسیحی چاوەڕوان كراو دێتە دی ، بەڵام ئەوەی پـەیڕەویی كەنیـسەی (المخلصية أو الكويكريـة) دەكـات پێت دەڵێ، كە كەنیسەی خوا لەو دیانـە تـازە لـە دایـك بوانـە و لـەو بـێ تاوانانەی، كە خوێنی دوگیان شوشتونی و پاكی كردنەوونەتەوە پێكدێت.

دەسەڵاتی خوا نابێ كەنیسەیەكی كاسـۆلیكی بـێ، كـە بەسـەر هـەموو كەنیسەكانی دیدا زاڵ بوبێ، نابێ دەوڵەتێكی پاك كراوە و پارێزراو لە تـاوان بێ، هەروەها نابێ دەوڵەتێكی ئەندێشەیی(خيالي) بێت (بـۆ مـاوەی هـەزار ساڵە بەختیارەكە) و نابێ دەوڵـەتێك بـێ، كـە لـە بوونـەوەرە ئاسمانیـەكان پێكهاتبێ و، بریتی بێ لە گیانی پێغەمبەر و بڕواداران، كە گۆلكێكی پیرۆز فەرمانڕەواییان بكات، پۆلیس و قازییەكانی لە فریشتە بن و سـەركردەكانی لە پاپا و بتریك و قەشە و ئامۆژگاران بن.

دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی ئاینێكی واقیعیی بەهێزە، كە كۆمەڵگاكـەی باوەڕی بە خوای تاك و تەنیا هەیە و خۆی بە بڕوا و شمشێر چـەكدار كـردووە بۆ جەنگان لە پێناو بوون و مانی دژی دەسەڵاتی تـاریكی و دژی ئەوانـەی،

كە باوەڕیان بە یەكتاییی خوا نییە و، دژی ئەوانەی لەو باوەڕەن، كە خوا كوڕ یا باوك یا دایك یا هاوبەشی هەیە.

وشەی (Evangelion)ی یۆنانی، كە بووە بە (Gospel) بە ئینگلیزی و ئینجیل بە عەرەبی بە واتای (موژدەی خۆش) دێ و موژدەش ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی داهاتووی خوایە، كە بچوكترین هاوڵاتیی لە یەحیای مەعمەدان مەزنترە، یەحیا و نێردراوەكانی دوای ئەو، ئامۆژگاریی جولەكەكان دەكرد و موژدەی دەسەڵاتی خوایان دەدانێ و داوایان لێدەكردن، كە باوەڕ بێنن و تۆبە بكەن، تا بچنە ناو ئەو دەوڵەتەوە، عیسا سەلامی خوای لێ بێت شەریعەتی موسای بەتاڵ نەكردەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهێنا، بەڵكو لێكدانەوەیەكی گیانیی بۆ ئەنجام دا و ماڵ ئاوایی لێمان كرد و لێكدانەوەكانی جێبەجێ نەكران، هەر كە عیسا ڕایگەیاند، كە قین بنچینەی كوشتنە و شەهوەت بنەمای داوێن پیسییە و تەماح و دووڕوویی وەكو بت پەرستی لە تاوانە بێزراوەكانە، دڵسۆزی و چاكە لە قوربانیكردن و سوور بوون لەسەر ڕۆژی شەممە چاكترە، عیسا لە ڕووی كردەوەییەوە واتای حەرفیی شەریعەتی موسای لە پێناو واتا گیانیەكەی ڕەت كردەوە، ئینجیلە دەست تێوەردراو و گومان لێكراوەكانی ئێستا پڕن لە حوكمی مەسیح و ئاماژە كردنەكانی بۆ دەسەڵاتی خوا و بۆ (كوڕی مرۆڤ) ،بەڵام شێوێنراو و دەست تێوەردراوە و توانیوێتی، كە دیانەكان گومڕا بكا و وایان لێ بكا لەو باوەڕە بن، كە مەبەستی عیسا لە دەسەڵاتی خوا هەر كەنیسەیە و خۆشی (كوڕی مرۆڤە).

لەبەشەكانی داهاتوودا بە درێژی باسی ئەو خاڵە گرنگانە دەكەین، ئێستا هەر هێندە دەڵێم، كە ئەو دەسەڵاتەی عیسا موژدەی پێدا بۆ ئیسلام بوو، چونكە ئیسلام دەسەڵاتی خوایە و (محمد) كوڕی مرۆڤ بووە و نێردراوە

بۆ لەناوبردنی دڕوندەكە و، دامەزراندنی دەوڵەتێكی بەهێز لەسەر شانی گروپێكی بڕوادار بە خوای تاك و تەنیا، ئەو گروپەش دۆست و پیاوچاكەكانی خوان (دانیال ٢٧/٧،٢٢).

ئاینی خوا بە شێوەیەكی سەرەكی، تا هاتنی عیسا (سەلامی خوای لێ بێ) لە چوار چێوەی نەوەی ئیسرائیلیەكان بوو، لای جولەكە ڕواڵەتی مادی و نەتەوەیی پێوە دیار بوو، یاسا دانەر و نوسەر و پیاوانی ئاینی جولەكە ئەم ئاینەیان شێواند بوو و خۆیان و باپیرەكانیان گەلێ ئەفسانەیان تێخستبوو، مەسیح دژی ئەم دەست تێوەردانانە و سەرۆكەكانیان وەستا و، بە (دوو ڕوو) و (نەوەی شەیتان) وەسفی كردن.

عیسا چاكسازیی خستە ناو ئاینە كۆنەكەوە و ژیان و گیانێكی تازەی پێ بەخشی و، زۆر بە ڕوونی باسی هەمیشەیی گیانی مرۆڤ و بە پابوونەوە و ژیانی دوایی كرد، بە ئاشكرا لە ناو خەڵكی ڕایگەیاند، كە ئەو ڕزگار كەرەی جولەكە چاوەڕوانی دەكەن نە جولەكەیە و نە لە بنەماڵەی داودە، بەڵكو لە بنەماڵەی ئیسماعیلە و ناوی (احمد)ە و لە ئایندە دا لە ڕێگەی خوا و هێزی شمشێردا دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی دادەمەزرێنێ.

بەم جۆرە عیسای مەسیح ڕوناكی و گیانێكی تازەی بە ئیسلام بەخشی و پەیڕەوانی لەسەر خۆبەكەم گرتن(تواضع) و لێبوردەیی و ئارامگرتن هان دەدا و پێشتر ئاگاداری كردنەوە، كە توشی چەوساندنەوە و گێرە شێوێنی و كوشتن و بەند كردن دێن، لە ڕاستیدا دیانە پێشینەكان لە ژێر فەرمانڕەوایی پاشای ڕۆمەكان توشی گەلێ چەوساندنەوەی ترسناك بوون، ئینجا قوستەنتینی گەورە هات و لەساڵی ٣٢٥ ز كۆنگرەی نیقیەی بەستا و بنەمای سێلانەی (التثلیث) ڕاگەیاند و سەربەستیی بە كەنیسە لادەرەكە

بەخشی، ئینجا موسڵمانە یەكتاپەرستەكان* لە لایەن لایەنگرەكانی سێلانەوە زیاتر و توندتر لە پێشوو، چەوسێنرانەوە تا هاتنی (محمد) سەلامی خوای لێ بێت.

٣_ سروشت و پێكهاتنی دەسەڵاتی خوا:

بانگەوازێكی ئیسلامی هەیە، كە هەموو ڕۆژێ پێنج جار لە چوار پەڕی جیهاندا لە بڵند گۆی مزگەفتەكانەوە بەرز دەبێتەوە، كە دوای ئەو نوێژ دادەبەسترێ ئەو بانگەوازەش بانگە، سەرەڕای ئەوەش موسڵمان دەست بە هەر كارێ بكا هەرچەندە بچوكیش بێت بە ناوی خوا دەست پێدەكا و، بە سوپاسكردنی خوا كۆتایی پێدێنێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، كە ستایش تەنیا بۆ خوایە، چونكە ئەو پەیوەندییە باوەڕییەی، كە موسڵمان بە خواوە دەگەیەنێ بەهێزە و نزیكە ، خوا دەفەرموێ: (وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ... ئێمە بۆ ئەو لە شادەماری ملی نزیكترین) ق/١٦، هیچ كەسێك نیە بە قەد موسڵمان ڕێز و ملكەچی و خۆشەویستی بۆ گەورەكەی هەبێ، وەك موسڵمان بۆ خوای خۆی هەیەتی. خوای مەزن پاشای زەوی و ئاسمانەكانە و پاشای پاشایانە و گەورەی گەورەكانە و پاشای هەموو موسڵمانێكە بە شێوەیەكی تایبەتی، چونكە تەنیا موسڵمانە لە هەموو خێر و شەڕێكدا سوپاسی خوا بكا و ستایشی پاشایەكەی بكات.

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، كە ئیسلام لە گەوهەری خۆیدا لە دەسەڵاتێكی ئاینی تەواوی ڕاستەقینە لەسەر زەوی پێكهاتووە، ئیتر پێویستی بە هاتنی پێغەمبەری نوێ نەما، وەك بۆ نەوەی ئیسرائیلیەكان و گەلەكانی دی هاتبوو، چونكە ویستی خوا بە تەواوی لە قورئاندا دابەزیوە.

* عیسا بە پەیڕەوانی خۆی ڕاگەیاند، كە ناو لە خۆیان بنێن مەسیحی و هیچ نازناوێ لە موسڵمان باشتر نییە بۆ یەكخواپەرستە پێشینەكان (دانەر).

با سەرنجی ئەو خاڵانەی خوارەوە بدەین، كە پەیوەند دارن بە پێكهێنان و دەستوری دەسەڵاتی خوا:

أ_ موسڵمانەكان هەمویان تاكە نەتەوەیەك(أمة) و تاكە خێزانێك پێك دێنن، ئایەتەكانی قورئان و فەرموودەكانی خۆشەویست لەم بارەیەوە زۆرن، شتێكی هەڵەیە گەر حوكم لەسەر كۆمەڵگای ئیسلامی بدەین وەك ئێستا كە هەیە، بەڵكو وەك ئەوەی كە لە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەكانی راشیدین هەبووە.

ناوی موسوڵمانان (مسلم) بە تەواوی دروستكەری ئاشتی دەگەیەنێ، بۆیە دەبێ موسڵمان هێور و بەخشندە بێ، لە هەمان كاتیشدا ئەگەر دەست درێژی كرایە سەر سامان و شەرەف و پیرۆزییەكانی، دەبێ توند و تیژ بێت، جیهاد لە ئیسلامدا جەنگێكی بەرگرییە، نەك دەست درێژی و داگیر كردن، لە قورئاندا بە جوانی ئەمە ڕوون كراوەتەوە، كە دەفەرموێ: (ولا تعتدوا)، بە داخەوە هەندێ لە موسڵمانەكان ئاكاری پیرۆزی ئیسلامیان لەبیركردووە و كاری پێ ناكەن، هۆیەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە لە ئاینی ڕاستەقینە نەگەیشتوونە و مەشقێكی ئاینیی ساغیان نییە.

ب_ بە پێی وەسفی دانیال پێغەمبەر، هاوڵاتیەكانی دەسەڵاتی خوا كۆمەڵی قدیسەكانن واتا: بەندە چاك و دۆستەكانی خوا، كە لە دەقی كلدنی و ئارامیی ئەسڵی بە نەتەوەی قدیسەكان وەسف دەكرێن، ئەم سیفەتەش تەنیا شایانی گەورەی پێغەمبەران و یارانێتی لە كۆچكەران و لایەنگرانی، كە دڕوندەی ڕۆمانییان لەناو برد و ڕەگ و ڕیشەی بت پەرستیان لە زۆربەی كێشوەری ئاسیا و ئەفریقیا دەرهێنا.

ئەو موسڵمانانەی، كە باوەڕیان هەیە بە خوا و بە فریشتەكانی و كتێبە پیرۆزەكانی و رۆژی دوایی و بە خێر و شەڕ، كە لە خواوەن و بە پێی توانا

فەرزە ئاینیەكانیان ئەنجام دەدەن، ئەوانە بە دۆستی(ولـي) بەڕێز و هـاولاتیی پیرۆز دادەنرێن، لەم دەسەلاتەدا پێویستیان بەوە نییە، كە بـاوەڕ بـە بـوونێ بێنن بە ناوی (روح القدس)، ئەو گیانی پیرۆزە دڵی ئەوانە مشت[1] دەكا، كە تەعمید بە ناوی سێ خوا دەكەن و هەریەكێ لەوانە سێیەمی سێلانەكەیە.

موسڵمان بە تەنیا بـاوەڕ گیـانێكی پـیرۆز ناهێنـێ ، بـەڵكو بـاوەڕ بـە چەندەها گیانی پیرۆز دەهێنێ لـە بوونـەوەرانی خـوا، كـە مـل كەچـن بـۆ گوێڕایەڵیكردنی ، موسڵمان بە تەعمید، یا دەست نوێژ پاك نابێتەوە، بەڵكو دەروونی بە بەرگری كردن لە ئاین و جەنگ لە پێناویدا پاك دەبێتەوە.

یەحیای مەعمەدان گوتوویەتی: (من بـە ئـاو دەتـان شـۆمەوە تـا تۆبـە بكەن، بەلام ئەوەی لە دوای من دێ لە من بەهێزترە و من شایانی ئەوە نیم پێلاوەكەشی هەڵبگرم، ئەو لە مەودوا بە گیانی پیرۆز و ئاگر دەتان شواتەوە (تەعمیدتان دەكات) (متی۱۱/۳) (لە ئینجیلی بەرنابا ئەم گوتەیە دراوەتـە پـاڵ عیـسا سـەلامی خـوای لێ بـێ).بـەم جـۆرە (محمـد) بـت پەرسـت و كۆچەرەكانی (نیو بەربەرەكان) بە گیانی پیرۆز و ئاگر پاك.

كردەوە و سوپایەكی باوەڕداری لێیان پێكهێناوە و، خۆیان كەنیسە ڕوخاوو بێ سەر و بەرەكانیان كردە دەسەلاتی خوای هەمیشەیی لەسەر زەوی بەڵێندراو(الأرض الموعودة) و هەر چوار پەڕگەی جیهان.

---

[1] مشت: پڕ.

# بەشی دووەم

# ( محمد ﷺ )

# وەك لە پەیمانی نوێدا هاتووە

## ( پاری یازدەمین )

## ئیسلام و ئەو ئەحمەدییانەی فریشتەكان رایانگەیاندووە

دوان لە نوسەرانی ئینجیل، دوو ڕووداوی سەیریان لە بارەی لە دایك بوونی حەزرەتی عیساوە تۆمار كردووە، یەكەم: نووسەری ئینجیلی (متی) لە بارەی گەشتی دانا(حكما) مەجوسیەكان بە سەرۆكایەتیی (كاسبار)ی پاشا دەگێڕێتەوە، كە : ئەستێرەیێ لە وڵاتی فارسەوە رێنماییان دەكات، تا تەویلەیێ لە (بیت لحم)كە گەورەیان عیسا تێیدا كاتی لە دایك بوونی پاڵی داوەتەوە، ئەم چیرۆكە خەیاڵیەی، كە لە گەلێ شتی سەیر و سەمەرە پێكهاتووە لە دروستكردنی كەنیسەیە و ئەفسانەیەكە بۆ خۆی گونجاندوێتی، دەبێ ئەو مەجوسییانە ئیلهامدار بوو بن، كە زانیویانە ئەو منداڵە بچوكە، خوایە و منداڵە و پاشایە (إلهاً و حملاً و ملكاً) بۆیە بخوریان وەك قوربانی پێشكەشكرد، تا خواوەندی دەكەن و بۆنی خۆشیان پێشكەش كرد وەك قوربانی، تا لە گەڵی لە گۆڕ بنرێ و زێڕیان پێشكەش كرد بۆ گەنجینەی پاشایەتی.

هەروەها دەبێ وا دابنرێ، كە ئەم گەشتە دوور و درێژە لە وڵاتی

فارسەوە، تا فەڵەستین زۆر بە خێرایی ڕوویدا بێ و، منداڵەكە هێشتا لە تەویلەكە بووبێ (لوقا٢/٤_٧)، ئەو ئەستێرەیەی، كە دەردەكەوت و بزر دەبوو ڕێنمایی گەشتیارە مەجوسییەكانی دەكرد، تا لە كۆتاییدا لەسەر (بیت لحم) دەركەوت و ئەو شوێنەی پێ نیشان دان، كە مەسیحی لێ لە دایكبووە، لەو شتە سەیرانەی، كە ڕوویدا دانیشتوانی قودس و هیرۆسی پاشای جولەكە هەر، كە خەبەری لە دایك بوونی پاشای نوێیان بیست، هەموو ڕاچڵەكین و شوێنی لە دایك بوونیان نەزانی، بۆیە هیرۆدس سەدان منداڵی سەر بڕی لە (بیت لحم) و دەورو بەری بە نیازی ئەوەی لەو منداڵە ڕزگاریان ببێت و، سروشیان بۆ هات، كە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەمە و گەلێ ئەفسانەی دی، كە كەنیسە لەو بارەیەوە دایهێنا، جگە لەمەش متمانەیان كردە سەر چەند دەربڕینێكی لێڵی نووسینەكانی میخا پێغەمبەر (میخا ٥/٢) بۆ چارەسەری كردنی ئەو شوێنەی كە عیسای لێ لە دایك بووە . لە كۆتاییدا لەم چیرۆكە ئاماژە بە پەرجوێ (معجزە)یەك دەكرێ، كە گوایا پێشبینیەكەی ئیرمیا دەهێنێتە دی (ارمیا ٣١/١٥)، گوایە راشێلی خێزانی یەعقوب بە هۆی كوشتاری ئەفرامییەكانەوە Ephramites ناڵە و فیغانێتی لە (راماخ) نەك لە (بیت لحم) ، ئەمەش پێش حەفت سەد ساڵ ڕویداوە، هەر كە نەوەی راشێلیان بۆ وڵاتی ئاشوریەكان دوور خستۆتەوە لەو كاتەی راشێل زۆر پێش ئەوەی یەعقوبی مێردی بچێتە میسر مردووە.

تەنیا قدیس (متی) لە نێوان حەواری و مێژوو نووسەكان، ئەم ڕوداوەی گێڕاوەتەوە، كە باسی بیروباوەڕی كاسباری پاشا و ئەستێرە گرەوەكانی نەكردووە، دوای ئەوەی سەر دانی تەویلەیان كردووە لە (بیت لحم)، ئایا باوەڕیان بە پەیامی عیسا هێناوە یان نا؟ ئەگەر باوەڕیان پێی هێناوە چۆن فارسەكان شەش سەد ساڵ مەسیحیەكان دەچەوسێننەوە، تا هاتنی ئیسلام و

ئینجا لە سەدەی حەوتەمی زایینی دەبنە موسڵمان.

مـن مەبەسـتم ئـەوە نییـە بـە تـەواوی چـیرۆكی سـەردانی هەنـدێ مەجوسییەكان بۆ شوێنی لە دایك بوونی عیسا سەلامی خوای لێ بێ ڕەت بكەمەوە، بەڵكو مەبەستم ئەوەیە ئەمە دەربخەم، كە كەنیسە زۆر حەزی لـە پێوەنـان(مبالغـة)یـە لـە ڕووداوە سـادەكانی ژیـانی مەسـیح و، دەیـەوێ ڕوكەشێكی لە ڕادده بەدەری بۆ بنوێنێ.

بەڵام ڕووداوی دووەم، كە لە سەیریدا لە یەكەم كەمتر نییە و، پەیوەندیی بە بابەتی ئێستامان هەیـە لـە ئینجیلـی سـێیەم _ كـە كەنیسـەكان لـەو باوەڕەن، كە دانەرەكەی لۆقای پزیشك بووە و (كولوسی ٤/١٤) هاوگەشـتی قدیس بۆلس بووە لە گەشتە بەدیان كردنەكانی و لە گەڵیدا لـە ڕۆمـا دیـل بووە (٢ تیموثي/٤/١١_ فیلمـون ٢٤..الخ) هـاتووە، كـە دانـەر گـەلێ لـە ڕێنماییەكانی مەسیحی تۆمار كردووە ، هەروەها چیرۆكی ئەو شـوانانەی لێ دەگێڕنەوە، كە لە نزیك (بیت لحم) مەڕەكانیان دەلەوەڕێنن، لەو شەوەی كـە حەزرەتی عیسا لە دایك بووە فریشتەیەكیان لە پێش پەیدا بووە و، لە دایك بوونی (گەورەی رزگاركەری) ڕاگەیاندووە، ئینجا كۆمەڵێ فریـشتەی دی لـە ئاسمـان پەیـدا بوونـە و، بـە دەنگێكـی بـەرز ئـەم سـرودەیان گوتووە(لوقا٢/١_٢٠):

شكۆمەندی بۆ خوا لە بالاّیی و
ئاشتی لەسەر زەویدا و
شادی لە ناو خەڵكدا (لوقا٢/١٤)

ئەم سرودە فریشتەییەی، كە بە (Gloria in Excelsis Deo) بە ناوبانگە و لە ڕێوڕەسمە پیرۆزەكان لە كەنیسەكان دەخوێنرایەوە، بە داخەوە بریتی یـە لە وەرگێڕانێكی شێواوی دەقە یۆنانیەكە، كە ناتوانرێ پشتی پێ ببەسـترێ،

چونكە ئەو وشە بنەڕەتیانەی تێدا نیە، كە فریشتەكان بە زمانە ئەسڵیەكە خوێندوویانەتەوە و شوانە عیبرانیەكان تێی گەیشتوونە. ئەوەی سەلمێنراوە، كە فریشتەكان سرودە شادییەكەیان بە زمانی شوانەكان گوتوتەوە، ئەو زمانەش یۆنانی نەبووە، بەڵكو عیبریی گشتی یا ئارامی بووە، چونكە گەر خەیاڵی ئەوە بكەی، كە فریشتەكان سرودەكەیان بە یۆنانی بۆ شوانەكان گوتووە، كە تێی ناگەن ئەمە وەكو ئەوە وایە، كە خەیاڵ بكەی فریشتەكان بە زمانی یابانی لەسەر چیاكانی كوردستان سرودیان بۆ هەندێ شوانی كورد چڕیوە ئەو شوانانەی، كە لە كوردی زێتر زمانی دی نازانن. گرنگە ئەمە بزانین، كە هەموو ناوەكانی خوا و فریشتەكان و پێغەمبەران و ئاسمانەكان تەنیا بە یەكێ لە زمانە سامیەكان (عیبری یا ئارامی یا عەرەبی) بۆ ئێمە هاتۆتە خوارەوە.

دەركەوتنی فریشتە بۆ شوانە رەشۆكیەكانی بەیت لەحم و، ڕاگەیاندنی لە دایك بوونی پێغەمبەری مەزن لەو شەوەدا، تەنیا شوانەكان گوێیان لە هەلهەلەی فریشتەكان (هللویا) بوو، بێ ئەوەی مالم و نووسەرە Scribes لوت بەرزەكان گوێیان لێ بێ، هەموو ئەوانە بە كۆمەڵە پەرجوێكی تۆمار كراوی مێژوی گەلی ئیسرائیل دادەنرێن، ئێمە دەڵێین چیرۆكەكەی غەریب نییە و لە گینە، كە فریشتەیێ بۆ یەكێ لە پێغەمبەرەكان دیار كەوێ بە ئامادە بوونی هەندێكی دی و، پەیامێكی خوای پێ ڕابگەیەنێ، بێ ئەوەی ئەوان تێی بگەن. ئەم شوانە چاكانە خاوەنی باوەڕی ڕاست و دڵی ساغ بوون و شایانی ئەو ڕێز لێگرتنە بوون، كە گوێیان لەو سرودە بووە، لە لایەنێكی ئاینیشەوە ئەمە جێگەی سەرسوڕمان، یا جێگەی باوەڕ نەكردن نییە، ئەوەی ئاشكرایە نووسەری گێڕانەوەكە مكوڕ و وردە لە دەربڕینەكانی و، شێوازێكی یۆنانی ی زۆر ورد و جدیی لە ئینجیلەكەی بەكار هێناوە، لەبەر ئەوەی كتێبەكەی لە

دوای مردنــی هــەموو حەوارییــەكان نووســیوە. كەواتــە دەبــێ ئاگــاداری ئینجیلــەكانیان بێــت و بەســەریان داچــووبێتەوە، هــەروەها ئاگــاداری ئەفسانەكەی مەجوسیەكانیش بێت، كە چی هیچی لێ باس نـەكردووە، لـەو چوار دەقە سەرەتاییەی، كە ئینجیلەكەی[1] پێ دەست پێكردووە دەڵـێ: ئـەو حەوارییانەی، كە پێیان دەڵێ: (شهود العیان وكهنة الكلمـة) هـیچ شـتێكی نووسراویان لە بارەی مەسیح و ڕێنماییەكانی لێ بەجێ نەماوە.

بــەڵكو تــەنیا بەســەر زارەكــی پــەیام و ڕێنماییــەكانی مەســیحیان بــە پەیڕەوانی گەیاندووە، هەروەها بە ئاشكرا ڕونی دەكاتەوە، كە ئینجیلەكـەی متمانەی كردۆتە سەر ئەو چیرۆكانەی كـە لـە هەنـدێ كەسـی بیـستووە و ئەوانیش لە حەوارییــەكان و شـایەدی ئاشـكرایان بیـستووە، كـە ئاگـاداری ڕوداوەكان بوون، بە وردی سەرچاوەكانی پـشكنیوە و ئـەوەی ڕون و متمانـە پێكراوە هەڵی بژاردووە، (لوقا) داوای ئـەوەی نـەكردووە، كـە سروشـی بـۆ هاتووە، یا ئینجیلەكەی بداتە پاڵ سروش، ئەمەش بە هـەموو خوێنـەرێكی بێلایەن دەسەلمێنێ، كە ئەو چوار ئینجیلەی بە بـاوەڕ پێكـراو ( Canonical gospels) بە ناوبانگە، خاوەنی ئەو تایبەتمەندیە پێویستانە نییە، كە دەبـێ لە هەر كتێبێكی پیرۆزدا هەبێ، كە گوایا سروشە و ڕەوانـە كـراوی خوایـە، كەواتە ئینجیلی ڕاستەقینە كوانـێ؟ ئایـا عیـسا و ڕەوانـەكراوەكانی، ئـەو ئینجیلە ڕاستەقینەیان بۆ ئێمە بەجێ نەهێـشتووە، كـە بـەو زمانـەی پێـی دابەزیوە؟ ئەگەر ئینجیلێكی لەم جۆرە بابەتە هەیە چیی لێهاتووە؟ ئایا هەر لەسەرەتاوە بۆ یۆنانی، یا بۆ زمانێكی دی وەرگێڕدراوە؟ ئەگەر وەڵامەكە بە (نا)یــە ئێمــە دەپرسـین: بۆچـی حەوارییــە جولەكـەكان بــە زمــانی خۆیــان نەنووسیوەتەوە، بۆچی هەموویان بە یۆنـانی نووسـیوە؟ ئەمانـە : شـەمعون

[1] وا باشە خوێنەر بە وردی و بە بایەخەوە پێشەكی ئینجیلی لۆقا بخوێنێتەوە (دانەر)..

كیفا (سمعان الصفا أي بطرس) و یۆحەننا (جون) و یەعقوب (جیمس) و مەتێی جابی لە كوێ زمانی یۆنانی فێر بوون بۆ ئەوەی زنجیرەیەك كتێبی پیرۆز بنووسن؟ ئەگەر یەكێكیان بڵێت گیانی پیرۆز فێری كردووە، ئەوا خۆی دەخاتە بەر گاڵتە جاڕی، چ حیكمەت و پاساو هێنانەوەییەكی تێدایە، كە سروش بە زمانی عیبری، یان ئارامی دابەزیبێتە سەر جولەكەیەكی ناسیرە _ كە عیسا یە سەلامی خوای لێ بێ _ ئینجا ئەم سروشە لە ناو چوبێ و چەند حەوارییەكی جولەكە فێری زمانی یۆنانی كرا بن بۆ ئەوەی هەندێكیان بە زمانی یۆنانی ئەو شتانە بنووسنەوە، كە لە مەسیحیان گوێ لێ بووە؟!

ئەگەر پێمان بڵێن ئینجیل و نامە ئینجیلیەكان بۆ جولەكە دەربەدەرەكان نووسراوە، كە یۆنانی دەزانن، ئەوا دەپرسین: جولەكە دەربەدەرەكان چ سوودێكیان لە پەیمانی نوێ وەرگرت و، بۆچی چەند دانەیێ بۆ جولەكەی فەلەستین بە زمانی تایبەتیی خۆیان ئامادە نەكرا، خۆ قودس لەو كاتەدا بنكەی ئاینە نوێیەكە بوو، جێمس (یعقوب) (گوایا برای عیسا) (سفر غلاطیة١/١٩) سەرۆكی كەنیسە بوو و لەوێ نیشتەجێ بوو (اعمال الرسل١٥)، (سفر غلاطیة٢/١١_١٥).

زۆر زەحمەتە تاقە دەقێك بدۆزرێتەوە لەو سروشەی، كە بۆ عیسا هاتووە بە زمانە ئەسڵیەكەی، بۆیە كۆمەڵەی (نیقیە) هەتا هەتایە بەر پرسیارە لە ونبوونی ئینجیلی ئەسڵی بە زمانی ئارامی، ئەمەش زیانێكە، كە نا بژێردرێتەوە ، وەرگێڕان هەرچەندە ورد و توند و تۆڵ بێ، ناتوانێ پارێزگاریی وردە كاری و ئەو واتایانە بكات، كە لە چوار چێوەی وشە و زاراوەكان دایە و هەموو دانەیەكی وەرگێڕدرا و جێی ڕەخنە و گفتوگۆیە.

سەرەڕای ئەوە هەر چوار ئینجیلە باوەڕ پێكراوە، كە هێشتا نەگەیشتوونەتە پلەی وەرگێڕان لە دانە ئەسڵەكەی، چونكە دانە یۆنانیەكە

كۆنترین دانەیە، كە بە دەستمان گەیشتبێ و، هەر لە سەرەتاوە گەلێ گـۆڕان و شێواندنی بەسەر داهاتووە.

ئێستا دەگەڕێینەوە سـەر كتـێبی لۆقـا، بـە تایبـەتی بـۆ سـەر سـرودە فریشتەییەكە، كە بێگومان فریشتە بە زمانێكی سامی _ عیبری یا ئارامی _ چڕیوێتی، بەڵام بە وەرگێڕانێكی یۆنانی نوسراوەتەوە.

شتێكی سروشـتیە هـەوڵ بـدەین ئـەو وشـە ئەسـڵیانە بدۆزینـەوە، كـە فریشتەكان سرودەكەیان پێ گوتووە، بۆ نمونە : ئـەو وشـە بنەڕەتیـە سـامیە كامەیە، كە بە یۆنانی كراوەتە (Eudokia) و بـە ئینگلیـزی (Good Will واتا نیازی چاك) و بە عیبری شادی (المسرة).

سرودەكە لە سێ بڕگە پێكهاتووە:

١_ بابەتی بڕگەی یەكەم (الله)یە و (Allaha) بە ئارامیە و لـە یۆنـانی كراوەتە Theos.

٢_ بابەتی بڕگەی دووەم ئاشتیە (شلاما) بە ئارامی و بە وشەی Eiriny بۆ یۆنانی وەرگێڕدراوە.

٣_ بابەتی بڕگەی سێیەم شادییە (Eudokia) بە یۆنـانی و بـە وشـەی Bona Voluntas وەرگێڕدراوەتـە سـەر لاتـینی كاسـۆلیكی بـە ( Sobhra Tabha) بۆ ئارامی و (كە هەندێ جار بە Sovra Tava گـۆ دەكرێـت) لـە وەرگێڕانی ئارامی _ بە شێوەی سریانی _ كە پێی دەگوترێ (Peshitta) .

هەردوو وەرگێڕانی لاتینی و ئارامی و هەموو وەرگێڕانەكانی دی، كە لە دوایانەوە هـاتوون نـەیان توانیـوە واتـای وردی هـەردوو وشـەی ئێـرینی و یۆدۆكیا بگوازنەوە، بۆیە هەردوو پەرەگرافی دووەم و سێیەم لـە سـرودەكەی بێ واتان.

بە پێی متمانە كردنە سەر لێكدانەوەی ئـەم سـرودە لـە لایـەن كەنیسـە

مەسیحیەكانەوە باوەڕ هێنانی تاك بە خوایەتیی عیسای مەسیح و باوەڕ هێنان، كە مەسیح بووەتە قۆچی قوربانیی خەڵكی لە گوناهـ و، هەر وەها لە ئاگری دۆزەخ بە هۆی مردنی لەسەر خاچ و بەردەوامیی پەیوەندیی مرۆڤ بە گیانی پیرۆز، ئاشتی بۆ دڵان دێنێ و ئیمانداران نیازی چاكیان لەگەڵ یەكدی دەبێ، ئەمە و سەرەڕای چاكە و خۆشەویستیی نێوانیان، بەڵام كەنیسەكان بە حیكمەتێكی ئەنقەست لە لای ئەم لێكدانەوەیە ناوەستێ، چونكە خۆیان لە نێوان یەكدیدا نە ئاشتی و نە ڕێك كەوتن و نە یەكێتی و نە نیازی چاك و نە خۆشەویستیی دوو لایەنەیان لەگەڵ یەكدی هەیە، بۆیە كەنیسەكان لە بواری لێكدانەوەوە لەگەڵ یەكدی جودان و دەیانەوێ بە چەند هۆكارێكی دی بگەنە ئەو ئاشتی و نیازە چاكە، بۆ نمونە : تقوسییەكان Sacramentarians سوڕن لە سەر باوەڕ هێنان بە حەفت ڕێوڕەسمەكە و بە كۆمەڵێ ڕێنمایی، كە تێگەیشتنی ئاسان نییە و لە نزیك و دوور پەیوەندییان بە بیروباوەڕی عیساوە نییە ، دەڵێن : دوای ئەوەی كەنیسە بە خوێنی قوربانیدەر لە ڕێگەی ئاوی (معمودیە)ەوە پاك بوویەوە و، بە شێوەیەكی لێڵ پیرۆزیی وەرگرت، بووە بوكی حەمل و لەش و لاری، واتا: كەنیسە خۆی بووە گۆشتی زاوا و خوێنی ڕاستەقینەكان و بووە جەستەی دووگیان، هەروا كەنیسە خۆراكی نان و مێوژی پیرۆز لە لەشی وەردەگرێ بە ڕێگەیەكی نەزانراو، بوك _ كەنیسە _ لە قوربانیدانە بەرامبەر (دڵە پیرۆزەكان) بۆ عیسا و مەریەم و قدیس یوسف و هەر چواردە قۆناغی لە خاچدان، بۆ پەیكەری سەدان لە قدیس و شەهید و، هەزارەها ئێسك و پروسك و پاشماوەی ڕاستەقینە، یا خەیاڵی و هەڵبەستراو، ئەمە و جگە لە پەرستنی هەویری پیرۆز هەروەك خوای مەزن دەپەرسترێ، ئەم هەموو ڕێوڕەسمانە و ئەم هەموو گرێكۆڵانە، هێشتا ئاشتی دورە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش، دەبێ لە پێش قەشە، دان

بە هەموو تاوانە گەورە و بچوكەكانت بنێی. ئەو ئاشتی و دڵنیایی بۆ دڵی دێنێ و لە مشتی دەكات لە (نیازی چاك و شادی)!!

دیانەكان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی نوێژ كردن بۆ سێ خوا، هەریەك بە تەنیا ئاشتی بە دەست بێنن، جارێ بۆ عیسا و جارێ بۆ گیانی پیرۆز و جارێ بۆ باوك، دوای ئەوە لەو باوەڕەن، كە پڕن لە گیانی پیرۆز و لە باری ئاشتی دان، بەڵام دەمەوێ جەخت بۆ خوێنەرانم بكەم، كە ئەو دیانانەی تۆبەیان كردووە و خۆیان وا دەردەخەن، كە گەیشتونەتە (ئاشتی) و (نیازی چاك: شادی) بەرامبەر دراوسێكانیان، لە ڕاستیدا ئەوانە زۆر دەمار گیر و نابوردەن و، مەسیحی دوای ئەوەی لە كەنیسە دەردەچێ و بەشداریی (ئێوارەی خوایی) كە پێی دەڵێن (قوربانی پیرۆز)* ی كردووە، جا مەسیحیەكە پابەند بێ بە ئاینەكەی یا نا، دەمار گیر و ئاسۆ تەنگ دەبێ، بە ڕادەیێ حەز دەكا چاوی بە سەگێ بكەوێ، نەك بە موسڵمان، یان جولەكەیێ" چونكە ئەو دوانە باوەڕ بە سێلانە و بە ئێوارەی خوایی نااینن، ئەمەش لەوەوە دەزانم من خۆم ئەم هەستەم هەبوو هەر، كە قەشەیەكی كاسۆلیكی بووم و لەو باوەڕە بووم، كە خۆم ڕوحانیمە و پاكم لە گوناه، قینم بۆ ئەو(هرطقة)[1] انە زیاد دەبوو، كە باوەڕیان بە سێلانە نەبوو.

هەر كە دیانەكان بە تایبەتی قەشەكانیان دەكەونە گەرمەی نوێژ و ڕێوڕەسم و كارە ئاینیەكانیان، زیاتر قینیان لە ناحەزە ئاینیەكانیان دەبێتەوە، ئەوەی ئاشكرایە هەموو قدیسە دیانەكان، دوای كۆبوونەوەی

---

* ئینجیلی لۆقا بە پێی وەرگێڕانە ئارامیەی كۆنەكەی، كە پێی دەگوترێ peshitta، ڕستەكانی (١٧_١٩) تێدا نیە لە بەشی (٢٢)، هەروەها ئەو وشە بنەڕەتیانەی تێدا، نیە كە لە ڕێوڕەسمی قوربانی پیرۆزی نەستوریەكان هەیە. (دانەر).

[1] هرطقة: لای گاورەكان: بریتیە لە داهێنان و دروست كردنی شتێك لە ئاییندا، كەپێشتر بوبێت. (التفسیر)

(نیقیە) لە نووسینەكانیان و ئامۆژگاری و كردەوەكانیان توند و تیژ بوون بەرامبەر ناحەزەكانیان و، دادگاكانی پشكنینی رۆمانی شایەدێكی زیندووە لەسەر ئەم تۆغیانە و، لەسەر بەرپانەبونی سرودی (علی الارض السلام وفي الناس المسرة).

ئەوەی ڕونە ئاشتیی ڕاستەقینە بە ڕێوڕەسمی دەستكرد نایەتە دی، بەڵكو بە سێ هۆكار:

یەكەم: باوەڕ هێنانێكی تەواو بە تاك و تەنیایی رەهای خوا.

دووەم: مل كەچی و خۆدانە دەستی ویستە پیرۆزەكەی.

سێیەم: دەبێ ئایەتەكانی خوا و داهێنانەكانی بەردەوام تەوەرەی ڕامان و بیركردنەوە بن.

هەر كەسێ ئەم سێ هۆكارانە جێبەجێ بكات موسڵمانێكی ڕاستەقینە و كردەوەییە، ئەو ئاشتیەی بە دەستی دێنێ دروستكراو نییە و ڕاستییە و دەبێتە مرۆڤێكی لێبوردە و دەست پاك و دڵسۆز، لە هەمان كاتیشدا ئامادەیە، كە بەرگری لە ئاینی خوا بكات.

بێگومان فریشتە، ئاشتیی تاكە كەسیان گەرەك نیە، كە چەند كەسێكی دیاریكراو لە بەندەكانی خوا دەیگەنێ، هەروەها مەبەستیش ئاشتیەكی خەیاڵی نییە بە واتای چەك دارنین لە هەندێ دەوڵەت، یان وەستانی جەنگ و كارە دەست درێژییەكانی نێوان گەلان، هەروەها مەبەستی ئاشتیەكی كۆمەڵایەتی یا ڕامیاری نییە، كە تەنیا بۆ گەلی ئیسرائیل بێت، چونكە مێژوی گەلی ئیسرائیل لەم بیست سەدەی كۆتاییە پێچەوانەی ئەمە دەگەیەنێت، بۆیە ئێمە لە لایەكەوە لەبەر ڕاستیە مێژووییەكان ناچارین و لە لایەكی دی لەبەر گرنگیی بۆنەكە و ئەو سەرچاوەیەی، كە ڕاگەیاندنەكەی لێوە هاتووە بگەینە ئەوەی، كە ئەم ئاشتیەی سەر زەوی تەنیا بریتی یە لە دامەزراندنی دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی ، ئەمەش كارێكە بەدی هاتووە و

خۆی لە خۆیدا ئیسلامە، چونكە وشەی (Eiriny) ی یۆنانی هاو واتای وشە سامیەكانی (شالوم) ە لە عیبری و (شلاما)یە لە ئارامی و (اسلام)ە لە عەرەبی.

تەنیا ناو هێنانی (حەشاماتی زۆری ئاسمانی) موژدە و سروشتی سەركەوتن بە سرودەكە دەدا، كە نزیكە دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی دابمەزرێ، ئەو دەسەڵاتەی كە گەورەترین پێشەنگەكانی ئەو منداڵە تازە زادەیە بوو لە(بیت لحم).

پێشتر باسی ئەوەمان كردووە، كە ئاشتی بە واتا كردەییە هەستیەكەی، ئاینێكی ساغ و سود بەخشە بە پێچەوانەی ئاینێكی خراپ و بەد و زیان بەخش و تێكدەر، كە بەرەو كوێرەوەری و لەناو چون دەچێت، بەم واتایە خوای مەزن لە نامەكەی بۆ قورش لە كاتی پێغەمبەرێتیی ئەشعیا وشەی (شالوم)ی وەك هاو واتای خێری بەكار هێناوە (سفر اشعیا ٧/٤٥). ئەمەش بە تەواوی لێكدانەوەیەكی حەرفی و زمانەوانی و كردەییی وشەی ئیسلامە وەك ئاینێكی ڕاست و دەستەبەر بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێكی بەهێزی خوایی لەسەر زەوی، كە خاوەنی شەریعەت و ڕێنماییە هەمیشەییە چاكەكانی خۆیەتی، هەروەك لە چوار چێوەی قورئانی پیرۆزدا هەیە.

ئیسلام پڕ بە پێستی واتا (دروست كردنی ئاشتی)یە، جا هەر لێكدانەوەیەكی دی، یان ئاشتیەكی خەیاڵی لەگەڵ ئەو واتایە ناگونجێ كە لە وشەی (Eiriny)یەوە هاتووە لە سرودە فریشتەییەكەدا، مەسیحی مەزن بە تەواوی هەر، كە ئامۆژگاریە ڕەوانەكەی لەسەر چیا فەرموو، مەبەستی ئەم واتایە ئیسلامیە بوو (خۆشی بۆ موسڵمان _ واتە دروستكەری ئاشتی _ لەبەر ئەوەی بە كوڕانی خوا ناودەبرێن)* (متي ٩/٥).

عیسای مەسیح ئاشتیی وەهمی و خەیاڵیی ڕەد كردۆتەوە هەر، كە

* دوایی چارەسەری دەربڕینی كوڕانی خوا (أبناء الله) دەكەین (دانەر).

فەرمووی: (وا مەزانن من بۆ بەرپاكردنی كردنی ئاشتی لەسەر زەوی هاتومە، من بۆ دانانی ئاشتی نەهاتومە، بەڵكو بۆ چەسپاندنی شمشێر) (متی١٠/٣٤) یان هەروەك دەڵێ: (هاتوومە بۆ ئەوەی ئاگر لە زەوی بەردەم، وا تێدەگەن كە هاتوومە ئاشتی بە زەوی ببەخشم؟ پێتان دەڵێم: نەخێر، بەڵكو بۆ بەش بەشكردن...) (لوقا١٢/٥١،٤٩).

ئەگەر وشەی (Eiriny) وا تێ نەگەین، كە مەبەستی ئاینی ئیسلامە، ئەوا ئەو فەرمودە ترسناكانەی حەزرەتی مەسیح وەكو لوغزێك دەمێنێتەوە و، پەیامە ڕاستەقینەكەی پڕ دەبێ لە ناكۆكی و شێواندن.

## ( پاری دوازدەمین )

## یۆدۆكیا _ Eudokia _ بە واتای ئەحمەد دێت (لوقا٢/١٤)

ئەگەر بە لای كەمی دەست نووسێ، یان دوو دەست نووسی قدیس لۆقای بە زمانی عیبری وەربگێڕدرێتەوە لەوەی، كە هیچ دەست نووسێكی لۆقای عیبری لەبەر دەست نەبێت. بەڵام ئەم گریمانە نەهاتە دی، چونكە هەموو ئەو نووسینە كۆنانەی بە زمانی مەسیح، كە سرودە فریشتەییەكەی لێ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی لەناو چوونە و هیچ نووسینێكی لۆقامان بە دەست نەگەیشتووە بە زمانی سامی، عیبری بێ یان ئارامی ، بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی ئەم مەبەستە و گرنگێتیی ئەم خاڵە هەر بۆ نمونە : من مەیدان خوازی(تحدیّ)ی لە گەورەترین زانایانی ئەدەبی ئینگلیزی، یا فەرەنسی دەكەم، كە بتوانن دەقە وەرگێڕدراوە فەرەنسیەكەی شانۆكانی شكسبیر بۆ ئەسڵە ئینگلیزییەكەی بگێڕنەوە، بێ ئەوەی بچنەوە سەر دەقە ئەسڵە ئینگلیزییەكە، بە مەرجێ جوانی و رێكیی جارانی بگێڕنەوە.

فەیلەسوفی مەزنی موسڵمان ئیبن سینا کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، دوایی هەندێ لە کتێبەکانی لە لاتینییەوە وەرگێڕدرانەوە سەر زمانی عەرەبی، چونکە دەقە عەرەبیەکەی وون بوو، جا ئایا دەقە عەرەبییە وەرگێڕدراوەکان وەکو ئەو دەقانەیە، کە کاتی خۆی ئیبن سینا بە عەرەبی نووسیبوی؟ بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە.

لە بەشی رابوردوو باسی واتای وشەی (Eiriny)ی یۆنانیمان کرد، بینیمان کە لە زمانی عیبری بەرامبەر وشەی (شالوم)ە، بۆ زانین لە دەقی هەردوو وەرگێڕانەکە وشەکان وەکو یەکن:

١. حەفتاییەکان (السبعینیة)* _ Septuagint _ ی یۆنانی.

٢. وەرگێڕانە عیبرییەکەی پەیمانی کۆن.

ئەوەی من بزانم وشەی یۆنانیی لێکدراوی (یودوکیا) لە وەرگێڕانە حەفتاییەکەدا نەهاتووە، زۆر زەحمەتیشە لە ئەسڵە سامیەکە دەربڕینێکی وەکو ئەویان هاو واتای بۆ هەبێ، سەرەڕای ئەمەش ئینجیلەکانی مەتێ و مەرقەس و یۆحەننا و بەرنابا، باسی ئەم سرودە فریشتەییان نەکردووە و لە هیچ پەیامێکی (Epistles)ی پەیمانی نوێ باس نەکراوە.

بۆ دۆزینەوەی وشە سامیە ئەسڵیەکەی، کە شوانەکان گوێیان لێ بووە و لە دەقە یۆنانیەکەی ئینجیلی لۆقا بە وشەی (یودوکیا) هاتووە، دەبێ بچینەوە سەر ڕەگە یۆنانیەکەی، بەڵام پێش ئەمە وەرگێڕانە پڕ هەڵەکانی کتێبی پیرۆز نیشان دەدەین، کە واتای ڕاستەقینەی وشەی (یودۆکیا)ی پەردە پۆش کردووە و ئەو واتایەی شاردۆتەوە، کە پێشبینی لە (احمد) و

---

* حەفتاییەکان وەرگێڕانی پەیمانی کۆنە بە یۆنانی ، ئەمەش نیسبەتە بۆ حەفتا و دوو زانا جولەکەکەی (وا فەرز کراوە کە لە هەر گروپێ لە دوازدە گروپەکان شەش کەس بن) کە لە ئەسکەندەرییە وەریان گێڕایە سەر زمانی یۆنانی لە سەدەی سێیەمی پێش عیسا.

(محمد) كردووە.

لێرەدا دوو دەقی سەرەكیی كۆنی پەیمانی نوێ هەیە، كە لە دانە یۆنانیەكەوە وەرگێراون، یەكەم بە زمانی سریانییە (ئارامی)* پێی دەڵێن: بشتیا (Pishitta) و دووەم بە زمانی لاتینیە و پێی دەگوترێ ڤالگیت (Vulgate)، كە هەردووكیشیان ناونیشانی سادە _ Simplex _ هەڵدەگرن، كە بریتی یە لە واتای هەردوو وشەی پشیتا و ڤالگیت، لە بارەی ئەم دوو دەقە سەرەكییە، گەلێ زانیاری تازە بە دیار كەوتن، كە دەبنە هۆی نارەحەتی بۆ گەورەترین لاهوتی و مێژوو نوسە دیانەكان، پێویستە باسی ئەوە بكەین، كە دانە ئارامیەكەی بە ناوی (پشتیا) لە وەرگێڕانە لاتینیەكەی كتێبی پیرۆز (ڤالگیت) كۆنترە، ئەوەی زانراوە لە ماوەی چوار سەد ساڵی دوای مەسیح، كەنیسەی ڕۆما كتێبی پیرۆز و ڕێوڕەسمی ئاینی بە زمانی لاتینی نەبووە، بەڵكو تەنیا بە زمانی یۆنانی، هەروەها پێش بەستنی كۆنگرەی (مسكونی) لە (نیقیە) لە ساڵی ٣٢٥ ز هێشتا كتێبی پەیمانی نوێ كۆنەكرابوونەوە، یا خود پەیمانی نوێ هەر بوونی نەبوو، بەڵكو كۆمەڵێ ئینجیل (Gospels) و نامە (Epistles) لە گۆڕێ بوون، كە هەریەكە ناوی یەكێ لە یارانی عیسای هەڵگرتبوو و لە كۆمەڵگا مەسیحیەكاندا بە كتێبی پیرۆز دادەنران، بەڵام كۆڕی مەسكونی لە نیقیە رەدی كردنەوە و بە ناشەرعیی لە قەڵەم دان.

لەبەر ئەوەی ڕەها Edessa (كە دەكەوێتە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچوك) پایتەختی زمانی سریانییە و بنكەی فێر كردنێتی، بۆیە لە دوای

---

* وەرگێڕانی پشیتا Pishitta بە هیچ شێوەیێ وشەی (Syria) و سریانیی (Syriac) بەكار نەهێناوە، بەڵكو وشەی ئارام (Aram) و ئارامیی (Aramaic) بەكار دەهێنا، چونكە زمانی سریانی بە یەكێ لە زارەكانی زمانی ئارامی دادەنرێ، كە لە ناوچەی (رەها) بلاوبۆتەوە.

كۆبوونەوەی كەنیسەكان لە (نیقیە) كتێبەكانی پەیمانی نوێ لە (رەها) لە یۆنانییەوە وەردەگێڕدرانە سەر سریانی، نەك لە (انطاكیة).

لە لێكۆڵینەوەی ئەدەب و مێژوی كۆنی مەسیحی بەدیار دەكەوێ، كە حەوارییەكان موژدە دەرە سەرەتاكانی ئینجیل لەو جولەكانە بوون، كە بە زمانی ئارامی، یا بە سریانی دەدوان، ئەوەی ئاشكراشە دیانە كۆنەكان نوێژ و ڕێورەسمی ئاینیەكانیان بە زمانی ئارامی جێبەجێ دەكرد، چونكە زمانی ئارامی ئەو زمانە بوو، كە جولەكە و سریان و فینیقی و كلدان و ئاشوریەكان قسەیان پێ دەكرد و، ئینجیلە هەمە جۆرەكان و نامە و كتێبی نوێژ و ڕێورەسمە ئاینیەكان لە بنچینەدا بە زمانی ئارامی (سریانی)* نوسرا بوون، هەتا ئەرمەنەكانیش _ پێش دۆزینەوەی ئەلفبێی ئەرمەنی لە سەدەی پێنجەم _ ئەلفبێی سریانییان بەكار دەهێنا.

بەڵام ئەوانەی لەم دواییە، كە بوونە دیان و لە سامی و جولەكە نەبوون، پەیمانی كۆنیان بە زمانی یۆنانی دەخوێندەوە (وەرگێڕانەكەی سەبعینی) ، بەڵام فەیلەسوف و كاهینەكانی ئەفسانەی یۆنانی (دوای ئەوەی بوونە دیان) هیچ گرانییەكیان لەبەرهەم هێنانی (پەیمانی نوێ) نەدیت بە یۆنانی، كە پەیمانی كۆن تەواو بكات بە تایبەتی، كە پەیمانی كۆنی سەبعینیان لە بەردەست بوو.

لە ئەنجامدا ئینجیلی مەسیح بووە سەرچاوەی دوو ئاراستەی فكری" یەكێكیان سامی و ئەویدی ئیغریقی، ئینجا بیری هاو خوایی ئیغریقی بە یاریدەی قوستەنتینی گەورە (كە بوغراترین قەیسەری ئیغریق _ لاتین بوو)

---

* زمانی سریانی لە ئارامییەوە پەیدا بووە و هەردووكیان هەمان ئەبجەدییان هەیە كە بریتی یە لە (٢٢) پیت و عادەتەن زمانی سریانی بە شێوەی ئارامی دەگوترا كە لەو سەردەمەدا لە (ڕەها و دەوروبەری) بەكار دەهات.

و دەمار گیرترین قەشەكانی خودان و باوەڕی سێلانە لە بێزەنتـە و ڕۆمـا _ توانی بەسەر بیر و باوەڕی یەكتاپەرستیی سامییەكاندا سەركەوێ.

سەرەڕای ئەوەش كێشەی یەكێتی بـاوەڕ و مەزهـەب و دەقـی دابـەزیو، زیاتر لە ماوەی سێ سەد ساڵ كەنیسە (پەیمانی نوێ)ی نەبوو هەروەك ئێستا هەیەتی، هیچ كەنیسەیەكی سامی یا ئیغریقی یـا كەنیـسەكانی ئەنتاكیـە، یان ڕەها یا بێزەنتە یان ڕۆما هەموو سفرەكانی پەیمانی نوێیان نەبوو، بەڵكو پێش بەستنی كۆڕی نیقیە چوار ئینجیلەكانیشیان نـەبوو، سـەیرم لـەوە دێ دەبێ بیروباوەڕی ئـەو دیانانـە چـۆن بوبـێ لـە بـارەی قورئـانی پـیرۆز، یـا مەعمەدانیە یا سێلانە یا پەرجوی لە دایك بونی عیـسای مەسـیح و گـەلێ بیروباوەڕ و بنەمای دی، كە تەنیا ئینجیلی لۆقا، یا مـەرقس یـا ئینجیلـی یۆحەننایان لەبەردەست بووە.

دانەكەی پشیتای سریانی ئەو وشە بنەڕەتی و ڕێكخستنانەیان تێدا نییە، كە ئێستا لە ئینجیلی لۆقادا هەیە (١٧/٢٢_١٩)، هەروەها دوازدە ڕسـتە كۆتاییەكەی، كە لە بەشی شازدەمینی ئینجیلی مەرقس دا هەیە لە دەسـت نوسە یۆنانییە كۆنەكاندا نین و، ئەوەی پێـی دەگـوترێ نوێـژی خـوا (صلاة الـرب) (متـی٩/٦،لوقـا ٢/١١) لای دانـەرانی ئینجیلـی دووەم (مـرقس) و چوارەم (یوحنا) نەبوو، لە ڕاستیدا گەلێ لەو ڕێنماییانەی كە لە ئینجیلێكدا هـەبوو و ئـەو ئینجیلـە لای كەنیـسە نـەزانراو بـوو ڕێنمایـیـەكانیش وەك ئینجیلەكە نەزانراو بووە . بەم جۆرە یەكێتی پەرستن و بیروباوەڕ و ڕاسـپاردە و هـەموو لایەنـەكانی دی لـە كەنیـسە سـەرەتاییەكان نەهاتنـە دی و، تـا ئێستاش هەر وایە.

بە كورتی كتێبە پیرۆزەكـانی جولەكـە وەكـو ئینجیلـی دیانـەكان بـووە لەسەردەمی حەوارییەكان، سەرەڕای ئەو ئینجیلـە ڕاسـتەقینەیەی، كـە بـۆ

سەر گەورەمان عیسا دابەزیوە و، گەوهەرەكەی لەگەڵ سرودی فریشتە وێكچووە، كە ئاماژە بە ئیسلام و پێغەمبەرەكەی (احمد) دەكات.

ئەو پەیامە سنوردارەی، كە بۆ مەسیح هات لە پێناو رێنماییكردنی جولەكە و گێڕانەوەیان لە گومڕاییان بوو، هەروەها بۆ ڕاست كردنەوەی بیروباوەڕە هەڵەكەیان بوو لە بارەی مەسیحی هاتوو لە بنەماڵەی داود و قەناعەت پێهێنانیان، كە مەلەكوتی خوا لەسەر زەوی، كە چاوەڕوان بوون بە دی بێت لە ڕێگەی ڕزگار كەرێكی بنەماڵەی داودەوە نابێت، بەڵكو لە بنەچەی ئیسماعیل دەبێ و، ناوی (احمد) دەبێت، ئەم ناوەش كە لە ئینجیلە یۆنانیەكان بە شێوەی یۆدۆكسۆس (Eudoxox) و پركلیتۆس Periqlytos (نەك پاراكلیت Paraclete هەروەك كەنیسەكان شێواندویانە) هاتووە دەشێت و ناوەڕاستەكەیەتی.

بابەتی پیركلیتوس Periqlytos یەكێكە لە گرنگترین توێژینەوە لە زنجیرەی ئەم وتارانە(بەشی) ، جا گرنگی باراكلیت Paraclete هەرچەندبێت، كە هەر چۆنێ بێ كە كەنیسەكان دایان هێناوە (سەیری یۆحەننا بكە ١٤/٢٦،١٦) و (١٥/٢٦) و (١٦/٧) و گرنگیی بنچینە ڕاستەكەی هەرچەند بێ، حەقیقەت گەواهیی ئەوە دەدات، كە عیسا لە دوای خۆی ئاینێكی نا تەواوی بەجێ هێشت و پێویستە ئەو ئاینە تەواو بكرێت بە ڕێگەی ئەو كەسەی، كە یۆحەننا ناوی لێناوە (اوبی سوبرا) و بە (گیان) وەسفی كردووە (لوقا٢٤/٤٩) ، ئەم گیانەش نە خوایە و نە سێیەمی سێیەكانە، بەڵكو گیانی پاكی (احمد)ە، كە لە گەڵ گیانی پێغەمبەرەكانی دی لە بەهەشتدا خولقێنراوە (ئینجیل بەرنابا).

ئەگەر گیانی مەسیح بە پێی گەواهیی یۆحەننای حەواری (یوحنا١٧/٥) پێش ئەوەی بە مرۆڤی بخولقێنرێ هەبووە، ئەوا لە ئەلقەی داهاتوودا باسی

ئەم خالە دەكەم ، بەلام ئێستاكە ئەم پرسیارە لە هەموو كەنیسەكانی مەسیحی دەكەم، ئایا پێش بەستنی كۆڕی مەسكۆنی لە نیقیە لە ئاسیای بچوك سالی ٣٢٥ز ئینجیلی چوارەم (یوحنا) لە هەموو كەنیسە مەسیحیەكانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپادا هەبوو؟ ئەگەر وەلامەكە بە (بەلێ) یە تكایە بەلگە كانتان دیار خەن، خۆ ئەگەر وەلامەكەش بە (نەخێر) ە، ئەو كاتە دەبێ دان بەوە دابنێین، كە بەشێكی زۆری دیانەكان هیچ شتێكی لە بارەی پاراكلیت Paraclete نەدەزانی، كە لە ئینجیلی چوارەم باس كراوە، پاراكلیت وشەیەكی نادیارە، نە دلدەرەوە (المعزي) و نە پێناو (الوسیط) و هیچ شتێكی دی ناگەیەنێت ، ئەمانە هەموویان كۆمەلە تاوانێكی ترسناك دژی كەنیسە دروست دەكەن.

دێینەوە سەر بابەتەكە ، پشیتا وشەی یۆدۆكیای یۆنانیی، كە یۆنانیەكان بە (ایفدوكیا) دەری دەبڕن بە وشەی (سوبرا تابا) وەرگێڕاوە، كە بە (سوفرا تافا) گۆ دەكرێ، ئەمەش بە واتای (هیوای چاك) یان (ئومێدی چاك) دێت، بەلام وەرگێڕانە لاتینیەكە Vulgate وشەی یۆدۆكیای بۆ بۆنا قۆلانتاس Bona Voluntas وەرگێڕاوە، كە بە واتای (نیازی چاك) دێ.

لەگەلّ ئەوەی كە هەردوو وەرگێڕانەكە تۆزێ لە ڕاستیی پێوە دیارە، بەلام هەر بە تەواوی وەرگێڕانە سریانی و لاتینیەكە بە دیار ناخات و مەیدان خوازی لە هەموو زانایەكانی یۆنان دەكەم، كە ئەم گوتەیەم بە درۆ بخەنەوە، كەوا وەرگێڕەكانی هەردوو دەقی سریانی و لاتینی لە لێكدانەوەی وشەی (یودوكیا) هەلەیەكی زۆریان كردووە ، من وەرگێڕەكان بەوە تاوانبار ناكەم، كە بە ئەنقەست ئەو دەربڕینە یۆنانیەیان گۆڕیوە، لەوانەیە واتا ڕاستە پێشبینیكراوەكەی وشە سامیە ئەسلیەكەیان نەزانیوە، كە وشەی (یودوكیا)ی یۆنانیی لێ داڕێژراوە.

واتا راستە پڕ پێستەكەی دەربڕینی (هیوای چاك) بە زمانی یۆنانی (یودوكیا) نییە، بەڵكو ( Euelpistia یان Euelpis) یە ئەمەش بە (ایفلپستیا) گۆ دەكرێ، بەڵام دەربڕینە وردە ڕاستەكەی، كە وێكچوی دەربڕینە لاتینیەكەیە (بوناڤۆلانتاس) یان (نیازی چاك) بە زمانی یۆنانی، ئەوا (یودوكیا) نییە بەڵكو (یوثیلیما) Euthelyma یە، ئەم لێكدانەوەیە هێندە ڕون و ئاشكرایە، كە ببێتە سەرزەنشت كردنی قەشەكانی فاتیكان و كانتر بوری بدات، ئەوانەی كە سرودی فریشتە (Gloria in Excelsis) لە نوێژەكانیان دەچڕن.

١_ بنچینە زمانییەكەی وشەی یۆدۆكیا Eudokia : هەر كە لە واتای ڕاستەقینەی وشەی یۆدۆكیا دەگەڕێین، دەبینین هەردوو پیتی _ Eu _ سیفەتی ناو هەڵدەگرێ، كە بە واتای (باش، چاك، زۆرتر، زۆرترین) دێ، هەروەك لە وشەی یۆدۆكیمۆ Eudokimeo بە واتا: بەڕێز، مەقبوڵ، خۆشەویست، هەروەها : خاوەن سەروەری دێ، هەروەها هاووشەی : یۆدۆكیمۆس Eudokimos كە بە واتای : زۆر بەڕێز، بەناوبانگ و سەروەر دێت و وشەی یۆدۆكسۆس Eudoxos‘ كە بە واتای زۆر بەناوبانگ و سەروەری دێ، وشەی : یۆدۆكسیا Eudoxia بە واتای بەناوبانگ و ناسراو دێت، بەڵام بڕگەی دۆكسا Doxa‘ كە لە ناوە لێكدراوەكان بەكار دێت وەكو: (Doxology ،Orthodox) ،كە لە فرمانی دۆكیۆ Dokeo دارێژراوە، هەر كەسێ لە ئەدەبی ئینگلیزی بكۆڵێتەوە دەزانێ، كە وشەی دۆكسا Doxa بە واتای : سەروەری ، شەڕەف ، ناوبانگ دێت ، لە ئەدەبی كلاسیزمی ئیغریقی زۆر دەربڕینی وا هەیە، كە وشەی دۆكسا Doxa بەكار دێنێ، تا ئاماژە بە سەروەری بكات، بۆ نمونە : Peri Doxis Makheshai، كە بە واتای (لە پێناو سەروەری بجەنگێ) دێ. بەڵام من ئاگادارمم كە وشەی

(دۆكسا Doxa) جاروبار بە واتای دەربرین لە : أ_ ڕا، یان بیروباوەڕ . ب_ بنەما و ڕێباز. ج_ بۆچوون یان هیوا، دێ. بەلاّم واتا گشتیەكەی (سەروەری)یە و لە ڕاستیدا بەشی یەكەمی سرودە فریشتەییەكە بە (دۆكسا_ سەروەری_ بۆ خوا لە بەرزاییەكان ) دەست پێ دەكات.

فەرهەنگی یۆنانی _ فەرەنسی R.C. Alexandre، كە ساڵی ١٨٤٦ لە پاریس بلاّوی كردەوە، ئەم واتایانەی بە وشەی یۆدۆكیا Eudokia داوە (جوان، چاك، پیس) ، هەروەها دانەرەكە وشەی دۆكیو Dokeo بە پێش دەخات، كە گوایا بنچینەی وشەی Doxa دۆكسایە بە هەموو جۆرە واتاكانیەوە، كە لە مەوبەر باسكران، ئەو زانا یۆنانییانەی، كە لە قوستەنتینەوە زۆریانم ناسی كۆكن لەسەر ئەوەی، كە یۆدۆكیا Eudokia بە واتای (خۆشی، خۆشەویستی، ڕەزامەندی، حەز) دێ، بەلاّم دەڵێن، كە واتا بنچینەییەكەی (ناوبانگ، ناسین، شەرەف)ە.

٢_ بنچینەی زمانیی و وشە عیبرییەكانی (مَحْمَد) و (حِمْده) و واتاكانیان:

تاكە ڕێگا بۆ تێگەیشتنی كتێبی پیرۆز ئەوەیە، كە لە ڕوانگە و بۆچونی ئیسلامیەوە لێی بكۆڵرێتەوە، تەنیا ئەو كاتە دەتوانی لە سروشی خوایی بگەی و، ڕاستیی و ناڕاستی لە یەكتری جودا بكەیتەوە و بە ڕونی لە دەقە گۆڕاوەكانی خۆ ڕزگار بكەی، بە بۆچونی من لێكچونێكی سەیر هەیە لە نێوان وشەی یۆنانی یۆدۆكیا Eudokia و وشەی عیبرییەكانی (مَحْمَدْ، مَحْمُدْ، حِمْدَه، حِمِدْ) كە زۆر جاران لە پەیمانی كۆن بەكار دێن.

أ. (حَمَدْ): ئەم فرمانە لەم پیتە ساكینە سامیانە پێكهاتووە: (ح م د)، لە هەر شوێنێكی كتێبی پیرۆزی جولەكە ئەم پیتانە هاتبن، بە واتای (خۆشی دەوێ، خولیایەتی، حەزی لێیە) دێ، لە دەستنوسە عیبرییەكاندا بە

تەواوی واتای فرمانی (حَمَدْ) ئەمەیە، لە یەكێ لە دە ڕاسپاردەكانی تەورات بەم جۆرە هاتووە( لو تحمد اش رايخه) واتا: حەز لە ژنی دراوسێكەت مەكە . (سفر الخروج٢٠/١٧).

ب.  (حِمِدْ) بۆ نێر و (حِمْدَه) بۆ مێ بە واتای : حەز ، ڕەزامەندی، شادی، شاگەشكەبون، جوانی دێت. (حجی٢/٧و إرميا ٢٥/٣٤ إلخ)

ت.  مَحْمَدْ، مَحْمُدْ (مراثي إرميا ١/١٠،٧) و (٢/٤) : ئەم دوانە لە فرمانی (حَمَدْ) داڕێژراون و بە واتای (زۆر ئارەزوو كردن لێی، گەش، نایاب، نەرم و نیان، سەرنج ڕاكێش، بە نرخ، خۆشەویست) دێن. هیچ گومانی تێدا نییە، كە دارشتنە عەرەبیەكە (مُحَمّدُ) عیبریەكە (مَحْمَدْ) و (مَحْمُدْ) هەموویان لەو ڕەگەوە وەرگیراون، سەرەڕای هەندێ جیاوازیی كەم لە شێوەدا، واتای داڕشتنە عیبریەكانم هێناوە بەو شێوەیەی، كە جولەكە و دانەری فەرهەنگەكان تێیان گەیشتوون.

پ.  بەم جۆرە تێبینی ئەوە دەكەین، كە وشەی یۆدۆكیای یۆنانی بە تەواوی واتای ناوی عیبری (حِمْدَه) دەگەیەنێ، بەرامبەر ئەمەش ئەو وشەیەی، كە لە یۆنانی بە (مَحْمُدْ) دەچێت، هەر دەبێ یۆدۆكسۆس Eudoxos بێت، كە بە واتای ئەو شتە دێت، كە خولیای دەبن و بۆی دەچن و نەرم و نیان و گەش و بە نرخ و خۆشەویست و بەڕێزە.

٣_ تاكە پەڕجوێكە لە مێژوی ئاینەكان، كە بۆ یەكەم جار ناوی (مُحَمَّدْ) لە ناو هەموو مرۆڤدا لە كوڕی عەبدوڵڵاو ئامینە بنرێ:

ئەم ناو لێنانە هیچ فرت و فێڵ و گزییەكی تێدا نیە، چونكە دایك و باوك و خزمەكانی بت پەرست بوون و، هیچ شتێكیان لە بارەی پێشبینیەكانی كتێبی عیبری و مەسیحی نە دەزانی، كە باس لە پەیدا بوونی پێغەمبەرێكی مەزن دەكا و ئاینی ئیسلام بەرپا دەكات، هەڵبژاردنی

ناوی (محمد یان احمد) لە لایەن (عبداللە و آمنة) شتێكی ڕێكەوت، یان ڕوداوێكی ئاسایی نەبوو، بەڵكو بێگومان پەرجوێكی خوایی بوو، پەیوەندیی بە ئیلهامی خوایی و پلانی خواییەوە هەبوو.

ناوی بنیات نادیاری فرمانی (حُمِّدَ) لە عەرەبی (مُحَمَّد)ە و لە عیبریش (مَحْمَدْ) یان (مَحْمُدْ)ە و گومانی تێدا نییە، كە هەردوو داڕشتنەكە وێكچون.

زۆر بە دەست پاكییەوە واتای داڕشتنە عیبرییەكانم خستە ڕوو، هەروەك نوسەری فەرهەنگ و دانەرەكان پێشكەشیان كردووە و بە دیار كەوت، كە واتای بنچینەیی و گیانیی هەردوو وشەی (حِمْدَ و مَحْمُدْ) سوپاس و درود و شایانی درود و سەروەری و سەرفرازبونە، لە نێوان هەموو بوونەوەراندا دەبێ كێ خاوەن سەروەری تر و ستایش كراو تربێ لەو كەسەی، كە خەڵكی بە پیریەوەدەچن و خۆشیان دەوێ؟ لە ڕوانگەی ئەم واتا واقیعیەوە قورئانی پیرۆز وشەی (الحمدُ) ی بەكار هێنا، كە (احمد،محمد)ی لێ دادەڕێژرێ، وشەی (الحمدُ) هەمان وشەی (حِمِدْ) ی عیبرییە. دانیال ڕونی كردەوە (سفر دانیال،الفصل٧) ، كە سەروەریی (محمد) بەسەر هەموو سەروەرییەكانی دیدا زاڵ دەبێ، چونكە خوای گەورە سەروەری و شەرەفێكی مەزنی دایە گەورەترین پێغەمبەرەكانی بۆ بنیات نانی ئاینی خوا و، ڕاست كردنەوەی چەمكەكانی لە ژێر ناوی (اسلام) دا، كە بە واتای : ئاشتی و هێوری و دڵنیایی و ڕزگار بوون دێت، هەروەها بە واتای : خێر بەرامبەر شەڕ و خۆبەكەم زانین و ملكەچی دێت بۆ ویستی پەروەدگاری مەزن.

ئەو خەونەی كە شوانەكان بە بۆنەی لە دایك بونی گەورەمان مەسیح بینییان لە كاتێكی نایاب و نازدار بوو، چونكە لەو شەوەدا پێغەمبەرێكی مەزن لە پێغەمبەرەكانی خودا، كە موژدەی ئیسلامی دا لە دایك بوو،

مەسیح خـۆی مـوژدە دەری دەسـەلاَتی خـوا بـوو لەسـەر زەوی، هـەروەها ئینجیلەكەی پێشەكیەك بوو بۆ قورئان و سەرەتای چەرخێكی نوێ لە مێژوی ئاین و ئاكارەكاندا.

عیسا خۆی ئەو (مَحْمَدْ) ە نەبوو، كە دەسەلاَتی شەڕ و بت پەرسـتی لـە خاكی بەڵێنـدراو (موعـودة) ورد و خـاش بكـات، چـونكە هێـزی گـەورەی ڕۆمانی لەسەر دەمی ئەودا لە پەرەسەندن و فراوانبون بوو و، شاری قودس و پەیكەرەكەی لە دوای هاتنی مەسیح لەسەر دەستی ئەو وێران كرا، مەسـیح بۆ نەتەوەكەی خۆی هات بەلاَم ڕەدیان كردەوە و لێی دور كەوتنەوە.

ئەوانەی باوەڕیان بە عیسا هێنا كرانـە (ڕۆڵـەی ولاَتەكـە) و، ئەوانیـدی ئاوارەی سەر زەوی بوون، ئینجا لە ژێر دەسـەلاَتی دە ئیمپراتـۆری یەكـەمی ڕۆمانی، دە جاران بـە تونـدی چەوسـێنرانەوە، تـا ئیمپراتـۆر قوسـتەنتینی گەورە هات و بیروباوەڕی سێلانەی چەسپاند و دیانـە یـەكخوا پەرسـتەكانی لەناو برد، دوای ئەوە (محمد) سەلامی خوای لێ بێ هەناردرا، كە خـوا، یـان كوڕی خوا نەبوو، بەڵكو ئەو پێغەمبەرە بەڵێندراوە بـوو، كـە هـەموو ئـەو سیفەتانەی لێ هاتنە دی، كە لە ناوی پیرۆزی وەرگیرا بـوون ، لـە ڕاسـتیدا (محمد) ڕۆڵەی مرۆڤی چاوەڕوانكراو بوو (البارناشا)، ئەو (احمـد)ە بـوو، كـە شایانی ستایش بوو، ئەو كەسە بوو كە هات و دڕونده مەزنەكەی لەناوبرد.

واتا ڕاستەقینەكەی سرودە فریشتەییەكە بـەم جـۆرەی خـوارەوە دەبێـت: سەروەری و سوپاس و ستایش بۆ خوایە لە بەرزاییەكان. چیی وەهـا نـەماوە كە ئیسلام بێتە سەر زەوی. ئەحمەد پێشكەشی خەڵكیی بكات.

# ( پاری سێزدەمین )

# یەحیای مەعمەدان پەیدا بونی پێغەمبەرێكی مەزن ڕادەگەیەنێ

بە پێی گێڕانـەوەی هـەر چـوار حەوارییەكـە، یـەحیای كـوڕی زەكـەریا (یۆحەنای مەعمەدان) كوڕی پوری عیسا بـووە و هاوچـەرخی بـووە، شـەش مانگ پێش ئەو لە دایك بووە. قورئان لە بارەی ژیانی ئەم پێغەمبەرە باسی هیچ ناكا، تەنیا هێندە، كە خوا سروشی بۆ زەكەریا نارد، كە كـوڕێكی نـاو یەحیای پێ دەبەخشێ و (یَازَکَرِیَّا إِنَّا نُبَشِّرُکَ بِغُلاَمٍ اسْمُهُ یَحْیَی لَمْ نَجْعَـلْ لَـهُ مِنْ قَبْلُ سَمِیًّا... ئەی زەكەریا! ئێمە مزگێنی منالێك بەتۆ ئـەدەین، وەنـاو یەحیا، كە پێشتر لەم، كەسن نەكردە هاوناوی.) مـریم/٧ مرۆڤێكی شـەریف و پاك دەبێ و باوەڕ بە پەیامی عیسا دێنێ و، یەكێك دەبێ لـە پێغەمبـەرە چاكەكان (أَنَّ اللَّهَ یُبَشِّرُکَ بِیَحْیَی مُـصَدِّقًا بِکَلِمَـةٍ مِـنَ اللَّـهِ وَسَـیِّدًا وَحَـصُورًا وَنَبِیًّا مِنَ الصَّالِحِینَ... خوا مزگێنیت پێـدەدا، كـوڕێكی نـاو یـەحیات پـێ دەبەخشێ، كە هەموو فەرمودەی خودا دەسەلمێنێ و مرۆڤێكی خۆڕاگر(لـە ژن) و، یەكێك لە پێغەمبەرە چاكەكان دەبێ.) آل عمران/٣٩.

یەحیا خەڵكی ناسیرە بوو، لە چۆڵگا دەژیا و كوللە و هەنگوینی كێـویی دەخوارد و جل و بەرگێكی لە تووكی حوشتر لەبەر دەكرد، لەو بـاوەڕەن كـە لە تایەفەی ئاینیی جولەكە بووە بە نـاوی ئەسـینییەكان Essenes و دیانـە سـەرەتاییەكان (ئیبۆنییـەكان Ebionites) ، كـە لـە چـێژی جیهـانی دور كەوتبونەوە لەوەوە پەیدا بوونە، لەو وەسفەی كە قورئان بۆ یەحیای دەكـات (حصوراً) وا بەدەر دەكەوێ، كە داوێن پاك بووە و ڕەبەن بووە، لە گەنجێتیـدا ناسراو نەبوو، تا تەمەنی گەیشتە سـی (٣٠) سـاڵ و، كرایـە پێغەمبـەر و

داوای تۆبە كردنی لە خەڵكی دەكرد، تۆبەكارانی لە ڕوباری ئوردون تەعمید دەكرد، جەماوەری بەرەو چۆڵگای یەهودا كێش دەكرد و، گوێیان لە ئامۆژگاریەكانی دەگرت و هەڕەشەی لە فەریسی Pharisees و قەشە دەمار گیرەكان دەكرد و سەدوقیە Saducees فێرخوازە عەقلانیەكانی بە كارەسات دەترساند و ڕایگەیاند، كە ئەو هەر خەڵكیی بە ئاو تەعمید دەكرد، وەكو ڕەمزێك بوو بۆ پاك كردنەوەی دڵەكان بە تۆبە كردن، بەڵام لە دوای ئەو پێغەمبەرێك دێ و بە گیانی پیرۆز و ئاگر تەعمیدیان دەكا، هەروەها لەمەودوا گەنم لە كۆگاكەی كۆ دەكاتەوە و قەسەڵەكەشی[1] بە ئاگرێ دەسوتێنێ، كە كوژانەوەی بۆ نەبێت.

هەروەها ڕایگەیاند، كە ئەو پێغەمبەرەی لە دوای ئەو دێ پلە و پایەی زۆر لە خۆی بەرزترە و ئەو شایانی ئەوەی نییە (كە دابێتەوە و قەیتانی پێڵاوی ئەو پێغەمبەرە بكاتەوە)متی٣/١١.

بە پێی گێڕانەوەی مەرقس و لۆقا، عیسا یەكێك بوو لەوانەی، كە یەحیا بە دەستی خۆی لە ئاوی ئوردون تەعمیدی كردووە (مرقص ١/٩) و (لوقا٣/٢١) ، بەڵام مەتتا سەرەڕای گێڕانەوەی مەرقس و لۆقا دەڵێ: یەحیا بە عیسای گوتووە: (من پێویستیم بەوەیە، كە بە دەستی تۆ تەعمید بكرێم، ئایا تۆ بۆ من هاتی؟) (متی٣/١٤)، دەڵێن عیسا ئاوا وەڵامی داوەتەوە: (لێمان گەڕێن با ڕاستەڕێ و بەردەوام بون لەسەر ئەم ڕێ یە دابین بكەین) ئینجا لەسەر دەستی یەحیا تەعمید كرا.

بەڵام نوسەری ئینجیلی چوارەم لە بارەی تەعمید كردنی عیساوە هیچ شتێ نازانێ، كەچی پێمان دەڵێ: یەحیا چاوی بە عیسا كەوت، هاواری كرد و گوتی: (سەیر كەن ئەمە بەرخی خوایە) (یوحنا١/٢٩)، ئەم ئینجیلە

---

[1] قەسەڵ: كای درشت، پوش و پەڵاش.

دەڵێ: ئەندراوس قوتابیی یەحیا بووە، هێندەی پێ نەچووە لە مامۆستاكەی دور كەوتۆتەوە و سەمعان بوترسی (الصفا) برای هێناوەتە لای عیسا (یوحنا/١) ، ئەم چیرۆكە بە ئاشكرا دژی گوتەی ئینجیلەكانی دییە (متی ١٨/٤_١٩) و (مرقص١/١٦_١٨) ، بەلأم قدیس لۆقا دەڵێ : عیسا سەمعان بوترسی دەناسی پێش ئەوەی ببێتە حەواری (لوقا٤/٣٨_٣٩) ، هەروەها لۆقا دەڵێ: عیسا منداڵەكانی یوونس و زوبەیدیی خستە ناو قوتابیەكانی (لوقا٦/١_١١) ئەمەش لە نووسینی حەوارییەكانی دیدا نەهاتووە.

هەروەها لە ئینجیلی چوارەمدا هاتووە، كە یەحیا دوای ئەوەی گیانی وەكو كۆتری دابەزیە سەری و تەعمید كرا، ئینجا كەسێتیی عیسای ناسی (یوحنا/١) ، كەچی لۆقا پێمان ڕادەگەیەنێ، كە یەحیا هەر كە لە زگی دایكیدا كۆرپەلە بوو، عیسای دەناسی و دەیپەرست _ ئەمەش لەو كاتەدا، كە عیساش كۆرپەلەیەكی بچووك بوو لە منداڵدانی دایكیدا (لوقا١/٤٤) دووبارە پێمان دەگوترێ، كە یەحیا خرایە بەندیخانە و لەوێ شەهید بوو، هێشتا سروشتی ڕاستەقینەی پەیامی عیسای نەدەزانی (متی١١/٢_٣).

بەم جۆرە هەر چوار ئینجیلەكەی كەنیسە سێلانەییەكان، پڕن لە بیروڕای دژ یەك لە بارەی عیسای مەسیح و یەحیا سەلامی خوایان لێ بێت.

لەو پرسیارانەی كە كاهین و لاوییەكان ئاڕاستەی یەحیا پێغەمبەریان كرد، ئاماژەیەكی لێڵ و نادیاری تێدا بوو، سێ پرسیاری لەسەر یەكتریان لێكرد (ئایا تۆ مەسیحی؟ ئایا تۆ ئیلیای؟ ئایا تۆ ئەو پێغەمبەرەی ؟) هەر كە بە (نا) وەڵامی هەموو پرسیارەكانی دایەوە پێیان گوت : (ئەگەر تۆ مەسیح نی و ئیلیا نی و ئەو پێغەمبەرەش نیت، كەواتە بۆ چی تەعمید دەكەیت؟) (یوحنا١/١٩_٢٥).

بەم جۆرە بە پێی ئینجیلی چوارەم، یەحیای مەعمەدان نە مەسیح بوو نە ئیلیا نە ئەو پێغەمبەرە . لێرەدا پرسیار لەو كەنیسە مەسیحیانە دەكەم، كە لەو باوەڕەن گیانی پیرۆز، واتا سێیەمین خوای سێلانە ئیلهام دەری ئەو هەموو گوتە دژ یەكانەیە، ئایا مەبەستی مالی جولەكە و لاوییەكان لە گوتەیان (ئەو پێغەمبەرە؟) كێیە؟ ئەگەر كەنیسەكان دەڵێن: كە لە بارەی ئەو پێغەمبەرەوە هیچ نازانن، دەبێ چ سودێ لەو ئینجیلە دەستكاریكراوانە وەرگرن؟ بەڵام ئەگەر كەنیسەكان دەزانن (ئەو پێغەمبەرە) كێیە، تاكەی بێدەنگ دەبن؟

دەقەكەی سەرەوە بە ئاشكرا ڕایگەیاند، كە یەحیا گوتویەتی : ئەو خۆی ئەو پێغەمبەرە نییە ، لە عیساش دەگێڕنەوە، كە فەرمویەتی: (هیچ ڕۆڵەی مێینەیێ لە یەحیا مەزنتر نییە) (متی ۱۱/۱۱)، ئایا بە ڕاستی عیسا ئەمەی گوتوە؟ ئایا یەحیا لە ئیبراهیم و موسا و داود و عیسای مەسیح گەورەتر بووە؟ ئەگەر ئەم گەواهیەی عیسا لە بارەی یەحیای كوڕی زەكەریا ڕاستە، ئەو مەزنیی (بخۆری كوللە لە چۆڵگا) تەنیا لەوەدایە، كە بە شێوەیەكی ڕەها خۆی لە بیر كردووە و پشتی لە چێژ و جوانیی جیهان كردووە و، زۆر حەزی لەوە بووە، كە داوای خەڵكی بكات بۆ تۆبە كردن و موژدەی خۆشیی (ئەو پێغەمبەرە) ڕابگەیەنێت.

یا خود مەزنیەكەی لەوەوە بووە، كە كوڕی پوری عیسا بووە و گەواهیدەری بووە . نرخ و مەزنیی هەر پیاوێ یان پێغەمبەرێ بە كردەوە و دەست كەوتەكانی دەنرخێنرێ و، كە هێشتا نەمان زانیوە چەند كەس بە ئامۆژگاریەكانی یەحیا، ڕێگای ڕاستیان گرتووە و چەندانی لە ڕوبار تەعمید كردووە. هەروەها ئەو جولەكە تۆبەكارانەی، كە لە سایەی یەحیاوە ڕێگای ڕاستیان گرتووە _ ئەگەر هەبن _ هەڵس و كەوتیان بەرامبەر عیسا هێندە

گرنگ نەبووە.

لــە شــوێنێكی دی دەگێڕنــەوە، كــە مەســیح رایگەیانــدووە یــەحیای مەعمــەدان ئیلیــا پێغەمبــەر بــووە (مــتی ١٤/١١ و ١٢/١٧) یــا خــود بەرجەستەیەكی نوێی ئیلیا پێغەمبەرە (لۆقــا ١٧/١) ، كەچــی یــەحیا بــە شاندە جولەكەكەی ڕاگەیاندووە، كە نە ئیلیایە و نــە مەســیحە و، نــە ئــەو پێغەمبەرەیە (یوحنا ١٩/١_٢٥).

ئایا مرۆڤ، چ لەو ئینجیلــە دژ واتایانــە هەڵــدەهێنجێ ؟ ئایــا دەتوانــێ ڕاستییان لێ هــەڵكرێنێ؟ تاوانەكــە زۆر گەورەیــە، چــونكە ئەوانــەی لێیــان دەدوێن دوو پێغەمبەرن، كە بە دەستی گیان (روح) لــە منالّــدانی دایكیــان خولقێنران و لە دایك بونیان پەڕجوێكە (معجزە)ێكی، یەكێكیان بــێ بــاوك لە دایك بووە و، ئەویدی لە دایك و باوكێكی نەزۆكی نەوەت ساڵی، لــەوەش مەترسیتر گێڕەرەوەی ئەم چیرۆكانە حەواریەكانن، كە گوایا لە لایــەن گیــانی پیرۆزەوە سروشیان بۆ دێ و ئــەوەی نوســیویانە ســروش (وحــی)یــە! لەگــەڵ ئەوەش درۆیێ یان گزییەك لە شوێنێكدا هەیــە، چــونكە دەبــێ ئیلیــا، یــان (الیاس) لە پێش (ئەو پێغەمبەرەوە) بێت (ملاخی ٤/٥_٦) و دەڵێن گوایە عیسا گوتویەتی (یەحیا خۆی ئیلیایە)، بەڵام یــەحیا دەڵێــت : (مــن ئیلیــا نیم) هەموو ئەوە ناكۆكییانە لە كتێبی پیرۆزدا هاتوون !

كەواتە لە ڕێگەی ئەم ئینجیلانەوە گەیشتنە حەقیقەت و ئاینی حەق زۆر دژوارە، تەنیا ئەگەر بــە بۆچــونێكی ئیــسلامی بخوێندرێتــەوە ، تــەنیا لــەم كاتەدا دەشێ ڕاستی لە درۆ و راستەقینە لە گزی جودا بكرێنەوە، تەنیا بــە پێوەری ئیسلام و بیروباوەڕەكەی دەتوانرێ ئینجیلەكان لە بێــژینگ بــدرێن و قەڵەوو لەڕ لە یەكدی جودا بكرێنەوە . پــێش ئــەوەی بیــسەلمێنم، كــە ئــەو پێغەمبەرەی یەحیا پێشبینی كردووە (متی٣/١١) هەر دەبێ (محمد) بێــت،

ئەوا سەرنجی خوێنەرانم بۆ دوو خاڵی گرنگ ڕادەكێشم:

١) موسڵمانەكان ئەو پەڕی ڕێزی هەموو پێغەمبەرەكان دەگرن بە تایبەتی ئەوانەی، كە ناویان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە وەكو، عیسای مەسیح و یەحیا، باوەڕیشیان هەیە، كە حەوارییەكان مرۆڤی چاك و پاك بوون، لەگەڵ ئەوەی كە نووسینە ئەسڵیەكانیان دیار نییە، بەڵام موسڵمانەكان ئەوە قەبوڵ ناكەن، كە ڕایەكانیان دژی یەكتری بێت، لێرەدا شتێكی دی هەیە، كە شایانی سەرنجە ئەویش بێ دەنگ بونی ئینجیلی بەرنابەیە لە بارەی یەحیای مەعمەدانەوە، ئەم ئینجیلە بە هیچ جۆرێ ناوی یەحیا نابا و پێشبینی (بەهێزترین پێغەمبەرەكە) دەداتە پاڵ عیسای مەسیح ، هەروەها باسی ئەوە دەكا، كە عیسا فەرموویەتی : گیانی (محمد) لە پێش گیانی پێغەمبەرەكانی دی خولقێنراوە، بە جۆرێ ئامازەی بە شكۆمەندیی كردووە، كە هەر دێت (ئەو پێغەمبەرە) عیسا خۆی وا داناوە، كە شایانی ئەوەی نییە دابێتەوە و قەیتانی پێڵاوەكەی بكاتەوە.

٢) یەحیا لە چۆڵگادا وا ڕاهاتبوو _ لەو كاتانەی ئامۆژگاریی جەماوەری دەكرد _ كە بە دەنگی بەرز هاوار بكا و دەیگوت: (من بە ئاو تەعمیدتان دەكەم بۆ تۆبە كردن و لێبوردنی گوناهەكان، بەڵام لە دوای من یەكێكی لە من زۆر بەهێز تر دێ، كە شایانی ئەوەم نییە قەیتانی پێڵاوەكەی بكەمەوە، ئەو بە گیان و ئاگر تەعمیدتان دەكات) (متی ٣/ ١١ئەو شەوانە بەچەند شێوەیێ لە ئینجیلەكاندا باسكراوە، بەڵام بە هەمان واتا، ئەمەش بەڵگەی ڕێز و ڕێزلێنانە لەو كەسێتیە بە هێزە خاوەن پلەو و پایەی، كە ئەو پێغەمبەرە بە هێزە پێشبینی كراوە، هەیەتی.). ئەم وشانەی كە لە یەحیای مەعمەدانەوە بیستراوە باسی شێوازی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دەكا لەو كاتەی، كە میوان پێ دەنێتە میوانخانەكەیەوە، جا خاوەنماڵەكە

یان یەكێ لە ئەندامانی ئەو خێزانە بە خێرایی پێلاو لە پێی میوانەكە دەكەنەوە و، بەرەو دیوەخانێكی گوشادی دەبەن و هەر كە میوانەكەش ئۆغر[1] دەكات، ئەوا دوبارە خاوەن ماڵەكە دادێتەوە و قەیتانی پێلاوەكەی بۆ دەبەستێتەوە.

مەبەستی یەحیای مەعمەدان لەم گوتەیەی _ ئەگەر رێك بكەوتایە ئەو پێغەمبەرە مەزنەی دیبایە، ئەوا خۆی بە شایانی ئەوە نە دەبینی، كە قەیتانی پێلاوەكەی بكردایەتەوە _ ئەوەیە، كە یەحیا پێشەكی سەری بۆ ئەو پێغەمبەرە مەزنەدا نەواندووە و، ئەو پێغەمبەرە لای هەموو پێغەمبەرەكانی خوای، وەكو گەورەمان یەحیا ئەم گوتە تەوازوعەی بەسەر زمان دادێ.

ئێستا بۆ دەست نیشانكردنی پێناسەی (ئەو پێغەمبەرە) ، باسەكە دەكەینە دوو لەت:

أ. ئەو پێغەمبەرەی كە پێشبینی لێوە كرا عیسای مەسیح نەبووە.

ب. ئەو پێغەمبەرەی كە پێشبینی لێوە كرا خۆی لەخۆیدا (محمد)ە.

كەنیسەی مەسیحیەكان یەحیای مەعمەدانیان بە پاشكۆ و نێردراوی عیسا داناوە، بۆیە نوسەر و لێكدەرەوە دیانەكان وای بۆ دەچن، كە مەبەست لە پێشبینیەكەی یەحیا عیسایە، لەگەڵ ئەوەی كە هەندێ لە گزیكەرەكان دەقەكانی ئینجیلیان لەم ڕووەوە شێواندووە، بەڵام ئەم جۆرە شێواندن و گزیكردنە لە بەرچاوی خوێنەری بێ لایەن گوم نابێ، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە عیسا نابێتە بابەتی پێشبینیەكەی یەحیا:

١. وشەی لە دوای من (بعدي) لە بنەڕەتدا عیسا لەمەیدان دوور دەخاتەوە، چونكە عیسا و یەحیا لە ساڵێكدا لە دایك بونە و هاوچەرخی

---

[1] ئۆغر دەكا: دەڕوا.

یەكدی بونە، یەحیا دەڵێ (ئەوەی لە دوای منەوە دێ لـە مـن بـەهێزترە) و وشەی لـە دوای (بعـدي) بـە واتـای ئایندەیـەكی نادیـار دێ و بـە زمـانی پێشبینی بریتیە لە خولێ، یان زیاتر لە خولەكانی زەمان، ئەوەی بـە چـاكی ڕون و ئاشكرایە هەر خولێكی زەمانی لای سۆفیەكان بـە پێـنج یـان شـەش سەدە دەخەملێنرێ، كە لەو كاتەدا پێغەمبەرێكی دیار پەیدا دەبێ و كار لە هەر چوار پەڕی جیهان دەكـا و چاكـسازییانی لـەناو چـەند نـەوە بـەردەوام دەبێت، تا كاتی پەیدا بونی پێغەمبەرێكی دی، بـەم جـۆرە مێـژوی ئـاینی حەق بە چەند ناوی گەشاوەتەوە لە ئیبراهیم، تا محەمەد چەند نـاوێكی دیـار هەن وەكو :

ئیبراهیم و موسا و داود و زیر و بابل و عیسا و محەمەد، یەحیا بینیـی كـە نەتەوەكەی بە دەست ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و پاشا تاوانبارەكـانی جولەكـە دەچەوسێنرێتەوە و بـینی، كـە پیـاوانی ئـاین لـە ڕێگایـان لاداوە و گـەلی جولەكە گومڕا دەكەن و كتێبە پیرۆزەكان تێك دەدەن و هانی ئەفسانە و پڕ و پووچ دەدەن، تا وای لێهات جولەكە بـێ ئومێـد بـن لـەوەی، كـە باوكیـان ئیبراهیم ڕزگاریان بكات، یەحیا پێی گوتن ئـەوان شـایانی بـاوكێكی وەكـو ئیبراهیم نین و خوا لە توانایدا هەیە، كە لە بـەرد بنەماڵـەیێ بـۆ ئیـبراهیم ڕاست بكاتەوە (متی٣/٩)، جولەكە لـەو كاتیـدا _ هـەروەك ئێـستایان _ چاوەڕوانی هاتنی مەسیحێك بوون لە بنەماڵەی داود، تا دەسەڵاتی داود لـە قودس بگێڕێتەوە، هەر كە شاندی جولەكـە پرسـیارەكەی ئاڕاسـتەی یـەحیا كرد (ئایا تۆ مەسیحی؟) یەحیا بـە (نـا) وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی دایـەوە هەروەها پرسیارەكانی دیشیان (یوحنا١/٢٠_٢١).

ئەگەر هات و زیادەڕۆیی(مبالغـة) ئاشـكراكانمان پـشتگوێ خـست، كـە خراونەتە سەر ئینجیلەكانەوە ، ئەوا ئـەوەی جـەختی لەسـەر كـراوە یـەحیا

عیسای پێشكەشی جەماوەر كرد، كە مەسیحی ڕاستەقینەیە و ئامۆژگاریی خەڵكیی كرد كە گوێڕایەڵیی بكەن و پەیڕەویی ڕێنماییەكانی بكەن، هەر وەها ئاگاداری كردنەوە، كە دوا ئەستێرەی مەزن لای خوا و لە جیهان ماوە كە یەحیا شایانی ئەوەی نییە قەیتانی پێڵاوەكەی بكاتەوە.

٢_ ئەگەر مەبەست لە دەربڕینی یەحیا عیسای مەسیح بوایە، دەبوایە یەحیا ببایەتە قوتابی و پاشكۆی عیسا، بەڵام ئەمەی نەكرد، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئامۆژگاری و تەعمید و پێشوازیی قوتابیانی دەكرد. هەروەها هەڕەشەی لە هێرۆدسی پاشا دەكرد و لە دەرگای چینە دەسەڵاتدارەكانی جولەكە دەدا و پێشبینی هاتنی پێغەمبەرێكی لە خۆی مەزنتری دەكرد، بێ ئەوەی ئاوڕێك لە كوڕە پوورەكەی خۆی، عیسای مەسیح لە یەهودا یان جەلیل بداتەوە[١].

٣_ كەنیسەی دیانەكان عیسایان وەكو خوا، یان كوڕی خوالێكردووە لەگەڵ ئەوەش، كە عیسا وەكو هەموو ئیسرائیلیەكان سوننەت كراوە، وەكو هەموو جولەكەیەكی ئاسایی لەسەر دەستی یەحیا پێغەمبەر تەعمید كراوە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچونی كەنیسەكان دەسەلمێنێ، ئەو گوتانەی كە گوایا لە ڕوباری ئوردون لە نێوان یەحیا و عیسا گۆڕدراوەتەوە، پێدەچێ دروستكراو و گزییەكی ئاشكرا بێ، ئەگەر بە ڕاستیی عیسا ئەو كەسە بێ، كە یەحیا پێشبینی هاتنی كردووە و لەو بەهێزترە و شایانی كردنەوەی قەیتانی پێڵاوەكەی نەبووە و (لە ئایندەدا بە گیان و ئاگر تەعمید دەكا) ، ئەوا مەسەلەی تەعمید كردنی عیسا لە لایەن یەحیاوە، وەكو جولەكەیەكی ئاسایی شتێكی بێ نرخ و واتایە، بەڵام ئەو دەربڕینانەی، كە خراونەتە پاڵ عیسا (لێمان گەڕێن، با ڕاستە ڕێیی جێبەجێ بكەین) ، (شایانی ئەوەین

---

[١] واتا: مەبەستی عیسا نەبوو _ وەرگێڕ بۆ كوردی.

كە هەموو دادپەروەری جێ بە جێ بكەین).

ڕون و ئاشكرا نین، بۆچی تەنیا بە تەعمید كردنی عیسا هەموو دادپەروەری جێبەجێ دەكرێ؟ ئەم دەربڕینە گۆڕین و شێواندنێكی ڕون و بە ئەنقەستی پێوە دیارە، بە بۆچونێكی ئیسلامی واتای ئەو دەربڕینە ئەوەیە، كە یەحیا بە بۆچونە وردە سۆفیانەكەی لە سروشتی پێشبینیەكەی عیسا گەیشت و، ماوەیێ لەو باوەڕە بوو، كە عیسا پێغەمبەرە مەزنەكەیە و دوا پێغەمبەری خوایە و وازی لە تەعمید كردنی هێنا، بەڵام هەر كە عیسا ناسنامە ڕاستەقینەكەی خۆی پێ ناساند قایل بوو لەسەر تەعمید كردنی.

٤_ هەر كە یەحیا لە بەندیخانە بوو قوتابیەكانی هەناردە لای عیسا، تا لێی بپرسن (ئایا تۆ پێغەمبەرە بەڵێن دراوەكەی ؟ یا خود چاوەڕوانی یەكێكی دی بكەین؟) (متی١١/٣) ئەمە ئەوە بەدەر دەخات، كە یەحیا ئەو كاتەی لە بەندیخانە بووە و گوێی لە پەڕجوەكانی عیسا بوو، پێشبینیەكەی عیسای بۆ دەركەوت، ئەم گەواهیەی (متی) پێچەوانەی ئینجیلی چوارەمە (یوحنا١/٢٩) ، كە دەڵێ: هەر كە یەحیا عیسای بینی گوتی: (سەیری بەرخی خوا بكەن، كە گوناهی جیهان دەسڕێتەوە، یا دەیخاتە ئەستۆی خۆی) وا پێدەچێ، كە نوسەری ئینجیلی چوارەم هیچی لە بارەی شەهید بونی یەحیاوە نەزانیوە (متی ١٤/١٠_١٢ ، مرقص ٦/١٤_٢٩).

لە بۆچونێكی ئیسلامییەوە، بە هیچ شێوەیێ نابێ پێغەمبەرێكی وەكو یەحیا، یان هەر پێغەمبەرێكی دی دەربڕینێكی ئاوا بێخوایی لە بارەی عیسای مەسیحەوە بەكار بێنێ، ناوەرۆكی پەیامەكەی یەحیا هاندانی خەڵكی بوو لەسەر تۆبە كردن ، واتا: هەموو كەسێ لێپرسراوە بەرامبەر تاوانەكەی خۆی و خۆی بارەكەی هەڵدەگرێ، یان بە تۆبە كردن دەیسڕێتەوە، تەعمید كردن بریتی بوو لە دەست نوێژ هەڵگرتنێ، كە ڕەمزی نیشاندانی

گوناهەكان بوو، سەرەڕای پێ لێنان لە تاوان و قەرە بوو كردنی ئەو كەسەی، كە زیانی پێ گەیشتووە، یان داوا كردنی لێبوردنە لەو و نیازی دووبارە نەكردنەوەی گوناهەكانە، جا ئەگەر عیسا بەرخی خوا بێ، كە گوناهەكانی جیهان دەسڕێتەوە، ئەوا ئامۆژگاریەكانی یەحیا بە بێ نرخ و هەموو هەوەنتە دەمێنێتەوە، ئەو هەڵەیەی لە ئاینی كەنیسەكانی شێواند تیۆریی قوربانیدان بوو كە لە بریتیی خەڵكی دی پێكدێ و ئەمەش تیۆرییەكی چروكە، ئایا (بەرخی خوا) گوناهەكانی جیهانی سڕیەوە؟ لاپەڕەكانی مێژوی ڕەشی كەنیسە وەڵامی ئەم پرسیارە بە (نا) دەداتەوە و (الحملان) لە قەفەسی دان پێدانانددا خەبەر دەدەن، كە دیانەكان سەرەڕای زانست و ژیاریان، تاوانی وا دەكەن _ لە كوشتن و دزی و شەهوەت پەرستی و داوێن پیسی و جەنگ و زۆر و ستەم و ماڵ پەرستی _ كە لە هەموو مرۆڤەكانی دی كاری وا ڕوو نادات.

٥_ نابێ یەحیای مەعمەدان هەروەك كەنیسەكان لێكی دەدەنەوە ئەو پێشبینەیە بێ، كە موژدەی هاتنی عیسای داوە، ئینجیلەكان دەڵێن یەحیا (دەنگێكە لە چۆڵگە هاوار دەكا) بۆ ئەوەی دەربڕینەكەی (سفر اشعیا ٤٠/٣) جێبەجێ ببێت و، ببێتە ڕێخۆشكەرێك بۆ ناردنی عیسای مەسیح بە متمانە كردنە سەر گوتەی پێغەمبەر مەلاخی (ملاخی ٣/١) ، ئەگەر كاری یەحیا ڕێخۆشكردنی ڕێگای مەسیح بێ، كە لە ناكاو دێتە پەیكەری قودس و فەتحی دەكات و، ئاینی ئاشتی بنیات دەنێ و قودس و پەیكەرەكەی وا لێدەكا، كە لە جاران شكۆدار تربێ (حجی ٢/٧_٩) ئەوا ئەو كارە پوچەڵ بویەوە و توشی نا ئومێدی بوو، چونكە لە جیاتی ئەوەی یەحیا پێشوازیی ئەمیرەكەی لە بەردەم دەرگای پەیكەری قودس بكا لە نێوان جەماوەری جولەكە دا لە ڕوباری ئوردون و دوای ئەوەی گەورەكەی

خۆی لە ئاو هەڵدەكێشێ پێشكەشی جەماوەری دەكا و دەڵێ (ئا ئەمە كوڕی خوایە)، یان لە گوتەیەكی دی (سەیری بەرخی خوا بكەن) ئەمەش نیشاندانی بە كەم زانینی گەلی ئیسرائیلە، یان گاڵتە پێكردنە پێی، یان گاڵتە پێكردنە بە عیسا یان كوفرە، یان هەموو ئەو شتانەیە، یا ئەوەتە خۆی دەكاتە گاڵتە جاڕی پێش خەڵكی.

كەنیسەكان بە هەڵە لە سروشتی ڕاستەقینەی پەیامی یەحیا گەیشتن و، واتای ڕاستەقینەی ئامۆژگاریەكانیان بە هەڵە لێكدایەوە، لە بەشی داهاتودا سروشتی پەیامی یەحیا لە لایەك دەست نیشان دەكەم و، لە لایەكی دی مەبەست لە ناردنی مەسیح بۆ جولەكەكان ڕون دەكەمەوە، كە بە تەواوی دوو شتی جودان، هەر وەك كەنیسەكان بە هەڵە تێی گەیشتن.

## ( پاری چواردەمین )

## ( محمد ) ئەو پێغەمبەرەیە كە یەحیا پێشبینی كرد

لێرەدا دوو سەرنجی زۆر گرنگ هەنە، كە گەورەمان عیسای مەسیح لە بارەی یەحیای مەعمەدانەوە ئاماژەی پێكردووە، بەڵام بە شێوەیەكی لێڵ و نادیار تۆمار كراون.

یەكەم: لە یەكەمدا دەڵێ: یەحیا بەرجەستە بوونی ئیلیا بە (إليجاه) ، كە لە پەیمانی كۆندا باسكراوە، ئینجا عیسا بێدەنگ بوو، خۆ دەبوایە ئیلیا (نەك ئیلیاس) پێناسەی ئەو كەسەی دیاری بكردایە و پێشكەشی جیهانی بكردایە، كە دوا پێغەمبەری خودایە، گوتەی عیسای مەسیحیش لەم بارەیەوە لێڵ و نادیارە، ئەگەر یەحیا ئیلیا بوایە هەروەك بە ڕونی و بێ ترس و دوو دڵی باسكراوە بۆچی ناوی ئەو كەسە ناهێنێ، كە ئیلیا مژدەی پێداوە؟ خۆ ئەگەر عیسا خۆی ئەو كەسە بێت، واتا (نێردراوی پەیمان) و

(فەرماندار) هەروەك وەرگێڕاوە (ملاخی ١/٣) ، بۆچی عیسا بە ئاشكرا نالێ (كە یەحیا خۆی ئیلیایە بۆیە ئەوە نێردراوە، تا ڕێگا بۆ من خۆش بكات) ، ئەگەر كار و باریش وا نییە دەبوایە بە ئاشكرا بڵێت (كە یەحیا خۆی ئیلیایە بۆ نێردراوە كە ڕێگا بۆ هاتنی محەمەد خۆش بكات) بەڵام لێرەدا چەند دەستێكی شەیتانی هەنە و یارییان بە دەقەكە كردووە و، وشەكانی عیسایان لە ئینجیلە ئەسڵییەكە سڕیوەتەوە، تا وای لێهاتووە ئینجیلەكانی ئێستا لەو لێڵییە و لە گومڕا كردنی بلیۆنەها مەسیحی چەندەها سەدەی بەرپرسیارن، چونكە كەمترین شت كە لە گەورەمان عیسا سەلامی خوای لێ بێ تەوەقوعمان دەكرد ئەوەیە، كە بە ئاشكرا بیگوتبایە ئەو پێغەمبەرەی، كە یەحیا موژدەی هاتنی داوە كێیە و ئێمە بە هیچ شێوەیێ لەو باوەڕە نین، كە عیسا لە ڕێنماییەكانیدا لێڵ و نادیار بووە و، بە هیچ جۆرێ سیفەتی لێڵی ناخەینە پاڵی، بەڵام چەند نمونەیێ لە ئینجیلەكان هەیە، كە گوایە عیسا وەڵامیانی داوەتەوە لێڵ و نادیارن.

دووەم: ئەمەیان زیاتر چووەتە ناو تاریكایی لێڵییەوە، عیسا دەڵێ: (هیچ كوڕی مێیینەیێ لە یەحیای مەعمەدان مەزنتر نییە، بەڵام كەمترین پایە لە دەوڵەتی ئاسمان لە یەحیا شكۆدار ترە) (متی ١١/١١) ئایا مەبەستی عیسا ئەوەیە، كە یەحیا و هەموو پێغەمبەران و پیاو چاكان لە دەرەوەی دەوڵەتی ئاسمانن؟ ئەو پایە نزمە كێیە، كە لە یەحیا گەورەترە؟ هەروەها لە هەموو مرۆڤ گەورەترە، كە یەحیا بە گەورەترینیان دەزانرێ؟ ئایا مەبەستی عیسا لە كەمتر خۆیەتی؟ یا كەمتر لە نێوان مەسیحیە تەعمید كراوەكان؟ بە هیچ جۆرێ نابێ مەبەستی لە خۆی بێ، چونكە ئەو دەوڵەتە هێشتا لە سەردەمی ئەودا دانەمەزرا بوو، هەتا ئەگەر لە سەردەمی ئەویش دامەزرابێ _ ئەوەش شتێكە، كە ڕوی نەداوە _ نابێ ئەو خۆی كەمترەكە بێت چونكە

وا فەرز دەكرێ، كە خۆی دامەزرێنەری بێ ، بۆیە كەنیسەكان چارەسەرێكی كز و بێ پێزیان بۆ دۆزییەوە، چارەسەرەكەش ئەوەیە : كەمترین مەسیحی ئەگەر بە خوێنی عیسا تەعمید كرا، ئەوا لە یەحیا و لە هەموو مرۆڤ لەوانەش ئادەم و نوح و ئیبراهیم و موسا و داود و ئیلیا و دانیال مەزنتر دەبێ! هۆی ئەو داوا كردنە سەیرەش، مەسیحی هەرچەندە هەڵە كار، یان تاوانبار، یان بێ ئاكار بێ، ئەوا مافی هەیە سەر پشكییەكی ڕەهای هەبێ بەو مەرجەی باوەڕی وا بێ، كە عیسا ڕزگار كەرێتی، لەو سەر پاك بوونەوە لە تاوانی بنەڕەتی لە ڕێگەی تەعمید كردنەوە، باوەڕ هێنان بە سێلانە و خواردنی گۆشت و خوێنی عیسا لە ڕێوڕەسمی قوربانی پیرۆز و، وێنە كردنی نیشانەی خاچ و مافی وەرگرتنی كلیلەكانی بەهەشت و دۆزەخ، كە دراونەتە دەست كاهینی گەورە و، ئەو خۆشییە بێ سنوورەی، كە تایەفەكانی بیوریتان و كویكرز و ئیخوان و هەموو چینەكانی دی هەستی پێدەكەن و، هەموویان داوای ئەو سەر پشكیانە بۆ لایەنگرانیان دەكەن، هەر یەكە بە ڕێگەی خۆی، هەروەها كەنیسەكان لەو باوەڕەن، كە هەموو دیانێكی چاك لە ڕۆژی قیامەتدا وەكو كچێكی پاكی لێدێ و خۆی پێشكەشی (بەرخی خوا) دەكات ، ئایا دەشێ دیانەكان لەو باوەڕە بن، كە كەمترینیان لە هەموو پێغەمبەرەكان گەورەترە؟ چۆن دەبێ باوەڕیان بەوە هەبێ كە ئەوان پلە و پایەیان لە ئادەم و حەوا باڵاترە، تەنیا لەبەر ئەوەی نهێنیی سێلانە (ئالوث) بۆ ئەو نەزانانە بە دیار كەوتووە، بۆ ئادەم و حەوا بە دیار نەكەوتوو؟ چۆن دەبێ داوای ئەوە بكەن كە شازادەیەكی بریتانی یان ڕەش پێستێكی ئەفریقی لە یەحیا گەورەترن هەر لەبەر ئەوەی دیانن؟ توخوا ئەم جۆرە بیروباوەڕانە لەم ڕۆژانەدا، كە ڕۆژی پێشكەوتنی زانست و عەقلانییەتە، چەندی بە چەندییە و لە مرۆڤی ژیر دور نییە؟

لەگەڵ ئەوەش ئەو بیروباوەڕە ناكۆكانە لە پەیمانی نوێ و لەو گوتانەی، كە دراونەتە پاڵ گەورەمان عیسا و حەوارییەكانی هەڵقولاون، بەلاّم ئێمەی موسڵمان ئەو تروسكاییانەمان بەسە، كە لە ئینجیلەكان دان بۆ ئەوەی عیسای ڕاستەقینە و یەحیای كوڕە پوری بدۆزینەوە.

**یەحیای مەعمەدان پێشبینی بە هاتنی (محمد) كرد:**

١_ بە پێی گەواهیی عیسا هیچ كوڕی مێینەیێ لە یەحیا مەزنتر نییە، بەلاّم ئەوانەی كەمترین پایەن لە دەوڵەتی ئاسمان لە یەحیا گەورەترن، بەراوردكردن لە نێوان یەحیا و هەموو پێغەمبەرانە لە دەوڵەتی ئاسماندا، بە پێی تەرتیبی كاتی(زمني) دوا پێغەمبەر لەوانیتر بچوكترە، وشەی (زعیرا)ی ئارامی وەكو وشەی (صغیر)ی عەرەبییە، كە بە واتای بچوك یان مێرد منداڵ دێت، پشیتا كە دانەی كتێبی پیرۆزی ئارامییە و وشەی (زعیرا) بەرامبەر وشەی (ربّا) بەكار دێنێ، كە بە واتای گەورە، یان تەمەندار دێت، هەموو دیانێ دەزانێ، كە عیسا دوا پێغەمبەر نییە، بۆیە نابێ بچوكترینیان بێت، چونكە بە پێی كتێبی كردەوەكانی پێغەمبەران بەخششی پێغەمبەرایەتی هەر بۆ حەوارییەكان نەبووە، بەڵكو هەندێ پیاو چاكی سەردەمی حەواریەكانیش بەشێكیان لێی هەبووە (سفر أعمال الرسل ٢٧/١١_١٣،١/٢٨ ٢١/١٥،٩/٣٢_١٠)، لە بەر ئەوەی ئێمە ناتوانین دەست نیشانی دوا پێغەمبەر بكەین لە پێغەمبەرە زۆرەكانی كەنیسەدا، بۆیە ناچارین لە دوا پێغەمبەر بكۆڵینەوە و، بێ یەك و دوو دوامینی هەموو پێغەمبەران بێت.

ئایا ئێمە دەتوانین بۆچونێكی بەهێزتر و ڕەوانتر لەوەی، كە مەسیح موژدەیەكی سەرسوڕ هێنەری داوە، كە (محمد) دوا پێغەمبەرە و كەسی دی لە پێغەمبەران ناگرێتەوە.

بێگومان (محمد) لە زنجیرەی پێغەمبەراندا لە هەموان تەمەنی بچوكترە، لەگەڵ ئەوەش هەڵبژار دەیانە و دەسەڵاتداریانە و گەورەیانە، نكۆڵی كردنی پێغەمبەرایەتیی (محمد)ی نكۆڵی كردنی هەموو سروشی خوایی و هەموو پێغەمبەرانە، ئەوانەی كە موژدەی هاتنیان داوە، چونكە هەموو پێغەمبەرەكان ئەو كارە مەزنەیان ئەنجام نەداوە، كە تەنیا پێغەمبەری مەككە لە ماوەیەكی كەم دا لە بیست و سێ ساڵ پێغەمبەرایەتیدا تێپەڕی نەكرد، ئەنجامی داوە.

هێشتا مەتەڵی بوون(وجود)ی گیانی پێغەمبەران لە ئەزەلەوە بۆمان ڕون نەكراوەتەوە، بەڵام موسڵمان باوەڕی پێی هەیە، ئینجیلی بەرنابا لەسەر زمانی عیسا دەگێڕێتەوە، كە گیانی (محمد) لە پێش هەموو شتێ خولقێنراوە، لێرەدا یەحیا لە بارەی ئەو پێغەمبەرەی، كە موژدەی هاتنی داوە دەڵێ: (ئەوەی لە دوای من دێ لە پێش من خولقێنراوە، چونكە پێش من بوو) (یوحنا ١/١٥) ، جێی داخە ئەم وشە سەرسوڕهێنەرانەی، كە یەحیا لە بارەی (محمد)ەوە گوتویەتی وا لێك بدرێنەوە، كە ئاماژەیە بە عیسا دەكەن، هەروەك دانەری ئینجیلی چوارەم وا دەكات.

لە كتێبەكەی ئەرنست ڕێنان (ژیانی مەسیح) بە شێكی گرنگ لە بارەی یەحیای مەعمەدانەوە هەیە و، ماوەیەكی زۆرە بە وردی خوێندومەتەوە و بۆم دەركەوتووە، ئەگەر ئەو نوسەرە فەرەنسییە كەمترین نرخی بۆ پێغەمبەر (محمد) لە نێوان هەموو پێغەمبەراندا ڕەچاو بكردایە، ئەوا لێكۆڵینەوەكانی دەگەیشتە چەند ئەنجامێكی پێچەوانەی ئەنجامەكانی ئێستای، بەڵام بە داخەوە ئەویش وەكو ڕەخنە گرەكانی كتێبە پیرۆزەكان لە جیاتی ئەوەی بگەنە ئەنجامی ڕاستی، بەڵام دین و ڕەخنە لە ئاین دەگرن _ چونكە لێكۆڵینەوەكانیان تەنیا تایبەتن بە لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز و، قورئان

پشتگوێ دەخەن _ بۆیە خوێنەرەكانیان گومڕا دەكەن.

بە یارمەتیی خوا، بە بەختەوەری و سەربەرزییەوە توانیم ئەو لێلیەی، كە كەوتبوە سەر دەربڕینی (الأقل في مملكة السماء) لابەرم و بیخەمە ڕوو.

٢_ یەحیای مەعمەدان زانیی، كە دوا پێغەمبەران (محمد) ، لەو بەڕێزتر و زۆر بە توانا دەبێ، یەحیا لە ناو جەماوەری جولەكە بە ئاشكرا ڕایگەیاند، كە لە دوای ئەوەوە دێ، ئەمەش پێشبینیە كۆنەكەی یەعقوبی باپیرە گەورەیان بە بیر جولەكەكان دێنێتەوە، لەوانەش نوسەر و فەریسی و یاسا زانەكان، كە سیفەتی (شیلوە)ی بەكار هێنا بە واتای (پێغەمبەری خوا)، ئەم سیفەتەش زۆر جاران عیسا وەسفی (محمد)ی پێكردووە لە ئینجیلی بەرنابادا، لە ئەلقەی ڕابردوو لە باسی (شایلوە) دا گوتم: وشەكە بە دەست كاریەوە بە واتای (شیلواح) واتا ( پێغەمبەری خوا) دێت. ئێستاش ئەمەی دەخەمە سەر، كە قدیس جیروم دارشتنە عیبریەكەی بەو واتایە تێگەیشتوە چونكە بە دەربڕینی (ذلك الذي أرسل) وەرگێڕدراوە، هەر كە بە خەیاڵ یەحیا پێغەمبەر دێنمەوە یاد، كە بە دەنگێكی بەرز لە چۆڵگایان لەسەر لێواری ڕوباری ئوردون ئامۆژگاریی جەماوەری جولەكەكان دەكا، كە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەرە، ئینجا ئەو شێوازە ڕێك و پێك و لەسەرە خۆیەی (محمد) دێنمەوە بەرچاو، كە ئایەتەكانی قورئانی بۆ عەرەبە جاهیلیەكان دەخوێندەوە، ئینجا هەر كە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكاندا لە كاریگەریی هەردوو داواكارییەكە دەكۆڵمەوە، ئەو كاتە تێدەگەم، كە دوری و جیاوازیی لە نێوانیان چەندە و، گرنگیی ئەم وشانە تێدەگەم، كە دەڵێ (انە اقوی مني) واتا: ئەو لە من بە توانا ترە.

هەر كە بە خەیاڵ چیرۆكی گرتنی یەحیای مەعمەدانی بێچەك و، ئینجا

سەربڕینی بە شێوەیەكی دڕندانە لە لایەن هیرۆدس ئەنتیباسەوە* دێنمەوە یاد و، هەر كە بە دوای گێڕانەوە پەشۆكاو و پڕ كارەساتەكانی جەڵدە لێدانی عیسا (یان یەهوزای ئەسخەریۆتی) لە لایەن بیلاتسەوە دەكەوم و بیر لە بونە پاشای بیلاتس دەكەمەوە، كە بە دەستی هیرۆدس تاجی دڕكاویی خرایە سەر و، ئەو ڕوداوانەی كە لە (كالفاری) ڕویان دا، هەروەها كە سەرنج دەدەمە گەورەی پێغەمبەران چۆن بەسەركەوتویی دەچێتە مەككەوە و، بتەكان ورد و خاش دەكا و كەعبە پاك دەكاتەوە، كە لە دوژمنە سەرشۆڕەكانی ڕادەمێنم بەسەرۆكایەتیی ئەبو سوفیان چۆن لە بەر پێی (شیلواح) پێغەمبەری خوا كەوتوون و، داوای بەزەیی و لێبوردنی لێدەكەن و، باوەڕ بە ئاینە نوێیەكە دێنن و، هەر كە بیر لە خوتبەی ماڵ ئاواییی دوا پێغەمبەران دەكەمەوە (الیوم أكملت لكم دینكم... ئەمڕۆ دینەكەتانم بۆ تەواو كرد) ، ئەو كاتە بە تەواوی واتای گوتەكەی یەحیا تێدەگەم هەر، كە گوتی: (ئەو لە من بە هێزترە_ إنه أقوى مني).

٣_ (تورەیی هاتوو): كێ دەتوانێ لە ڕاڤە(تفسیر) گەلی ئینجیلەكان، لێكدانەوەیەكی ماقوڵ و دڵنیا كەرم بۆ بدۆزێتەوە، كە مەبەستی یەحیا چیە، یا خود یەحیا چیی لە گوێكرەكانی دەوێ لەم دەربڕینانەی (انظروا لقد وقعت البلطة على جذور الشجرة) واتا : سەیر كەن ئەوا تەور كەوتە سەر ڕەگی دار، یا خۆ، كە دەڵێ: (انه یمسك المروحة بیده لیطهر بیدره) واتا: باوەشێنەكە دەگرێتە دەستی، تا خەرمانەكەی پاك بكاتەوە، یاخود هەر كە نازناوی (كوڕەكانی ئیبراهیم) ی بەرەو نەمان (نەبوو) برد.

* لە بارەی شەهید بوونی یەحیا و بنەماڵەی هێرۆدسی گەورەوە (متى ١٤ و هیدی) جۆرە تێكەڵیەك لە ئینجیلەكان بەدی دەكرێ، خوێنەر دەتوانێ لە كتێبی Antiqaities و (جۆزیف فلافیۆس) بگەڕێتەوە لەم بابەتە.(دانەر).

بە خستنە ڕوی ئەندێشەی لێكدەرەوەكان زۆر سەرتان نایەشێنم، چونكە بۆچونی خەیاڵین و نە یەحیا خەونی پێوە دیوە و نە گوێگرەكانی، بەڵام ئایا یەحیا دەیتوانی قەناعەت بە فەریسیە خۆ بە زلزانەكان و سەدوقیە عەلمانیەكان بێنێ، كە لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە بە پابوونەوەی، (قیامة)ی لەشی نەبوو، ئایا دەیتوانێ قەناعەتیان بە هاتنی تورەیی خوا لە ڕۆژی دواییدا بێنێ؟ قەناعەتیان بە ئاگری دۆزەخ بێنێ، كە لە ئایندەدا وەكو داری وشك دەیان سوتێنێ؟ پێغەمبەری تۆبە كردن و موژدەدان باسی تورەبونە دورەكەی نەكردووە، كە بێگومان چاوەنواڕی گاورە بەدكارەكانە لە ڕۆژی دواییدا، بەڵكو باسی ئەو كارەساتە نزیكەی كردووە، كە بەسەر نەتەوەی جولەكە دادێ و هەڕەشەی لێكردن، تورەیی خوا لە جیهان چاوەڕوانی جولەكەكان دەكات، ئەگەر لە تاوان كردن و ڕەد كردنەوەی پەیامی عیسا بەردەوام بن، ئەو كارەساتە داهاتووەی، كە ئاماژەی پێكرد وێران بونی قودس و پچڕانی شیرازی نەوەی ئیسرائیلیەكان بوو، ئەمەش بە تەواوی دوای سی (٣٠)ساڵ لە ژیانی ئەو كەسانە ڕویدا، كە ئامادەی ئامۆژگاریەكانی یەحیا بوو بوون، هەر یەكە لە یەحیا و عیسا پێشبینی هاتنی پێغەمبەری مەزنی خوایان كرد، ئەو پێغەمبەرەی كە یەعقوب پێشبینی هاتنی كرد بوو و، لە كاتی هاتنی دەسەڵات و پێغەمبەرایەتی لە جولەكە دەسێنرێتەوە، ئەمەش لە دوای شەش سەدە هاتە دی هەر، كە (محمد) لە دورگەی عەرەب دەریكردن و دوا سەنگەریان ڕماند.

٤_ بەردەوام جولەكە و مەسیحیەكان، پێغەمبەر (محمد) بەوە تاوانبار دەكەن، كە بە هێز و توند و تیژی ئاینی ئیسلامی بنیات ناوە و، موسڵمانەكانیش هەوڵ دەدەن بەرپەرچیی ئەو تۆمەتە بدەنەوە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، كە (محمد) بەهیچ جۆرێ هێزی بەكار نەهێناوە، ئەو ناچار

بووە بۆ بەرگری كردن لە ئاینی خوا هێز بەكار بێنێ، چونكە ئەو هەلەی كە خوا بە جولەكە و بە غەیری جولەكە و بە عەرەبی بەخشی لە چوار هەزار ساڵ زیاتری خایاند، ئینجا یەزدانی مەزن دوای ئەو ماوەیە دوا پێغەمبەری خۆی هەناردە سەریان، كە دەسەڵات و شمشێر و ئاگر و گیانی لەگەڵ بوو بۆ ئەوەی بەرنگاریی گاورە شەڕەنگێزەكان و نەوە بێ بڕوایەكانی ئیبراهیم، جا لە نەوەی ئیسماعیل بن، یان ئیسرائیل بكات.

پەیمانی كۆن بە تەواوی بریتی بوو لە چەند چیرۆكێكی حوكمی ئاینی و چەند چیرۆكێكی هەڵگەڕانەوە بەرەو بت پەرستی و جاروباریش تروسكەیەكی بچوكی ئیسلام (واتا: ئاینی خوا) لە قودس و مەككە تیشكی دەدایەوە، بەڵام بەردەوام لە لایەن هێزەكانی شەیتانەوە دەچەوسێنرایەوە و، هەر چوار دڕوندە شەیتانیەكە یەك لە دوای یەك، كە مینە باوەڕدارەكەیان چەوساندەوە، ئینجا (محمد) هات بۆ ئەوەی مارە ژەهراویەكە بهەنجنێ و نازناوی ناشیرین ئیبلیس واتا: شەیتانی بەزیوی پێ ببەخشێ،ئەوەی سەلمێنراوە، كە (محمد) پێغەمبەرێكی جەنگاوەر بووە و، بەڵام مەبەست لە جەنگاكانی سەركەوتن بووە، نەك تۆڵە سەندنەوە ، بەزاندنی دوژمن بووە، نەك لەناوبردنی، بە كورتی : مەبەستی بنیات نانی ئاینی ئیسلام بووە وەك دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی، لە ڕاستیدا هەر كە بانگدەر لە بیاباندا بانگی ڕاهێشت (ڕێگا بۆ گەورەكە خۆش كەن و ڕێگاكانی تەخت كەن) ئاماژەی بە (محمد) كردووە، كە نزیك بووە دەسەڵاتی خوا لەسەر زەوی بێنێتە دی.

درۆ و دەلەسە و بت پەرستی بەرامبەر ڕێنموویيەكانی (محمد) خۆیان نەگرت و ئیمپراتۆریەتەكان لە بەرامبەر شمشێرەكەیدا ڕمان و ڕۆڵەكانی دەسەڵاتی خوا یەكسان بوون و گروپی باوەڕ دارانیان پێكهێنا، كە بریتین لە (دۆستانی خوای مەزن) ، یەكسانی لە نێوان مرۆڤدا تەنها لە ناو ئیسلامدا

پێكدێت، چونكە نە كەهەنوت هەیە و نە ڕێوڕەسم و نە چینایەتی، هەموو باوەڕداران یەكسانن و تەنیا بە چاكە و لە خوا ترسان جیاوازییان هەیە و، تەنیا لەوەدا هەندێ پلە و پایەی لەسەر هەندێكی دی دەبێت، ئیسلام تاكە ئاینێكە، كە دان بە هیچ پێناوێ نانێ لە نێوان خوا و مرۆڤدا.

## ( پاری پازدەمین )

## تەعمید كردنی ( معمدانیە ) یەحیا و عیسا هەر جۆرێكە لە ڕەنگی خوا (صبغة الله)[1]

جێی داخە، كە حەوارییەكان بە تێر و تەسەلی هیچیان لە ئامۆژگارییەكانی یەحیا بۆ ئێمە بەجێ نەهێشتووە، گریمان جێشیان هێشتووە، ئەوا كەنیسە پشتگوێی خستووە ، زۆربەی گوێگرە زانایەكانیش زەحمەتە لەو دەربڕینە لێڵ و شێواوانە بگەن، كە دراونەتە پاڵ یەحیا و لە شێوەی ئێستامان مەتەڵ ئاسان، قەشە و قازییە جولەكەكان داوایان لە یەحیا كرد، كە بە چەند خاڵێ گوتەكانیان بۆ ڕاڤە بكات (یوحنا ١٩/١_٢٣و٥/٣٣)، بێگومان یەحیا ئەو خاڵە گرنگانەی بۆ گوێگرانی ڕون كردەوە و، نەیهێشت ببنە قوربانی لێڵی و پەشۆكاوی، چونكە (ئەو مۆمە گڕگرتووە ڕوناكە بوو، كە گەواهیی بە حەق و ڕاستی دەدا) (یوحنا ٥/٣٣_٣٥) ، گەواهیە بە حەقەكەی چیبوو، ئەو ڕاستییە چیبوو، كە گەواهیی بۆدا؟ ئەوەی لێڵی و پەشۆكاوی زیاد دەكات جیاوازیی

---

[1] (صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنْ اللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ... ڕەنگێكە خودا ڕشتویە و كێ هەیە لە خودا چاكتر ڕەنگ بڕێژێ؟ ئێمەش هەر ئەو دەپەرستین) البقرة/١٣٨.

دەقەكانی ئینجیلە بەم بابەتەوە، ئایا گەواهییەكەی لە بارەی كەسی مەسیح بوو؟ یان لە بارەی پێغەمبەری خودا بوو، كە یەعقوب پێشبینی كرد بوو؟ (سفر التكوين ٤٩/١٠) و ئەو دەقە وردانە چیبوون، كە گەواهیی لە بارەی عیساوەدا؟ و لەبارەی پێغەمبەری داهاتوو، كە پلە و پایەی لەو بەرزتر بوو؟

لە بەشێكی پێشوو بە شێوەیەكی بنبڕ سەلماندم، كە ئەو پێغەمبەرەی یەحیا پێشبینی كردبوو، عیسای مەسیح نییە، بێ دوو دڵی لەو باوەڕەم، كە ئەو راستییەی یەحیا گەواهیی پێدا بوو بە (محمد)ەوە، پەیوەند دارە، ئەم بەڵگانەش بە پێی بۆچونی (تواضع)ی خۆم و قەناعەتی تەواوم، لۆجیكی(منطيقي) و ڕاست و بنبڕن و، هەریەكە لەو بەڵگانەش دەتوانێ ببێتە بابەتی كتێبێكی گەورەی سەربەخۆ ، هەروەها بە هۆشیارییەوە لەو باوەڕەم، كە ئەم بەڵگانە لە ئایندەدا بیروبۆچوونی گەلێ لە دیانە دەمار گیرەكان دەلەرزێنێ، بەهەر حاڵ ڕاستی خۆی بەرز دەكاتەوە و، پایەی ئەوانەش بەرز دەكاتەوە كە هەوڵی بڵاو كردنەوەی دەدەن، یەحیا دوو گەواهیی دا، یەكێكیان لە بارەی (شليهاد الله) كە واتاكەی بە شێوەزاری گشتیی فەلەستینی ئەو كاتە (پێغەمبەری خوایە) ، ئەویدی لەبارەی عیسا بوو، كە رایگەیاند عیسا لەگیانی قودس بووە، نەك لە باوكێكی مرۆڤی و ئەو مەسیحە ڕاستەقینەیە، كە خوا وەك دوا پێغەمبەرێكی مەزنی جولەكە نارودویەتی بۆ ئەوەی گیانێكی تازە بە بەر شەریعەتی موسادا بكاتەوە و بە جولەكەكان رابگەیەنێ كە رزگار بوونیان لەسەر ملكەچكردن بۆ نەوەی مەزنی ئیسماعیل بەندە، بەڵام باپیرانیان، چونكە دەست كاریی كتێبە پیرۆزەكەی خۆیان كردبوو، هەر بەم جۆرە جولەكەی كەنیسەی مەسیحی هەڵس و كەوتیان كرد و ئینجیلیان گۆڕی، لەگەڵ ئەوەش، ئەم دەست كارییە نەیتوانی ڕاستی زیندە بسڕێتەوە.

هێز و باڵا دەستیی گەورەی پێغەمبەران لە تەعمید كردن بە گیانی پیرۆز و ئاگرەوە هەڵدەقوڵێ، دانەری ئینجیلی چوارەم دانی پێداناوە، كە عیسا و قوتابیەكانی بە ئاسایی تەعمید یان بە ئاو دەكرد لەگەڵ یەحیای مەعمەدان (یوحنا ٢٢/٣_٢٣) ئەمەش دژی ئەم دەقە دەوەستێ، كە لە هەمان ئینجیل دا هاتووە (عیسا نەفسی خۆی تەعمید نەكردووە، بەڵكو قوتابیەكانی تەعمید كردووە) (یوحنا ٢/٤)، هەتا ئەگەر عیسا خۆی لە ڕوبارەكان تەعمید نەكردبێ، گومانی تێدا نییە كە فەرمانی بە قوتابیەكانی داوە، كە خۆیان بە ئاو تەعمید بكەن، هەروەكو یەحیا دەیكرد ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، كە مەبەست لە پێشبینیەكە یەحیا نەبووە _ ئەوەی لە چۆڵگا هاواری دەكرد _ پێشبینیەكەی یەحیا لە بارەی ئەو پێغەمبەرە بە توانایە بووە، كە بە گیانی پیرۆز و ئاگر تەعمید دەكات (متی٣/١١)، تێگەیشتنی ئەم بەڵگەیەش پێویستی بە زیرەكییەكی هێندە زۆر و لە ڕادە بەدەر نییە.

ئەگەر وشە و ئامۆژگاری و پێشبینیەكان هەر واتایێ لە مەبەستێ، یا مەغزایێ هەڵگرن، ئەوا وشەكانی یەحیا ئەوە دەگەیەنن، كە تەعمید كردن بە ئاو بەردەوام دەبێ، تا دەركەوتنی (شایلوە) واتا: پێغەمبەری خودا، ئینجا تەعمید كردنەكە بە گیانی پیرۆز و ئاگر دەبێت، ئەمەش تاكە ئەنجام گرییەكی لۆجیكیە، كە دەتوانرێ لە ئامۆژگاریەكانی یەحیا بەردەستخرێ، هەروەك لە بەشی سێیەمی ئینجیلی مەتتا تۆمار كراوە، بەڵام بەردەوام بوونی، كەنیسە لەسەر تەعمید كردنی بە ئاو و بەرز كردنەوەی ئەم كردەیە بۆ ئاستی ڕێوڕەسمەكان ئەوە نیشان دەدا، كە كەنیسە تەنیا باوەڕ بە تەعمید كردن بە ئاو دێنێت، نەك بە گیانی پیرۆز و ئاگر.

تەعمید كردنی بە ئاو بە تەواوی لە تەعمید كردن بە گیانی پیرۆز و ئاگر جیاوازە، یەكەم بە خۆنقوم كردن، یان شۆرینی لەش بە ئاو پێكدێ، كە

نیشانەی تۆبەكردنە بەڵام دووەم بە ئاو پێك نایێ، بەڵكو بە گیـانی پـیرۆز و ئـاگر پێكـدێ و سـەرتاپای دڵ و بـاوەڕ و هەسـتەكان دەگـۆڕێ و كاریـان تێـدەكات* ، یەكـەم لای دەرەوە دەشـۆرێ و دووەم نـاخ دەشـۆرێ، یەكـەم دەرەوەیە و جولەكەیە ، دووەم ناوەوەیە و ئیسلامە، تەعمید كردنی جولەكە _ مەسیحی پاساوی خۆی هەبووە، چـونكە تەعمیـد كردنـی خـوایی واتـا: رەنگ رێژ كردنی خوا (صبغة الله) چاوەڕوانكراو بوو و، بەڵام هەر كە سرشی قورئانی دابەزییە سەر (محمد) تەعمید كردنەكـەی پێـشوو لـەناو چـوو وەك لاچوونی سێبەر، ئەو كاتە خۆشوشتن و دەست نوێژ لە ئیـسلام هاتنـە جێـی تەعمیـد كردنـی جولەكـە _ مەسـیحی و ئەمـەش كارێكـە پێویـستی بـە پێغەمبەرێ یان قەشەیێ نییە، كـە بـۆ خـەڵكیی بكـات و بـاوەڕدار خـۆی ئەنجامی دەدات، لەبەر ئەوە مەسیحیەكان هیچ پاسـاوێكیان لا نـەما، كـە پابەند بن بە تەعمید كردنی بە ئاو هـەتا هەتایـە، چـونكە ئینجیلـەكانیان پێشبینیان كردووە، كە ئەم تەعمیـد كردنـە لـە لایـەن تەعمیـد كردنێكـی دییەوە رەد دەكرێتەوە، بۆ زیاتر ڕون كردنەوە ئەم سەرنجانە دەخەمە بەرچاو:

أ_ مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە، كە لەگەڵ بیر و بۆچـونی خـەڵكی دی كـۆك یان ناكۆك بێو بەڵام كەس پاساوی ئەوەی بۆ نییە، كە بـە ئەنقەسـت بـیر و بۆچونی خەڵكی دی بشێوێنێ، تا بگاتە سەلماندنی تیۆرییـەكانی خـۆی، بـە تایبەتی شێواندنی كتێبـە پیرۆزەكـان و یـاری كـردن پێیـان بـە مەبەسـتی سەلماندنی بیر و باوەڕێ، یـان تیۆریـێ كـارێكی تاوانكارییـە، چـونكە ئـەو زیانەی، كە دەیگەیەنێ درێـژ خایـەن دەبـێ و نـاتوانرێ چارەسـەر بكرێـت،

---

* پاك بوونەوە بە ئاگر بە واتای تۆبە كردنـی تـەواو دێ، كـە چـیدی خاوەنەكـەی نەگەڕێتـەوە سـەر گوناهان و كردەیەكی دەروونییە و دڵ و ژیر دەگرێتەوە. (وەرگێڕی كوردی).

واتا: عیسا لە ژیانیدا بە گیانی پیرۆز و ئاگر تەعمیدی نەكردووە _ وەرگێڕی كوردی

ئێستا ئینجیلەكان بە ڕونی باسی تەعمید كردنی یەحیا و عیسایان بۆمان كردووە و سەیر لەوەدایە، كە لەگەڵ تەعمید كردنی كەنیسەكان ناگونجێت.

هێشتا بە تەواوی بنچینەی عیبری، یان ئارامی وشەی (Baptismos)ی یۆنانی نازانرێ، بۆ زانین دانە(نسخة)ی (پشتیا)ی ئارامی وشەی (معمودیثا) بەكار دێنێ، كە لە فرمانی (عِمَدَ) و (عَمَدَ) وەرگیراوە، بە واتای وەستان دێ وەكو كۆڵەگە، لە داڕشتنی فرمانی تێپەڕ دەبێتە (عامد) ، كە بە واتای (دەچەقێنێ، دادەنێ ، دادەمەزرێنێ یان ڕادەوەستێنێ) دێ ئەوانە هەموی هیچ واتایەكی نقوم بون، یا ڕشاندن یا خۆشۆردنی تێدا نییە، كەچی فرمانە عیبرییەكان (رحص) بە واتای خۆی دەشوا و (تُفل) بە واتای (وەستان وەكو كۆڵەگە) دێ و، واتای شوشتن و نقوم بونی تێدا نییە، بۆیە وشەی (معمودیة) نابێ وشە ئارامیە بنچینەییەكە بێت، كە بۆ (Baptismos) ی یۆنانییان نەبیستووە، لە هەمان كاتدا هەردوكیان وشەی (تعمید)یان بەكار نەهێناوە، چونكە ئەم واتایە نابەخشێت.

ب_ دەلالەتی كلاسیزمیی وشەی (Baptismos)ی یۆنانی واتای (ڕەنگ و ڕەنگ كردن و نقوم بوون) دەبەخشێ و وشەی بەرامبەری بە ئارامی هەر دەبێ (صبأیی) و بە عەرەبی (صَبَغ) بێت و لەو ڕاستیانەی، كە بە چاكی زانراون سابئینەكان _ یان سابغینەكان _، لە پەیڕەوانی یەحیا بوون و لە قورئانی پیرۆز و، لای باوكە دێرینەكانی كەنیسەی مەسیحیی وەكو: (ایفانۆس و ئەوانیدی) باسكراون، بە پێی ئەو زانیاریەی، كە لە بەشی شەشەمی كتێبی (ژیانی مەسیح)ی دانەری بەناوبانگ (ئیرنست ڕێنان) هاتووە، ئەوا ناوی (صابئین) واتا: ئەو مەعمەدانییانەی، كە كردەی تەعمیدیان كردووە و، بە ژیانێكی زوهد و دەروێشی دەژیان وەكو هەسائییەكان Essenians AL_Chassaites و ئەبیۆنییەكان Ebionites و

ئەگەر بە بیر خۆمان بێنینەوە،كە (بوداسپ Budasp) یە كێ لە داناكانی كلدان بوو دامەزرێنەری كۆمەڵكەیان بوو، ئەوا حینجەی ڕاستەقینەی ناوەكەیان دەبێتە (صباغی) بە واتای : سەباغییەكان واتا: مەعمەدانییەكان _ و مارشە معون كە پیاوێكی ئاینی بە ناوبانگی كلدان _ ئاشورییەكان، بوو بە (بار صباغی) واتا : كوڕی سەباغییەكان ناو دەبرا، لەوانەیە خێزانەكەی لە كۆنەوە بۆ (صابئة) بگەڕێتەوە، لە قورئانی پیرۆز ناوی (صابئین) وەك ئارامییە ئەسڵییەكە هاتووە ، واتا لە بریتی غەین بە هەمزە هاتووە، چونكە قورئانی پیرۆز هەموو وشە بێگانەكانی بەو شێوەیە هێناوە كە عەرەبەكان گۆیان كردووە ، هەندێ لێكدانەوەی دیش بۆ وشەی (صابئي) لە ئارادایە ، هەندێ وای دادەنێن، كە لە (صابئ بن شیت)ەوە داڕێژراوە و لەگەڵ ئەمەش سابیئەكان جگە لە تەعمید كردن نەبێ، كە پێیان دەگوت (السبعونا) هیچ كار و بارێكی هاوبەشیان لەگەڵ كەنیسەی مەسیحیەكان نەبوو، بەڵام بە هەڵە بە (دیانەكانی یەحیای مەعمەدان) بانگ دەكران.

لەو كاتەدا سێ جۆرە تەعمید كردن (معمودیە) هەبوو : یەكێك بۆ جولەكە و دووەم بۆ سابیئە و سێیەم بۆ دیانەكان ، بەڵام تەعمید كردنی جولەكەكان هیچ بنەمایەكی نەبوو لە كتێبە پیرۆزەكانیان و بە شێوەیەكی سەرەكی بۆ ئەو جولەكانە داهێنرا، كە تازە دەبونە جولەكە وماڵی جولەكە بە ناوی خوا كردەكەی ئەنجام دەدا، كەچی سابیئەكان بە ناوی خودا و یەحیا تەعمیدیان دەكرد، بەڵام قەشە بە ناوی : باوك و كوڕ و گیانی پیرۆز تەعمیدی دەكرد و، بە ئاشكرا ناوی خودا و عیسای نەدەهێنا، ئا لێرەدا جیاوازی نێوان یاسای هەر سێ تەعمید كردنەكە بە دیار دەكەوێ، جولەكە وەكو یەكخوا پەرستێكی ڕاستەقینە، ناتوانێ ناوی یەحیا هاوشانی ناوی (الإلوهیم) بێنێ، بەڵام داڕشتنە مەسیحیەكە لەگەڵ هەردوو بیروباوەڕی

جولەكە و سابیئە ناكۆكیی هەیە، ئەم جۆرە تەعمید كردنە جیاوازانە، تەنیا بریتی بوون لە كردەیەكی ڕەمزیی پاك بوونەوە و لە تەعمید كردنەكەش ئاو بەكار هێنرا بە شێوازێكی لێكچوو، هەر سێ ئاینەكان هەر یەكە ناوێكیان بۆ بەكار هێنا، كە لەوەی دی جیاواز بێت، سابیئە وشەی (سبعوثا)ی ئارامییان بەكار هێنا، كە بە واتای (Baptismos) ی یۆنانی دێ، لەوانەیە هەندێ لە دیانە سامییەكان، كە ناوی (معمودیثا) یان بەكار هێناوە، كە لە لایەنی زمانەوانییەوە هیچ پەیوەندییەكی بە شوشتن یا نقوم كردن یا پاك كردنەوە نییە، تەنیا بۆ ئەوەی تەعمید كردنی خۆیان لە هی سابیئەكان جیا بكەنەوە، جا بەم شێوەیە وشەی (معمودیثا) شوێنی وشەی (سبعوثا)ی گرتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە وەرگێڕانی (پشتیا)ی ئارامی وشەی (معمودیثا)ی بە واتای گۆمە ئاو، یا عەمباری شوشتن بەكار هێناوە (یوحنا ٥/٢)، لێرەدا لێكدانەوەیەكی دی هەیە، كە چارەسەریی كێشەكە دەكات، ئەویش ئەوەیە، كە یەحیا و پەیڕەوەكانی و عیسا و قوتابییەكانی ئەو كەسەی تۆبەی دەكرد، یا تازە باوەڕی بە ئاینەكە دەهێنا، كە لەناو ڕوباردا بە قیتی وەكو كۆڵەكە ڕایان دەگرت لە كاتی شوشتنیدا، ئا لێرەوە بێژەی (عَمَدَ) و (معمودیثا) سەریان هەڵدا.

ج_ ئەنجومەنی ترنت Gouncil Of Trent نەفرەتیی لە هەموو ئەو كەسانە دەكرد، كە دەڵێن تەعمید كردنی دیانەكان بە تەعمید كردنی یەحیا دەچێ، منیش زاتی ئەوە دەكەم و دەڵێم تەعمید كردنی دیانەكان خاڵی نییە لە كاریگەری گیانی، بەڵكو ناشگاتە ئاستی تەعمید كردنی یەحیا، بۆچونی دیانەكان لە بارەی تەعمید كردنەوە، كە گوایا گیان لە گوناهی بنچینەیی پاك دەكاتەوە، جۆرێكە لە دەجالی و جادوگەری، تەعمید كردن بە ئاو تەنیا ڕەمزێك بوو بۆ تەعمید كردن بە گیانی پیرۆز و ئاگر، دوای ئەوەی ئیسلام

وەكو دەسەڵاتی ڕەسمیی خودا ڕەگی داكوتا، هیچ پاساوێ بۆ مانی نەمایەوە و تەعمید كردنی خوا واتا: (صبغة الله) شوێنی گرتەوە.

د_ لەو دەستەواژە پەرتانەی، كە لە ئینجیلەكان باسی تەعمید كراوە، ناتوانین بگەینە پێناسەیەكی دیاریكراوی سروشتی خۆی و بنەچەی، هەروەك یەحیا و عیسا ئەنجامیان داوە، ئەو لاف لێدانەی كەنیسە، كە كۆگای ئیلهامی خواییە و دەتوانێ سروشتی تەعمید لێك بداتەوە، لاف لێدانێكی بێ واتا و بێ جێیە، وەكو ئەو لاف لێدانەیە، كە منداڵ یان كەسێكی باڵغی تەعمید كراو دەبێتە كوڕی خوا.

بۆمان دەركەوت كە وشەی (Baptismos) ی یۆنانی، هاو واتایەكی وردی وشەی (سبعوثا) ی ئارامییە واتا: تەعمید كردن هەر تەنیا شوشتن یان نقوم كردن، یان گەرماو كردن نییە، بەڵكو (سبعوثا)یە واتا: ڕەنگ و ڕەنگ كردنە، هەروەك گازركار (صباغ) ڕەنگێكی تازە دەداتە ئەو جل و بەرگەی كە لە ڕەنگاوی هەڵدەكێشێ، یەحیای مەعمەدانیش ڕەنگێكی گیانیی تازەی دەدایە ئەو تۆبە كارە، یان ئەو باوەڕ هێنەرە تازەیەی، كە باوەڕی بە ئاین هێناوە، بەم شێوەیە وشەی (صبغة) لە قورئان (البقرە/١٣٨) لێڵیی لەسەر پێشبینییەكەی یەحیا لابرد، هەروەها سەلماندی قورئان ڕاستەوخۆ لە خواوە دابەزیوە و، ئەو پێغەمبەرەی كە قورئانی بۆ هەناردراوە هەر ئەوە، كە یەحیا پێشبینی كردووە.

تەعمید كردنی یەحیا و عیسا ڕەمزێك بوو بۆ ئەوەی تۆبەكاران بچنە ناو ئەو كۆمەڵگایەی، كە بەڵێنی داوە سەر بۆ ئەو پێغەمبەرە شۆڕ بكات، كە یەحیا و عیسا پێشبینی هاتنیان كردووە، و هەروەك چۆن سوننەتكردن نیشانەیەك بوو لەسەر ئاینی ئیبراهیم و پەیڕەوانی، بەم جۆرەش تەعمید كردن (سبعوثا) نیشانەیە لەسەر ئاینی یەحیا و عیسا، ئەمەش سەرەتایەك

بوو بۆ ئەوەی هەموو لەو باوەڕە بن، كە پێغەمبەری بەڵێندراو دێت و، دەچنە ناو ئاینی ئیسلامەوە.

هـ_ بە پێی گەواهیی قدیس مەرقس (١/٤_٨) تەعمید كردنی یەحیا گوناهەكانی دەسڕیەوە، مەرقس لەم بارەیەوە دەڵێ: دانیشتوانی یەهودا و قودس چونە لای یەحیا و ئەویش لە ڕوباری ئوردون تەعمیدی كردن و، هەمویان دانیان بە گوناهەكانیان نا، واتا: تەعمید كردن لە گوناهەكانیان ڕەش كردەوە، بە گشتی، ئەوەی جێی بڕوا پێكردنە، كە ئینجیلی مەرقس كۆنترین دانە(نسخة)ی چوار ئینجیلەكانە، ئەوەی زانراوە ئەو دوازدە دەستەواژە كۆتاییەی، كە خراوەتە سەر بەشی شازدەمینی ئەم ئینجیلە (مرقص١٦/٩_٢٠) لە هیچ دەست نوسێكی یۆنانیی كۆن نەبوو و بە ڕادەیێ، كە لەو دەستەواژانەی خراونەتە سەر دەستەواژەی (بەناوی خوای پەروەردگار و كوڕ و گیانی پیرۆز _ باسم الرب والابن والروح القدس) بەرچاو ناكەوێ، عیسا زۆر بە ساناییەوە دەڵێ: (بڕۆن ئامۆژگاریی جیهان بە ئینجیلەكەم بكەن، ئەوەی باوەڕی هێناو تەعمیدی كرد ڕزگار دەبێ ، ئەوەی باوەڕ نەهێنی بە نەفرەت دەكرێ) (مرقص١٦/١٥_١٦).

لەبەر ئەوەی تەعمید كردنی عیسا هەمان تەعمید كردنی یەحیایە و، خۆ تەعمید كردنی یەحیا بەس بوو بۆ لێبوردنی گوناهەكان، كەواتە ئەم گوتەیە بێ واتایە: بەرخی خوا (حمل الله) گوناهەكانی جیهان لە ئەستۆ دەگرێت (یوحنا ١/٢٩) ، ئەگەر ئاوی ئوردون هێندە شیفا دەرە، كە بە هۆی پاڕانەوەی ئەلیجا پێغەمبەر (سفر الملوك الثاني/٥) نوعمانی لە نەخۆشیی گولی چاك كردەوە و، لە ئەنجامی تەعمید كردن گوناهی خەڵكێكی گەلێ زۆر بووردرا، ئەوا پێویست ناكات بۆ هەمان مەبەست خوێنی (خوایەك) بڕژێت.

پەیڕەوانی عیسا تا پەیدا بونی قدیس بـۆلس لەسـەر شـانۆی ڕوداوەكـان تەعمید كردنیان ئەنجام دەدا، ئەوەی زانراوە كە بۆلس لە پەیڕەوانی تایەفـەی جولەكەی فەریسیەكان بوو، ئەوانەش وەكو سەدوقیەكان _ یـەحیا و عیـسا تاوانباریان كردن و ناویان لێ نان (ڕۆڵەی مارەكان) ، هەروەها ئەوەی جێـی سەرنجی كە دانـەری كتـێبی پێنجـەمی پـەیمانی نـوێ، كـە نـاوی لێنـراوە (كردەوەی پێغەمبەرەكان) لە هاوڕێیەكانی بۆلس بووە و لەو باوەڕەیـە، كـە ئەوانەی لەسەر دەستی یەحیا تەعمید كراون، گیانی پیرۆزیـان نـەدیوە بۆیـە دوبارە تەعمید كرانـەوە و لـە گیـانی پـیرۆز مـشت كـران (اعمـال الرسـل ١٦/٨_١٩،١٧/٢_٧) تەعمید كردنەكەش نەك بە ناوی عیسا، بەڵكو بـە هۆی (دەست دانانەوە) ! بە ئاشكرا ڕونی كردۆتـەوە، كـە هـەردوو تەعمیـد كردنی عیسا و یەحیا لە سروشت و كاردانەوەیان هاوشێوە بونە و، ئەوانـەی لە لایەن عیسا یان یەحیا یان بە ناوی یەكێ لەو دوانە تەعمید كراون گیانی پیرۆز نەچووەتە دڵیانەوە، بەڵكو لـە ڕێگـەی دانـانی دەسـتی حەوارییـەكان لەسەر كەسی تەعمید كراو گیانی پیرۆز دەچێتە دڵیـەوە و پـڕی، دەكـا لـە باوەڕ و خۆشەویستی خوا، هەتا ئەگەر ئەوە ڕاستیش بوبـێ، لەوانەیـە ئـەم دیاریە خواییە تەنیا درابێتە حەوارییەكان و، نابێ ئەوانەی بە ناو جێگریـانن لە كەنیسە لافی ئەمە لێ بدەن.

و_ ئەگەر ئینجیلـەكان لـە بـارەی تەعمیـد كردنـەوە گەیـشتبنە هـەر ئەنجامێ و، هەر واتایێ بگەیەنن، ئەوا ئەو بۆچونە دەگەیەنن، كـە هـەردوو تەعمید كردنەكە جیاوازییان نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێ، كە بـە نـاوی یـەحیا یان عیسا ئەنجام دەدرا، بەڵام فەریـسیی گـەورە بـۆلس (شـاؤول) تـەنیا بـە وشەیەكیش باسی یەحیای مەعمەدانی نەكردووە، چونكە یەحیا بـە (ڕۆڵـەی مارەكان) وەسفی فەریـسییەكان دەكـات، بۆیـە لـەو سـەرنجانەی لۆقـا لـە

(كردەوەی پێغەمبەران) دەری بڕیوە، هەست بە جۆرە قینێ دەكەین دژی یەحیا و تەعمید كردنەكەی ، چونكە لۆقا قوتابی و هاودەمی بۆلس بووە، بڕیارەكەی لۆقا كە تەعمید كردن بە ناوی عیسایە هیچ پەیوەندییەكی بە گیانی پیرۆزەوە نەبووە، بەڵگەیەكی دیار و بنبڕە دژی كەنیسە، كە هەر لە خۆیەوە تەعمید كردنی كردە جۆرە لوغز و ڕێوڕەسمێكی نهێنی، تەعمید كردنی عیسا بەردەوام بونی تەعمید كردنی یەحیا بووە و هیچی دی نەبووە، بەڵام تەعمید كردن بە گیانی پیرۆز و بە ئاگر تایبەتە بە ئیسلام، ئەوەی لۆقا لە (كردەوەی پێغەمبەران) لە بارەی دوازدە كەسی خەڵكی سامیرەی نووسیوە، كە گوایا گیانی پیرۆزیان بەرنەكەوتووە، چونكە تەنیا بە ناوی عیسا تەعمید كراون (اعمال الرسل ٨/١٦_١٧) بەڵگەیەكی یەكلاكەرەوە و بنبڕە لەسەر بێهودەیی بۆچونەكانی كەنیسە.

## ( پاری شازدەمین )

## (( صبغة الله ) یان تەعمید كردن بە ( گیانی پیرۆز و بە ئاگر )

زۆر جاران سەرم لەوە سوڕ دەما، كە بۆچی ئەو سابیئانەی، كە ڕێبازەكەیان لە نیمچە دورگەی عەرەبی و نێوان دیجلە و فورات بڵاوبوویەوەو، چۆن باوەڕیان بە مەسیحیەت نەهێناوە؟ خۆ دەبێ یەحیا لە ناو جەماوەر ڕایگەیاند بێ، كە عیسا پێغەمبەرێكی لەو بە توانا ترە و عیسا ئەو مەسیحەیە، كە ئەو ناگاتە ئەو پلەیەی، كە قەیتانی پێڵاوەكەی بكاتەوە .(متی٣/١١).

ئەگەر عیسا ئەو پێغەمبەرە بووبێ، كە یەحیا پێشبینی كردبوو و، هاتووە بۆ ئەوەی بە گیانی پیرۆز و بە ئاگر تەعمید بكات، لەو كاتەی كە

عیسا جەماوەری بە ئاوی ئوردون تەعمید دەكرد، ئەگەر ئەوە راستبێ ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدا : بۆچی عیسا بە گیانی پیرۆز و بە ئاگر تەعمیدی نەكرد و، بۆچی لەو خاكەی، كە خوا بەڵێنی دابووە بنەماڵەی ئیبراهیم، بەسەر بت پەرستیدا زاڵ نەبوو و، بۆچی دەوڵەتی خوای بەهێز و بە ئاگر دانەمەزراند؟ چۆن ئەمە لێكدەدرێتەوە، كە بۆچی پەیڕەوانی یەحیا پەیڕەوی عیسایان نەكرد، خۆ دەبێ یەحیا وای عیسای بە جەماوەر ناساند بێ، كە گەورەی ئەوە و پلە و پایەی لەو بەرزترە، بۆ نمونە : ئەگەر عیسای مەسیح سەدەیێ دوای یەحیا هاتبێ، ئەوا پەیڕەوانی یەحیا لەوە دەبورێن، كە نەچونەتە ناو مەسیحیەتەوە، بەڵام كارەكە وانییە و یەحیا و عیسا هاوچەرخ بوونە و، لەیەك ساڵدا لە دایك بوونە و بە ئاو تەعمیدی خەڵكیان كردووە و، موژدەیان داوەتە پەیڕەوانی خۆیان، كە هێندەی نەماوە دەوڵەتی خودا پەیدا ببێت، ئەم دەوڵەتەش لەسەردەمی ئەواندا پەیدا نەبوو.

سابیئەكان _ یان (الصباغون) یان (المعمدانیون) _ پەیڕەوكەرانێكی دڵسۆزی یەحیا بون و لە گینە بووبنە قۆچی قوربانیی هەڵە و جادوگەرییەكان، خۆ زۆر چاك دەیانزانی، كە مەبەست لە پێشبینیەكەی یەحیا عیسا نەبووە و هەر كە (محمد) هات، چونە ناو ئیسلامەوە، بەڵام خەڵكی حەڕان لە سوریا لە پاشماوەی سابیئەكان نەبوون، هەروەك هەندێ وا گومان دەبەن، بەڵام لەبەر ئەوەی موسڵمانەكان لێبوردنیان لەگەڵ سێ ئاین هەبوو، كە جولەكە و مەسیحی و سابئیە بون، حەڕانیەكان خۆیان وا نیشاندا، كە پاشماوەی سابیئەكانن، بۆیە عوسمانییەكان بێ تەنگ پێ هەڵچنین ماوەیان دانێ، كە ڕێوڕەسمی ئاینە سەیرەكەیان ئەنجام بدەن.

چەمكی[1] ئیسلامی و جولەكە لە بارەی گیانی پیرۆزەوە، لە ڕەگ و

---

[1] چەمك: تێگەیشتن، مفهوم.

ڕیشەوە لە بۆچونی مەسیحی جودایە، گیانی پیرۆز كەسێكی بە خوا كراو نییە لە خوایەكی سێلانەیی دا، لە بۆچونی مەسیحیدا گیانی پیرۆز واتا: سێیەمی سێلانە (ثالث الثالوث) بە پێی ویست و ئاماژەی قەشە لە عەرشی ئاسمانیی خۆی دادەبەزێ، بۆ پیرۆز كردنی هەندێ ڕەگەز و گۆڕینی گەوهەر و سیفەتەكانی بۆ هەندێ ڕەگەزی دیی، سەروی سروشت وەكو گۆڕینی ئاوی تەعمید كردن بۆ خوێنی خوایەكی لە خاچدراو و، لەناو بردنی تاوانی ئەسڵی یان گۆڕینی ڕەگەزە مادییەكانی قوربانی پیرۆز بۆ خوێن و لەشی خوایێ، ئەمە دژی بیروباوەڕی هەموو یەكخوا پەرستێكە، جا جولەكە بێ یان موسڵمان، ئەم بیروباوەڕانە بە تەواوی پێچەوانەی ڕێنماییەكانی پەیمانی كۆنن و تەزویری بیروباوەڕی ڕاستەقینەی یەحیا و عیسان، ئەو باوەڕەی كە گوایا هەندێ لە قەشەكان دەتوانن دوعا و نوشتە بۆ هەندێ كەس بكەن، تا گیانی پیرۆز بچێتە دەرونیانەوە، بەڵام دەستەبەریی بێ تاوانییان ناكەن شتێكی پوچ و بێ واتایە، لە كتێب (سفر)ی كردەوەی پێغەمبەراندا پێمان دەگوترێ، كە حەنانیا و سەفیرەی خێزانی تەعمید كران، ئینجا دەرونیان مشت بوو لە گیانی پیرۆز _ كەسی سێیەمی خوایی _ كە ئیلهامی خستە دڵیانەوە، تا كێڵگەكەیان بفرۆشن و نرخی پارەكەی بخەنە ژێر پێی (بطرس)ی حەواری، بەڵام شەیتان فریوی دان تاهەندێ لە پارەكەیان گل بدەنەوە و لە ئەنجامدا مردنی، یەكسەر توشیان بوو (سفر اعمال الرسل ٥/١_١١) ، چۆن سێیەمینی خوا دەتوانێ دابەزێتە سەر مرۆڤ و پیرۆزیان بكا و دوایی ماوەیان بداتێ، كە بكەونە ناو گوناهو كوفر و زندیقییەوە و، لێیان بگەڕێ جەنگ و كوشتار بەرپا بكەن؟ ئایا شەیتان دەتوانێ ئەو مرۆڤە لە خشتە ببات كە دەرونی مشت لە گیانی پیرۆزە و بیكاتە شەیتان؟ قورئانی پیرۆز لەم خاڵەدا زۆر ڕونە، خوای گەورە شەیتان دەدوێنێ و دەفەرموێ: (إِنَّ

عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنَ اتَّبَعَكَ مِن الْغَاوِينَ... عەبدانی من _ جیا لەوانەی شوێن تۆ كەوتون و گومڕابون _ لە وانە نین تۆ دەرۆستیان بێی.) الحجر/٤٢.

مرۆڤی ڕاست مادامەكێ لەم جیهانە مادییەدایە دژی گوناه و خراپە دەجەنگێ و، ئەگەر توشی خلیسكانێ بوو دوبارە ڕاست دەبێتەوە، چونكە پەشیمانی و تۆبە كردن كرداری ئەو گیانە پاكەیە لە ناو ماندا دەژی، بەلاّم كەنیسەكان دەلّێن : ئەگەر مەسیحیەك بە گیانی پیرۆز و ئاگر تەعمید كرا، بە پێی لێكدانەوەی كتێبی كردەوەی پێغەمبەرەكان تەعمید كراوە، كە لاتینی بێ یان یۆنانی بێ، یان حەبەشی بێ یان هەر كەسێكی دی بێ، نەك هەر دەبێتە قدیسێكی پاك، بەلّكو هەروەها دەبێتە زانای زمانەكان و پێغەمبەرێكی بە هرەدار.

لە ڕاستیدا دیانەكان لە بارەی گیانی پیرۆزەوە چەمكێكی دیاریكراو، یان وردیان نییە، كە دەبێ دەرونی تەعمید كراوەكە مشت بكات، جا ئەگەر ئەو گیانی پیرۆزەی، كە دەچێتە دەرونی كەسەكەوە سێیەمین خوا بێ، ئەوا شەیتان زاتی ئەوە ناكات، كە لەو كەسە پیرۆزە، یان نیمچە خوایە نزیك بێتەوە و لە خشتەی ببا و فریوی بدات، لەوەش زیاتر چۆن شەیتان دەتوانێ گیانی پیرۆز لە دەرونی كەسەكە دەربكا، خۆی بچێتە ناو دلّی تەعمید كراوەكەوە و بیكاتە تاوانبار و زەندیق ، ئەگەر مەبەست لە گیانی پیرۆز جوبرائیل، یان فریشتەیەكی دی بێ ، ئەوا كەنیسەی دیانەكان لە بیابانی پڕوپوچیدا خۆی ون دەكا، چونكە ئەو فریشتەیە هەمیشە لە هەموو شوێنێ نییە، جا ئەگەر ئەو گیانەی، كە دیانە تەعمید كراوەكان پاك دەكاتەوە و دەرونیان پڕ دەكات، خودا خۆی بێت هەروەك باوەڕیان وایە لە كەسی سێیەمی (ثالوث) ، ئەوا هەموو دیانەكان مافی ئەوەیان هەیە لافی ئەوە

لێبدەن، كە پیرۆزن یان بەشێ لە خوان (مؤلهون).

هەروەها پڕۆتستانتەكانیش لەو باوەڕەن، كە گیانی پیرۆز دەرونی هەر كەسێ پڕ بكا ئەو كەسە لەو باوەڕەیە، كە سەر لە نوێ لە دایك بووەتەوە، ئینجا گەلێ لەوانە پاشگەز دەبنەوە و دوبارە وەكو پێشویان لێ دێتەوە.

لە ڕاستیدا گیانی پیرۆز (الروح القدس) لەگەڵ (ال)ی شوناسی، بە واتای فریشتەیەكی دیاریكراو دێ، كە لەوانەیە جوبرائیل، یان یەكێكی دی لە گیانە پاكەكان بێت، كە كارێكی دەست نیشان كراوی پێ سپێردراوە و، دابەزینی ئەو گیانی پیرۆزە بۆ سەر هەر مرۆڤێك واتا: بە فەرمانی خوا سروشی بۆ دەهێنێ و بەمە دەبێتە پێغەمبەر و، شەیتان ناتوانێ فریوی بدات و لە خشتەی ببات.

ئەو تەعمید كردنەی _ الصبغ _ كە (محمد) بە گیانی پیرۆز و ئاگر ئەنجامی دا ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆمانی لێكداوەتەوە: (صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنْ اللَّهِ صِبْغَةً وَنَحْنُ لَهُ عَابِدُونَ) البقرة/١٣٨.

ئەو موسڵمانانەی، كە قورئانیان لێكداوەتەوە وشەی (صبغە)یان بە واتای حەرفی لێك نەداوەتەوە _ لەوەش ڕاستیان پێكاوە _ بەڵكو بە واتای گیانی، یان خوازەیی(مجازي) بە (ئاین) یان لێكداوەتەوە، ئەم ئایەتە قورئانییەش ئاینەكانی (السبعوثا) و (المعمودیثا) دەسڕێتەوە و، پوچەڵیان دەكاتەوە واتا: ئاینەكانی سابیئە و دیانەكان لە ڕاستیدا (صبغة الله) تەعمید كردنی ئاینی خوایە، نەك بە ئاو بەڵكو بە گیانی پیرۆز و ئاگر، ئەو ئاینەی كە هەموو موسڵمانێ لە كاتی ناردنی پێغەمبەر باوەڕیان پێی هێنا، هەمان ئاینە بە هەموو لقەكانیەوە، كە ئەمڕۆ هەموو موسڵمانێ باوەڕی پێ دێنێ، بەڵام ناتوانین لە بارەی مەسیحیەتەوە هەمان شت بڵێین ، تا ئێستا زیاتر لە شازدە (١٦) ئەنجومەنی كەنیسەیی مەسكونی بەستراوە بە

مەبەستی دەست نیشانكردن و پێناسە كردنی ئاینی مەسیحی، لە كۆتاییدا ئەنجومەنی فاتیكان لەساڵی ١٨٥٤ ز ئەوە ڕون دەكاتەوە، كە حەزرەتی مەریەمی بێ گوناه سكی بوو، هەروەها لە ساڵی ١٨٧٠ ز ئەمەی دۆزییەوە، كە پاپا لە گوناه كردن پارێزراوە، هەموو ئەو شتانە لەسەردەمی (بطرس)ی حەواری و حەزرەتی مەریەم نەزانرا بوو!

هەر ئاینێك متمانە بكاتە سەر تاووتوێكردن و بڕیاری ئەنجومەنەكان _ پیرۆز بێت یان پیرۆز نەبێت _ ئەو ئایینە لە دەست كردی مرۆڤە.

دەگەڕێینەوە سەر بابەتی تەعمید كردن: تەعمید كردنی گیانی لە ڕێ نیشاندانی خوایی زێتر نییە، هەروەك چۆن ڕەنگ ڕێژی خوری، یان پەمۆ ڕەنگ دەكا و ڕەنگێكی نوێی پێ دەبەخشێ و، هەروەك تەعمید كردن گوناهەكانی پێشوی باوەڕداری ڕاستەقینەی تۆبەكار لا دەبات، خوای گەورەش لەش ڕەنگ ناكا، بەڵكو گیانی ئەو كەسە ڕەنگ دەكات، كە بە رەحمەتی خۆی خاوەنداریی دەكا و ڕێگای ئیسلامی پێ نیشان دەدات.

ئا ئەمەیە (صبغة الله) _ تەعمید كردنی خوا _ كەوا لە موسڵمانە ڕاستەقینەكان دەكات لە كاری خۆیان جدی بن و، ئەركەكانیان بەرامبەر خوا و هاوڕێ و خێزانەكانیان جێ بە جێ بكەن و خۆیان توشی گێلی و نەفامی نەكەن، وا تێنەگەن كە لە پەیڕەوانی ئاینەكانی دی باشترن، نەخۆ خۆیان بە خاوەن دەسەڵات بزانن لەسەر خەڵكیی دی، دەمار گیری و لە خۆبایی ئاینی لە سیفەتەكانی ئیسلام نییە و، موسڵمان پێویستی بە پێناویی (وساطة)ی پیاوی ئاینی نییە، هەموو بڕوادارێكی تێگەیشتو و زانا دەتوانێ ببێتە ئیمام، یان بانگ خواز یان ئامۆژگاركار بە پێی خوێندەواری و دلێریی بۆ ئاینەكەی ، بە كورتی هەر موسڵمانێ جا چ لەسەر ئیسلامەتی لە دایك بووبێ، یان باوەڕی پێی هێنابێ لە لایەنی گیانییەوە پاك دەبێتەوە

و، دەبێتە هاوولاتیەك لە دەوڵەتی خودا.

یەحیا تەعمید كردنی بە گیانی پیرۆز و ئاگر دایە پاڵ پێغەمبەری مەزنی خوا، نەك لە بەرئەوەی بوونەوەرێكی خواییە، یان خوایە، یان كوڕی خوایە، بەڵكو لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوایە و لە ڕێگەی تەعمید كردنەكەوە ڕەنگ ڕێژیی خوایی بەدی دێ، (محمد) پەیامی خوای ڕاگەیاند و پێشنوێژیی نوێژەكانی دەكرد و دروشمە ئاینیەكانی جێبەجێ دەكرد و، دژی كافرە بت پەرستەكان دەجەنگی بۆ بەرگری كردن لە ئیسلام، بەلآم ئەو سەركەوتنەی، كە بە دەستی هێنا لە لایەن خواوە بوو. بە هەمان شێواز یەحیا ئامۆژگاریی خەڵكیی دەكرد و تەعمیدی دەكردن، بەلآم قبوڵ بونی تۆبە و لێبوردنی گوناهان، لە لایەن خۆیەوە نەبوو بەڵكو لە لایەن خواوە بوو و پێشبینیەكەی یەحیا (ئەوەی لە دوای من دێ لە من بەهێزترە و، لە ئایندەدا بە گیانی پیرۆز و بە ئاگر تەعمیدتان دەكات) (متی ١١/٣) تەنیا لەسەر دەستی (محمد) هاتە دی و پیادە كرا.

ئەوەی ڕون و ئاشكرایە شێوە و ناوەڕۆكی ئەم تەعمید كردنە هەستی نییە، چونكە بە كاروباری غەیبەوە پەیوەندارە، ئێمە هەست بە كاریگەریی هۆكارێكی ڕاستەقینە دەكەین، بەلآم ئەو هۆكارە بەرجەستە نییە، ئاو ئەو هۆكارە مادییە دیارە نییە و، چیدی پێویستیش بە تەعمید كردن نییە، بەڵكو خوا ڕێنماییی ئەو كەسە دەكات، كە خواستی لەسەر بێ و بە پێی پێشبینیەكەی یەحیا هۆكارەكانی (صبغة الله) گیانی پیرۆز و ئاگرن، بەلآم ڕێبازی (الصبغ) ، تەنیا تایبەتە بە خواو، ناتوانین نیسبەتی هیچ كارێك بدەینە پاڵ خوا و هەرچیەكی فەرمایشی لەسەر بێت بە (كن فیكون... ببە یەكسەر دەبێت) دەبێت، بەلآم دەتوانین لەو ئەنجامانە بكۆڵینەوە، كە لە (صبغة الله) وە دەكەونەوە:

١_ گیانی پیرۆز ئەگەر جوبرائیل بێت، یان خولقێنراوێكی باڵای دی بێت، پیرۆز بایی لە گیانی موسڵمان دەكات، كە لە دایك دەبێ، یان هەر كە دێتە ناو ئیسلامەوە ئەم پیرۆزباییەش ئەمە دەگەیەنێ :

أ_ چەسپاندنی باوەڕ بە تاكە خوایەكی ڕاستەقینە: (ڕەنگی خوا _ صبغة الله) وا لە گیانی موسڵمان دەكا، كە باوەڕ بە تەنیایی رەهای خودا بێنێت و، متمانە لەسەر خودا بكا و، تەنیا دان بەودا بنێ وەكو گەورە و خاوەندار و خودا.

ب_ (ڕەنگی خوا _ صبغة الله) گیانی موسڵمان تەنیا لەسەر خۆشەویستی خودا و مل كەچ كردن بۆ ئەو ڕادەهێنێ ، خودای مەزن لەوە نابورێت، كە شتێك یان هەر بونەوەرێكی بۆ بكرێتە هاوبەش، خۆشەویستی موسڵمان بۆ خودا تیۆری، یان نمونەیی نییە، بەڵكو واقعییە و بە كردەوە پیادە دەكرێت.

ج_ ملكەچی تەواو بۆ ویستی خودا، كە لە باوەڕ و خۆشەویستی و لە خوا ترسانەوە هەڵقوڵا بێت.

٢_ ناسینی ڕاستەقینەیی خوا و، ناسینی ویست و قەدەری بەو ڕادەیەی،كە دروستە مرۆڤ پەی پێ ببات،تەنیا لای موسڵمانەكان بەدی دەكرێت.

گەوهەری خودی خوایی شتێكە پەی پێ نابردرێ،بەڵام هەر وەك منداڵی شیرە خۆرە ناتوانێ لە سروشت و كەسێتی دایك و باوكی بگات،كەچی لەگەڵ ئەمەش لە نێوان هەموو ژنەكانی دی دایكی دەناسێتەوە، ەم لێكچونەش هێشتا زۆر لە ڕاستییەوە دورە، هەموو موسڵمانێ نیشانەی بونی خودا لە هەموو دیار دەبێ لە دیاردەكانی سروشت دەبینێ، هەمیشە خودا لە بیر و زەینی هیدانی (اشهد ان لا إلـه إلا الله) رەد كردنەوەی هەموو

پەرستراوێكی دیيە،جگە لە خودا و ناڕەزاييەكی هەتا هەتاييە دژی ئەوانەی،كە شتێ یان چەند شتێ دەكەنە هاوبەشی خودا و بڕيار دان و گەواهيدانە بەوەی،كە هەر تەنيا خودا بەس شايانی پەرستنە.

٣_ تەعميد كردن بە ئاگر (صبغة الله) يە،كە موسڵمان دەپارێزێ دژی پڕوپووچ و هەموو جۆرە بت پەرستيەك ، هەروەها نەفس و گيانی موسڵمان دەتوێنێتەوە، تا زێڕی بێگەرد لەخڵت و خارەكەی جيا بكاتەوە و هێز و توانای خودايە، كە پەيوەنديی نێوان بەندە و خولقێنەرەكەی بەتين دەكا وو بۆ بڵاوكردنەوەی پەيامەكەی ئامادەی دەكات.

## ( پاری حەڤدەمين )

## پەرقليت گيانی پيرۆز ( الروح القدس ) نييە

ئێستا گفتوگۆ لەسەر پەرقليت دەكەين، كە لە ئينجيلی چوارەم هاتووە (يوحنا ١٤/١٤،٦/١٥،٢٦/١٦،٢٦/٧) (يوحنا٢/١) ، عيسای مەسيح هاتنی دەوڵەتی خوای ڕاگەياند _ هەروەك يەحياش ڕايگەياند _ و داوای لە خەڵكی كرد، تۆبە بكەن، تەعميد كردن بۆ سڕينەوەی گوناهەكان و پەيامەكەی بە نەوەی ئيسرائيليەكان ڕاگەياند و عيسا خۆی دامەزرێنەری دەوڵەتی خودا نەبوو، بەڵكو موژدە دەر بوو پێی و ئينجيلی بە نەتەوەكەی خۆی ڕاگەياند، كە بە واتای: دەنگ و باسەكەش پەيوەنديی بە دەوڵەتی خودا و پەرقليتۆس (Periqlytos) هەبوو، ئەمەش نەك بە نووسين، بەڵكو بە هۆی ئامۆژگارييە گشتيەكانی، كە لە نێوان خەڵكی بڵاوبوويەوە لەو سەردەمەی، كە خۆی لەسەر زەوی بوو، دوای ئەوە ئەو ڕێنمايی و گوتانەی، كە دەدرێنە پاڵ ئەو بەهۆی نوسينەوە بڵاوبوونەوە، عيسا لەم نووسينانەدا

گۆڕانی بەسەردا هات و لە گەورە و مامۆستاوە بووە وشەی خوا (كلمة الله) ، ئینجا كوڕی خوا و لە پێشینی پەرقلیتۆسەوە بووە، گەورە و سەرۆكی پەرقلیتۆس.

بەم جۆرە وشە بێگەرد و ڕاستەكانی بەرە بەرە دەشێواو تێكەڵی پڕ و پوچ و جادوگەری دەبوو، ئەو خەڵكە لە عیسایان ڕادەدیت، كە لە هەر چركەیێ لە هەور بێتە خوارەوە، چەندەها سوپای فریشتە لەگەڵ خۆی بێنێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خودا لەسەر زەوی ، بێگومان هیچ شتێ لەو جۆرە ڕوی نەدا، ئینجا حەوارییەكان مردن و دووەم هاتنی عیساش بە دوا كەوت هەروەك باوەڕیان پێی هەبوو، ئیدی لە ڕێنماییەكانی و كەسێتیی عیسا گەلێ بیروبۆچونی نوێی ئاینی _ فەلسەفی پەیدا بون و، چەندەها تایەفە و ڕێباز و كۆمەڵێ ئینجیل و نامە بە دیار كەوتن، ناكۆكی لە نێوان بەرگری كەرانی مەسیحی سەری هەڵدا و ڕەخنە یان لە بیروبۆچونی یەكدی دەگرت، خۆ ئەگەر ئینجیلێكی نوسراوی سەردەمی عیسا هەبوایە، یا كتێبێكی مۆڵەت دراو لە لایەن چەند حەوارییەك سەری هەڵبدایە، ئەوا پەیامەكەی مەسیح پارێزگاریی لە بێگەردی و ڕاستییەكەی دەكرد دوای خۆی، تا دیار كەوتنی پەرقلیتۆس _ احمد _، بەڵام كارەكە بە پێچەوانەوەی ئەوە بوو، جا لە دوای مەسیح، نوسەر و حەوارییەكان ناكۆكییان كەوتە نێوانەوە و، هەر كەسە لە بارەی عیسا و پەیامەكەی ڕێبازێكی تایبەتیی گرتە بەر و، هەر كە بە پێی بۆچونی تایبەتی خۆی لە كتێبەكەی كە، ناوی نابوو (ئینجیل Gospel) یان (پەیامEpitstle ) وەسفی عیسای كردبوو، بە شێوەیێ لە ئیجیلی چوارەمدا هەست بە خەیاڵێكی دوور و درێژ دەكەین لە بارەی واتای (الكلمة) و پێشبینی لە بارەی (گۆشت و خوێنەكەی) و زنجیرەیێ لەو پەڕجوو و ڕوداووو گوتانەی، كە لە لایەن نوسەری ئینجیلەكانی دییەوە

نەزانراو بوو و تۆمار نەكرابون ، سەرەڕای ئەوەی كە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری مەسیحیەكانیش نەناسراو بوو بە تایبەتی ئەوانەی، كە لە ژیانیان ئینجیلی چوارەمیان نەبینیبوو و دوای مەسیح بە دوو سەدە نەیان خوێندبوویەوە.

ئینجیلی چوارەمیش وەكو هەموو كتێب و سفرەكانی پەیمانی نوێ بە زمانی یۆنانی نوسراونەتەوە، نەك بە ئارامی، كە زمانی دایكی مەسیح و حەوارییەكان بوو، بەم جۆرە ئێمە توشی كێشەیێ دەبین، هەروەك لە كاتی لێكۆڵینەوە لە وشەی (یۆدۆكیا Eudokia) ی تایبەت بە لۆقا توشی بوین، كێشەكەش خۆی لەم پرسیارە دەبینێتەوە: ئەو وشە حەرفییە كامەیە، كە مەسیح بە زمانی ئەسڵیی خۆی بۆ وشەی (البرقلیط) بەكاری هێنا و ئینجیلی چوارەم گواستیەوە، ئینجا بە هەڵە لە هەموو وەرگێڕانەكانی ئەو ئینجیلە بە وشەی دڵدەرەوە (المعزّي) وەرگێڕدرا؟

پێش گفتوگۆ كردن لەسەر داڕشتنی وشەی (البرقلیط) ی شێوێندراو، پێویستە تیشكێ بخەینە سەر یەكێ لە ئەدگارە تایبەتیەكانی ئینجیلی یوحەننا _ ئینجیلی چوارەم _ ، گفتوگۆ كردن لەسەر دانان و ڕاستیی ئەم ئینجیلە لەو كێشانەیە، كە تایبەتن بە زانستەكانی ڕەخنەی كتێبی پیرۆز ، بەڵام زۆر زەحمەتە بڕوا بەوە بكرێ، كە یۆحەننای حەواری بەم شێوە ناوەرۆكەی ئێستای ئینجیلەكەی نووسیبێتەوە، دانەرەكە چ (یوحنا بن زیدی) بێ، یان كەسی تر بێ وا پێدەچێ ئاگاداری ڕێنماییەكانی فیلۆنی Philon فەیلەسوفی جولەكە بێت لە بارەی (الكلمة Logos)ەوە.

ئەوەی ئاشكرایە هەر، كە ئەسكەندەری گەورە فەلستینی گرت و شاری ئەسكەندەرییەی لە (٣٣٢پ.ز) دامەزراند، سەردەمێكی نوێی ڕۆشنبیری و ژیاری دەستی پێكرد و، قوتابیەكانی موسا پێغەمبەر لەگەڵ قوتابیەكانی

ئەپیقۆری Epicurus فەیلەسوفی یۆنانی كۆدەبوونەوە و لە ئەنجامدا هەردوو لایەنی رێنماییەكانی گیانیی تەورات و مادیی بت پەرستیی یۆنانی كارێكی زۆریان لە یەكدی كرد و، وای لێهات فەلسەفەی یۆنانی لە لایەن گەورە زانایانی شەریعەتی جولەكە لە فەلەستین و میسر بخوێندرێ، ئەمەش بووە هۆی تەنگاو بوونی مالمەكانی (احبار) جولەكە، زمانی عیبری بە ڕادەیەكی وا پشتگوێ خرا، كە كتێبەكانی پەیمانی كۆن بە وەرگێڕانی سەبعینی ـ یۆنانی ـ دەخوێندرانەوە، ئەمەش وای لە مالمەكان(أحبار)ی جولەكە كرد، كە دوبارە لە شەریعەتەكەیان بكۆڵنەوە بە مەبەستی بەرگری كردن لێی، دژی ئەو گیانە تازەیەی، كە دەستی بەسەرا گرتوون، هەروەها هەولیان دا ڕێگەیەكی نوێ بدۆزنەوە بۆ لێكدانەوەی پەیمانی كۆن بۆ ئەنجامدانی نزیك بوونەوە و، پێكهێنانی نێوان شەریعەتی جولەكە و هزری هیلینستی یۆنانی، چونكە شێوازی لێكدانەوەی حەرفیی شەریعەت، بووە شتێكی وشك و خۆی نەگرت لەبەر لۆجیكی دڵكێشی ئەفلاتون و ئەرستۆ، بەڵام چالاكیی جولەكە و دەمار گیرییان ئێرەیی و قینی یۆنانی دژیان وروژاند، ئەمەش بە ئاشكرا لە نوسینەكانی ڕەبەنی میسری مانیثو Manetho بەدیار دەكەوێ، كە لە سەردەمی ئەسكەندەری گەورە، گەلێ بوختانی پێكردن، ئینجا لە لایەن دواندەر(خطیب)ی بەناوبانگ ئەپیۆن Epion لە سەردەمی تیباریۆس ئیمپراتۆر ئەم بوختانانە نوێ بونەوە و زێتر تەشەنەی كرد، تا وای لێهات ئەو دواندن و نوسراوانە، هۆش و بیری خەڵكییان ژەهراوی كرد و، بووە هۆی ئەوەی هەرچی باوەڕی بە خوایەكی تاك و هەق هەبێ بە شێوەیەكی دڕندانە بچەوسێنرێتەوە.

ئەو ڕێگا تازەیەی، كە جولەكەكان دایانهێنا بۆ لێكدانەوەی كتێبەكانیان خوازەییە و، لە چەند بیرو ڕەمزێكی نهێنی پێكهاتووە، هێندەی پێ نەچوو

بووە فەلسەفەیەكی نوێی جولەكە، كە ئاست و پایەی پەیمانی كۆن پێویستی پێی هەبوو، دیارترین پیاو، كە ئەم فەلسەفە نوێیەی بەرجەستە كرد فیلۆن Philon بوو كە لە ساڵی (٢٥پ.ز) لە خێزانێكی دەوڵەمەندی جولەكە لە دایك بووە و، دانراوە خوازەییەكانی بە شێوازێكی یۆنانیی دانسقە نوسیوە و، زۆر ئاگاداری فەلسەفەی ئەفلاتون بووە و باوەڕی بەوە بووە، كە ڕێنماییەكانی سروشی(وحي) لەگەڵ باڵاترین جۆرەكانی زانیاری و دانایی مرۆڤیی ڕێكدەوێ، ئەوەی بە زۆری بیری لێدەكردەوە بابەتی هەڵس و كەوتی خوایی بوو لەگەڵ مرۆڤ و بوونەوەرەكانی زەوی و، لەسەر شێوازی تیۆریی فیلۆن زنجیرەیەك بیر و بۆچونی ناوەندیی داهێناو ناوی لێنا (فەیزی خوایی) ، كە چەند ئەلقەیەكی گەیەنەرە لە نێوان خودا و جیهاندا، ڕەگەزی بنچینەییش لەم نمونەیە (الكلمة Logos)ە كە بە پێی بیروباوەڕی ئەو، دانایەكی باڵای خولقێنراوە لە بونەوەردا و، بەرزترین دەربڕینە لە بارەی كردەی بایەخ دانی خودایی دا.

بەم جۆرە لە ئەنجامی سەركەوتنی جولەكە بەسەر بت پەرستیی یۆنانی قوتابخانەی ئەسكەندەرانییە دامەزرا بەڵام، هەروەك (بۆل هاگناوەر)ی گەورەی مالمەكان لە كتێبە بە تام و چێژەكەی (رابەری ئەدەبی جولەكە _ Nancy 1927 Manael de،Litterature Juive ) لە لاپەڕە (٢٤)دا دەڵێ: (دوایی چەند یاسایەكی ئازار دەری جولەكەی لێوە پەیدا بوو) لە ڕاستیدا ئەو یاسایانە بۆ جولەكە و مەسیحی ئازار دەر و ڕوخێنەر بوون .

بەم جۆرە دەبینین، كە بنچینەی تیۆریی (الكلمة Logos) بۆ فەلسەفەی فیلۆن دەگەڕێتەوە ، ئینجا نزیكی دوو سەدە دوای ئەو، یۆحەننای حەواری _ یان دانەری ئینجیلی چوارەم، جا هەر كەسێ بوو بێ _ جەختی كرد لەسەر فەلسەفەكەی فیلۆن، كە لە بنچینەدا لە هزری بلیمەتی ئەفلاتوونەوە

هەڵقولاوە.

هەروەك لە بەشی یەكەمی ئەم ئەڵقانەدا تێبینی ئەوەمان كرد، كە (وشەی خوایی _ الكلمة الالهیة) بە واتای (كلمة الله) دێت، نەك (الله الكلمة)، چونكە (الكلمة) سیفەتی ئاخێوەرە نەك ئاخێوەرە، كە (متكلم) خۆی و وشە خواییەكە نەمر نییە، چونكە سەرەتای هەیە و بنچینە نییە، ئەگەر بتوانین بڵێین (خودا وشەیە _ الله الكلمة) بۆچی ناڵێین (خودا رەحمەتە _ الله الرحمة) و (خودا خۆشەویستە _ الله المحبة) و (خودا تۆڵە سەندنەوەیە _ الله الانتقام) تا دوایی، كە سیفەتەكانی خودا بكرێنە خودا خۆی؟ ! من دەتوانم لە نازناوی مەسیح بگەم كە (گیانی خوایە) و نازناوی موسا كە ئاخێوەری خوا (كلیم الله)یە و نازناوی (محمد) پێغەمبەری خودایە، بەڵام بە هیچ شێوەیێ لەوە ناگەم و قبوڵی ناكەم، كە گیان (الروح) یان وشەی (الكلیمة) ، یان نێردراو (الرسول) كەسێكە كراوەتە خودا و خاوەن هەردوو سیفەتی خودایی و مرۆڤییە.

ئێستا پەردە لە سەر هەڵەی مەسیحی لە بارەی پەرقلیتەوە هەڵ دەدەینەوە و دەیسەلمێنم، كە پەرقلیت گیانی پیرۆز نییە، هەروەك كەنیسەكانی مەسیحی باوەڕیان پێی هەیە و وشەی پەرقلیت دڵدەرەوە (المعزّي) یان نازرەوا (الشفیع) ناگەیەنێ، ئینجا لە بەشی داهاتودا دیاری دەكەم، كە واتا راستەقینەكەی (احمد)ە، كە بە واتای ستایش زۆرتر و، زۆرتر شایانی ستایش دێ و بە Periqlite دەنوسرێ، نەك Paraclete :

١_ ئەو گیانی پیرۆزەی كە لە پەیمانی نوێ باسكراوە كەسێك نییە بە خودی خۆیەوە وەستابێ :

هەر كە لە و دەستەواژانە دەكۆڵینەوە، كە لە بارەی گیانی پیرۆزەوە لە پەیمانی نوێ هاتووە، وا دەردەكەوێ كەسی سێیەم نییە لە سێلانە (ثالوث)،

سەرەرای ئەمەش كەسێك نییە، كە بە خودی خۆیەوە وەستابێ ، بەڵام ئەو پەرقلیتۆسەی، كە عیسا پێشبینی كردووە كەسێكە بە خودی خۆیەوە وەستاوە، ئەمەش خاڵێكی زۆر سەرەكییە، چونكە بە تەواوی بۆچونی كەنیسە ڕەد دەكاتەوە، كە پەرقلیتۆس خۆی گیانی پیرۆزە.

أ_ لە ئینجیلی لۆقا لەسەر زمانی عیسا هاتووە، كە گیانی پیرۆز بەخششێكە لە خواوە و بۆ بەراورد كردن دەڵێ: هەتا باوكە بەدكارەكانیش دیاریی چاك دەبەخشنە منداڵەكانیان كەواتە خودا زیاتر شایانی ئەوەیە، كە گیانی پیرۆز ببەخشێتە ئەو باوەڕ دارانەی داوای لێدەكەن ، ئەم بەراورد كردنە بە شێوەیەكی كۆتایی بوونی هەر كەسێتیەك بۆ گیان (الروح) دوور دەخاتەوە، ئایا دەچێتە عەقڵەوە مەبەستی مەسیح تێگەیاندنی گوێگرانی بێت، كە خودای باوك (الله الأب) خودای گیانی پیرۆز (الله الروح القدس) وەك دیاری پێشكەشی (منداڵەكانی)دەكات لەسەر زەوی؟ ئایا قەت عیسا گوتویەتی، یان ئاماژەی پێكردووە، كە كەسی سێیەم لە سێلانە (ثالوث) دیارییە بۆ كەسی سێیەم؟ ئایا دەشێ حەوارییەكان باوەڕیان بەوە بووبێ، كە ئەم بەخششە، یەزدانی مەزن خۆی بێ و خۆی پێشكەشی مرۆڤی كردبێ؟ تەنیا بیركردنەوە لەوە دەبێتە هۆی داچڵەكینی موسڵمان.

ب_ سفری یەكەمی كۆرنثیەكان(٢/١١_١٢) بە شێوەی بێلایەن، وەسفی گیانی پیرۆز دەكات، كە لە خوایەوەیە (الروح من الله) نە نێرە و مە مێیە، بۆلس بە ئاشكرایی دەڵێت: (گیانی مرۆڤ وا لەو مرۆڤە دەكا، كە خودی خۆی بناسێ، هەروەها گیانی خوا توانا بە مرۆڤ دەبەخشێ، كە كاروباری خوایەتی بزانێت) ، بەم جۆرە گیانی پیرۆز خودا نییە، بەڵكو هۆكارێكە، كە خودا زانست و نور و ئیلهام دادەبەزێنێتە سەر ئەو بەندانەی، كە ویستی لەسەرە، واتا: تەنیا كارتێكردنێكی خواییە لەسەر نەفسی مرۆڤ

و ژیری.

بۆلس لەم دەستەواژەیە دا دەستنیشانی كردووە، كە گیـانی مرۆڤایـەتی ناتوانێ لە بنەچەی ڕاستییە خواییەكان بگات، تەنیا بە هۆی گیانی خـواوە، واتا: بەهۆی ئیلهام و ڕێنمونێكردنی خواییەوە.

ج_ جارێكی دی بۆلس لە سفری یەكـەمی كۆرنــثیـــــەكان (١٩/٦) دا دەڵێت :

(ئایا نازانن لە شتان پەیكەری گیانی پیرۆزە، كە لە خۆتـان دایـە و ئـەو گیانەی، كە لە خواوە وەرتـان گرتـووە) ، ئەمـەش بەڵگەیـەكی دییـە، كـە گیانی پیرۆز كەسێك و فریشتەیەك نییە، بەڵكو وشـە و دەسـەڵات و ئـاینی خودایــە، ئــەو بــەراوردەی لەشــی مرۆڤــی لــە خــوا تــرس و، گیـــانی بەپەرستگایەكی تایبەت بە پەرستنی خودای مەزن دەكات.

د_ لە پەیامی بۆلس بـۆ رۆمیـە (٩/٨) بـەو گیانـەی كـە لـە دەرونـی باوەڕدار دەژی، پێی دەگوترێ: (روح الله) و هەندێ جـاریش (روح المسیح)، ئەمەش بە واتای بیروباوەڕ و ئـاینی ڕاسـتەقینەی خـودا دێ، كـە عیـسای مەسیح ڕایگەیاندووە، بێگومان ئەم گیانە بە واتـای چـەمكی مەسـیحیەت نایێ بۆ گیانی پیرۆز، واتا: سێیەمی سێیەكان (ثالث الثالوث) ، نمونەش بـۆ ئەوە گوتەی موسڵمانەكانە، كە دەڵێن : ئەوان هەوڵ دەدەن بە پێـی (گیـانی محمد) ژیانیان رێك بخەن بە، واتای : دڵسۆزی بۆ ئاینی خوا بـە هـەمان ئـەو ڕێبازەی، كە دوامین پێغەمبەران لەسەری بووە چونكە ئەو گیانە پاكەی، كە لە (محمد) و عیسا و هەموو پێغەمبـەرەكانی دییـە، لـە گیـانێكی خـوایی بەولاوە هیچی دی نییە، ئەم گیانە دژی ئـەو گیانـە پیرۆزەیـە، كـە وێنـای دەكەن و ئەو گیانـە نـە خودایـە و نـە كەسـێكی پـیرۆزە، بـەڵكو نـورێكی خواییە، كە خوا ڕێنمونیی ئەو كەسـانەی پێـدەكات كـە دەیانـەوێ ڕێگـای

ڕاست بگرنە بەر.

هـ_ هەتا ئەگەر شێوازی ئینجیلی (باسم الأب و الأبن والروح القدس) ڕاست بێ و، مەسیح قەبوڵی كردبێ _ ئەمەش كە نەبووە _ قەبوڵ كردنەكەی وەك شێوازێكی باوەڕییە و، دەبوایە لەگەڵ هاتنی ئیسلام، كە دەوڵەتی ڕاستەقینەی خوایە لەسەر زەوی بوەستابایە، خودای گەورە كە خولقێنەری هەموانە لە ڕوی (خوازەییەوە) باوكی هەموو مرۆڤە، نەك تەنیا مرۆڤێ، جا ئەو مرۆڤە هەر كەسێك بێت.

ڕۆژهەڵاتناسەكان چاك دەزانن، كە وشەی سامیی (أب) و (أبّا) بۆ وشەی (والد) وەردەگێڕدرێ، بە واتای (كەسێكی بەردار یان بەرهەم هێنەر) چونكە (أبّا) بە واتای بەرە[1] ، بەڵام قورئانی پیرۆز ئەم وشەیەی بۆ وەسف كردنی خولقێنەر (خالق) بەكار نەهێنا، چونكە مەسیحیەت بە خراپیی بەكارهێنا، لە ڕوی بۆچونێكی یەكخوا پەرستیی ئیسلامیی، تەواو بڕواهێنانی مەسیحی بە بونی هەمیشەیی كوڕ (الابن) ، یان لە دایك بونی هەمیشەیی كور، جۆرێكە لە كفر.

جا ئەگەر شێوازی سێلانەیی (التثلیثیة) ڕاست بێ، یان گزی بێ، بە بڕوای من ڕاستییەكی تێدایە، چونكە ئینجیلەكان لە تەعمید كردن نەبێ لە هیچ نوێژێ، یان بۆنەیەكی ئاینی ڕێگای بەكارهێنانیان نەدا، ئەمەش خاڵێكە وردبوونەوە دەوروژێنێ ،چونكە یەحیا بە گیانی پیرۆز و ئاگر پێشبینی تەعمید كردنی كرد، و ڕاستەوخۆ یەزدان تەعمیدەكە ئەنجام دەدا، پێناوەكەشی كوڕی مرۆڤە (بەرناشا) ، كە لە خەونەكەی دانیال باسكراوە، گیانی پیرۆزیش هۆیە مادییەكەی (صبغة اللە)یە و، دوور نییە پەنایان بردبێتە بەر وشەی (أب) ، بەر لەوەی كەنیسە بە خراپی بەكاریان هێنابێت.

---

[1] خوا دەفەرموێ (وَفَاكِهَةً وَأَبًّا) عبس/٣١ وەرگێڕ

لە سایەی ئیسلامدا (صبغة الله) لە دایك بونێكی نوێیە، چونكە هۆكاری ئەو لەدایك بونە نوێیە خودایە، و لە دایك بوونی مرۆڤ لە سایەی ئیسلامدا بە گەورەترین چاكەی باوكی ئاسمانی (بە پێی دەربڕینی ئینجیلی) حسێب دەكرێ.

بەڵام ناوی دووەم لە داڕشتنە سێلانەییەكە كوڕ (الابن)ە، پیاو سەری لەوە سوڕ دەمێنێ، كە بزانێ ئەوە كوڕی كێیە؟ ئەگەر خودا باوكەكە بێت هەروەكو دەڵێن، ئایا مەبەست لە كام كوڕەكانێتی (بوونەوەرەكانێتی) كە ناژمێردرێن؟ عیسا فێری كردوین نوێژ بكەین و بڵێین : باوكمان، كە لە ئاسمانەكانە (أبانا الذي في السماوات) بەم پێیە هەموو مرۆڤ ڕۆڵەی ئەون، واتا: خولقێنراوی ئەون، ئیدی ناوهێنانی وشەی كوڕ (إبن) بە شێوازێكی سێلانەیی (تثلیثیة) دەبێتە شتێكی بێ نرخ و بێ واتا، بەڵام نازناوی (كوڕی مرۆڤ) ، یان (بەرناشا) هەشتا و سێ جار لەو فەرمودانە هاتووە، كە لە ئینجیل دراونەتە پاڵ عیسا، كەچی قورئانی پیرۆز بە كوڕی مرۆڤ (ابن الانسان) ناوی عیسا نابات، بەڵكو بە (كوڕی مەریەم) ناوی دەبات و هەرگیز ناشێ، كە عیسا نازناوی كوڕی مرۆڤ، یان كوڕی پیاوی لە خۆی نابێت، چونكە عیسا كوڕی ژنێ بووە و دەرچوون لەم پەڕجووە (معجزة)یە زەحمەتە، دەتوانن داوا بكەن، بەڵام ناتوانن بڵێن كە عیسا كوڕی مرۆڤە تەنیا، ئەگەر پەڕجوەكەتان ڕەد كردەوە و داوای ئەوەتان كرد، كە عیسا كوڕی یوسفی دارتاشە، یان كوڕی كەسێكی دییە، ئەمەش مۆرێكی ناشەرعی _ پەنا بە خودا _ بە عیساوە دەلكێنێ.

بەم شێوەیە گەیشتمە ئەو قەناعەتەی، كە ناوی دووەمی داڕشتنی سێلانە دەست كارییە شومەكەی دەستەواژەی كوڕی مرۆڤە، واتا: (البرناشا) كە لە بەشی حەفتەمی سفری دانیال باسكراوە، ئەویش لە پێغەمبەر (احمد)

بەولاوە كەسی دی نییە، كە لە ئینجیلی یۆحەننا بە (برقلیطوس) ناوی هاتووە.

بەڵام گیانی پیرۆز لەو دارشتنەدا كەسێك نییە، یان گیانێكی دیار نییە، بەڵكو توانای خوایە یان ئەو هۆكارەیەتی، كە بە هۆیەوە مرۆڤ بە موسڵمانی لە دایك دەبێ، یان بەرەو رۆشنایی ئیسلام دەچێت .

٢_ باوكە مەسیحە سەرەتاكان لە بارەی گیانی پیرۆزەوە چییان گوتووە؟

أ_ (هرماس) لەو باوەرەیە، كە گیانی پیرۆز بە واتای رەگەزی خوایی دێ لە مەسیحدا _ ئەو كورەی لە پێش هەموو شتێ خولقێنراوە _ بێ ئەوەی مەبەستمان چونە ناو وتووێژێكی نەزۆك بێت دەپرسین: ئایا هرماس گیانی پیرۆز و وشە (كلمة) تێكەڵ یەكدی دەكا، یا خود گیانی پیرۆز و پێش هەموو شتێ رەگەزێكی تایبەتە، واتا: لەسەرەتاوە خولقێنراوە و بە پێی باوەری هرماس كەس (شخص) نییە.

ب_ جۆستین كە ناوی لێنراوە شەهید و (١٠٠_١٦٧ز) Justin The Martyr تیۆفیلۆس (١٢٠_١٨٠ز) Theophilus وا تێدەگەن، كە گیانی پیرۆز هەندێ جار دەربرینێكی سەیری (كلمة) و، هەندێ جاریش سیفەتێكی خواییە، بەڵام بە هیچ جۆرێ كەسێكی خوایی نییە، دەبێ ئەوە بە بیرخۆمان بێنینەوە، كە ئەم هەردوو نوسەرە و، ئەم دوو باوكە یۆنانییە، كە لە سەدەی دووەمی زایینی ژیاون، هیچ زانیارییەكی دیار و باوەرێكی سنورداریان لە بارەی گیانی پیرۆزەوە نەبووە، هەروەكو لای سێلانەییەكان (ثالوثیین) هەبووە، كە لە سەدەی چوارەم و دواتر پەیدا بوون*.

ج_ ئەثیناغوراس (١١٠_١٨٠ز) Athenagoras بەم جۆرە پێناسەی

* لە وەرگێرانی ئەم خاڵەدا زیاتر پشت بە وەرگێرانەكەی (فهمي شمّا) بەستراوە. (وەرگێری كوردی).

گیانی پیرۆز دەكات، كە تیشكێكە لە خوداوە دەردەچێ و بۆی دەگەڕێتەوە وەكو تیشكی خۆر، ئەیرینایۆس Irenaeus (١٣٠_٢٠٢ز) دەڵێ: گیانی پیرۆز و كوڕ، خزمەتكاری خودان و فریشتە بۆیان ملكەچن، جیاوازی نێوان بۆچونی ئەم دوو پیاوە لە بارەی گیانی پیرۆزەوە هێندە زۆرە پێویست بە لەسەر نوسین ناكات، بەڵام سەیر لەوەدایە كە ئەنجومەنی نیقیە دوای دوو سەدە ئەم دوو خزمەتكارە _ واتا: كوڕ و گیانی پیرۆز _ بۆ پلە و پایەی ئەو خودایە بەرز دەكەنەوە، كە خولقاندویانی.

د_ زاناترین و دیارترین ئەو باوكانەی، كە دژی بیروباوەڕی ئەنجومەنی نیقیە (٣٢٥ز) بوو، دانەری كتێبی هەكسیلا Hexepla ئۆریگن Origen (١٨٥_٢٥٤ز) بوو، ئەو زانایە كەسێتی بە گیانی پیرۆز دەدات ، بەڵام لە خولقێنراوەكانی كوڕی دادەنێت.

بە كورتی ئەو تیۆرەی، كە پەیوەندیی بە گیانی پیرۆزەوە هەیە، هێشتا بە تەواوی لە كاتی بەستنی ئەنجومەنی نیقیە ٣٢٥ز ڕون و ئاشكرا نەبوو، بەم جۆرە دیاری كردنی كەسی سێیەمی سێلانەیی دواخرا بۆ ساڵی ٣٨٦ز هەر، كە ئەنجومەنی مەسكونیی دووەم لە قوستەنتینیە بەسترا بڕیاریان دا، كە كەسی سێیەم لە مادە و كات لەگەڵ باوك و كوڕ هاوبەشە!!

٣_ وشەی پەرقلیت Paraclete نە دڵدەرەوە دەگەیەنێ و نە پارێزەرە.

ئەم وشەیە كلاسیزمی نییە و نەزانراوە، چونكە حنجەی یۆنانیی وشەكە ئەمەیە Paraklytos نووسینەكانی كەنیسە ئەم واتایانەیان بۆ لێكداوەتەوە (كەسێك بۆ یارمەتیدان داوا دەكرێ ، پارێزەر ، پێناو) (سەیری فەرهەنگی یۆنانی _ فەرەنسی بكە لە دانانی Alexandre)، بەڵام ئەوەی سەلمێنراوە كە ئەو وشە یۆنانیەی بەرامبەر واتای دڵدەرەوە (المعزّي) دەوەستێ پاراكلیتۆس Paraklytos نییە، بەڵكو پاراكالون Parakalon ئەمەش لە وەرگێڕانی

سەبعینیی یۆنانییەوە دیارە، كە وشەی (مناحیم)ی عیبریی یە، كە بە واتای (المعّزي) دێت بە پاراكالون وەرگێڕاوە (سفر مراثي إرميا ١/٢١،١٧،١٦،٩،٢ هتد) لێرەدا وشەیەكی دیی یۆنانی هەیە، كە هاو واتای وشەی دڵدەرەوە (المعزّي)یە ئەویش (پاریگۆریتسە parygorytys) ، كە لە من دڵدەدەمەوە (أنا اعزي) دارێژراوە.

بەڵام واتاكەی دی (پێناو یان پارێزەر) ، كە لە ئەدەبیاتی كەنیسە بۆ وشەی پەرقلیت بەكار هاتووە، لە ڕاستیدا ئەو وشە یۆنانیەی، كە ئەم واتایە دەبەخشێت هەر پاراكالۆنە نەك پاراكلیتۆس ، هەروەها لێرەدا وشەی (Sunegorus) ی یۆنانی كە بە مانای پارێزەر دێت، وشەی Meditia بە واتای پێناو یان تكاكار (شفیع) دێت:

بەم بۆنەیەوە دەمەوێ هەڵەیەكی زانایەكی دیی فەرەنسی (ئێرنست رینان) ڕاست بكەمەوە، لە كتێبە بەناوبانگەكەی (ژیانی مەسیح) وشەی (پەرقلیتParaclete) كە لە ئینجیلی چوارەم هاتووە بە پارێزەر وەرگێڕاوە و، نمونە بە دارشتنی سریانی كلدانی Peraklit دێنێ، ئەمەش پێچەوانەی وشە داواكەرە Ktighra ، كە لە (Kategorus)ەوە دارێژراوە، بەڵام ناوی سریانیی پارێزەر، یان پێناو (مسعایا) یە كەچی لە دادگەكاندا وشەی (Snighra) بەكار دێ، كە بە واتای پارێزەر دێت و لە وشەی یۆنانیی (Sunegorus)ەوە وەرگیراوە.

ئەو سریانییانەی، كە شارەزای زمانی یۆنانی نین لەو باوەڕەن، كە وشەی (پرقلیطا) ، كە لە وەرگێڕانی پشتیای ئارامی باس كراوە لە دوو وشە پێك دێت: (برق) واتا: ڕزگار دەكات، (لیطا) واتا: نەفرەتكراو ئەمەش ئەو بیرۆكەیەی تێدایە، كە دەڵێ مەسیح (ڕزگار كەرە لە نەفرەت) بۆیە هەندێ لەو باوەڕەن، كە ئەم وشە یۆنانییە لە بنچینەدا ئارامییە، هەروەك لەم ڕستە

یۆنانییە Maran Atha ، كە لە ئارامی بە (ماران آثي) دێت و، واتاكەی (گەورەمان دێ _ سیدنا آت)یە (یوحنا ٢٢/١٦) ئەمەش وا پێدەچێ، كە دەربڕینێكی نێوان باوەڕداران بێ، كە پەیوەندی بە هاتنی دوا پێغەمبەرانەوە هەیە، دەستەواژەی (ماران آثي) ، سەرەڕای شێوازە مەعمەدانیەكە چەند خاڵێكی گرنگیان تێدایە، كە شایانی لێكۆڵینەوەی تایبەتیە و نابێ پشتگوێ بخرێن، چونكە هەردوكیان چەند نیشانە و بەڵگەیەك بەخۆوە دەگرن، بۆ هەردووكیان كە لە بەرژەوەندی لێكدانەوەی كەنیسە.

بۆ ماوەی چەند سەدەیەكی زۆر ئەورووپی و لاتینیە نەزانەكان، ناوی (محمد)یان ئاوا دەنوسی Mahomet و ناوی موسا بەم شێوەیە Mushi، جا ئایا سەیرە كە یەكێ لە ڕەبەنە دیانەكان، یان نوسەرەكان ناوی (احمد Periqlytos)ی هەڵگێڕابێ بۆ Paraklytos؟ چونكە لە ڕاستیدا ناوی (احمد) بە واتای : بەناوبانگترین، یان شایانتر بەسوپاسكردن دێت، بەڵام ئەو وشەیە دەست كاری كراوانەی، كە دایانهێناوە تەنیا سەرشۆڕی بۆ ئەوانە دێڵێتەوە، كە وایان كرد ئەم وشەیە واتای دڵدەرەوە، یان پارێزەر هەڵبگرێت لە هەژدە سەدە لەمەو بەرەوە.

## ( پاری هەژدەمین )

## پەرقلیتۆس بە واتای ( احمد ) دێت

(وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَابَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُبِينٌ... كە عیسای كوڕی مەریەمیش گوتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەمن پێغەمبەری خودام بۆلای ئێوە، ئەو تەوراتە دەسەلمێنم كە لە پێش مندا هاتوە، مژدەو لێ بێ پێغەمبەرێك لە

پاش من دێ وە ناو ئەحمەد. وەختێ بە چەند نیشانەی دیاری دەرەوە هاتە لایان، گوتیان: ئەمە هەر بە ئاشكرا جادوە.) (الصف/٦) (داوا لە باوك دەكەم و، باوك پەرقلیتۆسێكی دیتان دەداتێ، كە هەتا هەتایە لە گەڵتان دەمێنێتەوە) (یوحنا ١٤/١٦).

لەم دەربڕینەی ئینجیلی یۆحەننا، كە دراوەتە پاڵ عیسای مەسیح، هەست بە شێواندنێ دەكرێت و ئەوە دەگەیەنێ، كە پەرقلیتێ، یان چەند پەرقلیتێ لەمەوبەر هاتونە و لە ئایندەش بە پێی داوای عیسا پەرقلیتێكی لەمەوبەر هاتونە و، لە ئایندەش بە پێی داوای عیسا پەرقلیتێكی دی دێ، هەروەها لەم دەستەواژەیەدا وا بەدەردەكەوێ، كە حەوارییەكان ئاگاداری ئەو كەسە بونە، كە لە دەقە یۆنانیە كە پێی گوتراوە پەرقلیتۆس، چونكە ئەگەر وانەبێ ئەوا وشەی (آخر) كە بۆ یەكەم جار لە دوای ناوێكی بێگانە باس دەكرێ دروستكراوە و پێویستی بە بونی ناكات، بێگومان دەقەكە توشی شێواندن بووە و وا دەگەیەنێ، كە باوك لە ئاینده لەسەر داخوازیی مەسیح پەرقلیتۆس دەنێرێ، ئەگەر داوا نەكا نانێرێ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، كە وشەی (أطلب)یش دروستكراوە، چونكە _ بە شێوەیەكی درۆ _ مۆری ناپاكی بە مەسیحیەوە دەلكێنێ، ئەگەر بمانەوێ بگەینە واتا ڕاستەقینەكەی ئەم دەقە، ئەوا دەبێ لایەنی دەستكاری و شێواندنی لێ دوور بخرێتەوە و بەم شێوەی لێ بێت (و سوف أذهب إلى الاب و هو سيرسل لكم رسولاً آخر _ أو الرسول الاخير _ سيكون اسمه البرقليطوس و يبقى معكم إلى الابد) واتا: (دەچمە لای باوك و ئەو پێغەمبەرێكی دیتان _ یان دوا پێغەمبەرتان _ بۆ دەنێرێ، كە ناوی پەرقلیتۆسە و هەتا هەتایە لەگەڵتان دەمێنێتەوە) بەم جۆرە خۆبەكەم زانی مەسیحتان بۆ دەردەكەوێ هەروەك پێی ناسراوە، هەروەها بە ڕونی پەرقلیتۆسیش دەست نیشان دەكرێت.

لە بەشی ڕابردوو بینیمان، كە پەرقلیتۆس نە گیانی پیرۆزە، نە كەسێكی خواییە، نە جوبرائیلە و نە فریشتەیەكی دییە، ئێستاش دەبینین كە نە دڵدەرەوەیە و، نە پارێزەرە، یان پێناوێكە لە نێوان خوا و مرۆڤدا:

١_ پەرقلیتۆس نە دڵدەرەوەیە و نەپێناوە مەسیحیش بە هیچ جۆرێ وشەی پاراكالۆن Parakalon یۆنانیی بەكار نەهێناوە، هەروەها بیرۆكەی دڵدانەوە (التعزية) ، یان پێناوی (الوساطة) لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بەهیچ جۆرێ قبوڵ ناكرێت:

أ_ بیروباوەڕی كەنیسە لە بارەی مردنی عیسا لە سەر خاچ، باوەڕ دارانی لە نەفرەتیی تاوانی ئەسڵی ڕزگار كرد و، ئامادەگیی هەمیشەیی لە قوربانی پیرۆز هەتا هەتایە لەگەڵ باوەڕ داران دەمێنێتەوە، ئەم جۆرە بیروباوەڕە وای لە خەڵك كرد، كە پێویستیان بەسەرەخۆشی، یان بە هاتنی دڵدەرەوەیێ نەبێ ، بەرامبەر ئەمە ئەگەر ئەوانە پێویستیان بە دڵدەرەوەیێ هەبوایە، ئەوا هەموو قسە و داوایەكانیان لە بارەی قوربانیدانی مەسیح بۆ ڕزگار كردنی باوەڕ داران بێ كەلك و بێ واتا دەبوو، سەیر ئەوەیە كە شێوازی ئینجیل و نامەكان جێی هیچ گومانێ ناهێڵێتەوە، كە هاتنی دووەمی عیسا لەسەر هەورەكانەوە هێندەی نەماوە. (متى ٢٨/١٦،مرقص ١/٩، لوقا٢٧/٩،يوحنا ١٨/٢ تيموثي ١/٢، تيسالونيكى ٣/٢...هتد).

ب_ دڵدانەوە زیان قەرەبو ناكاتەوە، ئەو پیاوەی كە كوڕێكی لە دەست داوە، یان شتێكی خۆشەویستی بزر كردووە تەنیا بە دڵدانەوە هیچی بە دەست ناكەوێتەوە، هاتنی دڵدەرەوە دوای ئەوەی، كە عیسا ڕۆیشتووە نا ئومێد بوونی هەموو هیوایەكانە لەسەركەوتنی دەسەڵاتی خوا (مملكة الله) ، ئەگەر دڵدانەوە ئەنجام بدرێ، ئەوا حەوارییەكان توشی نائومێدی و هەرەسهێنان دەكات، چونكە ئەوانە پێویستیان بە دڵدەرەوەیێ نەبوو، بەڵكو

پێویستیان بە جەنگاوەرێكی سەركەوتوو بوو، كە بەسەر شەیتان و دەست و پێوەندەكانی دا زاڵ بێت.

ج_ بەڵام بیرۆكەی پێناویی نێوان خودا و خەڵك، لەبیرۆكەی دڵدانەوە و سەرەخۆشی سەیرترە، چونكە خودای مەزن پێویستیی بە پێناو نییە لە نێوان خۆی و خولقێنەرەكانی و، تاكە پێناومان بیروباوەڕی یەكخوا پەرستیە، مەسیح ئامۆژگاریی پەیڕەوانی خۆی كرد، كە بچنەوە ماڵەكانیان و دەرگا لەسەر خۆیان كلۆم[1] بدەن و بە نهێنی نوێژ بۆ خوا بكەن و، تەنیا لەو كاتەدا (باوكیان كە لە ئاسمانە) گوێ لە نوێژەكانیان دەگرێ و نزاكانیان گیرا دەكات، چۆن دەتوانرێ ئەو بیرۆكەیە لەگەڵ بیرۆكەی پێناوی (الوساطة) بگونجێنرێت؟

د_ پێغەمبەران و فریشتە و باوەڕداران نوێژ دەكەن و، هەندێكیان دوعا بۆ هەندێكیان دەكەن لە نوێژدا ، پێویستە لەسەرمان، كە لە نوێژدا دوعا بۆ خۆمان بكەین و داوای دڵسۆزی و چاكەش بۆ خەڵكی دی بكەین، بەڵام خوای مەزن ناچار نییە، كە تكای كەسێ قبوڵ بكا بە ئیزنی خۆی نەبێ، گەر تكا(شفاعة)ی بەندەی خۆی (محمد) قبوڵ بكات هەموو خەڵك دەچنە ناو ئیسلامەوە.

قورئانی پیرۆز بە تەواوی بیرۆكەی تكاكاریی لە چەند ئایەتێ رەد دەكاتەوە، لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە بە دڵنیاییەوە نازانین ، لەوانەیە خودای مەزن توانا بداتە هەندێ فریشتە و پێغەمبەر و پیاو چاكان، كە رێنمویی هەندێ كەس بكەن و یارمەتییان بدەن ، لەوانەیە بیرۆكەی پارێزەرێ، كە لەبەردەم دادگای خوا بەرگری لە بریكارداری خۆی بكات، بیرۆكەیەكی سەرسوڕهێنەر بێ (یوحنا ١/٢) ، بەڵام هەڵەشەیە، چونكە خودای مەزن

---

[1] كلۆم: داخستن..

دادوەرێكی مرۆڤی نییە، كە توشی هەڵچون و نەزانی و لایەنگری بێت، ئەو لە خۆمان زێتر لە دڵ و دەرونمان دەگات ، كەواتە پێناوی و تكاكاریی پێویست ناكات.

باوەڕ بون بە پێناوی و تكاكاریی بێگەردیی گیانیی نێوان خودا و مرۆڤدا لێڵ دەكا و، هەندێ كەس بەرەو پەرستنی چاك و پەیكەر، دەبا و وای لێدەكات كە پیاوی ئاین و وێنەی پێغەمبەر و پیاو چاكانی لا پیرۆز بێت و، باوەڕی بە پڕوپوچ هەبێت، هەموو ئەوانە دەست ڕۆییی قدیس یان ڕەبەن یان قەشە یان پیاوی ئاین زێدە دەكا و، خۆیان و خەڵكی ڕەمەكی وا هەست دەكەن، كە ئەوانە گەورە و دەسەڵاتداری خەڵكن و تەماحیان زیاد دەبێ، سامانێكی قەبە كۆدەكەنەوە بە بیانوی ڕێنموییكردنی خەڵك بۆ ئاینەكەیان و، نێردراوی بەدیانكردنی دەوڵەمەند دادەمەزرێنن، كە لە ڕاستیدا زۆربەیان سیخوڕی دەوڵەتەكانیانن و، ئەوانە بوونە هۆی ئەو كارەساتانەی، كە بەسەر ئەرمەن و یۆنان و ئاشور و كلدان لە توركیا و ئێران هات، هەروەها بەهۆی ڕێنماییەكانی خیانەت و شۆڕش، كە لە نێردراوە بیانییەكانی ڕۆژهەڵات دەرچوو.

ئێستا دوای ئەوەی ڕون بوویەوە، كە ئەو (برقلیط) ەی لە ئینجیلی یۆحەننا باسكراوە، ناكرێ و نابێ ببێتە دڵدەرەوە و پارێزەر و پێناو، ئەم وشەیە لە وشەی (برقلیطوس Periqlytos)ەوە شێوێنراوە، بۆیە ئێستا واتای راستەقینەی وشە ئەسڵییەكە ڕاڤە دەكەین:

٢_ وشەی (برقلیطوس) لە لایەنی زمانییەوە بە واتای (شكۆدارترین و بەناوبانگترین و شایانترین بۆ سوپاس و ستایش) دێت، ئەمەش لە فەرهەنگی یۆنانی _ فەرەنسیی دانەرەكەی ئەلكسەندەرەوە هاتووە:

Alexandre:Periqlytos = Qu’on peut entendre de tous les cotes; qu’il est facile aentendre tres celebre، illustre، glorieux =

Periqleys، tres celebre، illustre، gloriuex، = from kleitos، gloire، renommee، celebrite.

ناوەكـە لێكـدراوە و لـە دوو بـەش پێكهـاتووە ، یەكـەم Peri و دووەم Kleitos كـە لـە سـەروەری و ستایـشەوە دارێـژراوە و ئـاوا دەنوسـرێ Periqlytos یان Periqleitos كە بـە تـەواوی نـاوی (احمـد) دەگەیـەنێ بـە زمانی عەرەبی، واتا: سەروەرتر و ستایشكراوتر، ئێستا مافی ئەوەمان هەیە بپرسین ئەو وشە ئەسڵیە چیە، كە عیسای مەسیح بە زمـانی عیبرییەكـەی، یان ئارامییەكەی بەكاری هێناوە؟ بە هیچ شێوەیێ ئـەو بـە یۆنـانی قـسەی نەكردووە.

أ_ كتێبی پیرۆزی (الپشتیا) ی سریانی وشەی (پراقلیـط)ی تێدایە، بـێ ئەوەی لێكبدرێتەوە یان راڤە بكرێ یا وەربگێڕدرێ ، بەڵام وەرگێڕانە لاتینیە متمانە پێكراوەكەی (ڤالجیت Vulgate)ە ئـەم وشـەیەش بـۆ (دڵـدەرەوە _ المعزّي) وەرگێڕدراوە ، ئەگەر بە هەڵە دانەچوبم ئەوا وشە ئارامییە ئەسڵیەكە لە (محمده) یان (حمده) زێتر نییـە، ئەمـەش بەرامبـەر وشـەی (محمـد) یـان (احمد)ە لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها بەرامبـەر وشـەی (پرقلیــطـوس) ی یۆنانی دەوەستێ.

لێكدانەوەی ئەم وشـە یۆنانییـە بـە واتـای دڵدانـەوە و دڵـدەرەوە ئـەوە ناگەیەنێ كـە (الپرقلیــط Periglyte) دڵدەرەوەیـە، بـەڵكو تـەنیا هیـوا و باوەڕە، كە لە ئایندە بۆ دڵدانەوەی دیانە سـەرەتاكان دێ، ئومێـد بـڕ بـوون لەوەی، كە عیسا جاری دووەم بەسـەركەوتوویی بگەڕێتـەوە (پـێش ئـەوەی زۆریان پێكـی مردنیـان چەشـت) (مـتی ٢٨/١٦)، بۆیـە ئاواتیـان لـەوەدا مایەوە، كە لە رێگەی پەرقلیتەوە Periqlyte دڵدانەوەیان بكرێت.

ب_ لەم ئایەتەدا ((وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ) الصف/٦

عیسای كوڕی مریەم رایگەیاند، كە پێغەمبەرێك بە ناوی (احمد) لە دوای ئەوەوە دێت، ئەمەش بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتیی (محمد) و لەسەر ئەوەی، كە قورئان لە خواوە دابەزیوە و لە توانای (محمد) نییە، كە بزانیّ وشەی پەرقلیتۆس بە واتای (احمد) ە، ئەگەر سروش نەبێت ، ئەمەش بەڵگەیەكی بنبڕ و كۆتاییە، چونكە واتای حەرفیی ناوە یۆنانییەكە بە وردی، یەكسانە بە هەردوو وشەی (احمد و محمد).

جێی سەرسوڕمانە كە سرشی (وحی) داڕشتنی (افعل)ەی بەراوردی لە وانیدی جیاكردۆتەوە، واتا (احمد) لە (محمد)، هەروەها جێی سەرسوڕمانە، كە پێشتر كەس ئەم ناوەی لیّ نەنراوە و، بۆ دوا پێغەمبەرانی خودا كە لە هەموویان زێتر شایانی سوپاس و ستایشە، تەرخانكراوە، ناوی (پرقلیطوس) لە هیچ یۆنانییەك نەنراوە، هەروەها پێش (محمد) ی پێغەمبەر ناوی (احمد) لە هیچ عەرەبیّ نەنراوە، ڕاستە كە یۆنانییەك لە ئەثینا بەناوی (پركلیس Periqleys) هەبوو بە واتای بەناوبانگ، بەڵام نەك بە واتای : بەناوبانگتر.

ج_ ئینجیلی چوارەم وەسفی پەرقلیتۆس دەكا، كە كەسێكی ئەدگار دیارە و گیانێكی پیرۆزە و، لە لەشێكی مرۆڤی دایە و كارێكی هێندە مەزن ئەنجام دەدا، كە پێشتر هیچ پێغەمبەرێك ئەنجامی نەداوە، تەنانەت موسا و عیسا و ئەوانی دیش.

ئێمە نكوڵی لەوە ناكەین، كە گیانی پیرۆز دابەزیوەتە سەر حەوارییەكانی عیسای مەسیح، هەروەها نكوڵی لەوەش ناكەین، كە گیانی پیرۆز پیرۆز باییی لە پەیڕەو كەرە دڵسۆزەكانی عیسا كردووە ، چونكە لەم جیهانەدا گەلیّ مەسیحیی یەكخوا پەرستی لە خوا ترسی زاهید هەبونە . هەروەها گوتراوە كە لە جەژنی درونە Pentecost _ كە لە ڕێكەوتی دەیەم ڕۆژی

دوای بەرزكردنەوەی عیسای مەسیحەوە سـەلامی خـوای لێ بـێ _ گیـانی پیرۆز دابەزییە سەر حەوارییەكان و باوەڕ دارانی دی، كـە ژمارەیـان سـەد و بیست بوو _ بە شێوەی سەد و بیست زمانی ئاگر دابەزییە سەریان، ئینجـا ژمارەكە گەیشتە سێ هەزار كەس بە ژمارەی ئەوانەی، كە تەعمیـد كـران، بێگومان خۆ گیانی پیرۆز دابەش ناكرێتـە سـەر (١٢٠) كـەس، هەنـدێ وا تێدەگەن، كە گیانی پیرۆز توانـا و ئیلـهامی خودایـە _ نـەك كەسـێتیەكی نادیار _ بەڵام ئەم گیانە بە تەواوی جیاوازە لە پـەرقلیتۆس، كـە بـە تـەنیا كارێكی وا گەورە بكات، كە نە عیسا و نە حەوارییەكانی دوای ئەو، نـەیان توانی جێبەجێی بكەن.

د_ مەسـیحیە سـەرەتاكان، سـەدەی یەكـەم و دووەم متمانـەیان زیـاتر دەكردە سەر گێڕانەوە و گوتەی سەر زارەكی نەك نووسین لـەوەی پەیوەنـدارە بە عیسا و بە ئاینە نوێیەكە ، تا لە سەردەمی حەوارییەكان _ دوای عیـسا _ گەلێ ڕێباز و بانگخواز و دەجال بڵاوبوونەوە، كە بووە هۆی ڕودانی گەلێ لێك ترازان و دوبەرەكی (١ یوحنا ٢/١٨_٢٦)،(٢تیسالونیكی ٢/١_١٢)، (٢بطرس٢،٣/١) و (١تیموثي ٤/١_٣) ، (٢ تیموثي ٣/١_١٣) ...هتد.

باوەڕداران لە كاتی خۆی زۆر ئامۆژگاری كران، كە بە ڕێنمایی سەرزاریی حەوارییەكان پابەند بن ، بەڵام ئەو ڕێبازانەی، كە مۆری (هرطقة)یـان پێـوە نرا وەكو ڕێبازەكانی (Docetas، Appolinarians،Gnostics ) وا دیارە ئەو ئەفسانە و پڕوپووچە گەورانەیان ڕەد كردۆتەوە كـە لـە بـارەی قوربانیـدانی مەسیح لە ئینجیلی لۆقادا هاتووە (لوقا١/١_٤).

یەكێ لە سەرۆكی ئەو ڕێبازانە ناوی (پرقلیـطـوس) ی لـە خۆنـا و داوای ئەوەی كرد، كە ئەو (احمد)ە یە كە مەسیح پێشبینی كردووە، جا پـەیڕەوانی زۆر بوون ، ئەگەر ئینجیلێكی ڕاست هەبوایە و لە لایەن مەسیح، یا هەموو

حەوارییەكانەوە پشتگیری كرابایە، ئەوا ئەو ڕێباز گەلە دژیەكانەی ناوەڕۆكی پەیمانی نوێ پەیدا نەدەبوون ، دەتوانین بە دڵنیاییەوە لە داوای پەرقلیتە گزییەكە بگەینە ئەو ئەنجامەی، كە مەسیحیە سەرەتاكان لەو باوەڕە دابوون، كە (روح الحق) لەسەر شێوەی پیاوێكی مرۆڤ دێ و، دەبێتە دوا پێغەمبەری خودا.

٣_ هیچ گومانی تێدا نییە، كە (محمد) یان (احمد) واتای وشەی پەرقلیتە و هەردوو ناوەكە لە یۆنانی و عەرەبی وەك یەكن، هەردوكیان بە واتای بەناوبانگترین و ستایشكراوترین دێت، هەروەك بە تەواوی (البنوما) و (الروح) لە هەردوو زمانەكەدا بەیەك واتا دێن، پێشتر بینیمان كە وەرگێڕانی وشەكە بۆ دڵدەرەوە، یان پارێزەر، لۆجیكی نییە و بە هیچ جۆرێ ڕاست نییە، ئێستاش با نیشانەكانی پەرقلیتۆس بپشكنین، كە لە هیچ شتێكی دیدا نییە:

أ_ (محمد) ئەو لادانانەی ڕاست كردەوە، كە پێش خۆی خرابونە ناو ئاینە ئاسمانیەكانی دییەوە، عیسا پەرقلیتۆسی بە گیانی حەق وەسف كرد، كە لە ئایندەدا گەواهی لەسەر سروشتی عیسا و پەیامەكەی دەدات (یوحنا ١٤/١٧،١٥/٢٦)، عیسا لە گوتە و دوانەكانیدا باسی ئەو بونەی كردووە، كە لە پێش ئەو هەبووە (یوحنا ٨/١٧،٥٨/٥)...هتد. هەروەها لە ئینجیلی بەرنابادا هاتووە، كە عیسای مەسیح گەلێ جار باسی سەروەری و نایابیی گیانی (محمد)یی كردووە، كە بینیوێتی ئەمەش بە لای كەمی بەڵگەی بوونی ئەو گیانەیە لەسەردەمی عیساوە، گیانی حەق هەڕەشەی لە دیانەكان كردووە لەسەر دابەش كردنی یەكتایی خوایی بۆ سێلانەی كەسی، هەروەها گەفی لێكردون لەسەر بەرز كردنەوەی پلەی عیسای مەسیح بۆ پلەی خوا، یا كوڕی خوا و، لەسەر گەلێ لەو پڕوپوچانەی، كە دایانهێناوە، هەروەها

گومڕاییی جولەكە و دیانەكان ریسوا كرد لەسەر گۆڕین و شێواندنی كتێبە پیرۆزەكانیان و، نارەزاییی دەربڕی بە هۆی بوختانەكانیان دژی پاكیی مریەم و، مافی نۆبەرایەتیی ئیسماعیلی سەلماند و پاكانەی بۆ لوط و سلێمان و هەموو پێغەمبەرەكانی دی كرد لەو تاوان و پیسیەی، كە جولەكە بەد رەفتارەكان پێیانەوە لكاندبون، هەروەها گیانی حەق گەواهیی دا لەسەر سروشتی ڕاستەقینەی عیسا، كە مرۆڤە و پێغەمبەری خودایە و بەندەیەكە لە بەندەكانی خودا، هەروەها گیانی حەق، بت پەرستی و هاوبەش بۆ خوای لەناوبرد.

ب_ گەورەترین نیشانەكانی (گیانی حەق _ پەرقلیتۆس _ هەر كە لە كەسی (احمد) دێت _ كوڕی مرۆڤ _ (لەسەر گوناه هەڕەشە لە جیهان دەكات) (یوحنا ٨/١٦) ، تێبینی ئەوە دەكەین، كە هیچ بەندەیێ لە بەندەكانی خودا، جا چ پاشا و پێغەمبەر بووبێ وەكو داود و سلێمان، یا پێغەمبەر بووبێ وەكو ئیبراهیم و موسا وەكو (محمد) بە سور بون و حەماس و ئازایەتییەوە هەڕەشەی لە مرۆڤ كردبێ لەسەر گوناه كردن، ڕاستە هەموو پێشێل كردنێكی شەریعەت بە گوناه دادەنرێ، بەڵام هاوبەش دانان بۆ خوا و بە پیرۆز گرتنی بتەكان گەورەترین گوناهە.

هەموو پێغەمبەر و دۆستانی خودا لەسەر گوناه سەرزەنشتی میللەتەكانیان كردووە ، بەڵام محمد بە تەنیا سەرزەنشتی هەموو جیهانی كردووە ، (محمد) بەوە نەوەستا كە ڕەگ و ڕیشەی بت پەرستی لە دوورگەی عەرەبی ڕیشەكێش بكات، بەڵكو نێردراوانی خۆی نارده لای كیسرا پەروێز و هەرقەلی ڕۆم كە گەورەترین دوو ئیمپراتۆری سەردەمی خۆی بوون، هەروەها بۆ نەجاشیی حەبەشە و مقۆقسی میسر و گەلێكی دی لە پاشا و میرەكانی هەر چوار پەڕی جیهان داوایان لێ دەكا، كە ببنە موسڵمان و واز

لە هاوبەش دانان بۆ خوا و پەرستنی كەس و بتەكان بێـنن و، دووركەونـەوە لە بیروباوەڕە پووچانە، (محمد) بە دانایی و ئامۆژگاری و پێـشەنگی باشـەوە دەستی كرد بە ڕاگەیاندنی فەرمودەكانی خودا بۆ مرۆڤ، بەڵام هەر كە هێزی خراپە و تاریكی بە چەك دژایەتیان كرد، ناچار بوو بـۆ بـەرگری كـردن لـەو پەیامە ئاسمانییە بەهێز بەرامبەر هێز بوەستێت، ئەمەش جێبـەجێ كردنـی فەرمانی خودا بوو، هەر وەك لە سفری دانیال _ بەشی حەفتەم هاتوە كـە : دەسەڵات و هێز درایە (محمد) بۆ بەدی هێنانی دەسەڵاتی خودا لەسـەر زەوی و، بۆ ئەوەی ببێتە یەكەم پێـشڕەوی دەسـەڵاتی (شـای پاشـایان و خـاوەنی خاوەنداران).

ج_ هەروەها لە نیـشانەكانی (البرقلیطـوس _ احمـد) ئەوەیـە، كـە (لـە ئایندە لە سەر گونـاه و وەسـتان لەسـەر ئـاین و دادپـەروەری سەرزەنـشتی جیهان دەكات) (یوحنا١٦/٨)، بەڵام لێكدانـەوەی (استقامة) بـەوەی، كـە دراوەتە پاڵ گوتـەی مەسـیح (چـونكە مـن بـۆ لای بـاوكم دەچـم) (یوحنـا ١٦/١٠) لێكدانەوەیەكی لێڵ و نادیارە ، گەڕانەوەی عیـسا بـۆ لای خـوای خـۆی دەكاتـە هۆكـارێكی تـەواو بـۆ سـەر كۆنـە كردنـی جیهـان بـەهۆی پەرقلیتۆسەوە، بۆچی؟ كێ بە هۆی ئەوە سەركۆنەی جیهانی كرد؟

جولەكە لەو باوەڕە بون كە عیسای مەسیحیان لە خـاچ دا و كوشـتیان و باوەڕیان بە بەرزكردنەوەی بۆ ئاسمان نییە، (محمـد) سـزای دان و بـە تونـدی سەرزەنشتی كردن بە هۆی ئەم كفرەیـان، هـەر وەهـا ئـەم سـەركۆنە كردنـە مەسیحیەكانیشی گرتەوە، كە لەو باوەڕە بوون و لەو باوەڕەن، كە مەسیح لە خاچ دراو لەسەر خاچ كوژرا و مەسیح خودایە، یان كـوڕی خودایـە، قورئـان بەم فەرمودە خواییە ئەمەی ڕون كردەوە:

(وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَـرْيَمَ رَسُـولَ اللَّـهِ وَمَـا قَتَلُـوهُ وَمَـا

صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِنْهُ مَا لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا(١٥٧)بَلْ رَفَعَهُ اللَّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا... لەبەر ئەوەش دەیانگوت: ئێمە عیسای كوڕی مەریەمن لەناو برد _ لە قەنارەی دەن، بەڵام سەریان لێ تێكچویو، نەیان ناسی و ئەو كەسانەی دەربارەی ئەم لەناو خۆدا كێشەیانە، لە ڕایەكەیان دودڵن لەوبارەوە هەر پەیڕەوانی گومانن و بێگومان نەیان كوشتووە، بەڵكو خوا بەرەو خۆی هەڵیكێشایەوە. خوا هەمیشە خاوەنی دەسەڵاتە و كارزانە) النساء/١٥٧_١٥٨.

ئەوەی زانراوە كە گەلێ لە مەسیحیە سەرەتاكان نكوڵی لە خاچ دانی مەسیحیان كردووە و سور بون لە سەر ئەوەی، كە یەكێ لە پەیڕەوانی _ كە یەهوزای ئەسخەر یۆتییە _ یان هاوشێوەیەكی مەسیح گیرا و لە بریتی ئەو لە خاچ درا، هەروەها گەلێ لە ڕێبازەكانی وەكو كۆرنثیەكان _ Corinthians و بازیلیدیەكان _ Basilidians و كۆرپۆكراتیەكان _ Corpocratians و گەلێكی دیش نكوڵی لە لە خاچ دانی مەسیح دەكەن ، لە كتێبەكەم بە ناونیشانی (ئینجیل و خاچ) بە درێژی باسی گومانی لە خاچ دانم كردووە و بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهانی، تەنیا بەرگێكی بە زمانی توركی لێ دەرچوو، لە ئەنجامدا (محمد) مافی تەواوی داوەتە عیسای مەسیح كە لەو كاتەی ڕونی كردەوە عیسا گیانێكە لە خوداوە و لە خاچ نەدراوە و نە كوژراوە و، عیسا نە خوا بووە و نە كوڕی خوا، بەڵكو پێغەمبەرێكی هێژای خودا بووە، هەر ئەمەش بوو مەبەستی عیسا لەوكاتەی لە بارەی جێبەجێكردنی دادپەروەریی كرد، ئینجا بە شێوەی كردەنی لەسەر دەستی (الپرقلیطوس احمد) ئەم دادپەروەرییە هاتە دی.

د_ هەروەها گرنگترین نیشانەكانی پەرقلیتۆس ئەوەیە، كە (لە ئایندەدا سەركۆنەی جیهان دەكا بۆ دادگاییكردن و لێپرسینەوە) (چونكە سەرۆكی ئەم جیهانە تاوانبار كرا) (یوحنا ٨/١٦_١١)، سەرۆكی جیهانیش شەیتانە (یوحنا ١٢/١٤،٣١/٣٠)چونكە جیهان بۆی ملكەچ بوو، لێرەدا سەرنجی خوێنەرانم بۆ بەشی حەفتەمی سفری دانیال بە زمانی ئارامی و شێوە زاری بابلی ڕادەكێشم، كە دانیال پێغەمبەر وەسفی ئەوە دەكا چۆن ئەو دادگاییە گەورەیە بەسترا و سفرەكان ئاوەڵا بوون و فەرمانی خوایی بۆ ورد و خاش كردنی ئاینی شەیتان لەسەر دەستی (بەرناشا _ كوڕی مرۆڤ _ محمد) دەرچوو، دانیال لە بارەی ڕۆژی لێپرسینەوە یان دادگایی كردن و ئاینی حەق _ ئیسلام _ چەند دەربڕینێكی هاوشێوەی دەربڕینەكانی قورئانی پیرۆز بەكار هێناوە، هەروەها تێبینی ئەوە دەكرێ، كە قورئان وشەی (دین)ی _ (دینا) بە ئارامی _ وەك ئەوەی لە سفری دانیال هاتووە بەكارهێناوە، كە بە واتای فەرمانڕەوایی، یان دادگاییكردن یان ئاین دێ، ئەمەش كارێكی لەوپەڕی گرنگیدایە، چونكە بە بڕوای من ئەمە یەكێكە لەو بەڵگانەی بۆ سەلماندنی ئەو حەقیقەتەی، كە گیانی پیرۆز جوبرائیل دایبەزاندوەتە سەر دانیال و عیسا و (محمد)، چونكە لە توانای (محمد)دا نەبوو، كە شتێكی وا بخولقێنێ، یان بە فرت و فێڵ ڕێكی بخات، هەتا ئەگەر فەیلەسوفێكی بە توانای وەك ئەرستۆش بوایە.

ئەو حوكمەی كە لە سفری دانیال وەسف كرا بۆ تاوانبار كردنی شەیتان، كە لەو كاتەدا لە شێوەی دڕندەی چوارەم _ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی _ بەرجەستە بوو و، پڕۆسەی لەناوبردنەكەی نەدرایە پاڵ عیسا سەلامی خوای لێ بێ، چونكە خۆی لە كاروباری رامیاری كێشابویەوە و باجی دایە قەیسەر و ئامۆژگاریی پەیڕەوانی خۆی كرد كە باج بدەن، جا هەر كە ویستیان تاجی

پاشایەتیی لەسەر بنێن، خۆی كێشایەوە و بە ئاشكرا ڕایگەیاند، كە گەورەی ئەم جیهانە دێ و لە ئایندەدا پەرقلیتۆس _ احمد _ ڕەگ و ڕیشەی بت پەرستی هەڵدەكێشێ و، ئەمەش بە كردەوە لەسەر دەستەكانی (احمد) ئەنجام درا.

ه_ دوا نیشانەی پەرقلیتۆس ئەمەیە، كە (لە خۆیەوە قسە ناكا بەڵكو ئەوەی گوێی لێ دەبێ دەیڵێ و ئاگادارتان دەكاتەوە لەوەی لە ئایندەدا دێت) (یوحنا ١٦/١٣)، بەم جۆرە (محمد) چ سروشێكی لە جوبرائیل دەبیست دەیگوت و ئەو سروشە هەر كە دادەبەزی لە لایەن چەند نوسەرێكی هەڵبژاردەوە دەنوسرا، تا قورئان كۆكرایەوە، بەڵام گوتەی (محمد) و ڕێنماییەكانی لە دوای وەفات كردنی بەدەیەها ساڵ، ئینجا كۆكرانەوە و نوسران و ئەمانە پەیوەندییان بە سروشی قورئانیەوە نییە و، پێیان دەگوترێ فەرموودە پیرۆزەكان .

ئا ئەمەیە پەرقلیتۆسی ڕاستەقینە ! ئایا دەتوانن كەسێكی دیمان نیشان بدەن، كە ئەو هەموو سیفەت و نیشانە تایبەتیانەی لێ بێتە دی، كە پێویستن بۆ پەرقلیتۆس؟ ئێوە ناتوانن.

## ( پاری نۆزدەمین )

## كوڕی مرۆڤ ( ئادەمیزاد ) كێیە؟

قورئانی پیرۆز باسی عیسای مەسیح دەكا، كە عیسا كوڕی مریەمە، بەڵام ئەو ئینجیلانەی، كە ئەمڕۆ لە بەر دەستمانن هەر بەوەندە ناوەستن، كە عیسا كوڕی مریەمە، بەڵكو گەلێ نازناوی دیی بۆ داهێناوە، هۆیەكەشی ئەوەیە ئەو ئینجیلە ڕاستەقینەی، كە بە سروش بۆ عیسا هاتووە و لە

ڕێگەی سەر زارەكییەوە بۆ قوتابیان و پەیڕەوانی عیسا گواستراوەتەوە، دەست كاری كراوە و ئەفسانە و پڕوپوچی خراوەتە سەر، عیسا لە كوڕی مریەمەوە گۆڕاوە بۆ كوڕی یوسفی دارتاش (متی ١٣/٥٥_٥٦) (مرقص٦/٣)(لوقا٢/٤٨)(یوحنا٢/٧،١٢/٣_٥) برا و خوشكیشیان بۆ پەیدا كردووە (مرقص ٣/٣١) (لوقا٨/١٩_٢١) (الاعمال ١/١٤) (الكورنثیین الاول ٩/٥) (غلاطیة ١/١٩) (یهودا ١/١) ، هەندێ جاریش كردویانەتە كوڕی داود (متّی ٩/٢٧،٢٧/٣٠،٢٠/٢٢،٢١/٤٤) (مرقص ١٢/٣٥) (لوقا ٢٠/٤١) (الاعمال ١٣/٢٢_٢٣) (الرؤیا ٥/٥) (العبرانیین٧/١٤) ئینجا كردیانە كوڕی خودا (متی ١٤/١٦،٣٣/١٦) (یوحنا١١/٢٧) (الاعمال ٩/٢٠) هەروەها تەنیا كوڕ (الابن) لە شێوازی تەعمید كردن و لە (متّی ٢٨/١٩) (یوحنا ٥/١٩_٢٦) (العبرانیین٢/١_٥) ئینجا گوتیان : عیسا كوڕی مرۆڤە و، جا ئەم نازناوە هەشتاوسێ جار لە ئینجیلەكان دوبارە بووەتەوە، ئینجا ناویان لێنا بەرخ (یوحنا ١/٣٦،٢٩) هەروەها مەسیح.

چەند ساڵێك لەمەوبەر كاتێك، كە قەشەیەكی كاسۆلیكی بووم سەردانی هۆڵی (اكستر)م كرد لە لەندەن، بەڕێكەوت گوێم لە ئامۆژگاری پزیشكێكی گەنج بوو، كە لە كۆبونەوەی كۆمەڵەی گەنجانی مەسیحی دوانی دەدا و یەكێ لەوانەی گوتی ئەمە بوو: (ئەوەی چەندەها جار گوتومە دوبارەی دەكەمەوە، كە عیسا یەكێ لە دوانە ، یا ئەوەیە كە ئینجیلەكان دەیلێن، یا خود گەورەترین دەجاڵە لە جیهاندا) لەو كاتەوە نەم توانیوە ئەم گوتە و وشكە بیر تەسكە لە بیر بكەم، چونكە هیچ سەرپشكێكی دیی بۆ كەس جێنەهێشتووە، یا دەبێ لەو باوەڕە بێ، كە عیسا گەورەترین دەجاڵە یاخۆ كوڕی خودایە، ئەوەی سەرپشكی یەكەم قبوڵ بكا گاورە یان جولەكەیە و،

ئەوەی بەسەر پشكی دووەم قایل بێ دەبێتە مەسیحیەكی سێلانەیی، لەو كاتەدا كە ئێمە تەنیا موسڵمانی یەكخوا پەرستین هەردوو سەرپشكەكە ڕەد دەكەینەوە، ئەو واتایەی كە كەنیسەكان بۆ دەستەواژەی (ابن الله) دەست نیشانی دەكەن لە لایەن موسڵمانەكانەوە ڕەد كراوەتەوە، چونكە هەر تەنیا مەسیح كوڕی خوا نییە و هەر تەنیا ئەو كوڕی مرۆڤ نییە، ئەگەر ڕێگامان بدرێ لە ڕوی خوازە(مجاز)ەوە خودا بە باوك ناوببرێ، ئەوا هەموو پێغەمبەرێك و هەموو باوەڕدارێكی ڕاست بەم واتایە دەبێتە كوڕی خوا، ئەگەر عیسا هەروەك لەو باوەڕەن (كوڕی یوسفی دارتاشە) و ئەگەر چوار برا و چەند خۆشكێكی بەشودراوی هەبێت، بە پێی بۆچونی ئینجیلەكان بۆچی تەنیا عیسای مەسیح شایانی ئەو نازناوە سەیرەیە (ابن الانسان) كە لە ڕاستیدا هەموو مرۆڤ دەگرێتەوە؟!

سەیرە كە ئەو قەشە و شوان لاهوتی و خۆ بە زل زانانە، لۆجێك(منطق)ێكی سەیریان لە مشت و مڕ هەیە و، ئارەزویان لە كاروباری لێڵی پوچ هەیە، لەمەش سەیرتر جیاوازی ناكەن لە نێوان زاراوە و نازناو و ئەو ناوانەی، كە بەكاری دێنن و هیچ بیرۆكەیەكی دیاریكراویان لە بارەیەوە نییە، هەروەها توانایەكیان لە بارەی ڕیز كردن و ڕێكخستنی گوتە دژ واتاكان هەیە، كە ئێرەییان پێ نابردرێ و ناتوانرێ بگونجێنرێن و، جگە لە خۆیان كەس باوەڕیان پێ ناكات، ئەوانە دەتوانن لەو باوەڕە بن، كە مریەم لە هەمان كاتدا كچ و ژن بووە و یوسف هاوڕێ و مێرد بووە و، جێمس و یوسی و سەمعان و یەهودا لە هەمان كاتدا ئامۆزا و برای عیسا بونە، عیسا خوایەكی تەواو و مرۆڤێكی تەواوە، هەروەها كوڕی خوایە و كوڕی داود و یوسف و كوڕی مرۆڤە، هەروەها بەرخی خوایە و، ئەوانە لە خاچ دراو دەپەرستن هەروەكو خودا دەپەرستن..

لەو باوەڕە نیم كە لە دە ملیۆن مەسیحی، یەكێ هەبێ كەمترین بیرۆكەی لە بارەی واتای نازناوی كوڕی مرۆڤ یان واتایەكەی هەبێ، قەشە و ئامۆژگاران ئیدیعای ئەوە دەكەن، كە مەسیح لە بەر خۆبەكەم گرتن و بێ فیزی و نەرم و نیانی و ئاشتیخوازی، نازناوی كوڕی مرۆڤی (البرناشا) بۆ خۆی هەڵگرتووە و سفری خەونەكانی Apocalyptic Scriptures

جولەكەیان لە بیر خۆ بردۆتەوە، كە چاكی دەزانن و مەسیح و حەوارییەكان باوەڕیان پێی هێناوە و پێشبینی كردووە، كە كوڕی مرۆڤ دەستە وەستان نییە و بێ توانا نییە لەوەی، كە جێگایەك بدۆزینەوە سەری خۆی لەسەر دابنێ و، بە هیچ جۆرێ دوژمنان بەندی ناكەن، یان خۆی ناداتە دەستیان ، بەڵكو خەونەكان پێشبینی هاتنی كوڕی مرۆڤێكی بە توانا و سەركەوتویان كرد، كە بەسەر هێزی خراپەدا زاڵ دەبێ، كە بە ڕەمزی باڵندەی گۆشت خۆر و دڕندەیی ئاماژەی پێكراوە كە چیی وای نەمابوو گەلەكەی لە ناوببات، كە بە ڕەمزی بەرخ ئاماژەی پێكراوە، جولەكە هەر كە گوێیان لە عیسا بوو باسی كوڕی مرۆڤی دەكرد، چاك دەیانزانی لە بارەی كێوە قسە دەكات، مەسیح خۆی ئەو نازناوەی دانەهێناوە، بەڵكو لە سفری خەونەكانی جولەكەی وەرگرتووە: سفری ئیدریس و سفری سیبیلیە و Sibyline Books سفری دانیال ...هتد. با ئێستاش لە بنچینەی نازناوەكە بكۆڵینەوە:

١_ (كوڕی مرۆڤ) دوا پێغەمبەرە، كە دەوڵەتی ئاشتی _ ئیسلام _ لەسەر پاشماوەی بەندایەتی و چەوسانەوە، كە لە ژێر دەسەڵاتی شەیتان (بت پەرستی) ئەنجام دەدرا، دادەمەزرێنێ و نازناوی (برناشا) نازناوێكی ڕەمزییە، كە ڕزگار كەر لە بەندەكانی دیی خودا، كە بە بەرخ ئاماژەیان پێكراوە جیادەكاتەوە، لە هەمان كاتدا بە ڕەمزی باڵندەی گۆشت خۆر و

دڕوندە ئاماژە بە نەتەوە گاورەکان کراوە، خوای گەورە بە نازناوی کوڕی ئادەم واتا: کوڕی مرۆڤ لەگەڵ حزقیالی پێغەمبەر (ذو الکفل) دوا، بە واتای: شوانی بەرخەکانی ئیسرائیل، لە یەکەم خەون، کە سفری حزقیال _ دەیگێڕێتەوە کوڕی مرۆڤ لە تەك عەرشی خوایی دەبینرێت (سفر حزقیال١/٢٦) و لەو سفرەدا کوڕی مرۆڤ دوبارە دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە لە حزوری خوایە و لە سەروی فریشتەکانە، کە ئەوا حزقیال خۆی نییە (سفر حزقیال ٢/١٠) بەڵکو دوا پێغەمبەرە، کە ڕزگار کردنی بەندەکانی خوای پێ سپێردراوە لە دەسەڵاتی کوفر و بت پەرستی!

أ_ کوڕی مرۆڤ بە پێی خەونی ئیدریس (Enoch Or Henoh) :

قورئان کە ناوی (اینوخ) دەبا بە نازناوەکەی (ادریس) ناوی دەبات، ئەمەش داڕشتنە عەرەبیەکەی وشەی (دریشا)ی ئارامییە لە شێوەی ناوە سادەکانی وەکو ئیبلیس و بلیسا* ، بەڵام واتای ئیدریس و دریشا کەڵە زانایە و، داڕشتنەکەی لە فرمانی (دَرَسَ)ەیە و لە ئارامی (دَرَش)ەیە، خودای مەزن دەفەرموێ: ((وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَبِيًّا(٥٦)وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا... لەم کتێبەدا لەمەڕ ئیدریس قسە بکە، کە ئەو هەرە ڕاست بێژێکی پێغەمبەر بوو، بە پایەی بەرزیشمان گەیاند )) (مریم/٥٦_٥٧)، وا پێدەچێ ڕاڤەکار(مفسر)ە موسڵمانەکانی وەکو : (بیضاوی و جلا الدین) زانیویانە، کە ئیدریس فیزیا و گەردون ناسی و ژمێرەی خوێندووە و، نازناوی ئیدریس بە واتای کەسێکی کەڵە زانایە و دور نییە، کە سفری ئیدریس لەسەردەمیاندا هەبوبێ، گومانی تێدا نییە، کە عیسا زۆر بە چاکی لە خەونەکەی ئیدریس شارەزا بووە، هەروەها یەهوزا

* ابلیس: داڕشتنە عەرەبیەکەی وشەی (بلیسا) ی ئارامیە و سیفەتی شەیتانە و واتاکەی ورد و خاشکراو یا بە قەهار چوو (المقهور).

(برای جیمس و خزمەتكاری عیسای مەسیح و یەكێ لە بەناو برایـەكانی)[1] لەو باوەڕە بوو، كە ئیدریس دانەری ڕاستەقینەی ئەو كتێبەیە، كە بـە نـاوی خۆیەوەیە، هەروەها لەو باوەڕە بوو، كە ئیدریس بـاپیرەی حەفتەمینـە دوای ئادەم (سفر یهوذا ١٤/١)، هەندێ پارچـەی پـەرت و بـڵاوی ئـەم سـفرە لـە وەرگرتنەكانی هەندێ لە نوسەرە سەرەتاكانی مەسیحیەكان پـارێزراوە، ئـەم سفرە زۆر پێش سەردەمی (فوتیۆس Photius) لەناو چوو، ئـیتر دوای ئەمـە هیچی لێ بە دیار نەكەوتووە، تەنیا لە سەرەتاكانی سەدەی رابـردوو نـەبێ، كە لە لستی سـفرەكانی كەنیـسەی حەبەشـی هەنـدێكی پەیـدا بوویـەوە و، دكتۆر دیلمـان Dillmann لـە ئەسـیوپیەوە وەریگێڕایـە سـەر ئـەڵمانی و، هەندێ تێبینیەكانی خستە سەر و راڤەی كرد[2].

سفری ئیدریس دابەشی پێنج بـەش و سـەت و دە (١١٠) پـار دەكـرێ، دانەر لە بەشی یەكەم، وەسفی چەند بنەماڵەیەكی درێژ باڵا دەكا، كە گـەلێ جۆرە جادوو بەدكاری و كاری سەرشۆڕی دادەهێنن، تا خودای مەزن بە لافاو سزایان دا ، هەروەها لەم بەشەدا وەسفی گەشتێكی ئاسمـانیی خـۆی لەگـەڵ فریشتە دەكات، كە دوو جاران دوبارە دەبێتەوە ، لـە بەشـی دووەم وەسـفی (دەوڵەتی ئاشتی) دەكا و ناوی (كوڕی مرۆڤ) دێنێ، كە لە دۆزەخدا دەگاتـە پاشایە بەدكارەكان (سفر ادریس ٤٦/٤_٨)، وا پێدەچێ كۆمەڵێ دانـەر لـە نوسینی بەشی دووەم بەشدارییان كردبێ و دەستكاریكردنی كەنیسەشی تێدا دیارە، بەڵام بەشی سێیەم چەند هزر و بیرێكی سەیری پەرەسەندوی لە بارەی گەردون ناسی و سروشتەوە تێدایە، لـە بەشـی چـوارەم چـەند حەكایـەتێكی

[1] ئینجیلەكان وا رادەگەیەنن، كە یەكێكە لە چوار برایەكەی عیسای مەسیح، كە ئەمانەن : جیمس و یوسی و سەمعان و یەهوزا (متی ١٣/٥٥_٥٦) .

[2] هەروەها ئوسقفی ئێرلەندا، كە ناوی لۆرەنس بوو، وەریگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.

ئەفسانەییی ڕەمزیی تێدایە لە بارەی ڕەگەزی مرۆڤـەوە هـەر لـە سـەرەتای ئەفراندنەوە، تا سەردەمی ئیسلامی کە دانەر بە سەردەمەکانی مەسـیحانی Messianic ناوبردووە، لەم حەکایەتانـەدا بنەماڵـەی یـەعقوب بـە ڕەمـزی مێگەلە مەڕ ئاماژەی پێکراوە، کە بریتین لە گەلی ئیسرائیلی هەڵبژاردە و، بنەماڵەی (عیص)ی برای، کە ئەدومیـەکانن بـە ڕەمـزی مێگەلـە بـەرازی کێوی ئاماژەی پێکراوە، نوسەرەکە باسی ئەو مێگەڵە مەڕە دەکا، کە چـۆن دەکەوێتە بەر هێرش و ڕاونان و کوشتاری ئاژەڵی دڕندە و باڵنـدەی گۆشـت خۆر، کە رەمزە بۆ بت پەرستی و کوفرو، چـۆن بـەرانێکی ئـازا بـە تونـدی بەرگری دەکا و لە دواییدا (کوڕی مرۆڤ) بەدیار دەکـەوێ بـۆ ڕزگـار کردنـی مێگەلەکە. بەڵام بەشی پێنجەم لە کتێبەکە چەند ئامۆژگارییەکی ئـاینی و ئاکاریی تێدانیە، بـە کـورتی سـفری ئیـدریس لـە شـێوەی ئێـستای چـەند بەڵگەیەکی تێدایە، کە لە لایەن جولەکەیـەکی فەڵەسـتینی لـە دەوروبـەری (١١٠پ.ز) بـە زمـانی ئـارامی نوسـراوەتەوە و ئەمـەش بیروبۆچـونی کۆزانیار(موسوعة)یی فەڕەنسییە.

دوای سەدەی چوارەمی (پ.ز) لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنی کەنیـسەی مەزنەوە، کۆمەڵە کتێبێکی عیبریی پیرۆز متمانەی پێکراو، ئەو ئەنجومەنـە عوزێر و نەحمیا دایان مەزراند، ئەو کتێبانەی کەلـە لـستی ئـەو کتێبانـەوە نـەهاتبو ناویـان لێنـا (اپوکریفـا Apocrypha) واتـا: ئەفـسانەکان و ئـەم کتێبانە لە ئەنجومەنی زانایانی جولەکە، کە دوا زانایان سەمعانی دادپەروەر بوو، کە لە ٣١٠ (پ.ز) مرد _ دور خرانەوە، لەو کتێبانەش : خەونـەکانی ئیدریس و باروخ و موسا و عوزێر و کتێبەکانی سیبیلیە Sibyliine، کە لە چەند ماوەیەکی جیاواز نوسرا بوون لەسەردەمی مەکابییەکانـەوە، تـا دوای ڕوخاندنی قودس لەسەر دەسـتی تیتۆسـی ئیمپراتـۆری ڕۆمـا ، وا پێدەچـێ

دانـانی ئـەدەبیاتی ئەفـسانەیی (أبـو کریفیـة) ئـاینی لـە نێـوان دانایـانی جولەکەدا باو بووە و، دەیان دایە پاڵ چەند کەسێتیەکی ئاینیی بەناوبانگ ، وانەبێ ئەو خەونەی، کە لە کۆتایی پەیمانی نوێدایـە و بـە نـاوی یۆحـەنناى پیرۆزە، لەم خووەی جولەکە/مەسیحی بەدەر بـێ، ئەگـەر یـەهوزا _ بـەناو برای عیسا _ لەو باوەڕە دابێ، کە ئیدریس (کـە بـاپیرەی حەفتـەمی دوای ئادەمی دادەنێن) بە ڕاستی دانەری ئەو سـەت و دە (١١٠) بـەش(فـصل)ە بووە، کە ناوی ئەوی هەڵگرتووە، سەیر نییە کە جۆستینی شەهید و بابیاس و یۆزیبیۆس دان بـەوە دابنـێن، کـە مـەتی و یۆحـەننا، چـەند کتێبێکیـان داناوە.

مەبەستم ئەوە نییە توانج لە پێناسەی دانـەرە ڕاسـتەقینەکە بـدەم، یـان ڕەخنە لە ناوەرۆکی ئەو خەونە لێڵ و نادیارانە بگرم، کـە لـە بـارودۆخێکی ئازاراویی نەتەوەی جولەکە نوسراونەتەوە، بەڵکو مەبەستم گەڕانە بە شـوێن بنچینەی نازناوی (کوڕی مرۆڤ) و هەوڵدانی زانینی واتا ڕاسـتەقینەکەیەتی، چونکە کتێبەکەی ئیدریس وەکو خەونەکانی کەنیـسە و ئینجیلـەکان باسـی هاتنی (کوڕی مرۆڤ) دەکا، کـە گـەلی لـە دوژمنـەکانی ڕزگـار دەکـات و، کتێبەکە ئەم بۆچـونانە لەگـەڵ ڕۆژی دوایـی و لێپرسـینەوەتێکەڵ و پێکـەڵ دەکات.

ب_ خەونەکـەی سـیبیلی Sibylline Revelation، کـە لـە پـاش دوا ڕوخانی قودس لەسەر دەستی ڕۆمانیەکان لـە (٤٧٠ز) نوسـراوەتەوە دەڵـێ: لەمەودوا کوڕی مرۆڤ بە دیار دەکـەوێ بـۆ ئـەوەی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمـانی بڕوخێنێ و باوەڕدارە یەکخواپەرسـتەکان ڕزگـار بکـات، ئـەم سـفرە بـەلای کەمی هەشتا ساڵ دوای مەسیح نوسراوەتەوە.

ج_ لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبە، باسی بابەتی کوڕی مرۆڤمان کرد لـە

خەونەكەی دانیال، كە داوا لە كوڕی مرۆڤ دەكا دڕوندەی ڕۆمانی لەناوببات، هەروەها ئەو خەونەی، كە بە ناوی (Assumptions Of Moses) یە لە كتێبی بارۆخ لەوە نزیكە هەمویان وەسفی ڕزگار كەر دەكەن، كە (بەرناشا)یە، یان كوڕی مرۆڤە.

٢_ ئەو كوڕی مرۆڤەی، كە لە خەونەكەدا باس كراوە، ناشێ عیسای مەسیح خۆی بێت، چونكە بە هیچ جۆرێك ئەو نازناوەی لە سەر جێبەجێ نابێت و، هەموو ئیدیعای ئینجیلەكان وا لە (بەرخی ناسیرە) دەكەن، كە پاشا تاوانبارەكان بگرێ و بیان خاتە دۆزەخەوە (سفر ادریس٤٦/٤_٨) ، جێی باوەڕپێكردن نییە و ئەو ماوەیەی، كە عیسای مەسیح لە كوڕی مرۆڤ جیادەكاتەوە دورترە لەو ماوەیەی، كە زەوی لە مەریخ جودا دەكاتەوە، بێگومان عیسای مەسیح، نە كوڕی مرۆڤ بووە و نە ئەو ڕزگاركەرە بووە، كە پێغەمبەرانی جولەكە و خاوەن خەونەكان پێشبینیان كردووە و، جولەكە مافی خۆیان بووە، كە نكوڵییان لەو نازناوە و لەو ئەركەی، كە لە سەرێتی كردووە، بەڵام نكوڵیكردنیان لە پێغەمبەرایەتیی هەڵە بووە، هەروەها تاوانبار بونە لە هەوڵی كوشتنی.

دوای مردنی سەمعانی دادپەروەر لە ساڵی ٣١٠ پێش لە دایك بونی ئەنجومەنی دادگای گەورە (السانهدرین Sanhedrin) ، كە سەرۆكەكەی نازناوی میری Nassi پێ دەگوترا، شوێنی ئەنجومەنی (الكنیس الیهودی الاكبر)ی گرتەوە، سەیرە ئەو میرە بە پێغەمبەر دابنرێ، كە حوكمی دژی عیسا داوە و گوتویەتی : (وا چاكە تاكە پیاوێ بمرێ لە بریتی لە ناو چونی نەتەوەیێ بە تەواوی) (انجیل یوحنا ١١/٥٠) ئەگەر بە ڕاستی ئەو میرە پێغەمبەر بوبێ، چۆن نەیتوانیوە كەسێتی مەسیح و ئەركە پێغەمبەرایەتیەكەی بزانێت.

ئەمانەش ئەو هۆیە سەرەكیانەن، كە بەڵگەن لەسەر ئەوەی عیسای مەسیح كوڕی مرۆڤ، یان ئەو ڕزگاركەرە نەبووە، كە لە خەونەكاندا باس كراوە:

أ_ هیچ پێغەمبەرێ ناتوانێ پێشبینی بكا، كە دوای مردنی دوبارە لەناو لەشی بەرجەستە دەبێتەوە، یان خۆی وا نیشان دەدا، كە پاڵەوانی هەندێ ڕوداوی گرنگە، كە لە ئاییندەدا ڕودەدات.

یەعقوب پێشبینی هاتنی (پێغەمبەری خوا)ی كرد (سفر التكوین٤٩/١٠) موسا پێشبینی هاتنی پێغەمبەری كرد، كە بە شەریعەتەوە دێ و فەرمانی بە ئیسرائیلیەكان كرد، كە پەیڕەوی بكەن (سفر التثنیة ١٨/١٥_١٨)، حاجی Haggai پێشبینی هاتنی (احمد)ی كرد (سفر حجی ٢/٧)، مەلاخی پێشبینی پێغەمبەری پەیمان و ئیلیای كرد (سفر ملاخی ٣/٤،١/٥)، بەڵام هیچ پێغەمبەرێك پێشبینی دوبارە گەڕانەوەی خۆی نەكردووە بۆ ئەم جیهانە، سەیر لە بابەتی عیسای مەسیح ئەوەیە، كە پێی دەڵێن كوڕی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەی توانای نەبوو كەمترین كارو ئەركی كوڕی مرۆڤ جێبەجێ بكات، ئەگەر بە ڕاستی ئەو بۆ ئەو جولەكانەی ڕاگەیاندبێ، كە لە ژێر ستەمی ڕۆماندا بوون، كەوا بە حەق كوڕی مرۆڤە و دوایی فەرمانی پێكردبن، كە باج بدەنە قەیسەر و خۆی دانی بەوە دانابێ، كە كوڕی مرۆڤ شوێنێكی بەدەست نەكەوت سەری لێی دابنێ، ئینجا ڕزگار كردنی گەلەكەی لە حوكمی ڕۆمانی بۆ كاتێكی دیاری نەكراو دواخستبێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا گاڵتە پێكردن و نكوڵیكردنە لە پێشبینیەكان، بێگومان ئەوانەی ئەم جۆرە گوتە كزانە دەدەنە پاڵ عیسای مەسیح، یا ئەوەتا خۆیان هێڕن[1] یا خود بە ئەنقەست ناوی عیسا بەد دەكەن.

ب_ عیسا لە هەموو كەسێكی دیی ئیسرائیلیەكان چاكتر دەیزانی، كە

---

[1] هێڕ: گەمژە، بێ مێشك.

(كوڕی مرۆڤ) كێیە و ئەركی چییە، پێویست بوو لە سەری، پاشا ستەمكارەكان لە عەرشەكانیان دابەزێنێ و تێیان هەڵداتە دۆزەخەوە، خەونەكەی (بارۆخ و عوزێر) لە كتێبی چوارەمی ئیزدراس لەو وەرگێڕانە لاتینیەی، كە متمانەی كردۆتە سەر كتێبی پیرۆز، باسی پەیدا بوونی كوڕی مرۆڤ دەكات، كە لەسەر كەلاوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دەوڵەتی ئاشتی _ ئیسلام _ دادەمەزرێنێ ، بەم جۆرە هەموو خەونە ئەفسانەییەكان بۆچونی جولەكەمان پێ نیشان دەدا لە بارەی هاتنی دوا ڕزگاركەری مەزن، كە نازناوی (كوڕی مرۆڤ) و (ڕزگار كەری چاوەڕوانكراوە) و، مەحاڵە لەو باوەڕە دابین، كە عیسا ئاگاداری ئەو نوسین و زانیاریە بە پەرۆشانەی نەتەوەكەی خۆی نەبووە، ئەستەمە خۆی ئەو دوو نازناوەی لە خۆی نابێ بەو واتایەی، كە ئەنجومەنی دادگای باڵا (السانهدرین) لە قودس دەست نیشانی كردوە بەو واتایەی جولەكەكان پشتیان بەو نازناوانە دەبەستا، چونكە ئەو خۆی نە (كوڕی مرۆڤ)ەو، نە (ڕزگاركەری چاوەڕوانكراو) ، لە لایەن بەرنامەیەكی سیاسی، یان پلانێكی كۆمەڵایەتیی نەبوو بۆ جێبەجێكردنی ئەركەكانی كوڕی مرۆڤ، لە لایەكی دیش ئەو خۆی پێشبینە و موژدە دەربوو بە كوڕی مرۆڤ و، ڕزگاركەری چاوەڕوانكراو، كە پێغەمبەری سەركەوتوو و دەسەڵاتداری پێغەمبەرانە.

ج_ لێكۆڵینەوەیەكی بێلایەن لە نازناوی (كوڕی مرۆڤ) ، كە هەشتا و سێ جاران دراوەتە پاڵ زاری عیسای مەسیح دەگاتە قەناعەتێكی بنبڕ، كە عیسا ئەم نازناوەی بۆ خۆی بەكار هێناوە و تێبینی دەكەین، كە زۆر جاران ئەو نازناوە بە شێوازی بزر بەكار هاتووە، كە ئاماژە بە كەسێكی دی دەكا، كە دەبێ لە ئایندە دا بەدیار بكەوێ و ئەمەش چەند نمونەیەكە:

١_ هەندێ لە مالمی جولەكەكان بە عیسایان گوت : شوێن پێت دەكەوم

بۆ هەر شوێنێك بچێت ، عیسا وەڵامی دایەوە ((ڕێوییەكان كونی خۆیان هەیە، باڵندەكان هێلانەی خۆیان هەیە، بەڵام كوڕی مرۆڤ شوێنێكی نییە سەری خۆی لەسەر دابنێ)) (متی٨/٢٠)، یەكسەر دوای ئەوە عیسا یەكێ لە پەیڕەوانی خۆی قەدەغە كرد، كە بچێ باوكی بنێژێ ، سەیر لەوە دایە ئێمە لێكۆڵەرێ، یان لێكدەرەوەیێ، یان كاهینێ نابینین، كە خۆی ماندو بكا و چاك بیر بكاتەوە، یان كەمترین ڕادەی زیرەكی بەكار بێنێ بۆ لێكدانەوەی ڕوداوی ڕەد كردنەوەی عیسا بۆ مالمە زانایەكە، كە شوێن پێی هەڵگرێ، لەو كاتەش نەیهێشت یەكێ لە پەیڕەوانی بڕوا بۆ ناشتنی باوكی، خۆ ئەگەر عیسا جێگای سێزدە سەری هەبووبا، مەحاڵ نەبوو لە سەری، كە شوێنی چواردەمین سەر بكاتەوە، جگە لەوەی دەیتوانی بیخاتە سەر حەفتا پەیڕەوەكانی (لوقا١٠/١)، بە تایبەتی ئەو كەسەی داوای لێكرد، كە پەیڕەویی بكا، ماسی گرێكی نەزانی وەكو كوڕەكانی زەیدی و یونس نەبوو، بەڵكو زانایەكی بە توانا بوو، كە گومان لە زانست و دڵسۆزییەكەی نەبوو و، لەو باوەڕە بوو، كە عیسا ڕزگار كەری چاوەڕوانكراوە، واتا (كوڕی مرۆڤە)ە و، هێندەی نەماوە سەربازەكانی لە ئاسمانەوە بانگ بكا و سامانی داود بگێڕێتەوە، بەڵام عیسا تێبینی بیروباوەڕە هەڵەكەی كرد و، بە نەرم و بە كارامەیی و سەلیقەوە تێی گەیاند، كە ئەوەی قوڵێكی نەبێ سەری خۆی لەسەر دابنێ، نابێ (كوڕی مرۆڤ)ی سەركەوتوو بێت و حەزی نەكرد توند و تیژ بێ، بەڵام بە وریا و كارامەییەوە، ڕاستیەكەی تێگەیاند و ڕزگاری كرد لەوەی، كە بە دوای هیوای بابردوو و خەیاڵێدا بكەوێ.

٢_ ئەم گوتەیە دراوەتە پاڵ مەسیح، كە (كوڕی مرۆڤ) لە ئایندەدا بەرخەكان لە بزن جوێ دەكاتەوە (متی٢٥/٣١_٣٤)، مەبەست لە بەرخەكان جولەكە بڕوا دارەكانە و، بزن ئەو بێ بڕوایانەیە، كە بونە هاوپەیمانی دوژمنەكانی ئاین و بۆیە لەناوبران، خەونەكەی ئیدریس پێشبینی ئەمەی كرد.

عیسا بۆیە ناردرا، كە هانی بەرخەكانی نەوەی ئیسرائیل بدات، كـە لـە سـەر باوەڕی خۆیان بمێننەوە (متی١٥/٢٤) تا هاتنی (كوڕی مرۆڤ) ، كە بە تەواوی ڕزگاری دەكات، گەر باوەڕی پێ بێنێ ، عیـسا خـۆی (كـوڕی مـرۆڤ) نـەبوو، هەروەها پەیوەندیی بە سیاسەت و بە بەرخ و بزنـەوە نـەبوو، كـەمێكی نـەبێ هەمووی ڕەد كردەوە.

٣_ گوتراوە (كوڕی مرۆڤ) گەورەی ڕۆژی شەممەیە، واتا: ئەو یاسـایە پـوچ دەكاتەوە، كە ڕۆژی شەممەی حەڕام كردوە و كردویەتیـە ڕۆژی پـشودان، بـەڵام عیسای مەسیح زۆر بە وردی پابەندی شەممە بوو و، ڕۆژانی شەممە لـە پەیكـەر ئامادەی نوێژ دەبوو، هەروەها داوای لە پەیڕەوانی دەكـرد، كـە بپارێنـەوە تـا بەزینی جولەكە و وێران كردنی قودس لـە شـەممە نـەبێت، چـۆن ئـەم بۆچـونە ڕاستە، كە عیسا (كوڕی مرۆڤ) و (گەورەی ڕۆژی شەممە) بێت لەگەڵ ئەمـەش، كە خۆی ئاگاداریی ڕۆژی شەممەی دەكرد و، وەك هـەر جولەكەیـەكی بـە وردی پارێزگاریی پیرۆزییەكەی دەكرد؟ چۆن دەگـونجێ ئـەم نازنـاوە گرنگـە بۆخـۆی هەڵبژێرێ، لە هەمان ئەو كاتەی هەواڵی كاولكردنی قودس و پەیكەر دەدات؟

نمونەی زۆرهەن، كـە بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی عیـسا نەیویـستوە نازنـاوی (بارناشا) و (كوڕی مرۆڤ) بەسەر خۆیدا بسەپێنێ، بەڵكو عیسا ئەو نازنـاوەی داوەتە پاڵ دوا پێغەمبەران، كە بەرخەكانی واتا: جولەكە باوەڕدارەكانی ڕزگار كرد و، بزنەكانی واتا: گاورەكانی لەناوبرد و ڕۆژی شەممەی نەهێشت و دەوڵەتی ئاشتیی _ ئیسلام _ دامەزراند.

لە زنجیرەی داهاتودا، نیـشانەكانی كـوڕی مـرۆڤ هـەروەك لـە خەونەكانـدا هاتووە دەست نیشانی دەكەم و ڕونی دەكەمەوە چۆن پیت بە پیت ئەو نیشانانە لەسەر دوا پێغەمبەران (محمد) سەلامی خودای لێ بێت هاتۆتە دی.

# ( پاری بیستەم )
# مەبەست لە نازناوی (كوڕی مرۆڤ) كەلە خەونەكاندا هاتووە (مُحَمَّدَ)ە

لە بەشی رابردوو بینیمان، كە مەحاڵە عیسای مەسیح (كوڕی مرۆڤ) بێ، كە خەونەكانی جولەكە پێشبینیان كردووە، نابێ عیسا خۆی ئەم نازناوەی بۆ خۆی هەڵگرتبێ، خۆ ئەگەر وای كردبێ خۆی كردۆتە گاڵتە جاڕی گوێگرانی.

عیسا تەنیا دوو كاری لەبەردەم بوو: ئا ئەوەتا نكوڵیی لە پێشبینی و خەونەكانی جولەكە بكردایە، كە پەیوەستدارن بە كوڕی مرۆڤەوە و بە هەڵبەستە و ئەفسانەی دابنایە، یان جەختی لەسەر بكردایە و ئەو نازناوەی بدابایە پاڵ خۆی، گەر بە ڕاستی كەسە چاوەڕوانكراوەكەیە، بەلاّم ئەو ئیدیعایەی گوایە كوڕی مرۆڤ بۆ خزمەت كردن هاتووە، نەك خزمەت بكرێ (متی٢٠/٨) و كوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست مالمی جولەكەكان، تا فەرمانی مردنی لەسەر بدرێ (متی ٢٠/١٨) و كوڕی مرۆڤ هاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ ترۆیەكانی مەیخانە پێك هەڵدا (متی ١١/١٩) هەروەها سواڵ كەر بووە و لەسەر خێری خەڵكی دەژی، هەموو ئەو شتانە واتای سوكایەتی كردن بە نەتەوە جولەكەكەی دەگەیەنێ و، بێز لێبونەوەی ئاواتە ئاینیەكانیەتی، بەلاّم شانازی كردن بەوەی، كە كوڕی مرۆڤ بۆ ڕزگار كردنی بەرخەوە، ئەمە واتای پوچەڵ كردنەوەی هیواكانی گەلی جولەكە دەگەیەنێ، كە هەر تەنیا خۆی _ تا ئەو كاتە _ باوەڕی بە ئاینی حەق هەبوو، هەروەها ئەمە بێز لێكردنەوەی پێغەمبەرەكانی جولەكە و خودان خەونەكانیان دەگەیەنێ. ئایا لە توانای

مەسیحدا هەبوو كە ئەو نازناوە بۆ خۆی هەڵبەستێ؟

ئایا نوسەری ئینجیلەكان بە ڕاستی لە جولەكە بون؟ ئایا دەچێتە عەقڵەوە كە عیسای مەسیح باوەڕی بە بۆچونی ئینجیلەكانی ئێستا هەبێ لە بارەی خۆیەوە؟ ئایا هیچ جولەكەیەكی ڕاستەقینە دەتوانێ بە ئەنقەست ئەم جۆرە چیرۆكانە بنوسێ بۆ كز كردنی جولەكە و لەناو بردنی ئاواتەكانیان؟

ئەستەم و مەحاڵە ئەوە ڕوی دابێ هەروەها مەحاڵە، كە عیسا ئەم نازناوە قەبەیەی بۆ خۆی هەڵبەستبێ لە نێوان گەلێ، كە زۆر چاك دەزانێ كێ خودانی ڕاستەقینەی ئەو نازناوەیە و، هەر تەنیا وا دابنرێ، كە عیسا ئەو كارەی كردووە، یەكسەر دەموروژێنێ، هەر كاتێ لەم ئینجیلانە ورد بومەوە، قەناعەتم زیاتر دەبێ كەوا بەرهەمی جولەكە نییە و بریتیە لە كردەیەكی بەرامبەری بۆ دژایەتی كردنی خەونەكانی جولەكە و بە تایبەتی كتێبی سیبیلیەكان Sibyllian Books و نوسەری ئەو ئینجیلانەش هەر دەبێ دیانەكانی یۆنان بن، كە هیچ زانیاریەكیان لە بارەی داوایەكانی بنەماڵەی ئیبراهیمەوە نییە، دانەرانی كتێبی سیبیلیەكان پێغەمبەرەكانی جولەكە _ ئیدریس و سلێمان و دانیال و عوزێر _ لەگەڵ داناكانی یۆنان _ هێرمس و هۆمیرۆس و ئورفیۆس و فیساغۆرس و هیتر _ دادەنێن بۆ بانگەشە كردن بۆ ئاینی جولەكە، ئەم كتێبانە لە دوای ڕمانی قودس و پەیكەر و لەو كاتەی، كە خەونەكەی قدیس یۆحەننا بڵاو كرایەوە نووسران، مەبەست لە كتێبی سیبیلیەكان، پێشبینی كردنی كوڕی مرۆڤی عیبری [1]

---

[1] مەبەست لە واتای گشتیی وشەی عیبری: هەموو ئەو شتانەی، كە دەدرێنە پاڵ بنەماڵەی ئیبراهیم سەلامی خودای لێ بێ، ئەو بنەماڵەیەی، كە لە دواییدا نەوەی ئیسماعیل و نەوەی ئیسرائیلی لێ جیابۆوە.

یان ڕزگار كەری چاوەڕوانكراو بوو، كە لە ئایندەدا بۆ لەناوبردنی ڕۆمـان دێ و ئاینی ڕاست پێشكەش جیهان دەكات.

ئێستا دەتوانین جەخت بكەین، كە سیفەت و پێناسـەی كـوڕی مـرۆڤ بـە تـەنیا لەسـەر (محمـد) دێتـە دی، ئـەوەش بـە متمانـە كردنـە سـەر ئـەو زانیاریانەی، كە لە ئینجیل و خەونەكانەوە هاتون، لە كۆتاییی ئەم بەشـەدا باسی ئەو بەڵگانە دەكەم، كە لە ئینجیلەكانەوە هاتون، ئینجا لـەو بەشـەی لە دوای ئەمەوە دێ باسی ئەو بەڵگانە دەكەم، كە لە خەونەكانەوە هاتون.

## ئینجیلەكان

لەو دەستەواژە ڕون و پتەوانـەی، كـە دراونەتـە پـاڵ عیـسای مەسـیح، تێبینی ئەوە دەكرێ، كە نازناوی كوڕی مرۆڤ تەنیا لەسەر (محمد) جێبـەجێ دەبێ و كەسیدی نا، بەڵام ئەو دەستەواژانەی وا فەرز دەكـرێ، كـە عیـسای مەسیح ئەو نازناوەی بۆ خۆی وەرگرتووە. دەبینین هەڵوەشـاوە و بـێ واتـا و زۆر لیڵ و نادیارە، هەروەك لەم دەستەواژانەدا دیارە:

(كوڕی مرۆڤ هات خـواردن دەخـوا و مـەی دەخواتـەوە، گـوترا بڕواننـە مـەیخۆرەوە، كـە هـاوڕێی خـاوەن مەیخانـەكان و ترۆیەكانـە ...) (متّـى ١١/١٨_١٩) وەسفی یەحیا پێغەمبەریان بە شەیتان كرد لەگەڵ ئەوەی، كە مەی نەخواردۆتـەوە و لەسـەر ئـاوو كوللـە و هـەنگوینی كێـوی ژیـاوە و، لەهەمان كاتدا وەسفی عیسایان _ گوایە كوڕی مرۆڤ _ كـرد، كـەوا ئـاوی ترێی (مەی) خواردۆتەوە و (هاوڕێی مەیخانە چی و ترۆیەكانە) ! چۆن لەسەر بە ڕۆژو بون و پاكیی سەرزەنشتی پێغەمبەرێ دەكـەن، لـە هـەمان كاتـدا پێغەمبەرێ بەوە تاوانبار دەكەن، كە هاتوچۆی مەیخانەی كردووە و مـەراقی مەی بووە، ئایا مەسیحیەكان بەرگەی ئەوە دەگرن، كە قەشەیێ یا شوانێكی

كەنیسە ئەم جۆرە هەڵس و كەوتانە بكات؟

لەوانەیە بڵێن عیسا تێكەڵی هەموو جۆرە گوناهباران دەبێ بە مەبەستی ڕابەرایەتی و چاكسازییان ، بەڵام دەبێ لە هەڵس و كەوت كارەكانی لەسەرە خۆو مام ناوەندی بێ، نەك مەیخۆرەوە بێت ، هەروەها پێمان دەگوترێ عیسا ڕێنمویی دوو باجگر (باج وەرگر) (متی ٩/٩) (لوقا١٩/١_١١) داوێن پیسێك و (یوحنا ٤) مریەمی مەجدەلییەی كردووە، كە شەیتان چووبووە كڵێسەیەوە (لوقا٨/٢) لەو كاتەشدا نەفرەتین و جوێن دادەبارییە سەر پیاوانی ئاین و یاسا (متی ١٣ و هیتر) ، هەموو ئەمانە مرۆڤ هەراسان دەكا و زەحمەتە باوەڕیان پێ بكرێ، ناچێتە مێشكەوە كە عیسای مەسیح خولیای مەی بوبێ و شەش بەرمیل ئاوی بۆ مەیێكی خەست گۆڕیبێ، تا لە هۆڵی زەماوەند لە(قانا) سەرخۆشەكان بەد مەست بكا و (یوحنا /٢) لەهەڵس و كەوتیدا وەكو درۆزن یان فاڵچی، یان جادوكەر بێ و شتێكی سەیر بەرامبەر جەماوەری مەستەكان ئەنجام بدات! وەسف كردنی عیسا بە مەست و زۆر خۆر و هاوڕێیەتیی هیچ و پوچ و تڕۆیەكان، ئینجا دوای ئەمە نازناوی كوڕی مرۆڤی بدرێتێ بە نكوڵیكردنی هەموو سروشی جولەكە دادەنرێت.

هەروەها دەگوترێ (كوڕی مرۆڤ هاتووە لەو شتە بكۆڵێتەوە، كە ون بووە و پەیدای دەكاتەوە) (لوقا١٩/١٠) لێكۆڵەران بەلایەنێكی گیانی لەم دەستەواژەیە دەكۆڵنەوە ، ئێمە بڕیاری ئەوە دەدەین، كە عیسا تەنیا بۆ (بەرخە ونبوەكانی ئیسرائیل) نێردراوە، تا چاكسازی بخاتە نێوانیانەوە و، ڕێنموییان بكا بە تایبەتی تا موژدەی (كوڕی مرۆڤ) یان بداتێ، كە بە دەسەڵات و ڕزگار كردنەوەی دێ بۆ ئەوەی ئەو شتەی ون بووە، بیگێڕێتەوە و كاولگەكان چاك بكاتەوە وە ئینجا بەسەر گاورەكاندا سەركەوێ، ئەوەی

ئاشكرایە عیسا نەیدەتوانی نازناوی (برناشا) ، كە لە خەونەكە دایە بۆ خۆی هەڵگرێ، ئینجا نەتوانێ یەكێ ڕزگار بكات جگە لە زخیۆس و ژنێكی سامری و، چەند جولەكەیەكی كەمی دی لەوانیش حەوارییەكان، كە لە دواییدا بە هۆی ئەوەوە كوژران ، ڕاستتر وایە ئەوەی عیسا گوتویەتی، كە (كوڕی مرۆڤ دێ و لەو شتە دەكۆڵێتەوە، كە ون بووە و دەیدۆزێتەوە) بە تەواوی هاتۆتە دی و (محمد) هات و ئەوەی ون بوو _ قودس و مەككە و خاكی بەڵێندراو و حەقیقەتی ئاینی ڕاستەقینە و دەسەڵاتی دەوڵەتی خوا لەسەر زەوی) گەڕاندییەوە.

هەروەها دەگوترێ (كوڕی مرۆڤ لە ئایندە دا دەدرێتە دەستی پیاوەكان) (متى ٢١/١٦)، ئەمە لەو كۆمەڵە گوتانەیە، كە عیسای كردە بابەتی ئازار و مردن، بێگومان ئەمە لە لایەن نوسەرێكی دەجاڵەوە _ نابێ جولەكە بێت _ هەڵبەستراوە بە مەبەستی قەناعەت پێكردنی جولەكەكان، كە عیسای مەسیح ئەو ڕزگار كەرە سەركەوتوەیە، كە لە خەونەكاندا باس كراوە، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا سەردەكەوێ، نەك لەم ژیانی جیهانەدا، ئەمە ئەو بانگاشە پیسەیە، كە بە تایبەتی بۆ جولەكەكان داڕێژرا، بەڵام مەسیحیە جولەكەكان ئەم فێڵەیان دۆزییەوە، چونكە هیچ شتێ لەمە زۆرتر دژی ئاواتەكانیان نییە لە وێنا كردنی ڕزگار كەر _ بەرناشای مەزن _ كە چاوەنواڕی دەكەن، كەوا عیسایە و مالمە گەورەكان فەرمانی مردنی دەردەكەن بە تاوانی لە خشتە بردنی خەڵك.

با لەم بەڵگانەی خوارەوە بكۆڵینەوە، كەوا دەیسەلمێنێ عیسای مەسیح نازناوی (كوڕی مرۆڤ) ی بۆ خۆی وەرنەگرتووە:

أ_ خەونەكانی جولەكە هەردوو نازناوی (ڕزگاركەری چاوەڕوانكراو) و (كوڕی مرۆڤ) تایبەت دەكەن بە دوا پێغەمبەران، ئەوەی هێزی تاریكی

لەناو دەبا و دەوڵەتی ئاشتی _ ئیسلام _ لەسەر زەوی بنیات دەنێ، واتا: هەردوو نازناوەكە هاوواتان، لەهەر سێ ئینجیلی یەكەمینی پەیمانی نوێ، دەبینین عیسا خۆی ناكاتە ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو و قوتابییەكانی قەدەغە دەكات، كە ئەم ناوەی پێ بڵێن، هەر كە لە قوتابییەكانی پرسی : (گومان دەكەن من كێ بم؟) سەمعان بوترس وەڵامی دایەوە: (تۆ مەسیحی خودای) جا فەرمانی پێكردن، كە ئەوە بە كەس نەڵێن (لوقا٩/٢٠_٢١) (متی ١٦/٢٠) (مرقص٨/٣٠)، هەروەها (متی) دەڵێ : هەر كە عیسا سەلامی خوای لێ بێ نازناوی (صفا)ی دایە،(بطرس) دەسەڵاتی كلیلەكانی بەهەشت و دۆزەخی پێ سپارد (متی١٦/١٩) كە چی مەرقس و لۆقا لەم بارەیەوە هیچیان باس نەكردووە ، بەڵام یۆحەننا هەر تاكە وشەیەكی ئەم وتووێژەی تۆمار نەكردوە.

ئینجا ئەم گوتەیە دەدەنە پاڵ عیسا كە : كوڕی مرۆڤ لە ئایندەدا دەدرێتە دەست دوژمنەكانی، ئینجا دەكوژرێ ، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت خۆی لە خۆیدا دان پێدا نانێكی ئاشكرایە، لە خۆیەوە كە ڕزگار كەری چاوەڕوانكراو نییە، گوتراوە كە (بطرس) زۆر جاران ئاگاداری مەسیحی كردۆتەوە لە دوبارە كردنەوەی ئەم قسەیە و لە ئازارەكانی ئایندەی و لە مردنی، بەڵام مەسیح بە توندی سەركۆنەی (بطرس) كردووە بەم گوتەیە (بگەڕێوە دواوەم ئەی شەیتان) (متی ١٦/٢٣)، چۆن دەكرێ ئەم دوو بۆچونە بگونجێنرێ لەوەی، كە عیسا نازناوی (صفا)ی بەرزی داوەتە (بطرس) و كردویەتیە دەسەڵاتداری (كلیلەكانی بەهەشت و دۆزەخ) لەگەڵ ئەوەی، كە دوای چەند چركەیێ بە نازناوی (شەیتان) بانگی دەكات؟!!

ئەم دوو گوتە ناكۆكەی، كە (متی) لەسەر زاری عیسا دەیان گێڕێتەوە، یان لە لایەن یەكێ لە هەڵگێڕەكانەوە هەڵبەستراوە، یەكێكیان ئەوی دی

پوچەڵ دەكاتەوە، چونكە لە ماوەیەكی كەمدا (بطرس)بە بەردی باوەڕ ناو دەبرێ و، كلیلەكانی بەهەشت و دۆزەخی پێ دەسپێردرێ، هەروەك كاسۆلیكیەكان شانازی بەوە دەكەن (متی ١٦/١٨_١٩) ، ئینجا پێی دەگوترێ شەیتانی كوفر (متی ١٦/٢٣) هەروەك پرۆتستانییەكان لە ڕوی گاڵتە جاڕییەوە وەسفی دەكەن !!

ئەگەر عیسا (كوڕی مرۆڤ) ، یا (ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو) بوایە هەروەك دانیال و عوزێر و ئیدریس و پێغەمبەرەكان و مامۆكانی جولەكە و ئەوانی دی بینیویانە و پێشبینیان كردووە، ئەوا قوتابیەكانی قەدەغە نەدەكرد، كە ئەوە ڕابگەیەنن.

ئەگەر ئەو (ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو) ، یان (كوڕی مرۆڤ) بایە، ئەوا دوژمنەكانی زەندەقیان لێی دەچوو و، هەردوو دەوڵەتی مەزنی ڕۆمانی و فارسیی لەناو دەبرد و، وێرانی دەكرد و گەلێ جەنگاوەری بەهێزی وەكو (علی و عمر و خالد) و هیدیی بە گەڵ دەكەوت هەروەكو (محمد) كردی، نەك وەكو (زبیدی و یونس) ی بە گەڵ بكەوێ، كە خۆیان شاردەوە كاتێك پۆلیسی ڕۆمانی هات، كە دەستگیری بكات.

بەدڵنیاییەوە مەحاڵە (دوو كوڕی مرۆڤ) بێن و یەكێكیان جەنگی سەركەوتوو ئەنجام بدا و، ڕەگ و ڕیشەی بت پەرستی و وڵاتەكانی ڕیشەكێش بكا و، ئەویدی ڕەبەنێكی مسكێن بێ و لەو باوەڕە بن، كە بە شێوەیەكی قێزەون لەسەر دەستی ڕۆمانە بت پەرستەكان و مامۆكانی جولەكە، كە باوەڕیان پێی نەكرد شەهید بوبێ.

ئەو (كوڕی مرۆڤ)ە ی، كە پێغەمبەر حزقیال (ذو الكفل) لە ژێر باڵی فریشتەكان بینیی و (سفر حزقیال /٢) پێغەمبەر دانیال لەبەر دەم عەرشی خودای مەزن بینیی (سفر دانیال /٧) لە خاچ نەدراوە هەروەك گومان

دەبەن، بەڵكو عەرشی پاشا مەزنەكانی بە چەلیپا[1] گۆڕی بۆیان و كۆشكەكانیانی كردە گۆڕستان، لە ڕاستیدا (محمد) ، نەك عیسا نازناوی (كوڕی مرۆڤ) ی وەرگرت و حەقیقەتەكان زۆر لە خەون و خەیاڵ ڕونترن.

ب_ عیسا نازناوی (گەورەی ڕۆژی شەممە) ی بە (كوڕی مرۆڤ) گوت (متی١٢/٨) ، ئەمەش كارێكی سەرنج ڕاكێشە، چونكە شەریعەتی موسا مكوڕ بوو لەسەر پیرۆزیی ڕۆژی حەفتەم، خودای مەزن لە شەش ڕۆژدا كردەی خولْقاندنی ئەنجامدا وای بۆچون، كە لە ڕۆژی حەفتەمدا پشوی داوە، بۆیە لەسەر هەموو پیاو و ژن و منداڵ و بەندەیێ پێویست بوو، كە پشو بدات هەتا ئاژەڵەكانیش كەوتنە ژێر باری قورسی سزادانی كوشتن، بە بەڵگەی ئەوەی، كە ڕاسپاردەی چوارەمی دە ڕاسپاردەكە دەڵێت: (یادی ڕۆژی شەممە بكەنەوە و بە پیرۆزی بزانن) (سفر الخروج٢٠/٨)، قوتابیانی تەورات ئیدیعا دەكەن، كە خودا بە پەرۆشە لەسەر ئاگاداری و چاودێری كردنی ڕۆژی پشوو، ئا لێرەدا ئەگەرێكی بەهێز هەیە، كە (شەممە...سبت) ی جولەكە لە بنچینەدا لە (السباتو) Sabattu بابلییەوە هاتبێ.

قورئانی پیرۆز ئیدیعای جولەكەی بەدرۆ خستەوە، كە گوایا خودای مەزن شەش ڕۆژان كاری كردووە، ئینجا وەكو مرۆڤ ماندوو بووە هەروەك دەفەرموێ: ((إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ... پەروەردگارتان خواییێكە ئاسمانەكان و زەمیینی لە شەش ڕۆژاندا دروست كرد. ئەوجارە كە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا. ڕۆژێ بە شەوێ دادەپۆشی و ڕۆژیش بەلەزدەكەوێتە شوێنی شەوێ. خۆر و مانگ و

[1] چەلیپا: خاچ، صلیب.

ئەستێرانی بەدی هێناو هەر دە ژێر فەرمانی ئەودان. وەدیهێنـان و فـەرمان هەر بۆ ئەوە. زۆر و زەبەندەیە و پیرۆزی خـودایێ کـە پـەروەردگاری گـشت جیهانـە.)) الاعـراف/٥٤ هـەروەها دەفـەرموێ: ((وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ... ئـەم ئاسمانـان و زەمینە و هەرچی لـە ناویانـدا هەیـە، بەشـەش ڕۆژ وەدیمـان هێنـا و هـیچ ماندوییمان توش نەبوو.)) ق/٣٨..

جولەكە لە بارەی ڕۆژی شەممەوە بە بیر کردنەوەیەکی مادی بـۆی چـون و تۆغیانیان کرد، لە جیاتی ئـەوەی شـەممە بکەنـە ڕۆژی پـشوو و ڕابـواردن، کردیانە ڕۆژی بێبەشبون و بەندی و بێـزاری ، لـە شـەممەدا چێـشت لێنـان و دەرچون و چاکە کردن و پێشکەش کردنی خێر قەدەغە بوو، کەمترین سـنور بەزاندن بە کوشتن، یان بەرد بارانکردن سزا دەدرا، جولەکە لەو بـاوەڕە بـون، کە موسا فەرمانی ڕەحمی بۆ مسکێنێ دەرکرد، چونکە لـە ڕۆژی شـەممە دا داری قەڵاشکەریی لە زەوی هەڵگرتبۆوە، هەروەها هەندێ لـە حەوارییـەکان سەرکۆنە کردبوو، چونکە لە ڕۆژی شـەممەدا گـەنمیان دوریبویـەوە سـەرەڕای برسیبونیان ، بەڵام سەیر لەوە دایە، کە پیاوانی ئـاینی لـە پەیکـەر نانیـان دەکرد و قوربانییان پێشکەش دەکرد لە شەممەدا، بەڵام مەسیحیان سـەرکۆنە کرد، چونکە بەهۆی پەڕجویەوە لە ڕۆژی شەممە شیفای بۆ پیاوێ هێنـا، کـە دەستێکی لە کیس چوو بوو (مـتی ١٢/١٠_١٣) بـەڵام مەسـیح وەڵامـی دانەوە، کە شەممە بۆ ئەوەیە سودی مرۆڤی هەبێ نەك مرۆڤ سـودی شـەممەی هەبێت، ئەوەی ئاشکرایە عیسای مەسیح زۆر پابەندی لێکدانەوەی حـەرفیی ڕێنماییە توند و تیژەکانی ڕۆژی شەممە نـەبوو، چـونکە مەسـیح ڕەحمـەت و دڵسۆزیی گەرەك بونە، نەك توند و تیژی ، لەگەڵ ئەوەش مەسـیح بـیری لـە لابردنی ڕۆژی شەممە نەکرد و نەیتوانی گیـان بـازی(مغـامرة) بـەوە بکـات،

چونكە گەر بیكردایە و شەممەی بە ڕۆژێكی دی گۆڕیبایەوە، پەیڕەوانی لێـی دەتەكینەوە و جەماوەری جولەكە هێرشیان دەكردە سـەری و بـەرد بارانیـان دەكرد.

مێژوو نوسانی جولەكە یوسف فلافیۆس و یۆزبیۆس و ئەوانی دی دەڵـێن : جێمس _ بە ناو برای عیـسا _ (ئـەیبیۆناتی Ibionite) تونـدڕەو بـوو و پێشەوایەتیی ئەو دیانە جولەكانەی دەكرد، كـە بـە شـەریعەتی موسـا، بـە شەممە و هەموو دیاردەكانی پابەند بوون ، ئینجا بەرەبەرە دیانـەكانی یۆنـان (هیلینیستەكان) شەممەیان بە (یوم الرب) واتا: ڕۆژی یەكـشەممە گۆڕییـەوە ، بەڵام كەنیسەكانی ڕۆژهەڵاتی، تـا سـەدەی چـوارەمی زاییـنـی، ئاگـاداریی هەردوو ڕۆژی شەممە و یەكشەمەیان دەكرد.

ئەگەر عیسا (گەورەی ڕۆژی شەممە بوایە) پێویـست بـوو لەسـەری، كـە یاسا توند و تیژەكەی هەموار بكردایە، یان بـە تـەواوی لای بدابایـە بـەڵام نەیكرد، جولەكە چاك لە قسەكەی گەیشتن، كـە ڕزگاركـەری چـاوەڕوانكراو گەورەی ڕۆژی شەممەیە، ئەمەش هۆی بێدەنگ بونیان بوو، لێرەو لە شـوێنی دیی ئینجیلەكان قرتانێكی ئەنقەست لە سێ ئینجیلەكەی یەكـەمی پـەیمانی نوێدا هەیە و، هەندێ ئامۆژگاریی عیسایان لە بارەی (كـوڕی مـرۆڤ)ەوە لێ قرتاندووە، ئەمەش بووەتە هۆی لێڵی و ناكۆكی و چاك تێنەگەیشتن ، ئەگەر قورئانی پیرۆز نەكەینـە ڕابـەرمان و دان بـەوەدا نـەنێین، كـە (محمـد) ئـەو پێغەمبەرەیە، كە كتێبـە پیرۆزەكـان مەبەسـتیان بـوو، ئـەوا هـەموو ئـەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ گەیشتنە ڕاستیی، یان بۆ ئەنجام گرییەكی ماقوڵ توشی نوچدان (فشل) دەبن.

بەم دواییە دانراوەكانی زانـای فەرەنـسی (ئەرنـست رینـان)م خوێنـدەوە لـەبارەی (ژیـانی مەسـیح و قـدیس بـۆلس و دەجـاڵ) سـەرم لـەو هـەموو

سەرچاوانە سوڕما، كە دانەر متمانەی لەسەر كردبون بە شێوەیەكی وا هەتا جیبۆن Gibbon و نمونەكانی جیبۆنی بە بیر هێنامەوە، لەگەڵ ئەمەشدا، كوا ئەنجامی باسەكانی ئەوو ئەوانیدی؟ ئەنجامەكان لە سفر یا لە ژێر سفر بەولاوە هیچ نەبون، ئەوانە بەم جۆرە نوسینانە بیروباوەڕەكان دەشێوێنن و سۆزە ئاینیەكان ژەهراوی دەكەن، خۆ ئەگەر ئەوانە بە گیانی قورئان رابەرایەتییان بكردایە، دەیان بینی، كە (محمد) دان پێدانانێكی حەرفی و واقیعیی كتێبە پیرۆزەكانە، دیندارەكان ئاینێكی واقیعی و كردارییان دەوێ نەك گوتەی تیۆری، كوڕی مرۆڤی بەهێزیان دەوێ، كە دوژمنەكانی خودا لە ناو ببا و بە كردەوە بیسەلمێنێ، كە (گەورەی ڕۆژی شەممە)یە و لای بەرێت، چونكە جولەكەكان بە خراپی بەكاریان هێنا و بە تەواوی (محمد) وای كرد[1]، زۆر جاران دوپاتم كردۆتەوە، كە لە بەر تیشكی قورئان نەبێ ناتوانین لە كتێبە هەڵگێڕاوەكانی جولەكە و دیانەكان و گوتە لێڵ و ناكۆكانیان بگەین، تەنیا بە هۆی قورئان دەتوانرێ ڕاستی لە چەوتی جودا بكرێتەوە، بۆ نمونە : هەر كە لەبارەی ئەو ڕەبەنانە دەخوێنینەوە، كە شەممەیان لە پەیكەر حەڵاڵ كردووە، ئەم گوتەیە دراوەتە پاڵ عیسا (پێتان دەڵێم ئەو كەسەی لە پەیكەر مەزنترە ئا لێرانەیە) (متی١٢/٦) لەم لێكدانەوەیە زێتر بۆ دەستەواژەی (ها هنا) نابینمەوە (لە ئایندەدا ئا لێرانەیە) چونكە ئەگەر عیسا، یان هەر پێغەمبەرێكی پێش ئەو زاتی كرد بێ، كە بڵێ: من لە پەیكەر گەورەترم یەكسەر جولەكە بە تاوانی كوفر هێرشیان كردۆتە سەری، ئەگەر ئەو (كوڕی مرۆڤ)ی ڕاستەقینە نەبێ، كە دەسەڵات و هێزی دراوەتێ هەروەك درابو بە پێغەمبەری خودا (محمد).

قورئانی پیرۆز لە ئایەتی (٩)ی سورەتی جومعە، پشوی ڕۆژی شەممەی

[1] واتا: ڕوژی شەممەی لادا _ وەرگێڕی كوردی.

ڕەد كردەوە، عەرەب پێشتر بە ڕۆژی هەینیان دەگوت (العروبە) و، لە دانەی (الپشتیا) ی سریانی، وشەی (عَروبتـا) ی بەرامبەرە (عروبتا)ش لـە وشـەی ئارامیی (عَرَبَ) وەرگیراوە، كە بە واتای (غَـرَبَ)ەیە _ لە ئاوا بـونی ڕۆژ _ چونكە دوای ئـاوا بـوونی خـۆر لـە ڕۆژی هـەینی شـەممە دەسـت پێـدەكا و پیرۆزییەكەی لە شەریعەتی موسـاوە وەرگرتـووە، بـەڵام هـۆی هەڵبـژاردنی هەینیمەبەستێكی تێكەڵی هەیە:

یەكەم: لە ڕۆژی هەینی كرداری مەزنی وەدیهێنـان تـەواو بـوو، ئـەوەش یەكەم ڕوداو بوو، كە هەمیشەیی (السرمدیە) بڕی و، كات و شوێن و مـادە پەیدا بون و پێویست بوو یادی ئەم ڕوداوە پەڕجو ئامێزە زینـدوو بكرێتـەوە و، پیرۆزیی پێ ببەخشرێت.

دووەم: باوەڕدارەكان لەم ڕۆژەدا كۆدەبنەوە و ناوی لێنرا (جمعە) ، چونكە ڕۆژی كۆمەڵە، خودای مەزن دەفـەرموێ: ((يَاأَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا إِذَا نُـودِي لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْـرٌ لَكُـمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ... ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەروەختێ لـە ڕۆژی هـەینی بـۆ نوێژی هەینی بانگ ئەدرێ، ئێوە بەلەز بەرەو یـادی خـودا بـچن و كـڕین و فرۆشتن وێڵ بكەن، گەر بزانن، ئەمە بۆ ئێوە خاسترە.) الجمعة/٩

بەڵام دوای كۆتایی هاتنی نوێژی هەینی، هیچ شتێ ڕێگا لـە بـەردەوام بونی كاركردنی باوەڕداران ناگرێت.

ج_ پێشتر دەسـتەواژەی (مـتی ١١/١٨)مـان، ڕاڤـە كـرد، كـە ئەمـە دەقەكەیەتی : ئەرك و سپاردەی كوڕی مرۆڤ گێڕانەوەی ئەو شتەیە، كـە لـە كـیس چـووە، بـەڵام ئـەو كاروبارانـەی، كـە لـە كـیس چـون و دەبوایـە بگێڕدرێتەوە، دوو جۆرن: ئاینی و نەتەوەیی:

١_ گێڕانـەوەی ئـاینی ڕاسـتەقینەی ئیـبراهیم و، پـاك كردنـەوەی لـەو

بیروباوەڕ و لادانانەی، كە تێی كەوتون و، گێڕانەوەی سروشتە جیهانیەكەی و، گێڕانەوەی هەموو ئەو گەل و هۆزانەی، كە لە بنەماڵەی ئیبراهیمەوە پەیدا بوە بۆ ئاینی ئاشتی _ ئیسلام _ بە ئارامی (دینا شلاما) ، چونكە ئاینی موسا ئاینێكی نەتەوەیی تایبەت بوو بە جولەكە، هەروەها عیسای مەسیحیش جولەكە بوو، ئەم كارە گەورەیەی لێ داوا نەكرا بوو، عیسا دەڵێ: (وا گومان مەبەن، كە من هاتوم یاسا و پێغەمبەرەكان بگۆڕم _ دژایەتییان بكەم) (متی ١٧/٥_١٩) لە لایەكی دی، هەر دەبوایە ئەو بتپەرستی و پڕوپوچ و جادو گەریەی، كە لە ناو عەرەب بڵاو ببویەوە لەناو بچێت و بیروباوەڕی یەكخوا پەرستی لە ژێر پەرچەمی (لا إلە إلا الله محمد رسول الله) بگێڕدرێتەوە.

٢_ یەكبونی ئەو نەتەوانەی، كە لە بنەماڵەی ئیبراهیمەوە پەیدا بونە و ڕزگار كردنیان لەو بیرۆكە پیسە ڕەگەز پەرستیانەی، كە خستبویانە ناو كتێبە پیرۆزەكان وەكو : دەمار گیریی ڕەگەز پەرستی دژی غەیری جولەكە ، جولەكە ڕقیان لە كوڕەكانی دیی باپیرە گەورەیان ئیبراهیم لە بنەماڵەی ئیسماعیل و ئەدومیەكان و Edonites هۆزەكانی تری ئیبراهیم دەبێتەوە، ئەو دەمار گیری و خۆ بە زل زانینە بەردەوام بوو، تا نەوەی ئیسرائیل بوونە، خراپترین بت پەرست و گاور، لە سفری تەكوین هاتووە، كە سەرەڕای سوننەت كردنی ئیبراهیم و ئیسماعیل، سێسەدو یازدە كەس لە سەرباز و بەندە نێرەكانی سوننەت كران، ئەوەش بە بەڵگەیەكی سەلمێنراو دادەنرێ، دژی دەمار گیریی جولەكە بۆ گەلەكانی دیی ئامۆزازایان ، وڵاتەكەی داود لە كاتی خۆی ڕوبەری دوو ویلایەتی بچوكی دەوڵەتی عوسمانیی دانەپۆشیبوو، دوا ڕزگار كەر (كوڕی داود) ، كە تا ئەمڕۆ جولەكە چاوەنواڕی دەكەن، هەتا توانای نیە كە ئەم دوو ویلایەتە بخاتە ژێر

دەسەڵاتیەوە، جگە لەوەی كە مەبەست لە هاتنی لەناو بردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو؟!

(محمد _ كوڕی مرۆڤی چاوەڕوان كراو) دەوڵەتی ئاشتیی _ ئیسلام _ دامەزراند، كە زۆربەی جولەكەی نیمچە دورگەی عەرەب و شام و عیراق و هیدی چونە ناوی، هەروەها برایەتییەكی گشتیی پێكەوە نا، كە ناوكەكەی خانەوادەی ئیبراهیم بوو و، ئەندامەكانیشی لە عەرەب و فورس و تورك و كورد و بەربەر و چین و زنج و جاوی _ هیند و ئینگلیز بوو...هتد تاكە نەتەوەیەكیان پێكهێنا، كە بە سریانی (امثا _ دا _ شلاما) یە، واتا : نەتەوەی ئیسلامی.

٣_ گێڕانەوەی خاكی بەڵێندراو، لەوانەش خاكی كەنعان و هەموو زەویەكانی نیل، تا فورات و درێژ بوونەوەی دەوڵەتی خودا لە زەریای هادی، تا زەریای ئەتڵەسی، هەموو ئەوانەش هاتنە دییەكی كرداری و سەرسوڕهێنەر بوو بۆ هەموو پێشبینیەكان لە بارەی گەورەی پێغەمبەران و مرۆڤەوە.

## ( پاری بیست و یەكەمین )

## كوڕی مرۆڤ بە پێی خەونەكانی جولەكە

لە باسەكانی ڕابوردودا بۆمان دەركەوت، كە نازناوی (برناشا) ، یان (كوڕی مرۆڤ) وەكو نازناوی مەسیح نییە، كە بە هەموو پێغەمبەرێك و نهێنی زانێك (كاهن)و، پاشایەكی چەور كراو بە زەیت بگوترێ، بەڵكو ناوی دیارە و تایبەتییە تەنیا بە دوا پێغەمبەران، صۆفی و نوسەرانی سفرەكانی خەون وەسفی (كوڕی مرۆڤ) یان كردووە، كە ئەو پێغەمبەرەیە، كە لە كاتی

گونجاو دێت بۆ ئەوەی قودس و نەوەی ئیسرائیل لە بت پەرستی و چەوساندنەوە ڕزگار بكا و، دەوڵەتێكی هەمیشەیی بۆ بەندە دڵسۆزەكانی خودا دابمەزرێنێ ، صۆفیەكان بۆچونیان وایە، كە كوڕی مرۆڤ ڕزگار كەرێكی بە توانای خودان ئیلهام و توانا و سەروەرییە و، هێشتا هیچ پێغەمبەرێ، یان صۆفییێ ئیدیعای ئەوەی نەكردووە، كە (كوڕی مرۆڤ)ە، یان لە ئایندەدا (دوبارە دەگەڕێتەوە لە ڕۆژی دوایی تا لە نێوان زیندوو و مردوەكان فەرمان ڕەوایی بكات) ، تەنیا ئەنجومەنی مەسكۆنی لە نیقیە (٣٢٥پ.ز) ئەو ئیدیعایەی دایە پاڵ عیسای مەسیح .

بەكار هێنانی ئەم نازناوە لەسەر زمانی موژدە دەرە سەرەتاكانەوە دوبارە بۆتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، كە زانیارییەكی چاكیان لە خەونەكانی جولەكەدا هەیە ، ئەوەی ئاشكرایە ئەو خەونانەی، كە ناوی ئیدریس و موسا و بارۆخ و عوزێریان هەڵگرتووە، زۆر پێش ئینجیلەكان نوسرانەتەوە، ئینجا دوای ئەوە دانەری ئینجیلەكان نازناوی (كوڕی مرۆڤ)یان بە خوازە لەو خەونانە وەرگرتووە، ئەمەش لێكدانەوەی دوبارە بوونەوەی نازناوەكەیە لە ئینجیلەكانی ئێستادا.

بێگومان عیسای مەسیح دەیزانی، كە (كوڕی مرۆڤ) كەسێكی دییە و خۆی نییە، چونكە زۆر چاك ئەرك و سروشتی كوڕی مرۆڤی دەزانی و، بە پێی پێشبینی خاوەن خەونەكان، كە عیسا بە خاوەن ئیلهامی دەزانین، دەیزانی ئەو دەستكەوتە پێویستانە چیە، كە دەبێ جێبەجێی بكات.ئەگەر عیسا لەو باوەڕەدا بوایە، كە بە ڕاستی (كوڕی مرۆڤ)ە، ئەوا دەكەوتە ناو ناكۆكیەك و وەهمێكی گەورەوە و (پەنا بە خوا) بەرەو ئەنجامێكی دەبردین، كە لە بەرژەوەندیی پێغەمبەرێكی بێ گوناهدا نەبوو، تاكە ڕێگا بۆ بێ تاوانیی مەسیح ئەوەیە، كە چۆن قورئان وەسفی كردووە و ڕێزی لێناوە، ئاوا

سەیری بكەین، بەم پێیە ئێمە هەموو ئەو گوتە ناكۆكانەی، كە لە ئینجیلەكان دراونەتە پاڵ ئەو و، دەیدەنە پاڵ دانەری ئینجیلەكان، یا خود ئەوانەی، كە لە دوای دانەرەكان دەست كارییان كردووە.(١) .

پێش ئەوەی بەردەوام بین لە لێكۆڵینەوەی بابەتی كوڕی مرۆڤ، هەروەك سفری خەونەكانی جولەكە وێنایان كردووە، پێویستە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بخەینە بەرچاو:

یەكەم: سفری خەونەكان لە چوار چێوەی كتێبی پیرۆزی جولەكەدا نییە، هەتا لە چوار چێوەی كتێبە ئەفسانەییەكانیش دا (الابو كریفیة) نییە، كە پێی دەگوترێ Deutro _ Canonical لە چوار چێوەی كتێبەكانی پەیمانی كۆندا.

دووەم: دانەری ئەو سفرانە نەناسراون، هەرچەندە ناوی ئیدریس و موسا و بارۆخ و عوزێریان پێوەیە، ئەوەی ئاشكرایە دانەرە ڕاستەقینەكانیان ئاگاداری وێران كردنی كۆتایی قودس و لەت لەت بونی جولەكەن لە ژێر فەرمانڕەوایی ڕۆمانەكاندا و، لەوانە ئەم سفرانەی ناوی پێغەمبەرە كۆنەكانیان بۆ هەڵبەستراوە، كە هۆیەكەی سۆز و ڕێنمایی ئاینیی دیاری كراو بێت، نمونەی ئەمەش نوسینەكانی ئەفلاتونە، كە لەسەر زاری سوقراتی مامۆستاكەیەوەیەتی .

سێیەم : پۆڵ هەگناوەری[1] گەورەی مالمەكان دەڵێت :

---

(١) گرنگە تێبینی ئەوە بكرێ كە گوتەی دانەر یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی، كە لە كتێبی (الاسفار الخمسة _ پێنج كتێبەكە) دا هاتووە، كە لە ساڵی ١٩٩٣ز لە ئەمریكا دەرچوو لە دووسەد زانا و دكتۆری لاهوت زیاتر بەشدارییان لە دانانی كرد و بڕیاریان دا، كە نزیكەی ٨٢٪ لەو گوتانەی، كە لە ئینجیلەكان دراونەتە پاڵ مەسیح ڕاست نین، سەیری پێناسە بكە لە پێشەكیی كتێبەكە. (وەرگێڕ).

[1] Paul Haguenauer، Manuel de Litterature Juive، Nancy 1927

ئەم سفرانە بریتین لە چەند هزرێكی دیالێكتیكی لێڵی غەیبی، كە هەوڵی لێكدانەوەی نهێنیەكانی سروشت و بنەچەی خودا و بۆچونەكانی چاكە و، خراپە و دادپەروەری و بەختیاریی ڕابوردو و ئێستای داوە، ئەمانە هەموو دراونەتە پاڵ سروش(وحي)ی لەسەر زمانی پێغەمبەرەكانی وەكو ئیدریس و موسا و بارۆخ و عوزێر ، ئەوەی ئاشكرایە ئەمانە لە ئەنجامی كارەساتە دڵتەزێنەرەكانی جولەكەوە هاتونە، لەبەرئەوە تێگەیشتنیان زەحمەتترە لە تێگەیشتنی سفری خەونەكان، كە بە ناوی قدیس یۆحەنناوەیە.

چوارەم : مەسیحیەكان دەست كاریی سفری خەونەكانیان كردوە، لە سفری ئیدریسدا (كوڕی مرۆڤ) پێی دەگوترێ (كوڕی ئافرەت) هەندێ جاریش پێی دەگوترێ (كوڕی خودا) ، ئەمەش بە جۆرە دەست كاریەك دادەنرێ لە بۆچونی تیۆریی كەنیسە لە بارەی بەرجەستە بونی خوداوە، چونكە مەحاڵە هیچ جولەكەیەك بنوسێ یان دەستەواژەی (كوڕی خودا)ی بە خەیاڵ دابێت.

پێنجەم: تێبینی دەكرێ، كە باوەڕهێنان بە هاتنی ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو، بریتیە لە پەرەپێدانێكی درەنگی پێشبینیە كۆنەكان، كە یەعقوب و پێغەمبەرانی دی موژدەی هاتنی دوا پێغەمبەریان داوە و ئیدیعای ئەوە نەكراوە، كە (دوا ڕزگار كەر) لەمەودوا لە بنەماڵەی داود دێت، تەنیا لە كتێبەكانی ئەبوكریفیی گومان لێكراو و، سفری خەونەكانی جولەكە و دەست نوسەكانی حاخامییەكان نەبێ، ڕاستە هەندێ پێشبینی دی هەیە، كە تایبەتە بە (كوڕی داود) ، كە لە دوای بەدیل كردنی بابلی و دو خستنەوەی دە (١٠) هۆزەكان بۆ وڵاتی ئاشورییان سەری هەڵدا، جا دەبوایە كوڕی داود بێ و ئەم هەموو جولەكە پەرتەوازانە كۆ بكاتەوە، بەڵام ئەم پێشبینیانە تەنیا هەندێكی و بە شێوەیەكی سنوردار لە سەردەمی (زیرو بابل) كە لە بنەماڵەی داودە هاتنە دی، هەروەها دوای هێرشەكەی ئەسكەندەری

مەقدۆنی، ئەم پێشبینیانە دووبارە دەبوونەوە، سەرەڕای ئیدیعای هەندێ كەس، كە ئەم پێشبینیانە لەخودی یەهوزای مەكابی نەهاتە دی، كە تۆزێ سەركەوتنی بەدەست هێنا دژی ئەنتۆخیۆس ئەبیفانس، كە یەكێ لە جێگرەكانی ئەسكەندەر (١٦٧پ.ز) و سەركەوتنەكەی كاتی بوو و، هەندە نرخی نەبوو.

سفری خەونەكان، كە پێشبینیەكانی دەكەوێتە دوای وێران كردنی قودس لەسەر دەستی ئیمپراتۆری رۆمانی تیتۆس (٧٠ز) پێشبینی كرد، كە (كوڕی مرۆڤ) بە دەسەڵاتێكی مەزنەوە دیار دەكەوێ بۆ لەناو بردنی دەسەڵاتی ڕۆمانی و دوژمنەكانی دیی ئیسرائیل، چەند سەدەیەكی زۆر تێپەڕین پێش لەناو چونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بە هۆی (ئەتیلا)ی بت پەرستی ئیمپراتۆری توركی، ئینجا ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتە لەسەر دەستی توركی موسڵمان، سوڵتان (محمد الفاتح) لە سەدەی پازدەمین ، بەڵام دەسەڵاتی ڕۆمانی زۆر پێش ئەمە لە خاكی بەڵێندراوی ئیسماعیل ڕوخا لەسەر دەستی دوا پێغەمبەران (محمد المصطفى).

بەم جۆرە هیچ پاساوێ بۆ جولەكە نەمایەوە بۆ چاوەڕوان كردنی ڕزگار كەرێكی دی ، ئەگەر جولەكەیەكی خوێن گەرم بام دوبارە بەم ئاواتە دادەچومەوە لە بارەی ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو، هەتا ئەگەر (كوڕی داود) لەسەر گردی سەهیۆن بەدەر بكەوێ و ئیدیعا بكا، كە ڕزگار كەری چاوەڕوان كراوە، من یەكەم كەسم، كە پێی دەڵێم : پەلە مەكە زۆر دوا كەوتی، هاوسەنگی لە فەڵەستین تێك مەدە و خوێن مەڕێژە، چونكە هەر سەركەوتنێ بە دەستی بێنێ، ناگاتە ئەو سەركەوتنانەی، كە باپیرانت: داود ، زیروبابل، یەهودای مەكابی بەدەستیان هێنا، فاتیحی گەورەی جولەكە داود نەبوو، بەڵكو زۆر لە پێش ئەو هات و (یوشع بن نون) بوو ، ئەو یەكەم

مەسیح بوو، كە لە جیاتی ئەوەی هەوڵی ڕێنموییكردنی هۆزە بت پەرستەكانی كەنعانی بدات، كە زۆر بەڕێزەوە پێشوازیی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوبیان كرد، كەچی كوشتارێكی بێ بەزەییی لێكردن، (یوشع)ی ناوبراو مەسیحی ئەو سەردەمە بوو، هەروەك هەموو قازی و پاشایەكی جولەكە لە ماوەی سێ سەد ساڵ ئیدیعای دەكرد، كە مەسیح و ڕزگار كەرە، هەر كاتێ كارەساتێكی گەورەیان بەسەر بهاتایە پێشبینی دەركەوتنی ڕزگاركەرێكی نوێیان دەكرد، وەك عادەتە هەموو ڕزگار بوونێ دوای كارەسات زۆر سنوردار و نا تەواو دەبێت.

بەڵام ئەو دیانانەی، كە دەڵێن عیسا كوڕی مرۆڤە پێیان دەڵێم: ئەگەر عیسا ڕزگار كەری چاوەڕوان كراوی نەوەی ئیسرائیلیەكان بوایە، ئەوا جولەكەكان لە ستەمی ڕۆمانیەكان رزگار دەكرد، جا جولەكە باوەڕیان پێی بكردبایە یان نا. ڕزگار كردن یەكەم جار دێ، ئینجا سوپاس كردن نەك بە پێچەوانەوە، جولەكە پێویستیان بە پاڵەوانێ بوو ڕزگاریان بكات، پێویستییان بە پێغەمبەرێ نەبوو، كە پەڕجوو و كاری لە ڕادە بەدەریان بۆ بێنێ، چونكە مێژویان بە شتی سەیر و سەمەرەو پەڕجوو ئامێز چنرا بوو، لەگەڵ ئەمەش باوەڕیان زیادی نەكرد، بەڵكو زێتر لە باوەڕ دور كەوتنەوە و كافر بون، جولەكە لە بەر ئەوەی عیسایان ڕەد نەكردەوە، كە ئەو كوڕی مرۆڤە نییە، كە لە پێشبینیەكان باس كراوە، یان لەبەر ئەوەی مەسیح نییە، یا پێغەمبەر نییە، زۆر چاكیان دەزانی، كە عیسا كوڕی مرۆڤ نییە و خۆشی ئیدیعای ئەمەی نەكردووە، دەیان زانی پێغەمبەرێكی ڕاستەقینەیە، بەڵام ڕەدیان كردەوە، چونكە مەسیح ڕایگەیاند ڕزگار كەری چاوەڕوان كراو كوڕی داود نابێ، بەڵكو گەورەی دەبێت (متی٢٢/٤٤_٤٦) (مرقص ١٢/٣٥_٣٧) (لوقا ٢٠/٤١_٤٤)، لە ئینجیلی بەرنابا لەسەر زاری عیسا

هاتووە، كە لە ئایندە لە سەر دەستی (شایلوە) واتـا: پێغەمبـەری خـوا لـە نەوەی ئیسماعیل پەیمانەكە دێتـە دی، لەبـەر ئـەم هۆیـە تەلمودییـەكان بـە (بلعام)ی دووەم وەسفی عیسا دەكەن، واتا: ئەو پێغەمبەرەی، كە پێـشبینی بۆ بەرژەوەندیی بت پەرستەكان كرد لەسەر حسێبی جولەكە هەروەك ئیـدیعا دەكەن ، ئەوەی ئاشكرایە جولەكە قـەبوڵی عیـسایان كردبـێ، یـان رەدیـان كردبێتەوە، پەیوەندیی بە سروشـتی پەیامەكـەی نـەبوە، ئەگـەر عیـسا دوا رزگـار كـەر بوایـە، ئـەوا جولەكـەی دەخـستە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـەوە و، دەسـەڵاتی رۆمـانیی لـەناو دەبـرد هـەروەك (محمـد) كـردی، ئێـستا رونـی دەكەمەوە، كە ئەو كوڕی مرۆڤەی، كە لە سفری خەونەكاندا باس كـراوە لـە (محمد المصطفى) زیاتر كەسی دی نییە:

١_ ئەو وەسفە نایابەی، كە لە ناوەڕۆكی خەونەكـەی دانیـال پێغەمبـەر دابووە (دانیال/٧) زۆر ئەستەم و مەحاڵە، كـە وەسـفەكانی (البرناشـا_ابـن الانسان) لەسەر یەكێ لە پاڵەوانی مەكابییەكان، یان لەسەر عیسای مەسیح بێتە دی، ئەو دڕوندە ناقۆڵایەی، كە كوڕی مرۆڤ لـە خەونەكـەی دانیـال لـە ناوی برد، ناشێ جێگری ئەسكەندەر ئەنتۆخیۆس ئەبیفانس بێ، یان نیرۆنـی قەیسەری رۆما بێ، خراپە لەو دڕوندە ناقۆڵایەدا گەیشتە لوتكـەی، چـونكە كفری بەسەر زاردا هات و، لە بریتی خوایەكی تاك و تەنیا سێ خوای دانـا، هەروەها باوەڕدارە یـەكخوا پەرسـتەكانی چەوسـاندەوە، ئـەو دڕوندەیـە لـە قوستەنتینی گەورە بەولاوە كەسی دی نییە، ئەو قوستەنتینەی، كە ئیدیعای مەسیحیەتی كرد و، چاودێریی ئەنجومەنی مەسكونیی یەكەمی لە نیقیە لـە كرد ساڵی ٣٢٥ز.

٢_ سفری ئیدریس _ هەروەك لە بەشێ لەمەوبەر باسمان كـرد _ باسـی دەركەوتنی _ كوڕی مرۆڤ _ی كرد هەر، كە چەند باڵندەیەكی گۆشت خـۆر

و چەند دڕوندەیێ هێرش دەكەنە سەر مێگەلە مەڕێك و بەرانێكی گەورە بەرگرییان لێ دەكات، لەو كاتەی كوڕی مرۆڤ بە دیار دەكەوێ، دوژمن لەناو دەبات و هێزی خراپە ڕاو دەنێ، كە بریتیە لە باڵندە گۆشت خۆرەكان و دڕوندەكان، ئینجا شمشێرەكە _ كە ڕەمزی دەسەڵات و هێزە _ دەداتە ئەو مێگەلەی، كە گایەكی سپی سەرۆكیانە لە بریتی بەرانەكە و دوو قۆچی ڕەشی هەیە.

ئەم خەونە ڕەمزە و هەر لەسەردەمی یەعقوبەوە مێگەلە مەڕ كرابووە ڕەمزی گەلی هەڵبژاردە، بەڵام نەوەكانی (عیص) بە بەرازی كێوی وەسف كراون و، بت پەرست و كافرەكانیش بە قەل و پڵنگ و دڕوندە وەسف كراون، سەیر لەوەدایە زۆربەی لێكدەرەوەكانی كتێبی پیرۆزی جولەكە، قەناعەت بە خۆیان دێنن، كە ئەم خەونە ئاماژەی ململانێی مەكابیەكانە دژی سوپاكانی ئەنتۆخیۆس ئەبیفانس (١٦٧پ.ز) ئەمەش تا مردنی حنا هۆركانۆس (١١٠پ.ز) بەردەوام بوو، بەڵام ئەم لێكدانەوەیە بە تەواوی هەڵەیە و، لەوانەیە وا لەم خەونە بكا، كە بێ نرخ بێت، چونكە ناچێتە عەقڵەوە ئیدریس _ كە پێغەمبەرێكی پێش لافاوە _ مێژوی مرۆڤایەتی لە ئادەمەوە بگێڕێتەوە و بە حنا هۆركانۆس، یان بە برایەكەی یەهودای مەكابی، كە بە ڕەمزی گای سپی ئاماژەی پێكراوە، ببنە نێچیری ڕۆمان و مەسیحی و بت پەرستەكان، جەنگەكانی مەكابیەكان و ئەنجامەكانی بێ نرخ بون و كۆتاییی بە ململانێی نێوان باوەڕ و كوفر و بت پەرستی نەهێنا، سەرەڕای ئەوەش پێغەمبەرێ لە ناو مەكابییەكان پەیدا نەبوو، كە فەرمانڕەوایی مەسیحانی، كە لە ئینجیل پێی دەگوترێت (مملكة الرب) دابمەزرێنێ، سەرەڕای ئەوەش ئەو لێكدانەوەیە لەگەڵ كەسێتیە ڕەمزییەكانی ڕوداوی خەونەكان، ناگونجێت وەكو پێشەوای (شوانی) مێگەلەكە، كە گۆچان

و بەران و گای سپی لە دەستە.

سەرەڕای ئەوەش لێكدانەوەی مەسیحی بۆ خەونەكەی ئیدریس، واتا و مەبەستی گۆڕان لە قودسەوە بۆ شوێنێكی دی بە لای خوارەوە، واتا: بەرەو ماڵی دێرینی خودا لە مەككەی پیرۆز لێك ناداتەوە، ئەو شوێنەی نەك هەر بەرخە باوەڕ دارەكان ڕویان تێكرد، بەڵكو هەموو جۆرە هۆز و گەلە بت پەرستەكان باوەڕیان بە ئاینی (كوڕی مرۆڤ) هێنا، كە بت پەرستی و كفری بە قەهار برد.

لە واقیعدا خەونەكەی ئیدریس بە شێوەیەكی خوازەیی، زنجیرەی ڕوداوەكانی بەیەكدییەوە بەستەوە، سەرەتا لە ئادەمەوە، تا بە كەسێتیی پێغەمبەری مەككە كۆتایی پێهێنا، لێرەشدا گەلێ بەڵگە هەن كە ئەوە دەسەلمێنن:

أ_ مێگەلی بەرخەكان بە هەردوو بەشەكەیەوە، جولەكە، یان ئەو دیانانەی، كە باوەڕیان بە تاكو تەنیایی خودا هەیە لە لایەك، ئەوانەش كە مەسیح و گیانی پیرۆزیان كردە هاوبەشی خودا لە لایەكی دی، ئینجیلەكان دەڵێن: لە ڕۆژی دوایی مەڕ لە بزن جودا دەكرێتەوە، واتا: باوەڕدارەكان لە گاورەكان (متی٢٥/٣٢_٤٦)، بەڵام ئەو بەرانەی كە لە خەونەكەدا هاتووە لەوانەیە ڕەمز بێ بۆ ئەریوس یا بۆ هەندێ لەسەركردە یەكخواپەرستەكانی دیانە ڕاست گۆیەكان، یا بۆ حاخامی گەورەی جولەكە باوەڕدارەكان، كە ڕو بە ڕوی دوژمنێكی هاوبەش بوونەوە، مادام قوستەنتین قۆچی بەدكاری بە ئێمە ناساند، ئەوا دەتوانین پێناسەی ئەریوس بە بەران بكەین، چونكە سەركردایەتیی كۆمەڵی یەكخواپەرستی لە ئەنجومەنی مەسكونی لە نیقیە (٣٢٥ز) كرد و بە توندی بەرگریی لە ئاینی ڕاستەقینە كرد دژی بیروباوەڕی سێلانەی دژوار، بەڵام سیفەتی (گەلی هەڵبژاردە) لەسەر نەوەی ئیسرائیل

سڕایەوە هەر لەو كاتەوەی، كە كوفریان بە پەیامی عیسای مەسیح كرد، دوای ئەوە ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامی عیسای مەسیحی ڕاستەقینە و بە پەیامی دوا پێغەمبەرەكان هێنا بونە گەلی هەڵبژاردە.

ب_ كوڕی مرۆڤ مێگەلە مەڕەكەی لە دوژمنەكانی ڕزگار كرد، ئینجا گۆچانی پاشایەتی درایە مەڕەكان، ئەو گۆچانەی بە عیبری (شبت)ی پێ دەگوترێ، كە دروشمی دەسەڵات و شەرع دانانە، بەڵام ئەو گۆچانە بچوكەی، كە خودا بەخشیبویە هۆزی یەهودا لێیان سەندرایەوە و، گۆچانێكی گەورەتر و بەزەبروزەنگتر درایە پێغەمبەری خودا (شایلوە) لە بریتی ئەو (سفر التكوین٤٩/١٠) ، ئەوەی جێی سەرسوڕمان و شاگەشكە بونە چۆن خەونەكە هاتە دی هەر، كە گۆچانی (محمد) بوە دروشمی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دورگەی عەرەبی و لە هەموو زەوییە بەڵێندراوەكان، كە گەلی خودا لەو شوێنانەدا لە ژێر چەوسانەوەی هێزەكانی بت پەرستی فارس و یۆنان و ڕۆمیدا بون.

ج_ خەونەكانی بە ڕەمزی گای سپی ئاماژەیان بە هەموو پێغەمبەرەكان دەكرد، تا سەردەمی ئیسماعیل سەلامی خوای لێبێ، بەڵام دوای یەعقوب بەران بوە ڕەمزیان، چونكە ئاینی جیهانی لای جولەكە وێك هاتەوە و كردیانە ئاینێكی نەتەوەیی جولەكەیی، هەروەها لێرەدا خەونێكی سەیر هاتە دی و ئەو گایە سپیانەی، كە ڕەمزی گەورە سەركردەكانی ئاینە جیهانیە كۆنەكان بوو، دوبارە بونەوە رەمز بۆ خەلیفەی موسڵمانەكان لەگەڵ تاكە جیاوازییەك، كە پێی دەناسران ئەویش بە ڕەمزی گای سپیی قۆچ رەش ئاماژەیان پێدەكرا، كە نیشانەی دروشمی دەسەڵاتی دوو لایەنەی گیانی بوو، خەلیفە كە خاوەنی دوو دەسەڵاتی گیانی و جیهانی بوو، باوەڕ دارانی هەموو بنەماڵە و گەل و زمانەكان پەیڕەوییان دەكرد و، خەونەكە ڕونی

كردەوە، كە هەموو بێ ئاین و گاورێك لە ئایندە دا، دەچنە ناو مێگەلەكەوە و بە ڕاستی هەزارەها لە جولەكە و دیان و سابیئەكان و ملیۆنەها عەرەب و گەلانی بت پەرستی دی چونە ناو ئیسلامەوە و لەو جیاوازانەی، كە شایانی باس كردنە ئەو خوێنانەی، كە لە هەموو ئەو جەنگانەی، كە پێغەمبەر و یارانی كردیان شتێكی زۆر كەم بوو، ئەگەر بەراورد بكرێ لەگەڵ ئەو خوێنەی، كە (یوشع) لە جەنگەكانی ڕشتی، هەروەها تاكە ڕوداوێكی توند و تیژ لە لایەن پێغەمبەری خوداوە تۆمار نەكرا، چونكە ئەو دڵسۆز و بە رەحم و لێبوردە بوو ، لەبەر ئەم هۆیە (محمد) تاكە كەسێك بوو لە ناو مرۆڤدا، كە خەونەكە بە (كوڕی مرۆڤ) ئاماژەی پێكرد، واتا: وەكو مرۆڤی یەكەم (ئادەم) پێش هەڵە كردنەكەی.

د_ كوڕی مرۆڤ دەوڵەتی ئاشتیی دامەزراند، هەروەها پایتەختە روحیەكەشە دامەزراند، كە ئەم جارە قودسی كۆن نییە، بەڵكو قودسی نوێیە لە خوارو و، خەونەكە بە شێوەیەكی سەیر بۆمان باسی دەكا چۆن قودس لە شوێنی خۆی بەرز دەكرێتەوە و لە وڵاتی خوارو دەچێنرێت، ئەو دەستكەوتانە چەند نایابن، كە لە ڕێگەی دوا پێغەمبەرانەوە هاتنە دی، قودسی نوێ خۆی لە خۆیدا مەككەیە، كە دەكەوێتە خوارو، هەردوو بستیەكەش (بەرزاییەكەش) مەروە و سەفایە، كە هەمان ناوی دوو بستیەكەی قودسیان هەڵگرتوە (موریا) و (زیون) و بە هەمان واتان، بەم جۆرە مەككە بووە ئەو ڕوگە نوێیەی، كە موسڵمانەكان لە نوێژ و حەجیان ڕوی تێدەكەن، هەروەها بۆ هاتنە دیی خەونەكەی ئیدریس خەلیفەی دوەم عومەری كوڕی خەتتاب مزگەفتی ئەقسای لەسەر چیای موریا (المروە) بنیات نایەوە لە شوێنی مزگەفتی سلێمان، هەمو ئەمانە لەو پەڕی نایابی ئەوە دەسەلمێنن، كە ئەو خەونە ئیلهامێكی خوایی بووە لە بارەی ڕوداوە

ئیسلامیەكانەوە، كە لە ئایندەیەكی دووردا دێنە دی، ئایا ڕۆما یان بێزەنتە توانییان ئیدیعا بكەن، كە قودسی نوێن؟ ئایا هیچ پاپایێ، یان هیچ بەتریكێ لە بەتریكەكان دەتوانێ ئیدیعا بكا، كە خۆی ئەو گایە سپیە دو قۆچەیە، كە لە خەونەكە بە ڕەمز ئاماژەی پێكراوە؟

ئایا مەسیحیەت دەتوانێ ئیدیعا بكات، كە خۆی دەوڵەتی ئاشتیە، لە كاتێكدا مەسیح و گیانی پیرۆز دەكاتە تاكە گەوهەرێكی هاوشانی خودای تاك و تەنیا؟ نەخێر نا، چونكە ئیسلام خۆی دەوڵەتی ئاشتیە (الاسلام_شالوم).

هـ_ لە بەشەكانی خەونەكەدا، كە باسی بابەتی دەوڵەتی ئاشتی دەكا بە مەسیح دەگوترێ (كوڕی مرۆڤ)، بەڵام كە وەسفی ڕۆژی دوایی دەكات (كوڕی ئافرەت) و (كوڕی خودا)ی پێ دەگوترێ و، وایان لە مەسیح كرد، كە لە ڕۆژی دواییدا هاوبەشیی خودا بكات لە دەركردنی فەرمان بەسەر بەندەكانیدا، كۆمەڵی زانایان بڕیاریان دا، كە ئەم جۆرە هزرە بێ نرخە لە ڕادە بەدەرانە لە بنچینەیەكی جولەكەوە نەهاتووە، بەڵكو چەند داهێنانێك و خستنە سەرێكی مەسیحییانەیە.

بەڵام سفری خەونەكانی دی، كە دراونەتە پاڵ موسا و باروخ و عوزێر Jubilees و Oracula و Sibylliana پێویستە بە شێوەیەكی بابەتیانە لێیان بكۆڵرێتەوە، چونكە تەنیا ئەو كاتە دەتوانرێ تێی بگەن و بیسەلمێنن، كە تەنیا لە (محمد) و ئاینی ئیسلام دێتە دی.

پرۆفیسۆر (عبدالاحد داود) ە كە پێشتر پێی دەگوترا (داڤید بنجامین كلدانی) ، هەر كە كاهینێكی كاسۆلیكیی لە تایفەی كلدانی بوو (لە پێشەكیی كتێبەكەدا كورتەیەكی ژیانی تێدایە) ، هەر كە پرسیاریان لێكرد لە بارەی هۆی ئیسلام بونیەوە دانەر لە وەڵامدا گوتی: تاكە هۆی

باوەڕهێنانم بە ئیسلام ڕێنمویی خودایی بوو، گەر ئەوە نەبوایە لەوانە بوو هەموو زانست و باسەكانم بەرەو گومڕاییم ببەن، لەو چركەوەی كە باوەڕم هێنا، كە (لا إله إلا الله) هیچ خودایێ نییە شایانی پەرستن بێ الله نەبێ (محمد)ی پێغەمبەری خودا بووە پێشڕەوی ئاكار و هەڵس و كەوتەكانم.

# پێرســـت


دەستپێك ١٩

پێشەكیی دانەر ٢٥

بەشی یەكەم / ( محمد ) وەك لە پەیمانی كۆندا هاتووە. ٣٧

باری یەكەم / لە مەودوا ( احمد ) بۆ هەموو میللەتان دێت. ٣٧

باری دووەم / پەیمان و مافی نۆبەرایەتی. ٤٣

باری سێیەم / مەتەڵی غەر ( المصفا ). ٥٤

باری چوارەم / ( محمد ) خۆی ( الشایلوە )ە. ١٠٤

باری پێنجەم / ( محمد ) و قوستەنتینی گەورە. ٧٣

باری شەشەم / ( محمد ) مەبەست لە نازناوی كوڕی مرۆڤە. ٨٢

باری حەفتەم / داود پاشا بە گەورەم بانگی دەكرد. ٩٠

باری هەشتەم / گەورە و نێردراوی پەیمان. ١٠١

باری نۆیەم/ پێغەمبەرە راستەقینەكان تەنیا موژدە بە ئیسلام دەدەن. ١١١

باری دەیەم / ئیسلام وڵاتی خوایە لەسەر خاكی خوا. ١٢١

بەشی دووەم / ( محمد ) وەك لە پەیمانی نوێدا هاتووە. ١٣٣

باری یازدەم / مرۆڤ و ئەحمەدیات هەروەك فریشتە رایان گەیاندووە. ١٣٣

باری دوازدەم / ( یودوكیا ) بە واتای ( احمد ) دێت. ١٤٤

باری سێزدەم / ( یحیی )ی مەعمەدانی پێغەمبەرێكی بەهێز رادەگەیەنێ. ١٥٤

باری چواردەم / ( محمد ) ئەو پێغەمبەرەیە كە ( یحیی ) پێشبینی كرد. ١٦٧

باری پازدەم / لە ئاو هەڵكێشانی ( معمدانیه ) ( یحیی ) و ( عیسی ). ١٧٦

باری شازدەم/رەنگ كردنی خوا یا خود لە ئاو هەڵكێشان بە گیانی قودس و ئاگر. ١٨٦

باری حەڤدەم / بەرقلیت گیانی قودس نیە. ١٩٤

باری هەژدەم / بەرقلیتۆس بە واتای ( احمد ) دێت. ٢٠٧

باری نۆزدەم / كوڕی مرۆڤ كێیە؟ ٢٢٠

باری بیستەم / مەبەست لە نازناوی كوڕی مرۆڤ ( محمد )ە. ٢٣٢

بیست و یەكەم / كوڕی مرۆڤ بە پێی بۆچوونی جوولەكە ٢٤٦